حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی کۆمەڵناسی

# ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا
## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان-عێراق

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا

**لەلایەن**
**توانا فریدون حسین**

**بەسەرپەرشتی**
**پرۆفیسۆر**
**د.نجاة محمد فرج**

**٢٧٢٠ك** **١٤٤٢ هـ** **٢٠٢٠ز**

## بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم تێزەی خوێندکار(توانا فریدون حسين) بە ناونیشانی (ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا، پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:
سەرپەرشتیار: **د.نجاة محمد فرج**
پلەی زانستی: پرۆفیسۆر
بەروار:     /     / ٢٠٢٠

بە پێی ئەم پێشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:
ناو: **د.کەژاڵ حسين محمد**
سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی
بەروار:     /     / ٢٠٢٠

# بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم تێزەی خوێندکار(توانا فریدون حسین) بەناونیشانی (ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا- توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە هەرێمی کوردستان-عێراق)خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردو بڕیارماندا بە پلەی (                ) بڕوانامەی دکتورای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو: **د.طاهر حسو زێباری**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆر**
سەرۆکی لیژنە
بەروار:

واژۆ:
ناو: **د.عبدالله خورشید عبدالله**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
ئەندام
بەروار:

واژۆ:
ناو: **د.میران محمد صالح**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
ئەندام
بەروار:

واژۆ:
ناو: **د.کەژاڵ حسین محمد**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
ئەندام
بەروار:

واژۆ:
ناو: **د.ڕزگار مصطفی غفور**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
ئەندام
بەروار:

واژۆ:
ناو: **د.نجاة محمد فرج**
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
ئەندام و سەرپەرشتیار
بەروار:

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی - پەسەند کرا.

واژۆ:
ناو: **د.ابتسام اسماعیل قادر**
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
پلەی زانستی: **پرۆفیسۆری یاریدەدەر**
بەروار:

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمَـٰنِ الرَّحِيمِ

ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُم بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ .

صدق الله العظيم

سورة الروم – آية (٤١)

# پێشکەشکردن

- هاوسەری خۆشەویستم کە هاندەرو پاڵپشتێکی هەمیشەیی بووە بۆم لە تەواوکردنی ئەم تێزەدا.
- جگەرگۆشەکەم (نما).
- سەرجەم ئەو مامۆستایانەی کە بە وشەیەك فێریان کردووم.
- هەموو فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان کە هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن دڵسۆزانە خزمەتی نیشتیمان بکەن تا کوردستانمان لە مەترسییەکانی گەندەڵی دووربخەنەوە.

توێژەر

توانا فریدون حسین

# سوپاس و پێزانین

سەرەتا سوپاس بۆ پەروەردگاری بێهاوتا کە یارمەتیدام و کارئاسانی بۆ کردم لە تەواوکردنی ئەم تێزە،پاشان سوپاسی بێ پایان بۆ سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی کە دەرفەتی تەواوکردنی خوێندنی باڵا – دکتۆرا- بۆ ڕەخساندین.

سوپاسی تایبەتم بۆ سەرپەرشتیاری بەڕێز **پرۆفیسۆر د.نجاة محمد فرج** کە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی ئەم تێزەی گرتە ئەستۆ کە هەمیشە ڕێنیشاندەرو یارمەتیدەرێکی بەردەوام بووە لەم کارە زانستییەداو سەرنج و تێبینییە بەنرخەکانی مایەی دەوڵەمەندکردنی تێزەکە بووە.

سوپاس و پێزانین بۆ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان بەتایبەت ڕاگری کۆلێج **پرۆفیسۆری یاریدەدەر بەڕێز د.ابتسام اسماعیل قادر** کە هەمیشە پاڵپشت و یارمەتیدەرمان بووە،هەروەها سوپاس بۆ بەشی کۆمەڵناسی و سەرۆکی بەش **پرۆفیسۆری یاریدەدەر بەڕێز د.کەژاڵ حسێن محمد**.

سوپاس بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە بەوپەڕی دڵسۆزی و گیانی هاوکارییەوە یارمەتیدەربوون بۆ سەرخستنی تێزەکەو هەموو کات دەرگایان کراوە بووە بۆمان بە مەبەستی ئەنجامدانی کاری مەیدانی و وەرگرتنی زانیاری پێویست سەبارەت بە توێژینەوەکە.

**توێژەر**

**توانا فریدون حسین**

# پێڕستی بابەتەکان



| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| أ | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| ب | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| ج | قورئانی پیرۆز |
| د | پێشکەشکردن |
| هـ | سوپاس و پێزانین |
| و-ح | پێرستی بابەتەکان |
| ط-ي | پێرستی خشتەکان |
| ك | پێرستی پاشکۆکان |
| ١-٢ | پوختەی تێزەکە بە زمانی کوردی |
| ٣-٦ | پێشەکی |
| ٧-١٣٥ | **دەروازەی یەکەم/ لایەنی تیۆری** |
| ٧-١٨ | **بەشی یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکەو ناساندنی چەمکەکان** |
| ٩-١٢ | **باسی یەکەم/** ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە |
| ٩-١٠ | یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە |
| ١٠-١٢ | دووەم: گرنگی توێژینەوەکە |
| ١٢ | سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە |
| ١٣-١٨ | **باسی دووەم/** ناساندنی چەمکەکان |
| ١٣ | یەکەم: ڕۆڵ |
| ١٤-١٥ | دووەم: گەندەڵی |
| ١٥-١٦ | سێیەم: گەندەڵی پیشەیی |
| ١٦-١٨ | چوارەم: دەرامەتە مرۆییەکان |
| ١٩-٦٣ | **بەشی دووەم/ چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە** |
| ٢٠-٣٧ | **باسی یەکەم/** شیکردنەوەی گەندەڵی پیشەیی لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکاندا |
| ٢٠ | دەسپێك |
| ٢١-٣٠ | یەکەم: تیۆری بنیادی ئەرکی |
| ٣١-٣٢ | دووەم: تیۆری کارلێکی هێمایی |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| سێیەم: تیۆری رۆڵی کۆمەڵایەتی | ٣٧-٣٢ |
| **باسی دووەم/** بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان لەژێر رۆشنایی تیۆرە جیاوازەکاندا | ٤٦-٣٨ |
| دەسپێك | ٣٨ |
| تیۆرەکانی بەڕێوەبردن/ یەکەم/ قوتابخانە کلاسیکییەکان | ٤٣-٣٩ |
| تیۆری بەڕێوەبردن و بیرۆکراسی | ٤٠-٣٩ |
| تیۆری بەڕێوەبردنی زانستی | ٤١-٤٠ |
| تیۆری پەیوەندییە مرۆییەکان | ٤٣-٤١ |
| تیۆری فەلسەفەی بەڕێوەبردن | ٤٣ |
| دووەم/ تیۆرە نوێیەکان (تیۆرە ڕەفتارییەکان) | ٤٦-٤٤ |
| تیۆری سیستەمی هاوکاری | ٤٤ |
| تیۆری بڕیاردان | ٤٥ |
| تیۆری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی | ٤٦-٤٥ |
| **باسی سێیەم/** توێژینەوەکانی پێشوو | ٦١-٤٧ |
| یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان | ٤٩-٤٧ |
| دووەم: توێژینەوە عێراقییەکان | ٥٣-٥٠ |
| سێیەم: توێژینەوە عەرەبییەکان | ٥٨-٥٣ |
| چوارەم: توێژینەوە بیانییەکان | ٦١-٥٩ |
| **باسی چوارەم/** تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | ٦٣-٦٢ |
| **بەشی سێیەم/** ڕوکار و جۆرو هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی | ١٠٧-٦٤ |
| دەسپێك | ٦٥ |
| یەکەم: ڕوکارەکانی گەندەڵی پیشەیی | ٧٣-٦٦ |
| دووەم: جۆرەکانی گەندەڵی پیشەیی | ٨٠-٧٣ |
| سێیەم: هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی | ١٠٧-٨٠ |
| **بەشی چوارەم/** پەیوەندی دەروازەکانی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان | ١٣٥-١٠٨ |
| دەسپێك | ١١٢-١٠٩ |
| **١-** دەروازەکانی گەندەڵی پیشەیی | ١٢٩-١١٣ |
| یەکەم: دامەزراندن و ئەرکەکانی فەرمانبەر | ١١٦-١١٣ |

| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ١٢٠-١١٧ | دووەم: مافەکانی فەرمانبەر |
| ١٢٨-١٢٠ | سێیەم: هەرەمیبوونی دەسەڵات |
| ١٢٩ | چوارەم: لێپرسینەوەو سزا |
| ١٣٥-١٣٠ | **٢-** دەروازەکانی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان |
| ١٣٢-١٣٠ | یەکەم: ئاسایشی کۆمەڵایەتی |
| ١٣٥-١٣٢ | دووەم: ئاسایشی دەرونی |
| ١٨٤-١٣٦ | **دەروازەی دووەم/ لایەنی مەیدانی** |
| ١٥٣-١٣٨ | **بەشی پێنجەم/ میتۆدو ڕێکارەکانی توێژینەوەکە** |
| ١٤٠-١٣٨ | **باسی یەکەم/** میتۆدەکانی توێژینەوەکە |
| ١٣٩ | یەکەم: میتۆدی بەراوردکاری |
| ١٤٠ | دووەم: میتۆدی ڕومالّی کۆمەڵایەتی |
| ١٥٣-١٤١ | **باسی دووەم/ ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە** |
| ١٤١ | یەکەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە |
| ١٤٢-١٤١ | دووەم: نموونەی توێژینەوەکە |
| ١٤٢ | سێیەم: دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە |
| ١٥٣-١٤٢ | چوارەم: کەرەستەکانی توێژینەوەکە |
| ١٥٣ | پێنجەم: ئامرازە ئامارییەکان |
| ١٨٤-١٥٤ | **بەشی شەشەم/ ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی** |
| ١٥٩-١٥٥ | **باسی یەکەم/** خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە |
| ١٨١-١٥٩ | **باسی دووەم/** خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو تاوتوێکردنی |
| ١٨٤-١٨١ | **باسی سێیەم/** دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەو پێشنیاز و ڕاسپاردەکان |
| ٢٠٤-١٨٥ | سەرچاوەکان |
| ٢٤٤-٢٠٥ | پاشکۆکان |
| ٢٤٦-٢٤٥ | پوختەی تێزەکە بە زمانی عەرەبی |
| A-C | پوختەی تێزەکە بە زمانی ئینگلیزی |

# پێڕستی خشتەکان


| ژمارەی خشتە | ناونیشانی خشتەکان | ژمارەی لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەردەخات | ١٤١ |
| ٢ | بۆچوونی شارەزایان لەسەر دروستیی بڕگەکانی پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکان دەردەخات | ١٤٥ |
| ٣ | بەهێزیی جیاکاریی بۆ هەردوو پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکان بە شێوازی دوو نموونەی سەربەخۆ دەردەخات | ١٤٦-١٤٨ |
| ٤ | پەیوەندی نمرەی بڕگە بە نمرەی گشتی پێوەرەکەوە دەردەخات | ١٤٩-١٥٠ |
| ٥ | هاوکێشەی پەیوەستبوونی نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی تەوەرەکەی لە پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکاندا دەردەخات | ١٥٠-١٥١ |
| ٦ | جێگیربوونی پێوانەیی بۆ هەردوو پێوەرەکە دەردەخات | ١٥٣ |
| ٧ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ١٥٥ |
| ٨ | تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ١٥٥ |
| ٩ | باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ١٥٦ |
| ١٠ | پیشینەی کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ١٥٦ |
| ١١ | ساڵانی خزمەتی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ١٥٧ |
| ١٢ | بڕوانامەی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ١٥٨ |
| ١٣ | لایەنگیری حیزبی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ١٥٨ |
| ١٤ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی راستەقینە بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێوەری گەندەڵی پیشەیی | ١٥٩ |
| ١٥ | تەوەرەکانی گەندەڵی پیشەیی دەردەخات | ١٦٠ |
| ١٦ | پشکنینی تەوەرەکانی گەندەڵی پیشەیی بەشێوەی گشتگیر دەردەخات | ١٦١ |
| ١٧ | ئاستی گەندەڵی پیشەیی لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات | ١٦١ |
| ١٨ | ئاستی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات | ١٦٢ |
| ١٩ | جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی راستەقینە بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێوەری دەرامەتە مرۆییەکان | ١٦٣ |
| ٢٠ | ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا دەردەخات | ١٦٤ |
| ٢١ | جیاوازی لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان بەپێی ڕەگەز | ١٦٦ |
| ٢٢ | جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی تەمەن دەردەخات. | ١٦٧ |
| ٢٣ | جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی باری کۆمەڵایەتی دەردەخات | ١٦٨ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٤ | دۆزینەوەی شوێنی گەندەڵی پیشەیی بەپێی باری کۆمەڵایەتی لەلای نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ١٦٩ |
| ٢٥ | ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بۆ باری کۆمەڵایەتی دەردەخات | ١٧٠ |
| ٢٦ | جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی پێشینەی کۆمەڵایەتی دەردەخات | ١٧١ |
| ٢٧ | جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی ساڵانی خزمەت دەردەخات | ١٧٢ |
| ٢٨ | دۆزینەوەی شوێنی گەندەڵی پیشەیی بەپێی ساڵانی خزمەت لەلای نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات | ١٧٣ |
| ٢٩ | ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ساڵانی خزمەت دەردەخات | ١٧٤ |
| ٣٠ | جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی بڕوانامە دەردەخات | ١٧٥ |
| ٣١ | جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی لایەنگیری حیزبی دەردەخات | ١٧٦ |
| ٣٢ | جیاوازی گەندەڵی پیشەیی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات | ١٧٧ |
| ٣٣ | دۆزینەوەی شوێنی گەندەڵی پیشەیی لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات | ١٧٧ |
| ٣٤ | ناوەندی ژمێرەیی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات | ١٧٨ |
| ٣٥ | جیاوازی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا دەردەخات | ١٧٩ |
| ٣٦ | دۆزینەوەی شوێنی جیاوازی گەندەڵی پیشەیی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا دەردەخات | ١٧٩ |
| ٣٧ | ناوەندی ژمێرەیی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات | ١٨٠ |

# پێڕستی پاشکۆکان


| ژمارەی لاپەڕە | ناونیشانی پاشکۆ | ژمارەی پاشکۆ |
|---|---|---|
| ٢٠٦ | هەندێ لە جۆرەکانی گەندەڵی و گەندەڵی پیشەیی و تایبەتمەندییەکانیان دەردەخات | ١ |
| ٢١٥-٢٠٧ | ئاماری گشتی داوا سزاییەکانی دەستەی دەسپاکی هەرێمی کوردستان | ٢ |
| ٢١٦ | پەیکەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان | ٣ |
| ٢٢٢-٢١٧ | پرسیارنامەی پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکان بەشێوەی سەرەتایی | ٤ |
| ٢٢٨-٢٢٣ | پرسیارنامەی پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکان بەشێوەی کۆتایی | ٥ |
| ٢٣٤-٢٢٩ | پرسیارنامەی پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکان بە شێوەزاری کرمانجی | ٦ |
| ٢٣٥ | ناوی شارەزایانی هەڵسەنگێنەر بۆ دروستی بڕگەکان | ٧ |
| ٢٤١-٢٣٦ | فۆرمی شارەزایان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پێوەری گەندەڵی پیشەیی | ٨ |
| ٢٤٤-٢٤٢ | فۆرمی شارەزایان سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بڕگەکانی پێوەری دەرامەتە مرۆییەکان | ٩ |

**پوختەی توێژینەوە**
**ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا**
**توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان-عێراق**


ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان- عێراق، لەڕێگای بەکارهێنانی هەریەك لە تیۆرەکانی (بیرۆکراسی لای ماکس ڤیبەر) و (سزاو پاداشت لای ئەمیتای ئیتزیۆنی) هەوڵدراوە پێوانەی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان بکرێت چونکە هەریەك لەو دوو تیۆرە کۆمەڵێك تایبەتمەندییان دەستنیشانکردووە بۆ بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوو لە دامەزراوەکانداو لە پەیوەندیدا بە فەرمانبەرانەوە سەبارەت بە ئەرك و ماف و دەسەڵات و لێپرسینەوە و سزا، بۆیە توێژینەوەکە لەم گۆشەیەوە هەوڵیداوە پێوانەی گەندەڵی پیشەیی و ڕۆڵی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا بکات.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە زانینی ئاستی گەندەڵی پیشەیی لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، هەروەها زانینی ئاستی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، پاشان زانینی جیاوازییە ئاماژە ئامارییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەپێی هەریەك لە گۆڕاوەکانی: ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، پێشینەی کۆمەڵایەتی، ساڵانی خزمەت، بڕوانامە، لایەنگیری حیزبی.

تێزەکە پێکدێت لە دوو دەروازە، دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆرییەو چوار بەش لەخۆدەگرێت، بەشی یەکەم پێکدێت لە دوو باس، باسی یەکەم ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە واتە کێشەو گرنگی و ئامانجەکانی توێژینەوەکە، باسی دووەم چەمکەکانی توێژینەوەکەیە کە پێکهاتووە لە چەند چەمکێك لەوانە: ڕۆڵ، گەندەڵی، گەندەڵی پیشەیی، دەرامەتە مرۆییەکان.

بەشی دووەمیش چوار باس دەگرێتەوە، لەباسی یەکەمدا گەندەڵی پیشەیی لەبەر ڕۆشنایی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکاندا شیکراوەتەوەو گرنگترین ئەو تیۆرانە خراوەتەڕوو کە پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکەوەو کۆمەڵێك ڕاوبۆچوونی زانایانی کۆمەڵناسی تێدا خراوەتەڕوو، لەباسی دووەمدا باس لە بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان کراوە لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە جیاوازەکاندا، لەباسی سێیەمدا توێژینەوەکانی پێشوو خراونەتەڕوو کە توانراوە سوود لە توێژینەوەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و دەوڵەتە عەرەبییەکان و دواجار بیانییەکانیش وەربگیرێت بەتایبەتی سوود لە دوو

توێژینەوەیان وەربگیرێت بۆ دروستکردنی پێوەری دەرامەتە مرۆییەکان، لە باسی چوارەمیشدا گفتوگۆ لەسەر توێژینەوەکانی پێشوو کراوە.

لە بەشی سێیەمدا باس لە ڕوکارو جۆرو هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی کراوە، لە بەشی چوارەمدا دەروازەکانی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان خراوەتەڕوو، هەوڵدراوە ئەو تەوەرانە شی بکرێنەوە کە پێوەری گەندەڵی پیشەییان لێ پێکهاتووەو دواتر پەیوەست بکرێن بە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانەوە.

دەروازەی دووەم بریتییە لە لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەو هەردوو بەشی پێنجەم و شەشەم دەگرێتەوە، سەبارەت بە بەشی پێنجەم لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم میتۆدەکانی توێژینەوەکەیە کە پشتی بە دوو میتۆدی زانستی بەستووە لەوانە: میتۆدی بەراوردکاری، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونە. لە باسی دووەمیشدا کۆمەڵگای توێژینەوەو نموونەی توێژینەوەو بوارەکانی توێژینەوەو ئامرازەکانی خراونەتەڕوو، (٤٥٠) فەرمانبەری نێر و مێ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون. ئامرازی توێژینەوەکەش لە دوو پێوەر پێکهاتووە یەکەمیان تایبەتە بە گەندەڵی پیشەیی کە لە چوار تەوەر و (٥٨) بڕگە پێکهاتووە کە بڕگەی تەوەرەکان لە شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو وەرگیراوە لەگەڵ چەند سەرچاوەیەکی یاسایی دیکە. سەبارەت بە پێوەری دووەم کە تایبەتە بە دەرامەتە مرۆییەکان و لە دوو توێژینەوەی هاوشێوەوە دروستکراوەو لە دوو تەوەر و(٣٤) بڕگە پێکهاتووە، لەکۆتاییدا گرنگترین ئەو ئامرازە ئامارییانە خراونەتەڕوو کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوون.

بەشی شەشەم بریتییە لە ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی و لە سێ باس پێکهاتووە، باسی یەکەم خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە، باسی دووەم خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو تاوتوێکردنی، باسی سێیەم دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەو ڕاسپاردەو پێشنیازەکان.

لە گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، **یەکەم:** بەرزیی ئاستی گەندەڵی پیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، **دووەم:** هەریەك لە تەوەرەکانی دامەزراندن و ئەرکەکانی فەرمانبەر لەگەڵ مافەکانی فەرمانبەر زۆرجار ڕۆڵیان هەیە لە گەندەڵی پیشەییدا لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڵام تەوەرەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و لێپرسینەوەو سزا تاڕادەیەك ڕۆڵیان هەیە لە گەندەڵی پیشەییدا، **سێیەم:** تەوەرەکانی دەرامەتە مرۆییەکان کە بریتین لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دەرونی تاڕادەیەك ڕۆڵیان هەیە لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا، بوونی ئاسایش لە شوێنی کاردا دڵنیایی دەداتە فەرمانبەر چێژ لە پیشەکەی وەربگرێت و بێ ترس یاسا جێبەجێ بکات و چاوپۆشی لە کاری نایاسایی نەکات.

# پێشەکی

دیاردەی گەندەڵی بابەتێکی ناسراوە لە جیهانداو کۆمەڵگاکان کەم تازۆر ئاشناییان لەگەڵیدا هەیە لەبەرئەوەی پەیوەستە بە کۆمەڵێك هۆکارەوە لە گرنگترینیان ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگایە لەڕووی یاسایی و مەدەنی و فەراهەمکردنی دادپەروەری لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا، دواتر دروستبوونی تێڕوانینێك بۆ کۆمەڵگاکان کە هەندێکیان بە پێشکەوتوو دادەنرێن، هەندێکی تریان بە تازە گەشەندە دادەنرێن هەروەها هەندێکی تریان وا دادەنرێن کە لە قۆناغی گواستنەوەدان، لەژێر ڕۆشنایی ئەم پۆلێنکارییەدا گەندەڵی پەیوەستە بەو کۆمەڵگایانەی کە تازەگەشەندەن یاخود لە قۆناغی گواستنەوەدان لەبەرئەوەی سروشتی ئەو کۆمەڵگایانە بەجۆرێکە کە دەزگای چاودێری وەك پێویست بەهێز نییە،دادگاکان تائاستێکی زۆر سەروەرنین و لەژێر هەژموونی پارتە سیاسییەکاندان.

هەربۆیە چارەسەرکردنی گەندەڵی قورس و هێواشەو پێویستی بە کاتێکی زۆرە چونکە بەندە بە جێبەجێکردنی یاساو جیاوازی نەکردن لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگاو گوێرایەڵی تەواوی مرۆڤەکان لەبەردەم دەزگای دادوەریداو بە نیشتیمانیکردنی سەرجەم دامودەزگاکانی حکومەت، پاش ئەمە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت تاچەند کۆمەڵگا بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە لە کەمکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیەدا.

گەندەڵی ڕەنگدانەوەی نزمی ئاستی ڕەوشتی پیشەییەو زاڵبوونی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانە بەسەر بەرژەوەندییە گشتییەکانداو لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی خزمایەتییە لەبەرامبەردا نزمبوونەوەی کارامەییە ئیداری و پیشەییەکانە.

لێرەوە گەندەڵی پیشەیی بە یەکێك لە لەمپەرە گەورەکانی بەردەم سەرکەوتنی کاروباری ئیداریی دادەنرێت چونکە ئیدارە جوڵێنەری سەرەکییە لە بزاوتی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا، گەندەڵی ئەو هەڵسوکەوتە نایاساییانەیە کە کاریگەری لەسەر ڕەفتارەکانی تاکەکان بەجێ دەهێڵێت و هۆکارە بۆ بەدی نەهێنانی سەرکەوتنی دامەزراوەکان لە پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ تەواوی خەڵك و بەتایبەت خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان.

لەلایەکیترەوە گەندەڵی پیشەیی بەشێکە لە گەندەڵی گشتی و لەناویاندا گەندەڵی سیاسی، گەندەڵی کۆمەڵایەتی، گەندەڵی ئابوری. هەموویان هۆکاری سەرەکین بۆ دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی هەربۆیە زۆرێك لە توێژەران و ئەوانەی گرنگی بەم دیاردەیە دەدەن بە گرنگی دەزانن لە چوارچێوەی کاری دامەزراوەدا قسەی لەسەر بکەن، ئامانج لەمەش گەمارۆدان و چارەسەرکردنی دیاردەکەیە.

بۆیە توێژینەوە لەسەر رۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا هەنگاوێکی زانستی گرنگە بۆ زانینی پەیوەندی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە چونکە دەرامەتە مرۆییەکان سەرمایەی واتاییین لە هەرێمی کوردستاندا و رۆڵیان هەیە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا، کەواتە گرنگە رۆڵی گەندەڵی پیشەیی دەربخرێت لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا تا بزانرێت فەرمانبەران لە کەرتی گشتی و بەتایبەت لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا تاچەند تواناکانیان بەهۆی گەندەڵی پیشەییەوە بەفیڕۆچووە، مەبەست لە تواناکانی فەرمانبەران گشت ئەو شارەزایی و ئەزموون و لێهاتووییە پیشەییانەیە کە پێویستە لە کارکرندا بەکاری بهێنن بۆ ئەوەی لەڕووی جۆرەوە باشترین کارو خزمەت پێشکەش بکەن لە بەڕێوەبەرایەتییەکانیاندا، بۆیە لە توێژینەوەکەدا رۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە تێکدان و بەفیڕۆدانی ئەم دەرامەتانەدا دەخرێتەڕوو.

توێژینەوەکە هەوڵدەدات ئەرکەکان و مافەکانی فەرمانبەران دەربخات لە پەیوەندیدا بە گەندەڵی پیشەییەوە، رەفتارێکی لادەرانەیە دژە لەگەڵ یاساو ڕێنماییەکاندا کە لە هەندێ بارودۆخدا فەرمانبەران ئەنجامی دەدەن و بەم هۆیەوە تواناکانیان بەفیڕۆ دەڕوات.

دوابەدوای ئەمەش دەرامەتە مرۆییەکان بابەتێکی زۆر گرنگە لە ئێستاداو گرنگی بەرچاوی پێ دەدرێت کە کۆمەڵگا بەهۆی دەرامەتە مرۆییەکانەوە پێش دەکەوێت، و بەرەو داهێنان هەنگاو دەنێت ئینجا ئەگەر ئەم دەرامەتانە بەفیڕۆ بدرێن مانای وایە تواناکان بەفیڕۆدراون و نەتوانراوە وەبەربهێنرێن و سوودیان لێ وەربگیرێت، لە توێژینەوەکەدا مەبەست لە دەرامەتە مرۆییەکان سەرجەم تواناو ووزەی ئەقڵی فەرمانبەرانە لە کەرتی گشتیدا بەتایبەت لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەدا.

کاتێك فەرمانبەران هەست بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونی دەکەن بەشێوەیەکی ئەرێنی بیرکردنەوەو کاروچالاکییەکانیان پڕ بەرهەم دەبێت و بەشێوەیەکی یاسایی و دوور لەهەر سەرپێچییەك ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن چونکە دڵنیان لەوەی مافەکانیان پارێزراوەو ژیانیان مسۆگەرەو هیچ ترسێکیان لەسەر نییە، هەروەها ئاسایش لە شوێنی کاردا گیانی هاوبەندی و پێکەوەیی لەنێوان فەرمانبەراندا بەهێز دەکات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان سوودی زۆری دەبێ بۆ دروستبوونی ئەو گیانە هاوبەشە.

بەمانایەکیتر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ فەرمانبەران خاڵی بنەڕەتییە لە ئەرکە پیشەییەکانیانداو مەرجێکی سەرەکییە بۆ سەرکەوتنی تەواوی ئامانجەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، چونکە دەستەبەربوونی ئەو دوو جۆرە لە ئاسایش مانای سەرکەوتنی کاری فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتییەکانە لە کەرتی گشتیدا، بەپێچەوانەوە بە نەبوونیان

بەشێکی زۆر لە دەرامەتە مرۆییەکان بەفیڕۆدەڕوات چونکە فەرمانبەر پاڵنەری داهێنان و دڵسۆزی و کارامەیی تێدا نامێنێت و ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ گەندەڵی پیشەیی.

هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتەدا بوونی دیاردەی گەندەڵییە لە هەرێمی کوردستان کە بووە بە بابەتی ڕۆژ و بە بەردەوامی قسەی لەبارەوە دەکرێت لەسەر ئاستی تاکەکان، میدیاکان، حکومەت هەموویان ئاماژە بۆ بوونی گەندەڵی دەکەن و بە هۆکاری کێشەو قەیرانەکانی دواکەوتنی هەرێمی کوردستانی دەزانن لەڕووی ئیدارییەوە تەنانەت لەو پێناوەدا دەستەی دەسپاکیش دامەزراوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی گەندەڵی و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی، یەکێك لە جۆرە دیارەکانی گەندەڵی کە بریتییە لە گەندەڵی پیشەیی (الفساد الوظيفي) تویژەریش بە دیدێکی زانستی و بابەتی گرنگی دەدا بە ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا کە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان.

ئاشکرایە فەرمانبەران توێژێکی گرنگی کۆمەڵگای کوردین کە لە کەرتی گشتیدا خزمەت دەکەن و کاروبارەکانی هاوڵاتیان ڕایی دەکەن. لەم توێژینەوەیەدا فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەرگیراون، بەو ئامانجەی پێوانەی گەندەڵی پیشەیی بکرێت و جیاوازییەکان لەسەر بنەمای گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە دەربخرێت.

توێژینەوەکە لە دوو دەروازە پێکهاتووە، دەروازەی یەکەم لایەنی تیۆری توێژینەوەکە دەگرێتەوە و لە سێ بەش پێکهاتووە، دەروازەی دووەمیش لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەگرێتەوەو لە دوو بەش پێکهاتووە.

بەشی یەکەم ڕەگەزەکانی توێژینەوەکەو ناساندنی چەمکەکان دەگرێتەوەو لە دوو باس پێکهاتووە. لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا ئەدەبیاتی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو لەمیانەی چوار باسدا خراونەتەڕوو، باسی یەکەم شیکردنەوەی گەندەڵی پیشەیی لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکاندا، لەم باسەدا گرنگترین ئەو تیۆرە سۆسیۆلۆجییانە باسکراون کە بەهۆیانەوە گەندەڵی پیشەیی شیکراوەتەوە ئەویش لەڕێگەی نیشاندانی بیروبۆچوونی گرنگترین ئەو زانایانەی لەهەریەك لەو تیۆرانەدا کاریان کردووە. لە باسی دووەمدا بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان شیکراوەتەوە لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە جیاوازەکاندا، لەم باسەدا کۆمەڵێك تیۆری هەمەلایەن پێشکەشکراوە لە پەیوەندیدا بە بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکانەوە.

لە باسی سێیەمدا توێژینەوەکانی پێشوو خراونەتەڕوو کە ژمارەیان (١٧) توێژینەوەیەو دابەشبوون بۆ: توێژینەوە کوردستانییەکان، توێژینەوە عێراقییەکان، توێژینەوە عەرەبییەکان، توێژینەوە ئینگلیزییەکان. لە باسی چوارەمدا توێژینەوەکانی پێشوو تاوتوێکراون.

بەشی سێیەم بریتییە لە ڕووکار و جۆر و هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی، لە بەشی چوارەمیشدا پەیوەندی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان خراوەتەڕوو، پاشان ئاماژە بۆ دەروازەکانی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان کراوە کە پێکهاتووە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی، ئاسایشی دەروونی. بۆ هەریەکێکیان گرنگترین بۆچوون و تێڕوانینی زانایان و بیرمەندانی بوارەکە بۆ ئەو دوو جۆرەی ئاسایش خراوەتەڕوو پەیوەستکراوە بە بابەتی توێژینەوەکەوە.

بەشی پێنجەم لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە کە بریتییە لە میتۆدو ڕێکارەکانی توێژینەوەکە، ئەویش پێکهاتووە لە کۆمەڵگاو نموونەی توێژینەوەکە.

لە بەشی شەشەمدا ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی خراوەتەڕوو کە خۆی لە سێ باسدا دەبینێتەوە، باسی یەکەم خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکەیە، لە باسی دووەمیشدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە خراوەتە ڕوو هەروەها تاوتوێکراون. باسی سێیەمیش پێکهاتووە لە دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەگەڵ ڕاسپاردەو پێشنیازەکان.

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

# بەشی یەکەم
# ڕەگەزەکانی توێژینەوەکەو ناساندنی چەمکەکان

**باسی یەکەم/ ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە**

**دووەم: گرنگی توێژینەوەکە**

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە**

**باسی دووەم/ ناساندنی چەمکەکان**

**یەکەم: ڕۆڵ**

**دووەم: گەندەڵی**

**سێیەم: گەندەڵی پیشەیی**

**چوارەم: دەرامەتە مرۆییەکان**

# ڕەگەزەکانی توێژینەوەکەو ناساندنی چەمکەکان

## باسی یەکەم

## ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە The Problem of study

کێشەی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی، لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانداو پێوانەکردنی گەندەڵی پیشەیی، لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بەو مەبەستەی ئاستی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان بخرێتەڕوو.

گەندەڵی پیشەیی یەکێکە لەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاوبووەتەوە بە وڵاتانی پێشکەوتوو تازە گەشەندەوە، ئەگەرچی لە وڵاتە تازە گەشەندەکان مەوداکەی زیاترە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتە پێشکەوتووەکانداو بەیەکێك لە سامناکترینی ئەو گیروگرفتانە دادەنرێت کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگاکان دەبێتەوەو توشی بارگرانییەکی زۆریان دەکات، ئەم گرفتە بەچاوی مەترسییەوە تەماشای دەکرێت هەربۆیە هەنگاوی پێویست نراوە بەمەبەستی چارەسەرکردن و دانانی سنور بۆی، ئەویش لەمیانەی بەتاوان دانانی ئەو کردەیەی کە دەبێتە هۆی گەندەڵی(الشريف،٢٠٠٠:٣٤).

هەربۆیە هیچ دەردێك هێندەی گەندەڵی بۆ دەزگا پیشەییەکان مەترسیدارو کوشندە نییە، چونکە وەك شێرپەنجە بەناو جەستەی ئیدارەدا بڵاودەبێتەوەو بێ بەها و کەم بایەخی دەکات، تا ئەو ئاستەی نەتوانێت ئامانجە دیاریکراوەکانی خۆی بپێکێت، هەربۆیە چاوپۆشی و گوێنەدان بە گەندەڵی دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی ئەم دەردە، کە دواتر ئاستەمە چارەسەربکرێت و لەناوببرێت(عبدالقادر،٢٠١٥:١٣٥).

دوابەدوای ئەمە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان یەکێکە لەو بابەتانەی لەم سەردەمەدا گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت لەبەرئەوەی لەدەستدانی تواناکانی مرۆڤەو بەهۆیەوە کارەسات و گرفتی گەورە بۆ کۆمەڵگا دروست دەکات، ئەم بەفیڕۆدانە واتای ئەوەیە ئێمە هەموو توانستە بەردەستەکانمان بەکارنەهێناوەو نەمانتوانیوە بۆ زیادکرنی بەرهەمهێنان و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان کەڵکی لێوەربگرین، هەروەها بەفیڕۆدانی مرۆڤ دەستدرێژیکردنە بۆ سەر مرۆڤایەتییان و بێکاریش زەقترین نموونەیە بۆ بەفیڕۆدانی مرۆڤ چونکە بێبەشکردنیەتی لە کارکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیان (الجميلي،٢٠٠٨:٣). لەم توێژینەوەیەدا دەرخستنی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان بەهۆی گەندەڵی پیشەییەوە ئامانجێکی گرنگە بۆ زانین و پێوانەکردنی ئەم دیاردەیە.

لەم گۆشەیەوە کێشەی توێژینەوەکەمان گەندەڵی پیشەییە کە زیان بە دەرامەتە مرۆییەکان دەگەیەنێت چونکە سەرچاوەیەکی گرنگە کە کۆمەڵگا سوودی لێوەردەگرێت، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بۆ زانینی پەیوەندی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە کارێکی گرنگە.

هەربۆیە کێشەی توێژینەوەکە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوەدایە:

١- ئاستی گەندەڵی پیشەیی لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا چۆنە؟

٢- ئاستی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا چۆنە؟

٣- ئایا گەندەڵی پیشەیی رۆڵی هەیە لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا ؟

## دووەم: گرنگی توێژینەوەکە The importance of the study

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوو لایەندا خۆی دەبینێتەوە:

### یەکەم/ گرنگی تیۆری Theoretical importance

١- کێشەی گەندەڵی پیشەیی لەلایەن زۆرێك لە توێژەرانەوە گرنگی پێدراوەو و بۆچوونەکان کۆکن لەسەر گرنگی دانان و دامەزراندنی چوارچێوەی کاری ڕێکخراو بۆ دەورەدانی کێشەکەو چارەسەرکردنی، لەمیانەی هەنگاوە جددی و دیاریکراوەکاندا،و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی بەهەموو شێوەو ڕووکارەکانیەوە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا، لەپێناو خێراکردنی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری(العبادي،الخفاجي،٢٠١١:٣).

چەند دیاردەیەك پەیدابوون کە ئاماژەن بۆ ڕەفتاری ناڕاست سەبارەت بە تاکەکەس و خۆی لە نەبوونی دەستپاکی تاکەکاندا دەبینێتەوە لەڕووی ڕەفتاری و پیشەیی و داراییەوە، لەم چەند ساڵەی دواییدا هەرێم بەم دیاردانە کاریگەر بوو کە بە پوکانەوە لە بنیادی حکومەتدا دەستیپێکرد، سەرباری ئەمەش ئاڵنگارییەکانی جیهانگیری و ئەو کاریگەرییانەی کە دروستی دەکات و ئەو جەنگ و گەمارۆیانەی بەسەر هەرێمدا هاتوون هەروەها گۆڕاوە سیاسیە نێودەوڵەتییەکانیش.

بۆیە گرنگی توێژینەوەکە لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە گەندەڵی پیشەیی یەکێك لەو بەڵا کۆمەڵایەتییانە پێك دەهێنێت کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا دەبێتەوە لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا کە دەبێتە هۆی ئەنجامی مەترسیدارو لە پێش هەموویانەوە هەرەسهێنانی سیستەمی بەهایی لای تاکەکانی کۆمەڵگاو لادانیان لە بەدەستهێنانی ئامانجی ڕێکخراوەکانیان(ئەیکەرمان،٢٠٠٧:٥).

٢- دەرامەتە مرۆییەکان گرنگییەکی گەورەو سەرەکییان لە پرۆسەی گەشەپێداندا هەیە بەهەموو جۆرە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کلتوری و سیاسییەکانیەوە، سامانی هەر کۆمەڵگایەك لەسەر دەرامەتە سروشتییەکانی کورت ناکرێتەوە ئیتر ئایا کانزایی بێت وەك ئاڵتون و ئاسن، یان ناواخن بێت وەك نەوت و غاز یان سامانە کشتوکاڵییەکان بێت، بەڵکو دەرامەتە مرۆییەکان دەگرێتەوە کە گرنگییەکی گەورەی لە پرۆسەکانی گەشەپێدان و پەرەسەندندا هەیە، ئەمە وای لە شارەزایانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کردووە ناوی سامانە مرۆییەکان بەکاربهێنن بۆ دەرامەتە مرۆییەکان، ئەم دەرامەتانە کاریگەرییەکی ئەرێنی گەورەو کارایان لە پێگەیاندن و ئامادەکردن و گەشەپێدانی مرۆڤدا هەیە بەشێوەیەکی گونجاو، وەبەرهێنانی دەرامەتە مرۆییەکان لەچوارچێوەی بارودۆخێکی گونجاودا بۆ بەردەوامیدان بە گەشەپێدان بە ئاراستەی پێشکەوتن.

گرنگی ئەو رۆڵەی رەگەزی مرۆیی پێی هەڵساوەو پێی هەڵدەستێ هەر لە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤەوە دیارو بەرچاو بووە. مرۆڤ جوڵێنەری بیروبۆچونەکان و خاوەنی دەستپێشخەری و رابەرایەتی و داهێنان ونوێبونەوە بووە، دەرامەتە مرۆییەکان هۆکارێکی راستەوخۆ بوون لە پێشکەوتنی زۆرێك لە گەلانی جیهاندا، ئەمرۆ دەرامەتە مرۆییەکانمان رووبەرووی بەفیڕۆدانێکی راستەقینە بوونەتەوە لە نەبوونی هاندان و هەبوونی سەرکوتکردنی کارگێری و جیاکاری نەرێنی کە بەڕێوەبەرەکانی سەرپشك کردووە ئەوانەی بەشێوەیەکی نادیموکراسی و لەخۆوە هەڵبژێردراون بۆ تۆڵەسەندنەوە لەهەموو ئەوانەی سەرپێچی بۆچوونەکانیان دەکەن.

## دووەم/ گرنگی پراکتیکیApplied importance

ئەم توێژینەوەیە بە پشتبەستن بە چەند تیۆرێکی کۆمەڵناسی و هەندێك لە توێژینەوە هاوشێوەکان دوو پێوەری ئامادەکردووە یەکێکیان بۆ گەندەڵی پیشەیی و ئەوەی تریان بۆ دەرامەتە مرۆییەکان بەمەبەستی دەرخستنی رۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا، بۆ دیاریکردنی ئاستی گەندەڵی پیشەیی لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستانداو پێشکەشکردنی پێشنیازو راسپاردەی زانستی بەئامانجی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیەو بەرەوپێشبردنی زیاتری کەرتی پەروەردە لە کوردستاندا.

ئەم توێژینەوەیە بەشداری دەکات لە گرنگیدانی زانستی زیاتر بە کاراکردنی دەرامەتە مرۆییەکان بەوپێیەی مەرجێکی سەرەکییە لە کارامەیی دامەزراوەداو ئەوەی زۆر گرنگە بەڕێوەبردنی ئەم دەرامەتانەیە بۆ هاوکاریکردنی ستراتیجی دامەزراوەو هاوکاری توێژەران و گرنگیپێدەران بە شیکارکردنی دەرامەتە مرۆییەکان و کاراکردنی بەڕێوەبردنی بەمەبەستی چاککردنی توانستی دامەزراوە.

هەربۆیە گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە لە دەرامەتە مرۆییەکان دەکۆڵێتەوە ئەویش بە دیاریکردنی ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی و وزەو تواناکانی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە، چونکە پەروەردە یەکێکە لە سەرەکیترین دامەزراوەکان لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە فشارێکی ئەرکێتی زۆری لەسەرە بەهۆی زۆری ژمارەی مامۆستایان و فەرمانبەران و پێداویستی هاوڵاتیانەوە لەبەرئەوەی پەروەردە ڕێکخستنی سیستمی خوێندن و بەڕێوەبردنی سەرجەم فێرخوازانی ئەم میللەتەی لە ئەستۆدایە.

## سێیەم/ ئامانجەکانی توێژینەوەکە Research Objectives

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لەمانە:

١- زانینی ئاستی گەندەڵی پیشەیی لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا.

٢- زانینی ئاستی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا.

٣- زانینی جیاوازییە ئاماژە ئامارییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە:

١- ڕەگەز (نێر ، مێ)
٢- تەمەن
٣- باری کۆمەڵایەتی (ژندار/ مێرددار، ڕەبەن/ بێوەپیاو، بێوەژن، جیابووەوە)
٤- پێشینەی کۆمەڵایەتی
٥- ساڵانی خزمەت
٦- بڕوانامە
٧- لایەنگیری حیزبی (لایەنگر، بێلایەن) .

## باسی دووەم

## ناساندنی چەمکەکان

**دەسپێك:**

ناساندنی چەمکەکان هەنگاوێکی گرنگە لە ئەنجامدانی توێژینەوەدا چونکە مەبەستی توێژەر دیاری دەکات لەو چوارچێوە زانستییەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجام دەدات بۆیە لەم توێژینەوەیەدا گرنگە چەمکەکان پێناسە بکرێن بۆ ئەوەی بزانرێت ئەو بابەتانە کامانەن کە ئیشی لەسەر دەکرێت و توێژەر کاری لەسەر دەکات، چەمکەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

### یەکەم: ڕۆڵ The Role

- پێناسەی ڕۆشیە Guy Rocher: لەو یاسا و پێوانانە پێکدێت کە کردەی تاك بەپێی پێگە یان ئەرکەکەی ڕێکدەخات(روشية،١٩٨٣:٥٤).

- پێناسەی عثمان: چەمکێکی سەرەکییە لە بنیاتی کۆمەڵدا، تاکەکەس لەمیانەی ڕۆڵدا کردە ئەنجام دەدات و کارلێك دەکات، هەروەها پەیوەستە بە پێوانەو بەها بنەڕەتییەکانی بنیاتی کەلتوری و بنیاتی کەسێتی، بەواتایەکی تر ڕۆڵ بناغەیە بۆ کردە یاخود بۆ ڕوداوی کۆمەڵایەتی(عثمان،١٩٨٣:١٠٨).

- پێناسەی الغزوي و ئەوانیتر: کۆمەڵێك پێشبینییە تایبەتە بە پێگەیەکی سیستماتیکی پێکهاتەیی کە تاکێك دەیگێڕێت، یان ڕەفتارێکە ڕەنگدانەوەی پێداویستییەکانی ئەو پێگەیەیە کە تاکێك دەیگێڕێت. (الغزوي،١٩٩٢:٢٦٢).

- پێناسەی لینتۆن Ralph Linton: توخمێکە لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا، ئاماژە بۆ جۆرێکی دوبارەبووەوە دەکات لەو کردە وەرگیراوانەی کە کەسێکی دیاریکراو لە پێگەی کارلێکدا دەینوێنێت(غيث،٢٠٠٦:٣٥٨).

- ڕۆڵی کۆمەڵایەتی لەلایەك کۆی ئەو پەیوەندییانەیە کە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوەو ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگا ئاسان دەکات ئەویش لەڕێی ڕەفتاری ئەرێنی تاکەکانەوە لە نواندنی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵگا مرۆییەکان زۆرێك لەو سیستمانە لەخۆدەگرێت کە یەکتری تەواودەکەن بەئامانجی بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکانی کۆمەڵگا.

- **پێناسەی ڕێکاریی بۆ چەمکی رۆڵ:**

مەبەست لە رۆڵ لە توێژینەوەکەدا رۆڵی گەندەڵی پیشەییە لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا، رۆڵ لێرەدا ئاماژە بۆ دیاردەیەکی نەرێنی دەکات ئەویش دیاریکردنی ئەو رۆڵەیە کە گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا دەیگێڕێت.

## دووەم: گەندەڵی The Corruption

- پێناسەی مصلح: بریتییە لە رێککەوتن لەسەر سوودێك لەبەرامبەر ئەنجامدان یان ئەنجام نەدانی کارێك کە دەچێتە بواری کاری بەرتیل پێدان و زۆرجار لە ئەرکە گشتییەکاندا ڕوودەدات (الصالح،١٩٩٩: ٧١).

- پێناسەی الجیوس: بریتییە لە قایلکردنی کەسێك لەڕێگەی ئامرازە هەڵەکانەوە، وەك بەرتیلدان و پێشێلکردنی ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، هەروەها رەفتارێکە لەو ئەرکە فەرمییانە لادەدات کە لە رۆڵی گشتیدا هەیەتی ئەویش لەڕێگەی پیادەکردنی هەندێك رەفتارەوە کە رەچاوی بەرژەوەندی تایبەتی بکات(الجیوس،٢٠٠٣: ٤-٥).

- پێناسەی رۆز ئەکرمان Rose Ackerman: بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی تایبەتی یان سیاسی. داننان بە (خراپ بەکارهێنان) پێویستە لەڕووی هەندێ پێوەرەوە پێناسە بکرێت چونکە زۆرێك لە ڕوکارەکانی گەندەڵی لە چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا لە زۆربەی وڵاتاندا نایاساییین بۆ نموونە پارەدان و بەرتیل و فێڵ و دزی و قوربانی کەسی و بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان و کردنی کارێك لەبەرامبەر فەراهەمکردنی خەڵاتێك(Uslaner,2008:6).

- پێناسەی فاروق: لەدیدگای ئابوری پەتییەوە بریتییە لە بەفیڕۆدانی ئەو دەرامەتانەی کە بە دەگمەن ناودەبرێن بەتایبەت لە وڵاتە دواکەتووەکاندا، لەدیدگای گەشەپێدانی فراوانیشەوە گەندەڵی هەلی کەڵەکەبوونی وەبەرهێنانی بەرهەمهێنراو لە بنەڕەتە مرۆیی و ماددییەکاندا پەك دەخات، لەجیاتی کاری بەرهەمداری ئامانجدار بۆ بەرژەوەندی گشتی بەهاو رەفتاری قازانجی خێرا لەمیانەی ئیشی کرێوە بەهێزدەکات(فاروق،٢٠١١: ١١).

- پێناسەی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی: ((قۆستنەوەی دەسەڵاتە لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتیدا)) (حسین،٢٠١٤: ١٢٧) بەڵام بانکی نێودەوڵەتی دەڵێت: (( خراپ بەکارهێنانی ئەرکی گشتییە بۆ دەستکەوتی تایبەتی)) (سەرچاوەی پێشوو).

- لـەو پێناسـانەی سـەرەوە دەردەکەوێـت گەنـدەڵی دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە بـەهۆی تێکچـونی هاوسەنگی لەنێوان ئەرك و مافدا دروست دەبێت کە خـاوەن مـاف ئەرکـەکانی سەرشـانی وەك خۆی جێبەجێ ناکات و دڵسۆزی و لەخۆبردوویی تێدا بەرجەستە ناکات چونکە لە بەرامبەردا وەك پێویست شایستە داراییەکان و تەواوی مافەکانی بۆ دابین ناکرێت بۆیە لێپرسینەوەو بەدواداچوون بۆ چۆنیـەتی ئەنجامدانی ئەرکـەکان لەلایـەن بەڕێوەبـەران و خاوەنکارانـەوە بـۆ ئاستەکانی خـوارەوە لاوازدەبێت، گەندەڵی زیاتر لە کەرتی حکومیدا دەردەکەوێت بەهۆی زۆریی ژمارەی فەرمانبەران و قەرەباڵغی لـە دامەزراوەکان و دروستبوونـی فشار لەسەر حکومەت لە دابینکردنی موچەو مافە داراییەکاندا.

- **پێناسەی ڕێکاریی بۆ چەمکی گەندەڵی:**

ڕەفتارێکە دژی یاساو ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پـەروەردەیـە لـە هـەرێمی کوردستان کـە فەرمانبـەر لـە بەجێگەیانـدنی ئەرکـە پیشـەییەکانی لادەدات و پێگـەی پیشـەیی خـۆی بـۆ مەبەسـتی تایبەتی بەکاردەهێنێت نەك سوودی گشتی.

## سێیەم: گەندەڵی پیشەیی Career corruption

- پێناسـەی ئەلناسر: بریتییـە لـە خـراپ بـەکارهێنانی دەسـەڵات بـۆ بـەدیهێنـانی دەسکەوتی تایبـەتی و بەکارهێنانی ئەرکی حکومی بۆ بەیاساییکردنی دەسکەوتی تایبەتی، بەرتیل و ناچارکردنیشی تێدایە کە دەبێ دوو لایەن تێیدا بەشداربن. هەروەها ڕەوشتێکی لادەرە کە ئامـانجی بـەدیهێنـانی سوودی خودییە بەشێوازی ڕێپێدراو(ئەلناسر،٢٠٠٥:٣٧).

- پێناسـەی داود: بریتییـە لـە سـەرپێچیکردن لـە ئـەرکی گشـتی و پیادەنـەکردنـی ئـەرك لەلایـەن فەرمانبـەری کـەرتی گشـتییەوە و هـەموو ئەوانـە دەگرێتـەوە بەشـێوەیەکی بـەردەوام و هەمیشـەیی لـە خزمەت یەکێك لە دامەزراوە گشتییەکاندا کاردەکەن بەڵام پێگە پیشەییەکانیان بۆ بەرژەوەندی تایبـەتی بەکاردەهێنن و بەو هۆیەوە سوودمەندی شەخسی دەبن(داود،٢٠١١:٦٥).

- پێناسەی منتدی الریاض الاقتصادي: بریتییە لەو ڕەفتارەی پەیوەندیدارە بە ڕوکارەکانی لادانـە پیشـەیی و کـارگێری و ڕێکخراوەییەکانــەوە کــە لــە فەرمانبــەری گشــتییەوە دەردەچێـت لــەکاتی بەجێگەیاندنی ئەرکە پیشەییەکانیدا کە پێشێلی یاساو ڕێساو سیستمی بەهاکانی کۆمـەڵگا دەکات(منتدی الریاض الاقتصادي،٢٠١٣:٢٤).

- پێناسەی السنوي: بریتییە لە بازرگانیکردن و خراپ بەکارهێنانی ئـەرکی گشتی، هـەروەها دەست درێژیکردنـە بـۆ سـەر دارایـی گشـتی یـاخود فەرامۆشـکردنی مـافی گشـتی و بەرژەوەندییـەکانی دەوڵەت(السنوي،٢٠١٤:١).

- پێناسەی فارس: بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی لەپێناو گەیشتن بە دەسکەوتی تایبەت و بەرەفتارێکی لادەر دادەنرێت لە ئەرکە سەرەکییەکانی کار کە بەهۆیەوە خاوەن دەسەڵات دەگات بە بەرژەوەندی تایبەتی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی(فارس،٢٠١٥:٧).

- پێناسەی مجد: بریتییە لە قۆستنەوەی پۆستێك لەپێناو ئەنجامدانی چەند کارو خزمەتگوزارییەك بۆ کۆمەڵێك لە خەڵك بە مەرجی گەیشتن بە دەسکەوتی ماددی و بەکارهێنانێکی خراپی پیشەیە، جێبەجێنەکردنی پیشەیە بەشێوازێکی گونجاو، مەبەست لەمەش وەرگرتنی بڕێك پارەیە لەبەرامبەر تەواوکردنی کارێك بەبێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت بەشێوەیەکی یاسایی تەواوی بکات واتە فێڵ لە یاساکانی کار دەکات لەپێناو قازانجێکی ماددی کە بەرژەوەندی تاکێك یاخود کۆمەڵێك لە تاکەکان لەسەر حسابی ئەوانیتر دەستەبەر دەبێت(مجد،٢٠١٦:١).

- لەو پێناسانەوە دەردەکەوێت گەندەڵی پیشەیی رەفتارێکی لادەرو زیانبەخشە لەبواری پیشەی کارگێڕی و هونەری لە کەرتی گشتیدا ڕوودەدات، فەرمانبەران هەڵدەستن بە بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان ئیدی ماددی بێت یاخود مەعنەوی یان هەردووکیان پێکەوە، بەشێوەیەکی تاکەکەسی یان بەهاوبەشی بێت لەناو دامەزراوە یاخود لە دەرەوەی دامەزراوەدا، ئەم رەفتارە بەچەندین شێوەی جیاواز لە رەفتاری فەرمانبەراندا دەردەکەوێت وەك: بەرتیل، قۆستنەوە، ئاڵوگۆڕی سوود و بەرژەوەندییە ناشایستەکان، فێڵکردن، تەزویرکردن، بەزۆر وەرگرتن، واستەکردن، خزمایەتی لە دامەزراندنی هاوڕێ و کەسە نزیکەکاندا.

- **پێناسەی ڕێکاریی بۆ چەمکی گەندەڵی پیشەیی:**

ئەو رەفتارانەیە کە لەلایەن فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەوە ئەنجام دەدرێت بەهۆی کەمتەرخەمییان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەئاست پیشەکانیاندا*، ئەو نمرەیەیە کە نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنێت لە وەڵامدانەوەی تەوەرەکانی گەندەڵی پیشەییدا.

## چوارەم/ دەرامەتە مرۆییەکان Human Resources

- پێناسەی عرب: بریتییە لە زنجیرەیەکی یەکتر تەواوکەر سەبارەت بە پەیوەندییە پیشەییەکان لە کارایی ڕێکخراوێك لەلایەك و کارایی فەرمانبەران لەلایەکی دیکەوە، بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان پرۆسەیەکی تایبەتە بە چاودێری تاکەکان و پەرەپێدانیان و پارێزگاریکردن لێیان لە چوارچێوەی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ڕێکخراوێکدا(عرب،٢٠٠٧:١٣).

* لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لە چەمکی گەندەڵی پیشەیی بریتییە لە گەندەڵی ئیداری چونکە لە سەرچاوە عەرەبییەکاندا زیاتر بە الفساد الاداري هاتووە،بەڵام بۆ ئەوەی ئامانجی توێژینەوەکە لە سۆسیۆلۆجیا دوور نەکەوێتەوەو تێکەڵ بە ئیدارە نەبێت بۆیە لەجیاتی گەندەڵی ئیداری گەندەڵی پیشەیی بەکارهاتووە.

- پێناسەی تخصص إدارة مكتبية: بریتییە لە دەرامەتە مرۆییە ئابورییەکان و نائابورییەکان، دەرامەتە مرۆییە ئابورییەکان واتە ئەو کەسانەن کە خاوەنی توانا و ئارەزوون لە کاردا و بارودۆخە کۆمەڵایەتی و یاساییەکان لە کۆمەڵگادا ڕێگە بە کارکردنیان دەدەن، بەڵام دەرامەتە مرۆییە نائابورییەکان مەبەست ئەو کەسانەن کە هیچ چالاکییەکی ئابوری ئەنجام نادەن(تخصص ادارة مكتبيه،٢٠٠٧:٢).

- پێناسەی آل الشيخ: بریتییە لە چالاکییەکانی کاری دەستی و هزری و هونەری و ڕێکخراوەیی و وێژەیی و کارگێڕی(آل الشيخ،٢٠٠٧:٢٦).

- پێناسەی Mahapatro: بریتییە لە هەموو ئەو تاکانەی لە دامەزراوەیەکدا کاردەکەن بەهەموو بەڕێوەبەرەکانەوە، لەهەموو ئاستەکانی سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردن و هونەری،و ئەو تاکانەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی و کاتی کاری تێدادەکەن(Mahapatro,2010:3).

- پێناسەی اليعقوبي: بریتییە لەو هاوکارییە ڕاستەقینەیەی کە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەیەك پێشکەش دەکرێت کە سەرچاوەی بیرو پەرەپێدانەو دەتوانێت دەرامەتە مادديیە بەردەستەکان بۆ دامەزراوە بخاتەگەڕو بەکاری بهێنێت، هەروەها سوودوەرگرتن لە توانا و ووزەکانی دەرامەتە مرۆییەکان بە سەرچاوەی ڕاستەقینە دادەنرێت لە جیاکردنەوەی دامەزراوەکان و توانایان لە بەدیهێنانی دەسکەوتە نا تەقلیدییەکاندا(اليعقوبي،٢٠١١:١٤).

- پێناسەی Joshi: بریتییە لە سەرجەمی هەوڵ و لێهاتوویی و توانای ئەو کەسانەی لە ڕێکخراوێکدا کاردەکەن(Joshi,2013:9).

- پێناسەی نظرة: بریتییە لەو بنەما سەرەکییانەی کە بەشێوەیەکی ئەقڵانی و پێگەیشتوو بەکاردەهێنرێن بۆ بەدەستهێنانی توانست لە نواندنی کارداو گەیشتن بە ئاستێکی باش لە سەرکەوتن لەبواری کارکردنداو یەکێکە لە کۆڵەکە بنچینەییە پێویستەکان بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی (نظرة،٢٠١٤:١٠).

- پێناسەی Drucker : زاراوەیەکی نوێیەو شوێنی ناوی تاکەکان و هێزی کاری گرتووەتەوە کە پێشتر باوبووە،و بریتین لە تاکە دەرامەتی ڕاستەقینە کە هەر ڕێکخراوێك یەك دەرامەتی ڕاستەقینەی هەیە ئەویش مرۆڤە هەروەها کۆی ئەو کەسە هەڵبژێردراوانەن کە لێهاتوویی و توانای گونجاویان هەیە لە ئاست چەند کارێکی دیاریکراوداو پابەندن بە نواندنی کارەکانیان بە گڕوتین و پەرۆشییەکی تەواوەوە (توفيق،٢٠١٥:١١).

- پێناسەی ئەکادیمی عەرەبی بەریتانی بۆ خوێندنی باڵا: ئاماژە بەو کەسە ئیشکەرانە دەکات کە لە ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکاندا کاردەکەن و گرنگی دەدات بە بەڕێوەبردنی ئەم کەسانە لەمیانەی ئەو

شێوازو ستراتیجە دیاریکراوانەی کاردەکەن بۆ بەرزکردنەوەی کارامەیی فەرمانبەران و چارەسەرکردنی گرفتەکانی کارو بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە ڕێکخراو کاری بۆ دەکات، لێپرسراوێتی ئەم بەڕێوەبردنە لە ئەستۆی ڕاوێژکارانی دەرامەتە مرۆییەکاندایە لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرە جێبەجێکارانەی لە ڕێکخراودا کاردەکەن(الاكاديمية العربية البريطانية للتعليم العالي،٢٠١٦:١).

- دەرامەتە مرۆییەکان کۆمەڵە کەسانێکی بەشدارن لە نەخشاندنی ئامانج و بەرنامەو چالاکییەکان و بەدەستهێنانی ئەو کارانەی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان پێی هەڵدەستن و ئەم دەرامەتانە دابەش دەبن بۆ پێنج گروپ ئەوانیش دەرامەتە پیشەگەرییەکان، رابەرایەتیکردن، سەرپەرشتیکردن، تەواوی دەرامەتە بەشدارەکان،و سەندیکاکانی کرێکاران.

**- پێناسەی ڕێکاریی بۆ چەمکی دەرامەتە مرۆییەکان:**

مەبەست لەو فەرمانبەرانەیە کە لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەدا کاردەکەن و خاوەنی وزەی هزری و جەستەیین، لەڕووی پلەی پیشەییەوە دابەش دەکرێن بۆ چەندین پلەی جیاواز کە هەریەکەیان لە بوارێکی پیشەییدا شارەزاییان هەیەو خزمەت بە بەڕێوەبەرایەتییەکە دەکەن بەئامانجی ڕاییکردنی کارەکان و دوانەخستنیان. لەم توێژینەوەیەدا فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بە دەرامەتی مرۆیی دادەنرێن.

# بەشی دووەم
# چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە

- باسی یەکەم: شیکردنەوەی گەندەڵی پیشەیی لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکاندا.

- باسی دووەم: بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە جیاوازەکاندا.

- باسی سێیەم: توێژینەوەکانی پێشوو.

- باسی چوارەم: تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو.

## باسی یەکەم

## شیکردنەوەی گەندەڵی پیشەیی لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە سۆسیۆلۆجییەکاندا

**دەسپێك:**

گەندەڵیی پیشەیی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە جیهاندا بڵاوە و هۆکاری جیاوازی هەیە بەپێی سروشتی ژیانی کۆمەڵگاکان هەربۆیە پێویستە چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە دیاری بکەین و بەپێی واقیعی کۆمەڵگاکەمان قسەی لەبارەوە بکەین، لەلایەکی ترەوە لە کۆمەڵناسیدا گرنگییەکی زۆر بە گەندەڵی پیشەیی دەدرێت، چونکە پەیوەندی بە تێکچونی ئەرکە پیشەییەکانەوە هەیە لەناو دامەزراوەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگادا هەربۆیە کۆمەڵناسی ڕێکخستن وەك لقێکی کۆمەڵناسی لەم بوارەدا گرنگی پێداوەو بە ووردی لێکدانەوەی بۆ کردوە.

ئاشکرایە زانایانی کۆمەڵناسی بەرهەمێکی زۆریان پێشکەش کردوین کە خۆیان لەچەندین تیۆرو قوتابخانەی سۆسیۆلۆجیدا دەبیننەوە، ئەم تیۆرانە دەکرێ پشتیان پێ ببەستین و بابەتی توێژینەوەکە لە چوارچێوەی هەندێك لەو تیۆرانەدا دیاری بکەین کە پەیوەندیدارن پێیەوە، کۆمەڵناسێکی وەك (جیبز Gibbs) پێیوایە تیۆر دەربڕینی کۆمەڵێك بابەتە کە بەشێوەیەکی لۆجیکی بەیەکەوە بەستراون و پەیوەندییەکی بەهێزیان لەنێواندا هەیەو پەیوەستن بە تایبەتمەندی کۆمەڵێك ڕووداو یاخود دیاردەوە. کەواتە تیۆر دیدێکە بۆ کۆمەڵێك تایبەتمەندی هاوبەش کە لەسەر بنەمای لۆجیك و پەیوەندییە ڕاڤەکارییەکانی نێوان دیاردەکان دروست دەبێت(صیام،٢٠٠٩:١٦).

لەلایەکیترەوە هەریەك لە (ڕۆسێنتال و یودین)Rosental and Yudin وایدەبینن تیۆر سیستمێکە لە مەعریفەی گشتێنراو کە لێکدانەوە بۆ لایەنە جیاوازەکانی واقیع دەکات و پەیوەستە بە شتەکان و زانستە جیاوازەکانەوە، واتە هەر تیۆرێك یان سیستمێك چوارچێوەیەکی هزریی خۆی هەیەو بەگشتی سیستمێکی ئاڵۆزە(عبدالرحمن،٢٠٠٦:٦٠).

لەم توێژینەوەیەدا هەریەك لە تیۆری (بنیاتی ئەرکی و کارلێکی هێمایی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی) چوارچێوەی تیۆری پێکدەهێنن و دیدوتێڕوانینی کۆمەڵێك لەو کۆمەڵناس و زانایانە خراوەتەڕوو کە پەیوەستن بە کاری توێژینەوەکەوە بەم شێوەیە خراوەتەڕوو:

## یەکەم: تیۆری بنیاتی ئەرکی Functional Structural Theory

ڕیشەکانی قوتابخانەی بنیاتی ئەرکی دەگەڕێتەوە بۆ هزری پۆزەتیڤیزم، لەسەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لە کاتێکدا باهۆزی پۆزەتیڤیزمی لەخۆیدا بزاوتێکی پشتگیریکار بووە لە زانست و دژی میتافیزیکای کلاسیکی بووەو پشتی لۆجیکی ئەزمونگەری گرتووە، مەبەستی لەمە گەیشتن بووە بە بیرۆکەی ئەو یاسایانەی کە راستی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەئاستیدا ملکەچ دەبن و تەنها ئەرکی ئەوە نییە زانیاری سەبارەت بە دیاردەیەك کۆبکاتەوە، ئەم هزرە نکولی لە مەعریفەی دوائاست دەکات (عمر،١٩٨٢:٩٥).

لەڕاستیدا لایەنگرانی ئەم تیۆرە لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکانیاندا بۆ دیاردەکان پشت بەچەند چەمکێك دەبەستن لەوانە: (سیستمی کۆمەڵایەتی و ئەرك و ئەرك شێوان Dysfunction و پارێزگاری لە جۆر). لایەنگرانی ئەم تیۆرە وایدەبینن بارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی کتوپڕ دەبێتە هۆی دروستبوونی شێوان لە هاوسەنگی سیستمدا، لەسەر ئەو گریمانەیەی کە هەر کۆمەڵگایەك لە سیستمێك پێکهاتووە کە بەشەکانی لەگەڵ یەکدا لەپێناو پارێزگاریکردن لە بەردەوامبوونی ئەو سیستمە یەکتر تەواودەکەن و هەموو سیستمێك لەناو کۆی سیستمە گەورەکەدا ئەرکێکی دیاریکراو جێبەجێدەکات، ئەگەر شێوانێك یان لادانێك لە ئەرکی سیستمە لاوەکییەکاندا دروست ببێت ئەوا کاریگەری دەخاتە سەر هاوسەنگی و سەلامەتی سیستەمە گشتییەکە، دواتر ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵێك گیروگرفتی کۆمەڵایەتی لەناو واقیعی کۆمەڵگادا (المصراتي،٢٠١١:٤١). کەواتە ئەرکێتی(الوظيفية) چوارچێوەیەکە بۆ بنیاتنانی تیۆرێك کە پێیوایە کۆمەڵگا سیستمێکی ئاڵۆزەو بەشەکانی بەیەکەوە کار بۆ بەهێزبوون و هاوبەندی و سەقامگیری دەکەن ( Macionis and Plummer,2005:8).

بەپێی بنەماکانی ئەم تیۆرە گەندەڵی بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی شێوانی ئەرك لەناو سیستمەکانی کۆمەڵگادا چونکە ئەرك و مافەکان لە باری سروشتی و هاوسەنگی لادەدەن و یاساکان ناتوانن جڵەوی سیستمەکان بکەن.

هەروەها (ئۆگست کۆنت) Auguste Comte (١٧٩٨-١٨٥٧) پێیوایە کۆمەڵناسی لەدوو بابەتی سەرەکی دەکۆڵێتەوە ئەوانیش ستاتیکای کۆمەڵایەتی و دینامیکای کۆمەڵایەتییە، ستاتیکای کۆمەڵایەتی ئاماژە دەکات بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نەگۆڕو مەودای هاوبەندی بەشەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتردا دەکات بەڵام دینامیکای کۆمەڵایەتی گرنگی دەدات بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و سروشت و هۆکارو ئاراستەو پرۆسەکانی ململانێ کەوا کار بۆ لێکترازانی سیستمی کۆمەڵایەتی دەکات (الغزوي،١٩٩٢:٣٨).

لەدیدی (کۆنت)دا سیستمی کۆمەڵایەتی بەپێی یاساکانی سروشت پێکدێت و لە پێکەوەگونجانی گشتیدا بەرجەستەدەبێت کە ئەویش بەستەرێکی پێویستە لەنێوان توخمەکانی کۆمەڵگاو ئەم پێکەوە گونجاوییە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا هەیەو هەموو کۆمەڵگای مرۆیی دەگرێتەوە، لەلایەکیترەوە سیستەم ڕاستییەکی سەرەکییە لە ستاتیکادا هەروەها پێشکەوتن ڕاستییەکی سەرەکییە لە دینامیکادا هەربۆیە (کۆنت) بڕوای وایە سیستم و پێشکەوتن بە پەیوەندییەکی پتەو بەیەکەوە بەستراون و ناکرێت سیستمێکی کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە دروست ببێت ئەگەر گونجاو نەبێت بۆ پێشکەوتن هەروەها ناکرێت پێشکەوتن بەردەوام بێت ئەگەر پشت بە سیستمێك نەبەستێت (تیماشیف،١٩٨٠: ٥٣-٥٤).

(کۆنت) بڕوای وایە گرنگترین تایبەتمەندی کە کۆمەڵگای مرۆیی جیادەکاتەوە بریتییە لەوەی خاوەنی سروشتێکی سیستماتیکە Systemic، کۆمەڵگا وەك سیستمێك دروست بووە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك توخم و بەشی پێکەوەبەستوو تێکهەڵکێش و پێکەوە گرێدراو،کۆمەڵگا ئەو شتەیە کە تاکەکان تێپەڕدەکات، بەتەنها بریتی نییە لە کۆی تاکەکانی، هەموو تاکەکان و سەرجەم کردەکانیان لەسەر هەموو ئاستە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان ناتوانرێت لێی تێ بگەین مەگەر تەنها لەچوارچێوەی ئەو کۆمەڵگایەدا بێت کە تیایدا دەژین (شلبي،٢٠٠٨:٨٦).

لەلایەك ئەو بنەمایانەی کۆنت باسی کردوون مەرجێکی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی سیستمێکی کۆمەڵایەتی تەندروست و دوور لە گەندەڵی پیشەیی چونکە کۆنت گرنگی بە سیستم و پێشکەوتن دەدات کە هەردووکیان تەواوکەری یەکترن، لە ئەگەری نەبوونی یەکێکیاندا گەندەڵی پیشەیی دروست دەبێت چونکە پێشکەوتن مەرجی سەرەکی نییە ئەگەر سیستمێك لە دوایەوە نەبێت هەربۆیە ناتەواوی لە کاروبارە پیشەییەکاندا گەندەڵی دروست دەکات و سیستمی کۆمەڵایەتی تووشی نەخۆشی دەکات چونکە گەندەڵی بەرهەمی نەبوونی سیستمێکی تۆکمەو بەهێزە بۆ ڕێکخستنی بنیاتی کۆمەڵایەتی.

هەر لە سەروبەندی تیۆرەکانی قوتابخانەی ئەرکیدا (ماکس ڤیبەر)Max Weber (١٨٦٤-١٩٢٠) (نموونەیەکی ئایدیالی) پێشکەشکردوە بەناوی (سیستمی بیرۆکراسی) ئەم سیستمە خاڵی دەسپێکە لەلای زۆربەی توێژەرانی بواری ڕێکخستن کە ئامرازی میتودییان لە گەیشتن بە زانیارییەکانی پەیوەست بە بنیات و تایبەتمەندییەکانی بیرۆکراسی بەکارهێناوە، نموونەی ئایدیالی ڕووبەڕووی زۆرێك لە گۆڕین و ڕەخنە بووەتەوە کە دەکرێت لێرەدا بەکورتی تایبەتمەندییەکانی لەدیدی ڤیبەردا بخەینەڕوو:

١- دابەشکردنی کارەکانی ڕێکخراو لەنێوان تاکەکاندا ئەرکی فەرمین.

٢- ئەرکەکان لەناو ڕێکخراودا لەسەر بنەمای بنیاتی دەسەڵاتی پلەبەندی دابەش دەکرێن.

٣- بوونی سیستمێکی فەرمی بۆ یاساکان کە کۆنترۆڵی کردارو بڕیارەکان دەکات و بەردەوامی لەکاردا دەستەبەر دەکات(محمد،١٩٧٢: ٨٠-٨١).

٤- جیاکاری لەنێوان خاوەنداریێتی و بەڕێوەبردندا دەکات، هەروەها چالاکی فەرمی فەرمانبەر لە ژیانی تایبەتی جیادەکاتەوەو پارەو ماڵ و ئامرازە گشتییەکان لە کەلوپەلە تایبەتییەکانی فەرمانبەر جیادەکاتەوە.

٥- داوای مەشقێکی تایبەتمەند دەکات و ئەمەش بەسەر بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکاندا دەچەسپێنێت هەروەك چۆن بەسەر فەرمانبەرەکاندا دەیچەسپێنێت.

٦- داوا لە فەرمانبەر دەکات بەوپەڕی توانای خۆیەوە کار بکات بێ گوێدانە ئەو کاتەی بۆی دیاری کراوە.

٧- پێویستە لەسەر فەرمانبەر ئەرکەکەی نەقۆزێتەوە یاخود خزمەتگوزاری لەگەڵ هاوکارەکانیدا نەگۆڕێتەوە.

٨- فەرمانبەر بەدرێژایی ژیانی لەناو بیرۆکراسیەتی گشتی و تایبەتیدا دەژی، جگە لەمەش ئاماژە بۆ ئەوە ناکات کە فەرمانبەر مافی بەخاوەنبوونی پیشەکەی هەبێت، هەروەها فەرمانبەر هەندێ دەسکەوتی یاسایی بەدەست دەهێنێت کە لە گواستنەوە یان دەست لەکار هەڵگرتنی زۆرەملێی دەیپارێزێت(لطفي،٢٠٠٧: ٤٠).

٩- تاکەکەس ئازادییەکی تایبەتی هەیە بەڵام گوێڕایەڵی و ڕێزگرتن بۆ دەسەڵات دەبێت بەپێی یاسا ناکەسییەکان بێت.

١٠- پەیوەندی ڕێکخراو بە تاکەکەوە ڕون و دیاریکراوەو بەپێی سیستمێکی زنجیرەیی ناوخۆیی ڕێکخراوەکەیە، هەروەها بارودۆخی تاك بەپێی ئەو پێگە پیشەیی و ئیدارییە دەبێت کە دەیگێڕێت.

١١- فەرمانبەر دوورە لە گرێبەستی کەسیی و پەیوەندی کەسیی لەناو کارکردندا.

١٢- فەرمانبەر وەك تاکێك هەڵسوکەوت دەکات.

١٣- فەرمانبەران بەپێی بنەمایەکی پۆلێنکردنی تایبەتمەند دیاری دەکرێن، وەك کرێکار، یان ئەوانەی خاوەنی بڕوانامەن یاخود خاوەنی شارەزایی هونەری یان هەردووکیان.

١٤- هەموو فەرمانبەرێك موچەیەکی دیاریکراوی هەیە، بەپێی توانا و لێهاتوویی و پێگەی پیشەیی ناوخۆیی نەك بەپێی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی.

١٥- ڕیزبەندی فەرمانبەران بەپێی پیشە دەبێت، بەپێی سیستمێکی دیاریکراو دەبێت کە پێی دەگوترێت (پێشتری Seniority) یان بەدەستهێنان یاخود هەردووکیان(عبدالرحمن،١٩٩٩: ١٤٦).

بەپێی تیۆری بیرۆکراسی لای ماکس ڤیبەر فەرمانبەر مافی خۆیەتی شایستەو مافەکانی بۆ دابین بکرێت و لەهەمانکاتدا ئەرکەکانی بەتەواوی جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی کێشەو کەموکورتی لە کارەکاندا دروست نەبێت، یەکێك لەو هۆکارانەی گەندەڵی پیشەیی دروست دەکات نەبوونی لێپرسینەوەو سزایە لەسەر فەرمانبەران سەبارەت بە کاتی کارکردن و ئامادەبوونیان و نواندنی ئەرکەکانی سەرشانیان وەك ئەوەی بۆیان دیاری کراوە لەهەمانکاتدا پێنەدانی موچەی کارەکانیانە کەوا دەکات فەرمانبەر حەزی بۆ کارەکەی نەمێنێت و بە ویستی خۆی دەوام بکات نەك وەك ئەوەی یاسا بۆی داناوە، کەواتە سوودی تیۆری بیرۆکراسی ئەوەیە ئەرك و ماف لەبەرامبەر یەك دادەنێت و فەرمانبەر ناچاردەکات یاساکانی کار جێبەجێ بکات و لە بەرامبەردا مافی خۆی وەربگرێت، کەرتی پەروەردەش یەکێکە لەو کەرتانەی بە یاسا کاری فەرمانبەرانی خۆی ڕێکخستوە،و ئەوەی گرنگە لە توێژینەوەکەدا پێوانەکردنی ئەرك و ماف و دەسەڵاتەکانی پەروەردەیە بەپێی تیۆرەکەی ڤیبەر.

بەڵام (تالکۆت پارسۆنز)Parsons Talcott (١٩٠٢-١٩٧٩) وایدەبینێت هەموو ڕووکارەکانی نەبوونی تەواوکردن لەناو سیستمدا لادانن لە چوارچێوەو پێوانەکان، دواتر پێویستە سیستم کۆمەڵێك پرۆسەی ڕاگر ئاراستەی بکرێن بۆ ئەوەی هاوسەنگی بۆ بگەڕێتەوە، ئەمەش لە پێناسەی پارسۆنزدا بۆ لادان دەردەکەوێت کە دەڵێت ویستێکی پاڵنەرانەیە لەلای بکەر چونکە ڕێگەیەکی پێچەوانە دەگرێتەبەر کە دژە لەگەڵ شێوە پێوانەییەکانی سیستمدا، یان ڕەفتارێکە هەوڵدەدات بۆ ڕوودانی تەنگژە لە هاوسەنگی پرۆسەکانی کارلێککردندا لەبەرامبەر ڕەفتاری لادانکاریدا سیستم کۆمەڵێك پرۆسە دروست دەکات و ئاراستەی ڕەفتارە لادەرەکەی دەکات، پارسۆنز لە دوو پرۆسەدا دەیخاتەڕوو: یەکەم پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کلتور، دووەم پرۆسەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی (زاید،٢٠٠٩:١١٧).

سیستمە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لەو تەوەرە سەرەکییانەی لەو توێژینەوانەدا هەیە کە پارسۆنز ئەنجامیداوە، بەئەندازەیەك هەندێك پێیانوایە پارسۆنز بیرۆکەی (کردەی کۆمەڵایەتی) بە جێ بایەخی سەرەکی لە کۆمەڵناسیدا داناوە، پێیوایە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان گرنگترین بابەتن لە توێژینەوەی کۆمەڵناسیدا(الفوال،١٩٨٢:١٦٣).

پارسۆنز پێیوایە دوو جۆری سەرەکی پێویست بۆ چاککردنەوەی هاوسەنگی سیستم هەیە، لە تیۆری کاردا پێی دەگوترێت (هاوسەنگی و ڕێکخستن) دیاریکردن ئەو پرۆسانە دەگرێتەوە کە دابەشکردنی پێکهاتەکان یان بەشەکانی سیستم پارێزگارییان لێدەکات کە هاوڕایە لەگەڵ پارێزگاریکردن لە دۆخێکی دیاریکراو لە هاوسەنگیدا، تەواوکردنیش مەبەست لەو پرۆسانەیە کە پەیوەندییەکان لەگەڵ ژینگەدا ڕێکدەخات، ئەم ڕێگەیە پارێزگاری لە سیستم دەکات وەك ئۆرگانێك لە

ڕووبەڕووبوونـــــــەوەی ئـــــەو گۆڕانکارییانــــــەی لــــــە دەرەوەی هەڵوێســـــتەکەدا ڕوودەدەن(Parsons,1962:108).

جگە لەمـەش یـەکێکی تر لـەو بابەتـە سـەرەکییانەی پارسۆنز گرنگییـەکی زۆری پێداوە بابـەتی دروسـتبوونی سیسـتم یـاخود دەزگایـە Institution ، شـیکاری بنیـاتی ئـەرکی لەدیـدی پارسـۆنزدا چارەسەرێکی میتۆدییە بۆ پێگەو ڕۆڵی ئەو بکەرانەی دەکەونە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە هەروەها ئەو شێوازە ڕێکخراوەییانەی ئەو هەڵوێستە لەخۆی دەگرێت، چەمکی پێگە ئاماژە بۆ شـوێنی پێگـەی بکـەر دەکـات لـە سیستمی پەیوەندییـەکی کۆمەڵایـەتی دیـاریکراودا کـە وەك بنیاتێـك سـەیری دەکرێت، لەلایەکیترەوە ڕۆڵیش بەهیچ جۆرێك لە پێگە جیانابێتەوە و ئاماژە بـۆ لایـەنی بزاوتنـی پێگـە دەکات، ئەگەر لە چوارچێوەی گرنگی ئەرکێتیدا بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی سـەیری ئـەم ڕەفتـارە بکـەین ئـــەوا چـــەمکی ڕۆڵ و پێگـــە ئامـــاژە بـــۆ رەفتـــاری بکـــەر دەکـــەن لـــە پەیوەندیـــدا بـــەوانیترەوە (زکریا،١٩٩٨:٢٠٦).

پارسۆنز وایدەبینێت کردە لەو بنیات و پرۆسانە پێکدێت کـە بوونـەوەرە مرۆییـەکان بەیارمـەتی چەند مەبەستێکی دیاریکراو ئەنجامی دەدەن ئیتر ئەو کردانە هەندێ کەمتر یان زیاتر لە سەرکەوتنەوە نزیکن و وایدادەنێت پۆلێنی سیستەمە لاوەکییـەکان بـۆ کـردەی مرۆیـی بـریتین لـە پێکهاتـەی ئۆرگـانی، کەسێتی، سیستمی کۆمەڵایەتی، سیستمی کلتوری. دەکرێت وەك نموونـەیەکی گشتی لە درێژبوونـەوەی بواری کردەدا بەکاربهێنرێت، ئەم نموونـەیە هەر سیستمێك لەسـەر بنـەمای ئـەم چـوار دەستەیە پۆلێن دەکـات: یەکـەم ئەوانـەی پەیوەسـتن بـە پارێزگـاریکردن لـە بـەرزترین نموونـەکانی کـۆنترۆڵکردنی جۆرەکـانی سیسـتم، دووەم تـەواوکاری نـاوخۆیی بـۆ سیسـتم، سـێیەم ئاراسـتەی نموونەکـە بـەرەو بەدەستهێنانی ئامانجـەکان و پەیوەنـدی بـە ژینگەکەیـەوە، چـوارەم گونجـانی گشـتگیری زیـاتر لەگـەڵ بارودۆخی گشتی ژینگەدا (بوتومور،١٩٨٥:٣٧).

هـەر بـەپێی تیـۆری پارسـۆنز کۆمـەڵگا کۆمـەڵێك سیسـتمە کـە بەشـێوەیەکی ئـەرکی یـەکتر تەواودەکـەن و پێویسـتی ئـاڵوگۆڕ لەنێوانیانـدا هەیـە بـۆ تـەواوکردنی ئەرکـەکانی کۆمـەڵگا، کەواتـە پەروەردە وەك یەکێك لە سیستمەکانی کۆمەڵگا کۆمەڵێك ئەرکی گرنگی لەسەرشانە کە ئەنجامی بدات بۆ ئەوەی نەوەیەکی تەندروست بۆ کۆمەڵگا ئامادەبکات لەهەمانکاتیشدا کۆمەڵێك مافی هەیە کە دەبێت پارێزراوبن و دەستکاری نەکرێن بۆ ئـەوەی پاڵنـەری کـارکردن لای ئـەم کەرتـە گرنگـە لاواز نـەکات چونکـە بـە لاوازبـوونی پاڵنـەری کـارکردن گەنـدەڵی پیشـەیی لەناویدا بڵاودەبێتـەوەو یاسـاکان نـاتوانن کـاری خۆیـان بکـەن بـۆ ڕێکخسـتنی کاروبارەکـان و دواتـر خزمـەتی ئـەم کەرتـە لـەناو پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتی هـەرێمی کوردسـتاندا کـەم دەبێتـەوەو لێهـاتوویی و توانسـتی فەرمانبـەرەکانی لەئاسـتی پێویستدا نابن.

لەکاتێکدا دەبینین سیستمی پەروەردە وەك سیستمەکانی تر لە هەرێمی کوردستاندا لەماوەی ڕابردوودا تووشی قەیران بوو، ئەمە وایکرد فەرمانبەرەکانی نەتوانن وەك پێویست بەپێی ئەو پێگەیەی هەیانە ڕۆڵی خۆیان ببین و ئەرکەکانیان تووشی ناتەواوی و کەموکوڕی ببێت لەئاکامی پێنەدانی شایستە داراییەکان فەرمانبەرانی ئەم کەرتە سەرقاڵی پەیداکردنی بژێوی ژیان بن و وزە مرۆییەکانیان لە دەرەوەی دامەزراوە پەروەردەییەکان لە کارکردندا بەفیڕۆ بدەن نەك لە کاری پیشەیی و فەرمییاندا.

کۆمەڵناسی ئەمریکی (وایت باك) White Bakke (١٩٠٣-١٩٧١) پۆلێنێکی بۆ جۆرەکانی ڕێکخستنی فەرمی لە کۆمەڵگای نوێدا پێشکەشکردوە، بۆیە ئەمە لە هزری ڕێکخراودا پاڵی نا بە بیرمەندە کۆمەڵایەتییەکانەوە کە چەند ئاراستەیەکی جیاواز لە بۆچوونەکانی بخەنەڕوو:

١- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە توێژینەوەی چەمکی کۆنترۆڵ لەناو ڕێکخراوی فەرمیدا.

٢- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە چۆنیەتی بڕیاردان لەلایەن ناوەندە پیشەییە جیاوازەکان و کاریگەری لەسەر ئاراستەکردنی ڕەفتاری ئەندامانی ڕێکخستن.

٣- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە توێژینەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئەندامانی ڕێکخراو و سیاسەتی ئامانجەکانی ڕێکخراو.

٤- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە ڕێکخراوە کرێکاری و بەرهەمدارییە دابەشکارییەکان (واتە دابەشکردنی بەرهەم).

٥- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە ڕێکخراوە بیرۆکراسییە کاریگەرەکان بە هزری ماکس ڤیبەر.

٦- ئاراستەکانی تیۆریزەکردنی تایبەت بە ڕێکخراوەکان لەپێناو توێژینەوەی ڕەفتاری مرۆیی لەناو ڕێکخراوەکاندا (عمر،١٩٨٢: ٢٧٠).

لەپەیوەندیدا بە توێژینەوەکەوە ئەم چەند خاڵەی خرانەڕوو ئاماژەی بۆ چەند بابەتێك کردووە لەوانە (کۆنترۆڵ، بڕیاردان، جیاوازییەکانی نێوان ئەندامانی ڕێکخراو، ڕێکخراوە بیرۆکراسییەکان) ئەمانە پەیوەندییان هەیە بە توێژینەوەکەمانەوە چونکە گەندەڵی پیشەیی لەئاکامی نەبوونی لێپرسینەوە لە ناوەندی کاردا دروست دەبێت هەروەها هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی فەرمانبەران ئەویش بە بەرزکردنەوەی موچە نزمەکان و کەمکردنەوەی موچە بەرزەکان کە دواجار هانی کارکردنی زیاتری فەرمانبەرە تازە دامەزراوەکان دەدات کارەکانیان بە دڵسۆزی ئەنجام بدەن، لە کۆتاییدا ڕێکخراوە بیرۆکراسییەکانیش مەبەست لەوانەیە کە بەیاسا کارەکانیان ڕێکخستووەو ئەرك لەبەرامبەر مافدا دیاریکراوەو سزا لە بەرامبەر پاداشتدا دانراوە.

بێگومان (ڕۆبەرت میرتۆن Robert Merton (١٩١٠-٢٠٠٣) کە یەکێکە لە زانایانی بنیاتی ئەرکی، میتۆدی کارکردنی لەبواری لێکچواندنی ئۆرگانیدا بەکارنەهێناوە بەڵکو دیدێکی تیۆری گرنگی پێشکەشکردووە کە خۆی لە پەرەپێدانی (تیۆری مەودا مامناوەند)دا بینیوەتەوە، ئەم تیۆرە لە شیکاری ڕێکخستندا لەسەر سێ چەمك و دژەکەی دروست دەبێت ئەوانیش: ١- ئەرکە شاراوەکان یان بێ مەبەستەکان لەبەرامبەر ئەرکە دیارەکان ٢- بەربەستە ئەرکییەکان لەبەرامبەر ئەرکەکاندا ٣- جێگرەوە ئەرکییەکان لەبەرامبەر ئەو گریمانە کلاسیکییەی کە دەڵێت هەر کۆمەڵگایەك بەشێوەیەکی لێهاتوو ناتوانێت ئەرکەکانی بنوێنێت ئەگەر لەژێر سێبەری شێوازە نوێیەکانی پەیوەندییەکاندا بێت (علام،١٩٩٤:١٥٩).

میرتۆن پێیوایە چەمکی ئەرك شێوان کە چەمکی کرژی و فشارەکان دەگرێتەوە لەسەر ئاستی بنیات، دەروازەیەکی شیکاری فەراهەم دەکات بۆ توێژینەوەی بزاوتن و گۆڕان هەروەها وایدەبینێت چەمکی ئەرك شێوان ئەو کردەیەیە کە دەبێتە هۆی لێکترازانی سەقامگیری سیستم بەڵام لەکۆتاییدا بەهێزی دەکات. ئەرك شێوان بە پاڵنەری پەرەسەندن دانانرێت بۆیە لە جێگیریی ئەرکێتی کەم ناکاتەوە، ئەنجامی کۆتایی لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە ئەرکێتی سیستمەکان لە دۆخی هاوسەنگیدا دەبینێت(القصیر،١٩٧٨:١٠٨).

میرتۆن ئاسەوارەکانی توخمە نموونەییەکان بۆ سێ جۆر پۆلێن دەکات: ١- هەرشتێك یارمەتی سیستمی کۆمەڵایەتی بدات بۆ گونجان لەگەڵ داواکاری یاخود ئاڵەنگارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا کە پێیدەگوترێ (ئەرك Function). ٢- هەرشتێك یارمەتی سیستمی کۆمەڵایەتی نەدات بۆ گونجان پێیدەگوترێ (کەموکورتی ئەرکەکان Dysfunctions). ٣- ئەوانەی پەیوەندییان بە بابەتی گونجانەوە نیە (رایت،١٩٩٦:٣٩).

ئەو بنەمایانەی میرتۆن ئاماژەی بۆ کردوون دەکرێ لەوەدا سوودی لێوەربگرین کە هەریەك لە چەمکی ئەرك و ئەرك شێوان لەم توێژینەوەیەدا پەیوەندییەکی زۆری بە گەندەڵی پیشەییەوە هەیە چونکە گەندەڵی پیشەیی وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بەرئەنجامی ئەرك شێوانی فەرمانبەرە لە ئاست پێگە پیشەییەکەیدا ئەویش لەبەر جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانی و فەرامۆشکردن و پشتگوێخستنی بۆ کاتێکی تر، لێرەدا دەبینین گەندەڵی پیشەیی مانای کەموکورتییە لە نواندنی ئەرکەکاندا کە دواجار نەك یارمەتی سیستمی کۆمەڵایەتی نادات بەڵکو شکان و دابڕان دروست دەکات.

(ئەمیتای ئیتزیۆنی Amitai Etzioni (١٩٢٩) کە یەکێکە لە لایەنگرانی هزری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، لە شیکارییە ڕێکخراوەییەکاندا جەخت لە پێداویستییەك دەکات کە پێیدەگوترێت (تیۆرە مەودا مامناوەندەکان) ئەم زانایە کۆکردنەوەی کردووە لەنێوان ئاستەکانی شیکاری تیۆری پەتی لە بواری ڕێکخراوەکان و ئەو توێژینەوانەی گرنگییان بە باری تاکەکەسی یان یەك دیاردەی ڕێکخراو

داوە، ئیتزیۆنی بیرۆکەکانی لە توێژینەوەو شیکاری ڕێکخراوە ئابوری و پیشەسازییە جیاوازەکاندا بەکارهێناوە، هەروەها هەوڵیداوە گرنگی بە توێژینەوەی ئەم بیرۆکانە بدات کاتێك توێژینەوەی لەسەر زۆرێك لە دامەزراوە فێرکارییەکان کردووە وەك قوتابخانەکان و زانکۆکان و هیتریش، پێناسەی ڕێکخراو لەلای ئەمیتای ئیتزیۆنی: یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراودا دروست دەبێت، ئەم یەکانە هەریەك لە کۆمەڵەکانی هاوڕێیان و خێزان ناگرێتەوە چونکە لەچوارچێوەی ڕێکخراوەکاندا پۆلێن ناکرێن، بەڵام سەرجەم جۆرەکانی دامەزراوەکانی تر دەکەونە بازنەی ڕێکخراوەوە، ئیتزیۆنی پێیوایە ڕێکخراو لەسەر ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە پێکدێت: کاردابەشکردن و دەسەڵات، بوونی چەندین ناوەندی بڕیاردان، ئاڵوگۆڕی فەرمانبەران.

ئیتزیۆنی ئاماژە بۆ بوونی پەیوەندیەکی بەهێز دەکات لەنێوان پێداویستییە ئەرکێتییەکان بۆ ڕێکخراو و پێداویستییەکانی تاکەکان ئەمەش لەڕێی جۆری لێهاتوویی و توانست و کارایی و بەدەستهێنان و تێرکردنی گشتییەوە بەدی دێت لای هەموو تاکەکان و ڕێکخراوەکە بەیەکەوە، ئەمە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا جێبەجێ دەبێت کە خاوەنی یاسای کۆنترۆڵکەرە لەپێناو سەرکەوتنی ڕێکخراوەکان لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی و زیادبوونی کارایی و توانستەکانیداو بوونی چەندین پۆلێنکاری بۆ توخمەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کە خاوەنی ڕەهەندی شیکاری ئاشکران لەوانە: (فیزیکی و ماددی و هێمایی) ئەم توخمانە دەکرێ بەپێی ئەو دۆخە ئیداری و پێگە ڕێکخراوەییە دیاری بکرێت کە تاکەکەس دەیگێڕێت (عبدالرحمن،١٩٩٩:١٧٢).

ئیتزیۆنی گرنگی چەمکی باڵادەستبوون لەلایەن ڕێکخراوی فەرمییەوە لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا دەردەخات بەوەی کە پێداویستییەکانی ڕێکخراو و پێداویستی تاکەکان تەواوکاری یەکترن و پەیوەندیدارن بەیەکەوە ئەمەش تەنها لەڕێگەی باڵادەستبوونێکی ڕێکخراوەییەوە دەستەبەردەبێت (واتە بەڕێوەبردنێکی توندوتۆڵ بۆ ڕێکخراو هەروەها بوونی هەماهەنگی لەناویدا) ئەگەرنا ئەوا لێکدان و ململانێ و ناکۆکی جێگەی تەواوکاری و هاوکاری دەگرێتەوە. واتە ڕێکخراو لەمیانەی دانانی یاسا سەرەکییەکانەوە بۆ سیستمی پاداشت و یاسای تایبەت بە سزادان دەتوانێت پرۆسەی کۆنترۆڵکردن جێبەجێ بکات. یەکەمیان کە سیستمی پاداشتە تایبەتە بەو ئەندامانەی فەرمانەکانی ڕێکخراو جێبەجێ دەکەن و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن و لە چالاکییەکانیدا بەشداری دەکەن، سیستمی دووەمیش کە سزایە تایبەتە بەو تاکانەی لادەدەن لە جێبەجێکردنی یاساکان و سیستمەکان و بەشداری ناکەن لە چالاکییەکانیدا لەمیانەی ئەم دوو سیستمەوە ڕێکخراو دەتوانێت سیستمی باڵادەستبوون بسەپێنێت بەسەر ئەندامەکانیداو لەهەمانکاتدا دەتوانێت پێداویستییەکانی خۆی و تاکەکانی پڕبکاتەوە(عمر،١٩٨٢:٣٠١).

ئیتزیۆنی جیاکاری لەنێوان دوو جۆر ڕێکخراودا دەکات یەکەم پێی دەگوترێت ڕێکخراوە سروشتییەکان وەك خێزان و کۆمەڵە نەژادی و نەتەوەییەکان و کۆمەڵگەی خۆجێی. ڕێکخراوەکانی دووەمیش پێیان دەگوترێت ڕێکخراوە جیاوازەکان یان داهێنەرەکان وەك ڕێکخراوە بیرۆکراسییەکان و کۆمپانیاکان و سەندیکاکان و پارتە سیاسییەکان. بەڵام جۆرەکانی کۆنترۆڵی ڕێکخراوەیی لای ئیتزیۆنی پۆلێن دەکرێت بۆ سێ جۆری سەرەکی ئەوانیش:

١-کۆنترۆڵی جەستەیی: بەواتای ئازاردانی جەستەیی یان بێبەش بوونی سۆزداری دێت کە ڕێکخراوە فەرمییەکان پیادەی دەکەن وەك بەندیخانەکان.

٢-کۆنترۆڵی دارایی: مەبەست پێشکەشکردنی پاداشت و سزای دارایی و هاندانی مادییە کە کارگەکان و کۆمپانیاکانی بیمەکردن جێبەجێی دەکەن.

٣-کۆنترۆڵی هێمایی: واتە بەکارهێنانی پایەو ناوبانگی کۆمەڵایەتی وەك ئامرازێك بۆ لەخشتەبردن و ترساندن لەپێناو کۆنترۆڵکردن و ئاراستەکردن و پابەندکردنی تاکەکان بە یاساو سیستەمەکانی ڕێکخراوەکەوە (عمر،١٩٨٢:٢٦٩).

بەپێی تێڕوانینی ئیتزیۆنی دەرامەتە مرۆییەکان گرنگییەکی زۆری هەیەو دەکرێت لە چوارچێوەی ڕێکخراو و سیستەمەکاندا بەیاسا ئەرك و مافەکانیان دیاری بکرێت ئەویش دابەشکردنی ئەرکەکان بەپێی پسپۆڕی و دروستکردنی ناوەندی بڕیاردان و ئاڵوگۆڕی فەرمانبەران بەپێی یاسا. هەموو ئەمانە بنەمای کاری ڕێکخراوەیی و دامەزراوەیین و یاسای تایبەت لەو بوارەدا کارەکان ڕێکدەکات.

ئەوەی زۆر گرنگە لە تیۆرەکەیدا ئاماژەدانە بە یاساکانی پاداشت و سزا چونکە بەپێی ئەم تیۆرە کاتێك گەندەڵی پیشەیی دروست دەبێت ئەگەر سزاو پاداشت لەکات و جێگەی خۆیدا جێبەجێ نەکرێت چونکە لەلایەك فەرمانبەری گەندەڵ ناترسێت لە سزای یاساکان و فەرمانبەری دڵسۆزیش سارد دەبێتەوە لە ئەرکەکانی. لەلایەکیترەوە توێژینەوەکە سوود لەم تیۆرە وەردەگرێت لەپەیوەندیدا بە جۆرەکانی کۆنترۆڵ و سزاو لێپرسینەوەوە، چونکە هەروەك باسی کردووە هەرسێ جۆری کۆنترۆڵەکە ئەگەری جێبەجێکردنیان هەیە لەکاتی بوونی سەرپێچی یاساییدا لەلایەن فەرمانبەرەوە بۆ نموونە کۆنترۆڵی جەستەیی کاتێك دەبێت کە فەرمانبەر هەستێت بە دزینی کەلوپەلی حکومی و بۆ خۆی بەکاری بهێنێت، هەروەها کۆنترۆڵی دارایی کاتێك دەبێت ئەگەر فەرمانبەر زیانی گەیاند بە شوێنی کارەکەی ئەویش بە بڕینی بڕێك لە موچەکەی، جۆری سێیەمیش کۆنترۆڵی هێمایی کاتێك دەبێت کە ناوبانگی فەرمانبەر لەکەدار دەکرێت و هێمای نەرێنی لەلایەن خاوەنکارەوە ئاراستەی دەکرێت بۆ ئەوەی تەواو پابەندی بکات بە کارەکەوە. هەموو ئەم خاڵانەی تیۆرەکە باسی کردون ئاماژەن بۆ کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆنەدانی دەرامەتی مرۆیی.

(میلەر و فۆرم Delbert C.Miller and William H.Form) ئەم دوو زانایە جەخت لە گرنگی توێژینەوەی زانستی دەکەنەوە لە کۆمەڵناسی پیشەسازیدا سەبارەت بە گواستنەوە لە پەتییەوە(المجرد) بۆ واقیع، واتە لە شیکارو وەسفی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ شیکاری پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەکان لەنێوان سیستمە کۆمەڵایەتییەکان و رەفتاری تاکەکەسی و بەکۆمەڵی و واقیعی. لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی کۆمەڵێك هۆکاری تردا وەك هۆکارەکانی دانیشتوان، کلتور، ژینگە هەریەك لەمانە ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پێکهێنانی رەفتاری تاکەکەس و ڕێکخراو بۆ دامەزراوەکان و ڕێکخراوە بەرهەمدارییەکان بەگشتی، میلەر و هاوڕێکەی جەخت دەکەنە سەر گرنگی وەرگرتنی توێژینەوەی یەکە سۆسیۆلۆجییە گەورەکان Macro Sociology، پاشان دوای ئەمە گواستنەوە بۆ توێژینەوەی یەکە سۆسیۆلۆجییە بچوکەکان Micro Sociology، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی دوو دەروازەی سەرەکییەوە دەبێت ئەوانیش:

یەکەم/ دەروازەی بنیاتی ئەرکێتی: گرنگی دەدات بە توێژینەوەی چۆنیەتی کاریگەری یەکەکانی بنیاتی کۆمەڵایەتی لەسەر تاکەکان، ئەمەش هەریەك لە توێژینەوەی مێژوو بەهاکان و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و ئامانجە ڕێکخراوەییەکان و لێکدراوی ڕێکخراوەیی دەگرێتەوە.

دووەم/ دەروازەی سیستمی کۆمەڵایەتی: جەخت دەکاتە سەر توێژینەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئاڵوگۆڕەکان لە دامەزراوەو ڕێکخراوەکاندا، هەروەها توێژینەوە لەو ڕۆڵە ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتییانەی کرێکاران بەشێوەیەکی گشتی ئەنجامی دەدەن (عبدالرحمن،١٩٩٩:١٦٨).

گەندەڵی پیشەیی لەدیدی ئەم دوو زانایەوە دوو ڕەهەند دەگرێتەوە یەکەمیان لە پەیوەندیدا بە سیستمەکان خۆیانەوە دووەمیان لە پەیوەندیدا بە سیستمەکە لەگەڵ فەرمانبەرەکانیدا، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان سیستمەکان دەبینین سیستمە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەموویان بەیەکەوە بەستراون و کاریگەری لەسەر یەکتر دروست دەکەن بەتایبەت سیستمی سیاسی کاریگەری لەسەر تەواوی سیستمەکانی تر دروست دەکات چونکە خاوەنی بڕیارەو چارەنوسی میللەت لەژێردەستیدایە، یەکێك لەو سیستمانەی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکانی سیستمی سیاسییەوە سیستمی پەروەردەیە کە سیستمێکی حکومییەو ڕاستەوخۆ حکومەت بەڕێوەی دەبات، سیاسەتەکانی حکومەتیش لە ئێستادا بەجۆرێکن کە لەبەر کۆمەڵێك بڕیاری سیاسی مافەکانی فەرمانبەران و مامۆستایان وەك خۆی نادات و ئاڵۆزی و ناڕێکی لە کارەکانی سیستمی پەروەردەدا دروست کردووە، لەلایەکیترەوە سیستمی پەروەردە لەناو خۆیدا خاوەنی بڕیارو یاسای خۆیەتی کە فەرمانبەران دەبەستێتەوە بە یاساکانی خۆیەوە.

## دووەم/تیۆری کارلێکی هێمایی Theory of Symbolic Interaction

تیۆری کارلێکی هێمایی لە سەرەتای سییەکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت ئەویش لەسەر دەستی (جۆرج هێربەرت مید) George Herbert Mead (١٨٦٣-١٩٣١) ئەمە یەکێکە لەو تیۆرە سەرەکییانەی کە تیۆری کۆمەڵایەتی لە شیکاری سیستمە کۆمەڵایەتییەکاندا پشتی پێدەبەستێت، سەرەتا بە شیکاری یەکە بچووکەکان دەستپێدەکات دواتر دەڕوات بۆ شیکاری یەکە گەورەکان، واتە سەرەتا بە تاکەکان و رەفتارەکانیان دەستپێدەکات وەك دەروازەیەك بۆ تێگەیشتنی سیستمی کۆمەڵایەتی، ئەم تیۆرە وایدەبینێت ژیانی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کارلێکەکانی نێوان مرۆڤەکانە لەگەڵ یەکتردا، یاخود بەرهەمی کارلێکی نێوان دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانە لە کۆمەڵگادا. تێڕوانینی ئەم تیۆرە بۆ ڕۆڵەکانی مرۆڤ لەئاست یەکتردا لەمیانەی ئەو مانا و هێمایانەوەیە کە دەگونجێ ئەرێنی بن یاخود نەرێنی(Schaefer,2005:17).

کەسێتی مرۆیی هەروەك (مید) دەیبینێت تەنها لە یەك خود پێك نایەت بەڵكو ژمارەکەی بەژمارەی ئەو کەسانە زیاد دەکات کە تاك پەیوەندی پێیانەوە هەیە، بەڵام ئەمە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە نییە بۆ کەسێتی لە بارودۆخە ئاساییەکاندا وەك خودێکی یەکترتەواوکەر و یەکگرتوو لەناو ئەو کۆمەڵەی کە تاك ئینتیمای بۆ دەکات، شیکاری مید بۆ خود لە سێ هەنگاوی سەرەکیدا دەردەکەوێت ئەوانیش: یەکەم ئەو شتەی لەلایەن خودەوە هەستی پێدەکرێت لە بارودۆخێکی مێژوویی دیاریکراودا، دووەم پرۆسەی کۆنترۆڵکردن بەسەر خوددا، سێیەم کەسێتی تاك(النوري،الحسني،١٩٨٥:٢٥٩).

ئەم تیۆرە ئاماژەیە بۆ یەکێك لە ناسراوترین تیۆرەکانی کردە، کارلێکی هێمایی ڕێگەی گوزارشتکردنە یاخود پێناسەی هەڵوێستە لەمیانەی تێڕوانینی تێبینیکارەوە، کارلێك ئەو دیدەیە کە بەشێوەیەکی ڕوون ئاماژە بۆ ئەو چالاکییە مرۆییانە دەکات کە توخمەکانی بە پێویست دادەنرێت لەپێناو تێگەیشتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی، بەپێی بۆچوونی کارلێکی هێمایی ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کارلێکی مرۆیی لەڕێگەی بەکارهێنانی هێماو ئاماژەکانەوە، بۆیە گرنگی بە دوو خاڵ دەدات ئەوانیش:

١- ئەو ڕێگەیەی مرۆڤ هێماکان بەکاردەهێنێت بۆ پەیوەندیکردنی هەرتاکێك بەئەوانیترەوە.

٢- لێکدانەوەی ئەنجامەکانی ئەم هێمایانە لەسەر رەفتاری تایبەت بە گروپەکان ئەویش لەمیانەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتیدا(چونز،٢٠١٠:١٥٣).

ئەم تیۆرە بایەخێکی زۆر دەدات بەوەی مرۆڤ خودی خۆی بناسێت و پێگەو ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا بزانێت ئەویش لەڕێگەی ئەو هێمایانەی کە ڕۆژانە بەکاریان دەهێنێت و ژیانی ڕێکدەخات

و ڕۆڵی چاودێر دەبینێت بەسەر کردەوەکانییەوە، گەندەڵی پیشەیی ڕەفتارێکی نەرێنیە لە کۆمەڵگادا لەهەمانکاتدا سزای یاسایی لەبەرامبەردا هەیە کەواتە پیادەکردنی دیاردەکە لەلایەن هەندێك لە تاکەکانەوە نیشانەی لاوازییانە لە تێگەیشتن لە خودی خۆی پاشان لە هێما کۆمەلایەتییەکان و نەترسانیان لەو سزا کۆمەلایەتی و یاساییانەی لە بەرامبەر ئەو کردانەدا هەیە، توێژینەوەکە پەیوەندییەکی زۆری هەیە بەم تیۆرەوە چونکە گەندەڵی پیشەیی لادانە لە سیمبولەکانی کۆمەڵگا، هەروەها سەرپێچییە لەو نۆرمانەی کە کۆی گشتی کۆمەڵگا دروستی دەکات.

(هێربەرت بلومەر) Herbert Blumer (١٩٠٠-١٩٨٧) زاراوەی کارلێکی هێمایی داهێناوەو بوارە سەرەکییەکانی بەمشێوەیە دیاریکردوە:

١- مرۆڤ لە ئاست شتەکاندا لەسەر بنەمای ئەو واتایە هەڵسوکەوت دەکات کە دەبەخشرێت بە شتەکان.

٢- واتای ئەو شتانە لەو کارلێکە کۆمەلایەتییەوە دەرێژبووەتەوە کە لە کۆمەڵگاوە دروست بووە.

٣- هەڵسوکەوت و گۆڕانکاری لەگەڵ ئەو واتایانەدا لەمیانەی پرۆسەی لێکدانەوەوە دەبێت کە کەسەکە لە مامەڵەیدا لەگەڵ ئەو شتانەدا بەکاری دەهێنێت کە پێیدەگات(OpenStax,2013:21).

هەروەك (هێربەرت بلومەر) ئاماژەی بۆ دەکات هۆشیاری دەستەجەمعی کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر بەخشینی واتا بە شتەکان لە ژیاندا کە ئەویش لەڕێگەی کارلێکەوە دروست دەبێت، لێرەدا دەکرێت بڵێین پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە کۆمەڵگادا چونکە ئەرکی پەروەردە فێرکردنە بۆیە بەخشینی واتای دروست لەسەر بنەمای پەروەردەی دروست کارێکی زۆر گرنگە لەسەرشانی پەروەردە چونکە بەشێکی زۆر لە ئەرکی دروستکردنی کەسێتی تاك لەسەرشانی سیستمی پەروەردەیە کە دەتوانێت دەرامەتی مرۆیی کارا بکات و بەشێوەیەکی باش پێشکەشی کۆمەڵگای بکات، وەك دەبینین سیستمی پەروەردە لە کوردستاندا دابەش بووە بۆ دوو بەرە یەکێکیان حکومییەو ئەوەی تریان کەرتی تایبەت خاوەنداری دەکات، لێرەدا دوو جۆر ئاراستەو پەروەردەی جیاواز دروست دەبێت کە لەدواجاردا هەستی چینایەتی لای تاکەکان دروست دەکات و یەك ئاراستەی گشتگیر لە پەروەردەدا نیشان نادات کە ڕەنگە لە کۆتاییدا بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆیی دروست بکات.

## سێیەم/ تیۆری ڕۆڵی کۆمەلایەتی Social Role Theory

ئەم هزرە پشت دەبەستێت بە چەمکی پێشبینییە پەیوەندیدارەکان بە ناوەندە کۆمەلایەتییەکانەوە لەناو بنیاتی کۆمەلایەتیدا. بۆ هەر ناوەندێك لەو ناوەندانە جۆری جیاواز لە پێشبینییەکان هەن کە هەڵسوکەوتی تاکەکان دیاری دەکەن و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیەو تۆڕێکی فراوان لە پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکەن(S.Stolley,2005:45).

لەلایـەك تێڕوانینـی ئـەم تیـۆرە بـۆ تاكەكـەس ئەوەیـە كـە پێگەیـەك یـاخود چەنـدین پێگـەی كۆمەڵایەتی جیاواز لـەناو بنیاتی كۆمەڵایەتیدا بەدەست دەهێنێت و ڕۆڵـی ئـەو پێگانە دەگێڕێت ئەمـە ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ڕۆڵی كۆمەڵایەتی كاردەكات بۆ پەیوەستكردنی تاك بە بنیاتی گشتییەوە بـەڵام هێزی پەیوەستكردنی ئەو پەیوەندییە پشت بە مەودای لێكچواندنی ڕەفتاری تاكەكەس دەبەستێت لەگەڵ پێشبینی و وابەستەبوونەكانی ئەو ڕۆڵەی كە دەیگێڕێت(Bruce,1999:38).

لەلایەكیترەوە چۆنیەتی لێهاتوویی یان پیادەی پێشبینی ئەو ڕۆڵە كۆمەڵایەتییانەی لەلایەن تاكەوە پێشكەش دەكرێت پشت بە دوو هۆكاری سەرەكی دەبەستێت ئەوانیش:

١- ئەو خەسڵەتە كەسییانەی تاك پێی دەناسرێتەوە كە پێگەیەكی كۆمەڵایەتی دیاریكراو بەڕێوەدەبات.

٢- توانای تاك لە پیادەكردنی پێشبینییەكانی ئەو ڕۆڵەدا.

سەرباری ئەمەش ئەم دوو هۆكارە دەوەستنە سەر ئەو بارودۆخـە ناوخۆییانـەی تـاك پێـی دەناسـرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێت بەمشێوەیە پیادەی پێشبینییەكان بكات:

أ- ئاستی دانوستانی ئەو پێشبینیانە لە دروستبوونی پێداویستییەكانی تاكدا.

ب- جۆری ئەو پاداشت و سزایانەی تاك لە ئەنجامدانی ڕۆڵە پێشبینیكراوەكاندا وەریدەگرێت.

ج-مەودای بەكارهێنانی ئەوانیتر وەك بنەمایەك بۆ پێوانەكردنی دەرونی مرۆیی و خودی تاكەكەس.

د- ئاسـتی بـەكارهێنانی پێشـبینییە كۆمەڵایەتییـەكان بـۆ ڕۆڵـەكان لـە لێكدانـەوەی كاردانـەوەی ئەوانیتردا(عمر،١٩٨٢:٢٤٢).

ئەم تیۆرە باس لەو پێشبینییانە دەكـات كـە لەئاست ڕۆڵـە جیاوازەكاندا هەیـە وەك ئامادەبوون و جێبـەجێكردنی ئەركـەكان و بەفیڕۆنـەدانی كاتـەكانی كـاركردن و بەرهـەمهێنان، بـەپێی ئـەم تیـۆرە فەرمانبـەری شیاو دەبێت لەشوێنی شیاو دابمـەزرێت بـۆ ئـەوەی سـەركەوتووبێت لـە نواندنی ڕۆڵـی پێگەكەیدا ئـەویش بـەوە دەبێت كـە خەسڵەتی كەسیی تێدابێت بـۆ ئـەو ڕۆڵـە هـەروەها ڕەچـاوكردنی بنـەمای سزاو پاداشت لەبەرامبـەر نوانـدنی ڕۆڵەكانـدا بایـەخێكی تـری ئـەم هزرەیـە كـە دەكرێت لـە توێژینەوەكەدا سوودی لێ وەربگرین لە پەیوەندیدا بەو هۆكارانەی گەندەڵی پیشەیی دروست دەكەن و وادەكـەن فەرمانبـەر لای ئاسـایی بێت لـە ئەركـەكانی لابدات بـێ ئـەوەی سڵ لـە سزا كارگێڕییـەكان بكاتەوە ئیتر بەهەر هۆكارێك بێت.

هـەروەكو (ڕالـف تێرنـەر) Ralph H.Turner (١٨٨٨-١٩٨٣) پێیوایـە لەهـەموو كـات و بارودۆخێكدا هاوشـێوەیی بەشـێوەیەكی تـەواو بەدەسـت نایـەت بـەڵكو نـەبوونی تـەواوكاری تـەواو بەدەسـت دێـت ئـەویش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم هۆكارانـە: أ- خـراپ هـەڵبژاردنی تـاك بـۆ ڕۆڵ (وەك نموونەیەك) بۆ لێكچواندن، ب- نەتوانینی تاك لە هاوشێوەبوونیدا لەگەڵ ئەو ڕۆڵـەی دەیگێڕێت كـە ئەمەش یارمەتی نادات لە تەواوكاری پێشبینییەكان سەبارەت بەو ڕۆڵە، ج- هەستنەكردنی تەواوەتی

لەلایـەن تاکـەوە بـە هەڵسـەنگاندنی ئـەو کەسـانەی لـە دەوروبەریـدان کاتێـك پیـادەی ڕۆڵەکـە دەکات(H.turner,2006:233-234).

کەواتە بەپێی بۆچوونی تێرنەر دەردەکەوێت گەندەڵی پیشەیی هۆکارەکانی سپاردنی ڕۆڵەکانە بە کەسانێك کە لەئاست لێپرسراوێتی ئەو ڕۆڵەدا نین چونکە پسپۆڕی و شارەزاییان سەبارەت بەو ئەرکە نییەو شیاونین بۆ ئەو کارە، بەریەککەوتنی پێگەو ڕۆڵی فەرمانبەر لەئاکامدا گەندەڵی بەرپا دەکات چونکـە ئـەم دوو پرۆسـەیە نـاتوانن تـەواوکاری یـەکتربن هێنـدەی دژی یـەك دەبـن بۆیـە ئـەرکی فەرمانبـەرێتی پێویستی بـەوە هەیـە بـە کـەسانێکی شارەزاو لێهاتوو دڵسۆز بسپێردرێت کـە تـەواوی مەرجەکانی وەرگرتنی ئەو پێگەیەی تێدابێت بۆ ئەوەی لـە دواجاردا لەئاست پێشبینییەکانی تاکـەکانی کۆمەڵدا سەرکەوتووبێت، بەپێچەوانەوە دەبینین زۆریـی ژمـارەی فەرمانبـەران لـە ناوەنـدەکانی کـاردا هێندەی لـەڕووی چەندێتییـەوە بـارگرانی بۆ حکومـەت دروست کـردووە هێنـدە لـەڕووی جۆرێتییـەوە سوودی نەگەیاندوە.

سەبارەت بە تەوزیفکردنی ڕوانگەی هەریەك لە (مـاکس ڤێبـەر و ئـەمیتای ئیتزیـۆنی) لەبابـەتی توێژینەوەکەدا (ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا) توێژەر پێیوایە:

١- هـەروەك ئاشکرایە ڤێبـەر لـە تیۆری بیرۆکراسیدا ئاماژەی بۆ کۆمـەڵێك تایبەتمەنـدی کـردووە کـە پێویستە لـە ڕێکخستنی ڕێکخـراودا هـەبێت، یـەکێك لەوانـە دامەزرانـدن بـەپێی بڕوانامـەو پسپۆڕی، مەبەستی ڤێبەر لەم خاڵە دیاریکردنی فەرمانبەرانـە بـەپێی بنەمایـەکی پۆلێنکاری تایبەتمەند هـەروەك ئاماژە بۆ کرێکاران یاخود ئەو کەسانە دەکات کـە خـاوەنی بڕوانامـە یـان شـارەزایی هونـەرین. لێرەدا دەگەینە ئەوەی ڤێبەر بڕوایەکی تەواوی بە بنەمای زانستی هەبووە لـە دامەزراندندا بـەپێی بڕوانامـەو شـارەزایی بــەو مەبەسـتەی ڕێکخـراو لەسـەر بنەمایـەکی زانسـتیی تـەواو بنیـات بنرێـت و هــەر فەرمانبەرێك بـەپێی ئـەو بڕوانامـەیەی بەدەستیهێناوە لـە پلەیـەکی پیشـەییدا دابمـەزرێت و سـوودی لـێ وەربگرێـت بـەم شـێوەیە ڤێبـەر ئـەم بنەمایـەی بـە یـەکێك لـە مەرجـەکانی سـەرکەوتنی ڕێکخـراوی بیرۆکراسی داناوە.

بەپشتبەستن بەم بۆچوونەی ڤێبەر سەبارەت بە دامەزراندن بەپێی بڕوانامەو لێهاتوویی، توێژەر لە توێژینەوەکەدا وایدەبینێت یـەکێك لـەو بنـەما گرنگانـەی لـە توێژینـەوەی گەنـدەڵی پیشـەییدا پێویستە بەهەند وەربگیرێت چۆنیـەتی پرۆسـەی دامەزرانـدن و زانینـی ئـەو میکانیزمانەیە کـە لەسـەری بنیات دەنرێت تابزانرێت لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە دامەزراندنی فەرمانبەران لەسەر چ بنەمایەك ئـەنجام دەدرێـت، واتـە ئایـا بـەپێی بڕوانامـەو لێهاتووییـە یـان بـەپێی لایـەنگیری حیزبـی و واسـتەو پەیوەندی خزمایەتییە، چونکە پرۆسـەی دامەزرانـدن هـەنگاوێکی زۆر هەستیارو کاریگەرە لەلایـەن

دەسـەڵاتەوە چونكـە پشتگوێخسـتنى بڕوانامـەو لێهـاتوويى تاكـەكان و سـپاردنى پێگـە پيشـەييەكان بـە كەسانى نەشارەزاو لاوازو بێ ئەزموون دەبێتە هۆكارێكى گرنـگ بۆ گەندەڵى پيشەيى.

٢- سەبارەت بە تايبەتمەندى دووەم لـە تايبەتمەندييـەكانى تيۆرى بيرۆكراسـى مـاكس ڤيبـەر ئـەرك بـە پلەبەندييە، بڕواى وايە ئەركەكان لەناو ڕێكخراودا لەسەر بنـەماى بنيـاتى دەسـەڵاتى پلـەبەندى دابـەش دەكـرێن واتــە دەســەڵاتێك هەيــە بەشـێوەيەكى پلـەبەنـد دروسـتبووەو ئەركـەكانى بـۆ فەرمانبــەران ديـاريكردووە. بـۆ ئـەوەى هەسـتى لێپرسـراوێتى لـەلاى هەريەكـەيان بـوونى هـەبێت و كاتـەكانى كاركردنيان لەسەر بنەماى ئەركەكانيان ڕێك بخەن و پابەندبوونى تـەواويان بـە كارەكانيانـەوە هـەبێت چونكە هـەر فەرمانبـەرێك كـارى خۆى دەكـات و كـەس لـەجياتى كەسێكيتر شوێنى كـار پڕناكاتـەوە، ڤيبـەر بڕواى تـەواوى بـە سيستەمى پلـەبەندى هـەيـە بۆ كـاركردن چونكـە فەرمانبـەران بـەپێى چـەند دەستەيەك ڕێكدەخرێن بەشێوەيەك لە خوارەوە بۆ سـەرەوەو هەريەكـەيان دەبێت ڕێز لـە فەرمانبـەرى پلـەى خـوار خـۆى و سـەرووى خـۆى بگرێـت چونكـە ئـەركى فەرمانبـەرەو بـە ياسـا پەيوەنديـيـە پيشەييەكانيان ڕێكخراوە، هەروەها ڤيبەر پێيوايـە فەرمانبـەر پێويستە بەتـەواوى گوێرايـەڵى ياسـاكانى كاركردن ببێت و بەپێى ياسا ئەركى خۆى جێبەجێ بكات.

لەژێر ڕۆشنايى ئـەم خاڵـەدا تـوێژەر وايدەبينێت فەرمانبـەر بـەپێى ياسـاو ڕێنماييـەكان كۆمـەڵێك ئـەركى لەسەرشـان دانراوە كـە دەبێت پێيانـەوە پابەندبێت و جێبـەجێيان بكـات بـۆ ئـەوەى بۆشـايى لـە كـارگێڕى ڕێكخـراو يـاخود دامـەزراوەدا دروسـت نـەبێت و ئەركـەكان كەڵەكـە نـەبن، بەپێچەوانـەوە گەندەڵى پيشەيى ئەگەرێكى بەهێزە لەكاتێكدا فەرمانبەر ئەركەكانى سەرشانى وەك خۆى ڕانەپەڕێنێت و كەمتەرخەمييان تێدابكات و بە سستى و خەم ساردييەوە جێبەجێيان بكات، بۆيە ئـەم بنەمايـەى ڤيبـەر بەتــەواوى بـۆ توێژينەوەكــە گونجـاوەو لەگەڵـيدا يــەك دەگرێتــەوە لەبەرئــەوەى سـنورى ئەركــەكانى فەرمانبــەرى ديــاريكردووەو لەهەمانكاتــدا توێژينەوەكــە هــەوڵ بــۆ زانينــى جێبــەجێكردنى ئەركــە پيشەييەكان دەدات لەلايەن فەرمانبەرانەوە بۆ ئـەوەى دەربكـەوێت گەنـدەڵى پيشـەيى تاچەند پەيوەنـدى هەيە بە كەموكورتى لە نواندنى ئەركەكاندا.

٣- مافەكانى فەرمانبەر: ماكس ڤيبەر لە يەكێك لە تايبەتمەندييەكانى تيۆرى بيرۆكراسيدا ئاماژە بۆ ئەو مافانە دەكات كە پێويستە هەموو فەرمانبەرێك هەيبێت واتە مووچەيەكى دياريكراوى هەبێت كە بەپێى توانـاو لێهـاتوويى و پێگـەى پيشـەيى نـاوخۆيى ديـارى بكـرێ نـەك بـەپێى پێگـە كۆمەڵايەتييەكـەى، مەبەسـتى ئەوەيـە مووچـە مـافێكى سروشتيى هـەر فەرمانبەرێكـە كـە بـەهۆى لێهاتوويى لـە كارەكـەيدا بەدەستى دەهێنێت نەك بـەهۆى پێگـەى كۆمەڵايەتييـەوە، ڤيبـەر پێگـەى كـار بەتـەواوى جيادەكاتـەوە لـە پێگــەى كۆمەڵايــەتى چونكــە سيســتەمى كــاركردن لاى ڤيبــەر سيســتەمێكى فەرمييــەو بــەپێى ياســا

ڕێکخراوەو فەرمانبەر بەهۆی شارەزاییەکانیەوە مووچەکەی وەردەگرێت کەواتە تیۆری بیرۆکراسی تیۆرێکی تەواو زانستییە بۆ ڕێکخستن کە هیچ بوارێکی نایاسایی و نافەرمی تێدا جێگا نابێتەوەو مافی دیاریکردووە بەپێی لێهاتوویی فەرمانبەر لە کارەکەیدا.

لە پەیوەندیدا بە توێژینەوەکەوە ئەم خاڵەی کە ڤیبەر لە تیۆری بیرۆکراسیدا باسیکردووە گرنگییەکی زۆری هەیە چونکە فەرمانبەر لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیەوە کۆمەڵێك مافی بۆ دیاریکراوە لە بەرامبەر ئەو دەوامەی دەیکات و خزمەتی بوارەکەی خۆی دەکات، بوونی کەموکورتی لە پێدانی مافەکانیدا بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان نیشان دەدات لەبەرئەوەی فەرمانبەران ئەو هێزە مرۆییەن کە لەناو دامەزراوەکاندا کاردەکەن، ئەگەر مافەکانیان بۆ دابین نەکرێت پاڵنەر نامێنێ بۆ کارکردن و ووزە مرۆییەکانیان بەفیڕۆ دەڕوات.

توێژینەوەکە هەوڵدەدات بۆ زانینی ئەوەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستاندا تاچەند مافەکانیان دیاریکراو و پارێزراوە، بوونی کەموکورتی لە پێدانی مافدا راستەوخۆ گەندەڵی پیشەیی دروست دەکات چونکە فەرمانبەر دڵسۆزی و هاندان و سووربوونی لەسەر کارەکەی لەدەستدەدات و تووشی بێهیوایی دەکات.

٤- لێپرسینەوەو سزا: ئەم خاڵە لە دیدی ئیتزیۆنیدا گرنگییەکی زۆری هەیە هەروەك بڕوای وایە بوونی بەڕێوەبردنێکی تۆکمە لە دامەزراوەدا دەتوانێت هەماهەنگی لەنێوان فەرمانبەراندا دروست بکات بەپێچەوانەوە نەبوونی ئەم میکانیزمە ململانێ و ناکۆکی لێ پەیدادەبێت، ئیتزیۆنی لەڕێگەی دانانی بنەمای لێپرسینەوەو سزاوە هەوڵیداوە پرۆسەی کۆنترۆڵکردن جێبەجێ بکات بەتایبەت بەسەر ئەو کەسانەی لادەدەن لە جێبەجێکردنی یاساکانی کار لەناو ڕێکخراودا، لەدیدی ئیتزیۆنیدا ڕێکخراو دەتوانێت سیستەمی باڵادەستبوون بەسەر فەرمانبەرانی خۆیدا بسەپێنێت ئەویش لەڕێگەی جێبەجێکردنی بنەمای لێپرسینەوەو سزاوە.

لێپرسینەوەو سزا پەیوەندییەکی زۆری بە گەندەڵی پیشەییەوە هەیە چونکە فەرامۆشکردنی ئەم بنەمایە ڕێگاخۆشکەرە بۆ دروستبوونی گەندەڵی لەلای فەرمانبەران، ئەوەی گرنگە تاچەند سزا بەرزەفتکارییەکان(قانون الانضباط) لە هەرێمی کوردستان لەئاست فەرمانبەراندا بەکاری خۆیان هەستاون و لێپرسینەوەو سزایان بەبێ جیاوازی ئاراستەکردوون چونکە یاساکان سەرجەم سەرپێچی و تاوانەکانیان دیاریکردووە بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە تاچەند بەئەرکی خۆیان هەستاون چونکە بەپێی تیۆرەکەی ئیتزیۆنی ئەم بنەمایە کۆنترۆڵێکی بەهێزە کە فەرمانبەر ناچاردەکات پابەندبێت بە یاساکانی کارەوە بۆ ئەوەی کاری دامەزراوە بەشێوەیەکی ڕێکوپێك بەڕێوەبچێت و گرفتی بۆ دروست نەبێت، سەبارەت بە توێژینەوەکە گرنگە بزانرێت یاساکان تاچەند سزاو لێپرسینەوەیان لەگەڵ فەرمانبەرانی پەروەردەدا بەکارهێناوەو ناکەسی و بابەتی بوون لەم بابەتەدا بۆ ئەوەی بتوانرێت ئاستی گەندەڵی

پیشەیی لەلای فەرمانبەران بپێورێت و ڕوون ببێتەوە تاچەند لێپرسینەوەو سزا ڕۆڵی هەبووە لە کەمکردنەوەی گەندەڵیدا.

٥- بەڕێوەبەرە گشتییەکان: ڤیبەر لە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بیرۆکراسیدا باس لە دەسەڵات دەکات و پێیوایە کارێکی گرنگە بۆ کۆنترۆڵکردنی کردارو بڕیارەکان و بەردەوامیدان بە کارکردن، واتە ئەو دامەزراوەیەی ڤیبەر وێنای دەکات پێکهاتووە لەچەندین ناوەندی دەسەڵات کە هەریەکەیان بەپێی پێگەی پیشەییان ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن و ڕێنماییەکان جێبەجێ دەکەن بەمەبەستی سەرکەوتنی کاری دامەزراوەکە، ڤیبەر بڕوای بە دەسەڵاتی پلەبەندی هەیە واتە بەشێوەیەکی پلەبەند دەسەڵاتەکانی لەناو ڕێکخراودا دابەشکردووەو سنوری بۆ داناون. تیۆرەکەی بەشێوەیەکی ورد دارشتووەو گرنگی بەهەموو لایەنەکان داوە بەتایبەت دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەناو ڕێکخراوی بیرۆکراسیدا کە پەیوەستی کردووە بەو پلەبەندییەی کە بەپێی پێگەو ئەرکەکان دیاریکراوە.

پەیوەندی ئەم خاڵە بە توێژینەوەکەوە زۆر بەهێزە چونکە یەکێك لەو تەوەرانەی کاری لەسەر دەکرێت بەڕێوەبەرە گشتییەکانە لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەدا، بەو مانایەی توێژینەوەکە هەوڵدەدات بزانێت دەسەڵاتی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکاندا چۆن پیادە دەکرێت و تاچەند گوێرایەڵی یاساو ڕێنماییەکان دەبن و دەسەڵاتی خۆیان بەتەواوی بەکاردەهێنن، دەسەڵاتی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ئاستی پابەندبوونیان بە یاساو ڕێنماییەکانەوە دەکرێت ئاماژەیەکی بەهێزبێت بۆ پێوانەی گەندەڵی پیشەیی لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لەهەرێمی کوردستاندا چونکە لەڕێی بڕیارو دەسەڵاتەکانیانەوە ڕۆڵێکی گرنگیان لەسەر فەرمانبەران هەیە.

ڕێکخستنی کاری فەرمانبەرانی پەروەردە و بەدواداچوونی دەوامکردنیان و لێپرسینەوەکردن لەگەڵیان و ئاراستەکردنی سزا لە کاری بەڕێوەبەرە گشتییەکانە کە هەر بەڕێوەبەرێك لە سنوری بەڕێوەبەرایەتییەکەی خۆی لێپرسراوە لەو فەرمانبەرانەی لەژێردەستیدا دەوام دەکەن بۆیە ئەم تەوەرە لە توێژینەوەکەدا زۆر گرنگە بۆ زانینی ڕۆڵی دەسەڵاتەکان لەسەر جێبەجێبوونی ڕێنماییەکان لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەدا.

بەپێی تیۆرەکەی ڤیبەر دەسەڵاتەکان دابەشبوون بەسەر ئەرکە پیشەییەکاندا، لەناو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەدا دەسەڵاتەکان دابەشبوون بەسەر چەند بەڕێوەبەرێکی گشتیدا کە هەریەکەیان ئەرکی خۆیان هەیە، ئەوەی بۆ توێژینەوەکە گرنگە تاچەند بەئەرکی خۆیان هەڵدەستن و ڕۆڵیان هەیە لە جێگیربوونی دامەزراوەی پەروەردەدا چونکە فەرمانبەران بەپێی سیستەمی کارکردن دەوامی فەرمی دەکەن کە لەلایەن بەڕێوەبەرەکانەوە کاری دەوامیان بۆ ڕێکدەخرێت و یاساو ڕێنماییەکانیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت و چاودێری و هەڵسەنگاندن بۆ کارەکانیان دەکرێت.

# باسی دووەم

## بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان لەژێر ڕۆشنایی تیۆرە جیاوازەکاندا

**دەسپێك:**

ئاستی گەشەکردنی هەر کۆمەڵگایەك لەڕێگەی جۆرێتی ئەو کارانەوە دیاری دەکرێت کە بەرهەمی چالاکی ڕێکخراوە بەرهەمداری و خزمەتگوزارییەکانە، توانستی لێهاتوویی لەم ڕێکخراوانەدا پەیوەستە بە بەدەستهێنانی باشترین بەکارهێنانی دەرامەتە بەرهەمدارییەکانەوەو بەشێوەیەکی تایبەتتر دەرامەتە مرۆییەکان، کە بە هاوبەشێکی گەورەو کاریگەر دادەنرێت لە چالاکییەکانی هەر ڕێکخراوێکدا، وەك دەزانرێت لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا گرنگییەکی زۆر دراوە بە دەرامەتە مرۆییەکان و بەڕێوەبردنیشی، هەروەها وا تەماشا کراوە کە گرنگترین و بە بەهاترین ڕەگەزە لە پێکهاتەکانی ڕێکخراوەکاندا.

هەربۆیە بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان هەر لە سەردەمانی ڕابردووەوە هەتا ئێستا مایەی گرنگی و بایەخی کۆمەڵگا مرۆییە جیاوازەکان بووە بەتایبەت لە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییەوە بایەخێکی زۆرتری پێدراوە، لەبەرئەوەی کارگە گەورەکان لە ناوەوەو دەرەوەی وڵاتاندا گەشەیان کردوەو پێویستییان بە دەستی کاری زۆر بووە، ئەمەش لەخۆیدا مانای بایەخدان بووە بە مرۆڤ وەك دەرامەتێکی مرۆیی گرنگ بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا، بۆیە لەم پێناوەدا لە جیهانی هزردا کۆمەڵێك تیۆری جیاواز سەریانهەڵداوە کە هەریەکەیان بەجۆرێك ڕوانیویەتیە بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لێیان بۆ ژێرخانی کۆمەڵگا، تیۆرەکانی بەڕێوەبردن هەریەکەیان گوزارشت لە جیهانبینی و بۆچوونی لایەنگرانی دەکات و زادەی بیرمەندێك یاخود کۆمەڵێك بیرمەندی دیاریکراوە، بۆیە لەم باسەدا بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان شیدەکەینەوە لەژێر ڕۆشنایی ئەو هزرو قوتابخانە جیاوازانەی باسیان لێ کردووە.

هەریەك لەو تیۆرانە بەجۆرێکی دیاریکراو دەرامەتە مرۆییەکان ڕێکدەخات و شێوازی بەڕێوەبردنیان ڕوون دەکاتەوە، هەندێکیان لەسەر بنەمای لێپرسینەوەی بەردەوام و جێبەجێکردنی یاساو ڕێنماییەکان دەرامەتە مرۆییەکان ڕێکدەخات بەبێ گوێدانە ژینگەی دەوروبەرو بارودۆخی تایبەتی فەرمانبەر، هەندێکی دیکەشیان لەسەر بنەمای دروستکردنی پەیوەندییە نافەرمییەکان لەنێوان فەرمانبەران لەلایەك و فەرمانبەران و بەڕێوەبەران لەلایەکی ترەوە دەرامەتە مرۆییەکان ڕێکدەخات و زۆر پێداگیری لەسەر لێپرسینەوەی بەردەوام ناکات و تائەندازەیەکی زۆر ڕەچاوی ژینگەی کۆمەڵایەتی دەکات.

لێرەدا ئاماژە بەو تیۆرانە دەکەین کە کاریان لەسەر بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان و ڕەفتاری مرۆیی کردووە ئەوانیش خۆیان لەمانەدا دەبیننەوە:

**یەکەم: قوتابخانە کلاسیکییەکان:**

**١- تیۆری بەڕێوەبردن و بیرۆکراسی: The Administrative Bureaucratic Theory**

زانایانی بواری بەڕێوەبردن هەر لە کۆنەوە گرنگییان داوە بە گیروگرفتەکانی ڕەفتاری ڕێکخستن، بەڵام لە سەردەمی ئێستادا کە کۆمەڵگاکان بەگشتی گەشەیان کردووەو هەنگاویان ڕووەو پێشەسازی هەڵناوە دەبینین گیروگرفتەکانیان ڕوویان لە زیادبوون کردووە، لەگەڵ ئەمەشدا بەڕێوەبردن ئەوەی دەرخستووە کە بەدەستهێنانی پلەیەکی باڵا لە بەرهەمهێنان پێویستی بە پلان دارێژییەکی ڕێکوپێکی هەر دامەزراوەیەك هەیە کە ئەویش فەرمانبەران پابەند دەکات بە یاساکانی کارکردنەوە. کەواتە ئەم تیۆرە باس لە ڕێکخستنی کاری فەرمانبەران و ڕێکارە یاساییەکان و ئەو ئامانجە پەیوەندیدارانە دەکات کە پەیوەستن بە یەکەیەکی دیاریکراو لە بەڕێوەبردن وەك دەوڵەت یان ڕێکخراوە فەرمییەکان، بیرۆکراسیەت بنیاتێکی کۆمەڵایەتییە پێکدێت لە پلیکانەیەکی قوچەکی لە پێگەو ڕۆڵەکان و بەوە دەناسرێ کە کۆمەڵێکی زۆر یاساو ڕێکاری ئاشکرای لەخۆگرتووە کە ڕەفتاری ئەندامەکانی ڕێکدەخات و سیستەمێکی وردی دەوێت لەڕووی پسپۆڕی و کاردابەشکردنەوە (لطفي،٢٠٠٧:٩٨).

(ماکس ڤیبەر) Max Weber (١٨٦٤-١٩٢٠) بەخاوەنی تیۆری بیرۆکراسی دادەنرێت و ئەم تیۆرەی وەك چارەسەرێك بۆ ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان خستووەتەڕوو، هەروەها لەدیدی ئەودا بیرۆکراسیەت بناغەی هەموو ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتییە کە تیایدا هێڵە گشتییەکانی زنجیرەی بەڕێوەبردن دیاری دەکرێت و سیستەمی ئەرك و مافەکان و بنەمای کاردابەشکردن دیاری دەکرێن، هەروەها گرنگترین ئامانج لە دیدی ڤیبەردا سەبارەت بە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بەدەستهێنانی هاوسەنگییە ئەویش بوونی زنجیرەیەکی سەرۆکایەتییە کە سەقامگیری لە سیستەمەکەدا بەدی دەهێنێت ئەمەش بەپێی سیستەمێکی توکمە لە ئەرك و مافەکان هەروەها پیادەکردنی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کە هەڵگری خەسڵەتێکی یاساییە لەپێناو بەدەستهێنانی بەرزترین تێکڕای بەرهەمهێنان و گەیشتن بە ئاستی بەرهەمهێنانی داواکراو کە بە لێپرسینەوەو بەدواداچوونی بەردەوام بەدی دێت لەلایەن سەرۆك کارەکانەوە بۆ فەرمانبەرەکانی خوار خۆیان و دابەشکردنی کارەکان بەسەریاندا لەسەر بنەمای پسپۆڕی و لێهاتوویی و وەلانانی هەموو هەست و سۆزێکی مرۆیی و پەیوەندی تایبەتی و لەبەرچاوگرتنی بابەتیبوون و جێبەجێکردنی یاساکانی کار لەپێناو بەدەستهێنانی زۆرترین بڕی قازانج (صدیق،٢٠١١:٣٣٢).

هەروەك دەبینین ئەم تیۆرە جەخت دەکاتە سەر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و زنجیرەی کارگێڕی و ئەرك و مافەکانی فەرمانبەران لەناو دامەزراوەکاندا کە ئەمەش مانای هەبوونی سزاو لێپرسینەوەی کارگێڕی دەبەخشێت لە تیۆری ڤیبەردا بەومەبەستەی چاکسازی لە کارگێڕیدا بکات و بواری سەرپێچی کارگێڕی نەدات، واتە ڤیبەر لەم تیۆرەدا دەیەوێت جۆرە سیستمێك بۆ ڕێکخستنی کارگێڕی پێشکەش بکات کە بوار بە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان نەدات و زۆرترین سوودیان لێ وەربگیرێت ئەویش لەڕێگەی دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو و ڕەچاوکردنی سەرجەم مافە پیشەییەکانی فەرمانبەر بەپێی یاساکانی کار و ڕەخساندنی دەرفەتی گونجاو بۆ هەر تاکێك کە خاوەنی کارامەیی و شارەزایی پیشەیی بێت لە بواری پسپۆڕی خۆیدا.

**٢- تیۆری بەڕێوەبردنی زانستی:The Scientific Management Theory**

ئەم تیۆرە لەلایەن (فریدریك تایلۆر) Frederick Taylor (١٨٥٦-١٩١٥) و کۆمەڵێك لە بیرمەندانی دیکەوە خراوەتەڕوو کە ناسراوە بە تیۆری ئامێر، لەبەرئەوەی بوونی تاکەکەس یاخود لایەنی مرۆیی لەناو ڕێکخستندا فەرامۆش دەکاتو وایدەبینێ تاك وەك ئامێر وایەو لە ڕوانگەیەکی ئابوری پەتییەوە تەماشای دەکات و زۆرترین تواناو وزەی تاك دەقۆزێتەوە بۆ کارکردن و زیادکردنی بەرهەم، هەروەها بەدەستهێنانی باشترین دەرفەت بۆ قۆستنەوەی ئەم وزەیە لەمیانەی پلانڕێژی بە ئامێرکردنی مرۆڤەوە دەبێت بەوجۆرەی کە بتوانرێ وزەکانی دەربهێنرێت و بۆ قازانجی ماددی سوودیان لێ وەربگیرێت، بۆیە تایلۆرو شوێنکەوتوانی گرنگییەکی زۆریان داوە بە توێژینەوەی کات و جوڵە، هەروەها داوای هاوکاری لە دەروونناسانی کۆمەڵایەتی کردووە کە لەلایەنی مرۆییەوە هاوکاری بکەن لە چۆنیەتی قۆستنەوەی وزە فیزیکییەکانی تاکدا (المغربي،٢٠١٦:١٥).

هەروەها تایلۆر بڕوای وایە تاکە ڕەگەزی گرنگ لە بەڕێوەبردنی زانستیدا بریتییە لە بیرۆکەی (ئامانج). کاری هەر تاکێك پێویستە پێشتر پلانی بۆ دانرابێت ئەگەر بۆ تەنها یەك ڕۆژیش بێت، هەروەها پێویستە هەموو کەسێك ملکەچی ڕێنماییەکان بێت و وەك خۆیان جێبەجێی بکەن هەربۆیە (ئامانج) بەتەنها کارە دیاریکراوەکە دیاری ناکات بەڵکو ئەو ڕێگەیەش دیاری دەکات کە پێویستە بەکاربهێنرێت هەروەها ئەو کاتە ڕێپێدراوەش دیاری دەکات کە دەبێت تیایدا بەدەست بهێنرێت (المغربی،٢٠٠٤:٤٩).

جگە لەوەش تایلۆر ئاماژە بۆ سێ بنەمای سەرەکی دەکات کە پێویستە بەڕێوەبردن بیگرێتە بەر بۆ بەدەستهێنانی بڕی پێویستی بەرهەم لە کاردا، یەکەم گرنگیدان بە بنەمای جوڵەو کات بۆ گەیشتن بە باشترین ڕێگەی نموونەیی لە نواندنی کاردا کە بەهۆیەوە بەرزترین تێکرای بەرهەمی ڕۆژانە بەدەست دێت، دووەم هاندانی کرێکاران و فەرمانبەران بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان ئەویش بە پێدانی پاداشت، واتە پاداشتێکی دیاریکراوە کە دەبێتە هۆی زیادکردنی داهاتی ڕۆژانەی فەرمانبەر

ئەمەش بەمەبەستی ئەوەیە هەتا بە باشترین شێوە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، سێیەم بەکارهێنانی شارەزایان و پسپۆڕان بۆ سەرپەرشتیکردنی بارودۆخە جیاوازەکانی دەوروبەری کرێکار وەك هۆکارەکانی کارکردن و خێرایی ئامێرەکان و..تد(محمد،١٩٧٢: ١٣١).

تیۆرەکەی تایلۆریش هاوشێوەی ڤیبەر پشتی بەستووە بە کۆنترۆڵ و ڕێکخستنی کار بەپێی کات و جوڵە بەو مەبەستەی زۆرترین بەرهەم بەدەست بهێنرێت و لە بەرامبەریشدا پاداشتی دیاریکردووە بۆ هاندانی فەرمانبەران بۆ ئەنجامدانی کاری زیاترو پڕ بەرهەمتر، بێگومان لە بەرامبەریشدا سزاو لێپرسینەوەی دیاریکردووە بۆ ئەوانەی کەمتەرخەمی لە کارەکانیاندا دەکەن یاخود لاواز و لێنەهاتوون بەو مەبەستەی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەکاردا کەم بکاتەوەو جۆرێتی بەرهەم و خزمەتگوزاری پێ بەرزبکاتەوە، ئەم تیۆرە بواری بۆ لایەنی مرۆیی نەهێشتووەتەوە و ڕێگەی نەداوە بارودۆخی تایبەتی فەرمانبەر تێکەڵ بە ژینگەی کار بکرێت و باس لە مامەڵەی فەرمی دەکات لەگەڵ فەرمانبەران و کرێکاراندا، ئامانج لەمەش بەفیڕۆنەدانی دەرامەتە مرۆییەکانەو سوودوەرگرتنە لێیان تازۆرترین ئەندازە.

**٣- تیۆری پەیوەندییە مرۆییەکان: The Human Relations Theory:**

ئەم تیۆرە لەسەردەستی (ئاڵتون مایۆ) Elton Mayo (١٨٨٠-١٩٤٩) لەو کاتانەدا سەریهەڵدا کە جیهان تووشی داڕوخانی ئابوری گەورە بووبوو ئەویش بەهۆی جەنگی جیهانی دووەمەوە، هەروەها وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر تیۆری بەڕێوەبردنی زانستی سەریهەڵدا کە هۆکاری چەندین گیروگرفتی کرێکاران بوو کە بووبووە هۆی بەرپابوونی شەپۆلێکی گەورە لە ناڕەزایی لە کەرتی پیشەسازیدا. بیرۆکەی سەرەکی ئەم تیۆرە ئەوەیە کە مرۆڤ تەوەری سەرەکی کاری بەڕێوەبردنە،و ڕەگەزێکی گرنگە لە دیاریکردنی بەرهەمهێناندا. هەروەها ئەم تیۆرە گرنگیداوە بە چەمکەکانی (دۆخی مەعنەوی، کاریگەری کۆمەڵەکانی کار، کەشی کۆمەڵایەتی کارکردن) لەسەر لایەنی مەعنەوی کرێکاران و پاشان لەسەر بەرهەمەکانیان. لە گرنگترین ئەنجامەکانی تیۆری پەیوەندییە مرۆییەکان جەختکردن بوو لەسەر ڕاهێنانی سەرۆك کارو سەرپەرشتیاران لەسەر بنەمای هەڵسوکەوتی مرۆڤانە لە بەرامبەر کرێکاراندا (السلمي،١٩٩٥: ٨).

ئەم تیۆرە کاردانەوەیەك بوو دژی تیۆری (فریدریك تایلۆر و هێنری فایۆل) لە بەڕێوەبردندا، چونکە ئەوان لایەنی کۆمەڵایەتی و دەروونیی کرێکارانیان فەرامۆشکردبوو بۆیە ئەم تیۆرە گرنگییەکی زۆری بە مرۆڤدا ئەویش لەمیانەی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی فەرمانبەران و کرێکارانەوە لەگەڵ یەکتردا، دواجار ئاڵتون مایۆ سەلماندی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکارە دەروونییەکان ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لە زیادکردنی بەرهەمدا ئەویش لەڕێی ئەنجامدانی چەندین ئەزموون و توێژینەوەوە

بەرهـەمهات کـە بـەناوبانگترینیان توێژینـەوەی کارگـەی (بەرهـەمهێنانی کەلوپـەلی کارەبـایی) بـوو لەنێوان ساڵانی (١٩٢٧-١٩٣٢) (السلمي،١٩٨٨:٣٠).

توێژینەوەکەی (ئاڵتۆن مـایۆ) ئامـانجی زانینـی پەیوەندییـەکانی نێوان هۆکـارە ماددییـەکانی وەك (ڕونـاکی، ساتەکانی پشـودان، ڕێگـای پێدانی کرێ..تد) و بەرهـەمی کـارکردن بـوو بەپشتبەسـتن بـە میتۆدێکی لۆژیکی بۆ بەڕێوەبردن، ئەنجامی پێشبینییەکان بە جۆرێك بوو کە دەرکـەوت پەیوەندییـەکی ئـەرێنی هەیـە لـەنێوان ئـەو گـۆڕاوە ماددییانـە لەگـەڵ بەرهەمـدا. بـەو مانایـەی بـەردەوامبوون لـە زیادکردنی تیشکی ڕوناکیدا دەبێتـە هـۆی زۆربـوونی لێهاتوویی کرێکـاران و بەپێچەوانەشـەوە هـەمان ئەنجامی ئەرێنی بۆ گۆڕاوەکانی تریش. بەڵام دەرئەنجامی توێژینەوەکان شـتێکی دیکەیان سـەلماند کـە پێچەوانـەی واقیـع بـوون ئـەویش ئـەوەبوو ئـەو هۆکـارە ماددییانـە کاریگەرییـەکی ئـەرێنیان لەسـەر بەرهـەمی تـاك نییـە بـەڵکو ئەزموونـەکان سـەلماندیان ناوبانگـە کۆمەڵایـەتی و مرۆییـەکان زیـاتر کاریگـەرییان هەیـە لەسـەر لایـەنی مەعنـەوی کرێکـاران و دواتـر لەسـەر بەرهەمـەکانیان، دەکـرێ بـەکورتی گرنگتـرین ئـەنجامی ئـەو توێژینەوانـەی لـەم قوتابخانەیـەدا ئەنجامـدراون لـەم خاڵانـەدا بخەینەڕوو (المغربي،٢٠١٦:٥٣):

١) هۆکـارە مرۆییـەکان زیـاتر کاریگـەرییان هەیـە لەسـەر ئاسـتی ڕازیبـوون لـەلای فەرمانبـەران و دواتر بەرهەمەکانیان لە هۆکارە ماددییەکاندا.

٢) هـەموو گردبوونـەوەیـەکی مرۆیـی شـتێکی لـێ دروسـت دەبـێ کـە ناسـراوە بـە ڕێکخسـتنە نافەرمییـەکان، ئـەم ڕێکخسـتنانە چەنـد فۆرمێکی دیـاریکراو دروسـت دەکـەن بـۆ پاراسـتنی ڕەفتـاری تاکەکان.

٣) ڕەفتاری تاك لەژێر کاریگەری پاداشتە مەعنەوییەکاندایە.

٤) پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەو گۆڕاوانەن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ڕەفتـارو بەرهەمـەکانی تاك (الطجم،السواط،٢٠٠٣:٣٨).

ئەوەی لەم تیۆرەوە ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کـە زیـاتر گرنگـی بـە لایـەنی پەیوەندییە مرۆییـەکان داوە بەو مەبەستەی لەم ڕێگەیەوە بەرهەم زیاد بکات، بۆیە ئەم تیۆرە دەسکەوتێکی گرنگـە لـە بـواری بەڕێوەبردنـدا چونکـە لـەڕێی توێژینەوەکانـەوە تـوانراوە ئـەوە بسـەلمێنرێت کـە گرنگیـدان بـە لایـەنی مرۆیی بەرهەمی پیشەسازی زیـاد دەکـات بـێ ئـەوەی فەرمانبـەر سـزا بـدرێت یـان لـەژێر کاریگـەری یاساو ڕێنماییەکاندا ناچاربکرێت بەزۆر کاربکات.

تیۆرەکـەی (ئـاڵتۆن مـایۆ) لـە پەیوەندیدا بـە بـەفیڕۆدانی دەرامەتـە مرۆییەکانـەوە دەکـرێ لـەوەدا کورتی بکەینەوە بەپێی ئەم تیۆرە بێت ڕەخساندنی پەیوەندی نافەرمی لەشوێنی کار و دەستەبەرکردنی

ئامرازەکانی کار هۆکارێکی ئەرێنییە بۆ کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان چونکە لایەنی دەرونی فەرمانبەران ئاسودە دەبێت و متمانە بە خوود زیاد دەبێت و کەشێکی ئارام لە شوێنی کاردا دەستەبەردەبێ، لەلایەکیترەوە دروستکردنی ئەو هەلومەرجە لە ژینگەی کاردا دەبێتە هۆی ڕێکخستنی دەرامەتە مرۆییەکان و بەفیڕۆنەدانیان چونکە ئەم تیۆرە بڕوای بە سزا نییەو لە بەرامبەردا گرنگییەکی زۆر بە پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان دەدات بۆیە لە ئەنجامدا فەرمانبەران بەبێ ترس و بە دەستکراوەیی و متمانەوە کارەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن.

**٤- تیۆری فەلسەفەی بەڕێوەبردن: Management Philosophy Theory**

ئەم تیۆرە لەلایەن کۆمەڵێك بیرمەندەوە پێشکەشکراوە کە ناسراوترینیان (دۆگلاس ماکریگۆر)ە Douglas McGregor (١٩٠٦-١٩٦٤)، بە دیارترین لایەنگری بزوتنەوەی مرۆیی دادەنرێ لەم تیۆرەدا فەلسەفەی ماکریگۆر لەسەر ئەو گریمانەیە دروستبووە کە دەڵێت هەموو بەڕێوەبەرێك نەخشەڕێگەیەکی تایبەتی هەیە کە کاریگەری لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی هەیەو هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دیاریکردنی ڕەفتارە کارگێڕی و ڕێکخراوەییەکەی، لەگەڵ ئەمەشدا ماکریگۆر ئەوەی دەرخستووە کە هۆکارێکیتر هەیە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری ڕێکخراوەیی هەیە ئەویش ئەوەیە ئەو خاوەن کارانەی لەژێر کاریگەری بنەماکانی بەڕێوەبردنی کلاسیکیدا بوون بڕوایان وابووە ئەو بنەمایانە شایانی گۆڕین و گفتوگۆکردن نین(الصرن،٢٠٠٤:٢٨٤).

هەربۆیە بنەمای ئەو دەسەڵاتەی کە تیۆری کلاسیکی جەختی لەسەر دەکاتەوە لەلای بەڕێوەبەران تاکە ئامرازە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری ئەندامانی دامەزراوە. بەڵام دەسەڵات تەنها جۆرێکە لە جۆرەکانی کاریگەری چونکە ئامرازی تر هەیە وەك قایلکردن و ناچارکردن کە دەکرێ پیادەبکرێت(حریم،٢٠١٣:٢٧).

ئەم تیۆرە هەمان ڕێچکەی تیۆرەکەی ئاڵتون مایۆی گرتووەتەبەر لە گرنگیدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی فەرمانبەران و لە پەیوەندیدا بە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانەوە ئەم تیۆرە بەشێوازی دیاریکراوی خۆی یارمەتیدەرە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی بەفیڕۆدان چونکە زیاتر کار لەسەر متمانەدان بە فەرمانبەران دەکات و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی و دەرونی گونجاو بۆ شوێنی کار دروست دەکات کە ئەمە ڕەنگە وا لە فەرمانبەران بکات بە دڵسۆزییەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن چونکە بواریان پێ دەدرێت تواناکانی خۆیان بەپێی پێویست بەکاربهێنن.

**دووەم/ تیۆرە نوێیەکان (تیۆرە ڕەفتارییەکان):Behavioral Theories**

**١- تیۆری سیستەمی هاوکاری: Cooperative System Theory**

ئەم تیۆرە لەلایەن (شیستەر بێرنارد) Chester Bernard (١٨٨٦-١٩٦١) ئابوریناسی ئەمریکی پێشکەشکراوە کە بەشدارییەکانی بە بازنەی پەیوەندی دادەنرێ لەنێوان شیکارییەکانی ماکس ڤیبەرو تیۆرە بیرۆکراتییەکەی لەگەڵ تیۆرەکانی بنیاتی ئەرکێتیدا، لەلای بێرنارد ڕێکخستن سیستەمێکی هاوکارییە لەسەر بنەمای هاوکاری کەسیی یاخود زیاتر پێکدێت لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراودا. هەروەها پێیوایە ڕێکخستن لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك لایەندایە وەك ژینگەو کەشی ماددی، بەڵام ژینگەی کۆمەڵایەتی کاریگەرترە لە ژینگەی ماددی چونکە کاریگەرییەکەی دەگاتە ناو بازنەی ڕێکخستن ئەویش لەڕێی ئەو کەسانەی کە ئەندامن تیایدا یاخود هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، ڕێکخستن بەوە دەناسرێت کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك کەس کە تێدەکۆشن لەپێناو چەند ئامانجێکی دیاریکراودا، پوختەی بەشدارییەکانی بێرنارد لەوەدا دەردەکەوێ کە گرنگییەکی زۆری داوە بە ڕەگەزی مرۆیی و ئەو پاڵنەرە مرۆییانەی کە بە جوڵێنەری سەرەکی هەر چالاکییەك دادەنرێن کە پەیوەندییان بە ڕێکخستنەوە هەیە، هەروەها پێویستە لەسەر بەڕێوەبردن کاربکات بۆ دروستکردنی گروپەکان و هەوڵدان بۆ هەماهەنگی لەنێوانیاندا بۆ بەدیهێنانی کەشێکی پڕ لە گونجان و هاوکاری (عنصر،١٩٩٧:٢).

لە پەیوەندیدا بە دەرامەتە مرۆییەکانەوە ئەم تیۆرە بڕوایەکی زۆری هەیە بە دروستکردنی گروپە نافەرمییەکان لەناو دامەزراوەکاندا بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان فەرمانبەران بەهێزبێت و بەو هۆیەوە بەرهەم زیاد بکات هەربۆیە گرنگییەکی زۆریداوە بە ڕەگەزی مرۆیی و دروستکردنی کەشێکی کۆمەڵایەتی گونجاو، بەم پێیە دیدی ئەم تیۆرەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ تیۆری پەیوەندییە مرۆییەکان لەلای ئاڵتون مایۆ هەروەها ئەم تیۆرە پاڵپشتێکی باشە بۆ بەفیڕۆنەدانی دەرامەتە مرۆییەکان ئەویش بەرچاوکردنی لایەنی مرۆیی و دروستکردنی گروپە نافەرمییەکان لە شوێنی کارداو گرنگیدان بە ڕاوبۆچوونی فەرمانبەران و بەهەند وەرگرتنی بڕیارەکانیان و بەهێزکردنی بیری هاندان لەلایان بۆ ئەوەی کارەکانیان خۆش بوێت کە ئەمەش ڕاستەوخۆ ڕۆڵی دەبێت لە کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا چونکە گیانی هاوکاری و مرۆیی لە ناوەندەکانی کاردا زیاد دەکات و لەڕووی دەروونییەوە فەرمانبەران هەست بە ئارامی دەکەن.

### ٢- تیۆری بڕیاردان: Decision Making Theory

(هێربەرت سایمۆن) Herbert Simon(١٩١٦-٢٠٠١) دەروونناس و کۆمەڵناسێکی ئەمریکییە بە پێشەنگی ئەم تیۆرە دادەنرێت کە جەخت لە بەشدارییەکانی تاك دەکات لە سەرجەم ئەو بڕیارانەی لەناو دامەزراوەدا دەدرێت، لەوەش دورتر دەڕوات و پێیوایە پێویستە تاك بەشداربێت لە سەرجەم ئەرکەکانی دامەزراوەدا، هەروەها بڕوای وایە تاك هەتا زیاتر هەست بە قورسایی و بوونی خۆی لەناو دامەزراوەدا بکات ئەوا زیاتر توانای داهێنانی دەبێت، ئەم بەشداریکردنەش لەکاری دامەزراوەدا سوودەکەی لەوەدایە بواری پێدەدات سوود لە شارەزایی و داهێنانەکانی خۆی وەرگرێت و سوود لە تاکەکانی تریش وەرگرێت لەئەنجامی گۆڕینەوەی بیروڕاو شارەزاییەکانی نێوانیانەوە (الكبيسي،٢٠٠٤: ١١١-١١٢).

ئەم تیۆرە بایەخێکی زۆر دەدات بە بەشداریکردنی تاك لەو بڕیارانەی پەیوەندییان بە دامەزراوەوە هەیە بۆ ئەوەی وەك ئەندامێك هەست بە بوونی خۆی بکات و وا هەست نەکات تەنها جێبەجێکارە بەڵکو وا هەست بکات بڕیاردەریشە بۆ ئەوەی دامەزراوەکەی خۆش بوێت و پەیوەندییەکانی نزیکتربێت لەگەڵ سەرۆك کارو فەرمانبەرەکانی تردا، بۆیە دەبینین فەلسەفەی سزادان و لێپرسینەوە لە تیۆرە نوێیەکاندا تاڕادەیەکی زۆر بوونی نییە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێشکەوتن و گۆڕانەی کە لە زانستی کارگێری و ڕەفتاری ڕێکخستندا دوای چەندین توێژینەوەو ئەزموون بەدیهاتوون، هەروەها ئەم تیۆرە ڕۆڵێکی ئەرێنی گەورەی دەبێت لە کەمکردنەوەی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا چونکە ڕۆڵی تاك لەم تیۆرەدا سەنتەرەو لە ئاستێکی باڵادایە بەمەش زیاتر هەست بە بوونی خۆی دەکات و بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە ئەرکەکانی ئەنجام دەدات بەم شێوە ئاستی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانیش کەمدەکاتەوە چونکە تاك بەبێ ترس ئەرکەکانی ئەنجام دەدات و توانای داهێنان و کارامەبوونی لە پیشەکەیدا زیاتر دەبێت.

### ٣- تیۆری ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی: Social organization theory:

ئەم تیۆرە لەلایەن (وایت باك) White Bakke (١٩٠٣-١٩٧١) کۆمەڵناس و ئابوریناسی ئەمریکی پێشکەشکراوە، ئەم زانایە لە توێژینەوەکەیدا بۆ ڕێکخستن ئاماژە دەکات بۆ (کارلێك) یاخود لە هەندێك شوێندا پێی دەڵێت (قۆناغی یەکگرتن) کە ئامانجی پەیوەستکردنی نێوان ئامانجەکانی ئەو تاکانەیە کە لەناو دامەزراوەدا کاردەکەن لەگەڵ ئامانجەکانی خودی دامەزراوەکەدا، (وایت باك) پێیوایە کاتێك تاك پەیوەندی دەکات بە دامەزراوەیەکەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی خۆی کە ئەویش بەدیهێنانی ئامانجێکی تاکەکەسییە، لەهەمانکاتدا دامەزراوەکەش هەوڵدەدات ئامانجەکانی خۆی لەڕێگەی ئەو تاکانەوە بەدی بهێنێت کە کاری تێدا دەکەن، لەم قۆناغەشدا کە پێی دەوترێت

(یـەکگرتن) هەریـەك لـە تاکـەکان و دامەزراوەکـە کاریگـەری لەسـەر یـەکتر دروسـت دەکـەن، بەواتایـەکیتر ئـەم پرۆسـەیە بەجۆرێکـە کـە دامـەزراوە دەتوانێـت لـەپێناو بەرژەوەندییـەکانی خۆیـدا تاکەکەس بگۆڕێت لەهەمانکاتیشدا تاك دەتوانێت لـەپێناو بەرژەوەندییـەکانی خۆیدا کاریگـەری لەسـەر دامەزراوە دروست بکات (تاوریریت،٢٠٠٥:٤٩).

ئـەم زانایـە جـەخت دەکاتـە سـەر چـەمکی ڕێکخسـتنی کۆمەڵایـەتی و پێکهاتـەی نـاوخۆیی دامەزراوە، پێیوایە ڕێکخستن سیستەمێکی بەردەوامە لە چالاکییە مرۆییە تایبەتمەندو هەماهەنگەکاندا کـە کۆمـەڵێك دەرامـەت بـەکاردەهێنێ لەوانـە مرۆیـی و مـاددی و دارایـی و سروشـتی لـە سیستـەمێکی تایبەتمەنددا،و کاردەکـات بـۆ تێرکردنـی هەندێك لـە ئـارەزووە مرۆییـە کارلێککردووەکـان لەگـەڵ ئـەو سیسـتـەمانەی تـر کـە لـە دەوروبـەردا هـەن، واتـە تاکـەکان یـاخود دەرامەتـە مرۆییـەکان لـەلای بـاك توخمێکی سەرەکی یاخود دەرامەتێکی سەرەکین بۆ ڕێکخستن کە خاوەنی پاڵنەرو ئاڕاستەو ئارەزووی خۆیانن سەرباری پێکهاتەی جەستەیی و توانـای فسیۆلۆجییان کـە بەیـەکێك لـە گۆڕاوەکـانی ڕەفتـاری ڕێکخستن دادەنرێت.

ئەم تیۆرە کار لەسەر بـەدیهێنانی ئامانجـەکانی تـاك و دامـەزراوە دەکـات بـەو جـۆرەی هـەردوو لایەن بتوانن بەرژەوەندییەکانی خۆیان بەدی بهێنن و سوود لەیەکتر وەربگرن ئەویش بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ تاك تا بەرژەوەندییەکانی بەدەست بهێنێت لەهەمانکاتدا بەکارهێنانی سەرجەم تاکەکان وەك دەرامـەتێکی مرۆیـی لەلایـەن دامـەزراوەوە بـۆ ئـەوەی سـوود لـە هـەموویان وەربگرێـت و بـۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریان بهێنێت، ئەم تیۆرە گرنگییەکی زۆر بە دەرامەتە مرۆییـەکان دەدات و هەوڵدەدات سـوود لـە لێهاتوویی و تواناکانیـان بـۆ پێشخسـتنی دامەزراوەکـە وەربگرێـت، بێگومـان لەمەدا کەسانێك دێنە سەرکار کە شیاو و لێهاتووبن لە ئەرکە پیشەییەکاندا.

# باسی سێیەم

## توێژینەوەکانی پێشوو

پاش گەڕان و بەدواداچوون بۆ دۆزینەوەی توێژینەوەکانی پێشوو لەسەر بابەتی توێژینەوەکە، بەڵام دەرکەوت هیچ توێژینەوەیەك دەست نەکەوت کە پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ڕوون بکاتەوە کە ئەوانیش گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتی مرۆیین، بۆیە لێرەدا ئەو توێژینەوانە دەخەینەڕوو کە پەیوەندییان هەیە بە گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتی مرۆییەوە ئەویش بەمشێوەیەی خوارەوە:

### یەکەم: توێژینەوە کوردستانییەکان

### ١- توێژینەوەی ڕوخسار محمد عمر(٢٠٠٧): بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای کارمەندانی دەزگا فەرمییەکان.

ئەم توێژینەوەیە نامەی ماستەرە لەشاری هەولێر ئەنجامدراوە لەسەر کارمەندانی دەزگا فەرمییەکان، ئامانجی توێژینەوەکە پێوانی ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بووە لای کارمەندان، هەروەها زانینی سروشتی جیاوازیی لەنێوان ناوەندی پلەی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای کارمەندان بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوە(ڕەگەز، تەمەن، پەیژەی وەزیفی). توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە،و لە لایەنی مەیدانیدا بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان(پێوەری لێکەرت)ی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە کارمەندانی دەزگا فەرمییەکان بووە لە شاری هەولێر و جۆری نموونەکە (ناهەڕەمەکی پشکی)بووەو لە (٣٠٠) کارمەند پێکهاتووە، پاشان توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ڕەگەز کاریگەری هەیە لەسەر بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی، هەروەك دەرکەوتووە ئاستی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای ڕەگەزی نێر زیاترە وەك لای ڕەگەزی مێ.

٢- تەمەن کاریگەری هەیە لەسەر بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لەلای ئەو کارمەندانەی لەڕووی تەمەنەوە پێگەیشتوون زیاتر هەست بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەکەن.

٣- کارانەبوونی ڕۆڵی یاساو پابەندنەبوون پێی لەلایەن کارمەندانەوە،و زەحمەتیی لە جێبەجێکردنی بەسەر خاوەنکاران،و بوونی پەیوەندی تەقلیدی (خزمایەتی و واستەو حیزبایەتی) لە جێبەجێکردنی کارەکان.

٤- نایەکسانی و کارانەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەنێوان کارمەندان کاریگەری هەیە لەسەر کەمتەرخەمیکردن لەلایەن کارمەندانەوە.

**٢- تویژینەوەی صلاح صدیق سعید(٢٠٠٩): کێشەی گەندەڵی، هۆکارو دەرئەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی.**

ئەم توێژینەوەیە نامەی ماستەرە لەناو دامەزراوە حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراوە کە دابەشبوون بۆ سێ پارێزگا ئەوانیش (سلێمانی، هەولێر، دهۆك) هەروەها قەزاکانی(سۆران، رانیە) بوون. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی هۆکارو دەرئەنجامە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی گەندەڵی بووە لەسەر بنەمای زانینی ئاراستەو بیرکردنەوەو هەڵوێستی فەرمانبەران و هاوڵاتیان بەرامبەر بە کێشەی گەندەڵی،و دەرخستنی گرنگترین پیادەکارییەکانی گەندەڵی،و زانینی بڵاوبوونەوەو قبوڵکردنی گەندەڵی لە کۆمەڵگای کوردیدا. توێژەر هەریەك لە میتۆدی وەسفی و میتۆدی بەراوردکاری بەکارهێناوە،و کۆمەڵگای توێژینەوەکە چین و توێژە جیاوازەکانی لە هەرێمی کوردستاندا گرتووەتەوە، جۆری نمونەکە (پشکیی ناهەڕەمەکی) بووەو لە فەرمانبەرانی دامەزراوە حکومییەکان پێکهاتووە کە ژمارەیان (٤٠٠)کەس بووە. توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- گەندەڵی وەك کردەیەکی گۆشەگیرو دابڕاو هۆکار نییە لە هەرێمی کوردستاندا بەڵکو خۆی دەرئەنجامە بۆ ژینگەیەکی سیاسی و کارگێڕی و کۆمەڵایەتی ڕەخساو.

٢-حاڵەتی تێوەگلانی سیاسی هەردوو شێوەی ستونی و ئاسۆیی وەرگرتووە کە ئەمەش هەوڵی قەلاچۆکردنی گەندەڵی زەحمەت کردووە.

٣- ڕادەی قبوڵکردنی گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدایە ئەمەش ئەگەرو مەترسی تەشەنەکردنی زیاتری لێدەکەوێتەوەو دەبێتە مایەی گۆڕانی فەرهەنگی و ڕەفتاریی تاك.

٤-لاوازبوون و نەمانی متمانە بووەتە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ بۆ لاوازبوونی ئاستی هەستی نەتەوایەتی.

٥- پیادەکاریی گەندەڵی ڕەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی هەیەو ئەم بڵاوبونەوەیەش پێویستی بە توێژینەوە هەیە لەسەر ئاستی کەرتەکان و دامەزراوەکان.

٦-هیوا بە گۆڕان و گۆڕانکاری زۆر لاوازە،و ئەمەش ژینگەی بەردەوامی گەندەڵی پتەوتر دەکات و لە هەمووشیان ترسناکتر بێهیواییە بەرامبەر دادگاو دەسەڵاتی دادوەری.

**٣- توێژینەوەی غازي عثمان محمود و ئەوانیتر(٢٠١٨): العوامل المؤثرة في اكتشاف الفساد المالي والإداري.**

ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، کێشەی توێژینەوەکە خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی فەرمانبەرانی دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستاندا دەبینێتەوە لەئاست ئەو بەرەنگارییانەی بۆ پشکنین و دەرخستنی دیاردەی گەندەڵی دارایی و پیشەیی هەیە. گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتی بووە لە دیاریکردنی ئەو ڕێگرییانە یاخود بەرەنگارییانەی کە لەبەردەم دەرکردنی یاساو ڕێنماییە پیشەییەکاندا هەن لە دۆزینەوەی دیاردەی گەندەڵی دارایی و پیشەییدا، هەروەها دەرخستنی توانستی ئەو فەرمانبەرانەی لە دیوانی چاودێری دارایی کاردەکەن سەبارەت بە توانایان لە دەرخستن و ئاشکراکردنی گەندەڵی دارایی و پیشەییدا، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەران میتۆدی وەسفییان بەکارهێناوە بە بەکارهێنانی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی،و بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکە (پێوەری لیکەرت)یان بەکارهێناوە، پاشان شیکارکردنیان بە بەرنامەی (spss). کۆمەڵگای توێژینەوەکە دیوانی چاودێری داریی بووە لە هەرێمی کوردستان و نموونەکەش پێکهاتووە لە (١٥٠)کەس لە فەرمانبەرانی دیوانی چاودێری لە خاوەن بڕوانامەو پلەی ئیداریی جیاواز. توێژینەوەکە گەیشتووەتە چەند دەرئەنجامێك لەوانە:

١- کەمی موچەی فەرمانبەران لە کەرتی گشتیداو بەرزیی ئاستی گوزەران هاندەری یەکەمە بۆ پیادەکردنی گەندەڵی دارایی و پیشەیی کە ئەمەش بەشدارە لە ڕەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو تاهەندێ لە فەرمانبەران بگەڕێن بەدوای سەرچاوەکانی تردا تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی نایاسایش بێت.

٢-ئەو هۆکارە گرنگانەی دەبنە هۆی بڵاوبونەوەی گەندەڵی دارایی و پیشەیی بریتین لە نەبوونی دەوڵەتی دامەزراوەیی لەڕووی سیاسی و یاسایی و دەستورییەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لاوازیی ڕۆڵی دامەزراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دامەزراوە تایبەتەکانی دژایەتی گەندەڵی و سنورداریی بەشدارییان لە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتدا.

٣-ئاشکرانەبوونی کردارەکانی گەندەڵی دارایی و پیشەیی لەدیدی فەرمانبەرانی چاودێری دیوانی دارایی هەرێمی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك کە پەیوەستن بە تەمەڵیکردن لە سزادانی ئەو کەسانەی تۆمەتبار دەکرێن بە ئەنجامدانی گەندەڵی دارایی یاخود پیشەیی.

### دووەم: توێژینەوە عێراقییەکان

### ١- توێژینەوەی سهادة عبيد تايه(٢٠٠٨): العوامل المؤثرة على الفساد الإداري في عملية الاختيار والتعيين.

ئەم توێژینەوەیە لە عێراق ئەنجامدراوە، توێژەر ئامانجی شیکارکردنی ئەو زانیارییانە بووە کە لە نموونەی توێژینەوەکەوە وەریگرتوون واتە ئەوانەی دانەمەزراون لە کەرتی گشتیدا، هەروەها ئامانجی دیاریکردنی دیارترین ئەو هۆکارانەبووە کە دەبێتە هۆی گەندەڵی پیشەیی لە دامەزراوە نوێیەکاندا لەڕوانگەی نموونەی توێژینەوەکەوە. توێژەر شیکردنەوەی هۆکاریی (التحليل العاملي) بەکارهێناوە لە کورتکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لەو گۆڕاوانەی وەریگرتوون هەروەها میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بۆ وەسفی دیاردەکە، بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان (پێوەری لیکەرت)ی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەرچووە دانەمەزراوەکانی گرتووەتەوە، نموونەکە هەڕەمەکی بووەو لە (٣٥٠) کەس پێکهاتوون. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەی خوارەوەن:

١- نەبوونی شەفافیەت لە سیستەمی دامەزراندندا، واتە نەبوونی هیچ کۆنترۆڵێك بەسەر پرۆسەی دامەزراندن و نەبوونی چاودێری بۆ ئەو پرۆسەیە.

٢- دانەنانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا هۆکارە بۆ گەندەڵی پیشەیی چونکە لەم بارەدا لایەنگیری و بەرژەوەندی تایبەتی زاڵدەبێت بەسەر یاساو سیستەمدا.

٣- لاوازی سیستەمی سیاسی و ئاسایش و دادوەری.

٤- باڵادەستیی لایەنی دیاریکراو بەسەر دامەزراندنداو بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی.

### ٢- توێژینەوەی علي جواد وتوت، ماجد عليوي عبد السادة(٢٠١٢): الفساد الإداري الوظائف وآليات التقليص.

ئەم توێژینەوەیە لە شاری دیوانیە لە عێراق ئەنجامدراوە، توێژەران ئامانجیان دەرخستنی ئەرکەکانی گەندەڵی کارگێری بووە لەگەڵ ڕەهەندەکانی گەندەڵی کارگێڕی لە عێراق و دانانی سنورێك بۆ ئەم دیاردەیە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە میتۆدی وەسفییان بە بەکارهێنانی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە شاری دیوانیە بووەو ژمارەیان (٢٢٧)کەس بووە، نموونەی توێژینەوەکە ئەو بەڵێندەرانە بوون کە لە کەرتی بەڵێندەرایەتیدا کاریان کردووەو پرۆژەی جۆراوجۆریان لەو پارێزگایەدا ئەنجامداوە کە ژمارەیان (٩٣) بەڵێندەر بووە. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێنراوە وەك کەرەستەیەکی ئاماریی. گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی لە توێژینەوەکەدا بەدەستهاتووە ئەمانەن:

١- بەشـێکی زۆر لــە لێتــوێژراوان پێیــانوابووە گەنــدەڵی پیشــەیی مەترسـیدارترین کێشــەیە کــە ڕووبەڕووی عێراق بووەتەوە.
٢- ئاستەکانی گەندەڵی پیشەیی لە عێراق لەپاش ساڵی (٢٠٠٣) بەشێوەیەکی فراوان زیادیکردووە.
٣- گەندەڵترین فەرمانگە لەناو فەرمانگەکانی کەرتی گشتیدا بریتی بووە لە ئەنجومەنی پارێزگا، مانــای وایــە دەسـتوەردانی دەســەڵاتی سیاسـی لـەکاری بـەڕێوەبردن بووەتــە هـۆی بەریەککـەوتنی بەرژەوەندییەکان و زیادبوونی گەندەڵی.
٤- بەشێك لە نموونەی توێژینەوەکە بەرتیلیان داوە بە فەرمانبەران، ئەمەش ئەوە دەردەخات دیاردەی گەندەڵی بەتەنها ناگەڕێتەوە بۆ گەندەڵی دامەزراوەی سیاسی بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ گەندەڵی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەوانەی پەیوەستن بە ڕەفتاری تاکەکان و بەهاکانیان و ئاراستەکانیان.
٥- بەشـێك لـە نموونـەی توێژینەوەکـە مەبەسـتیان لـە پێشکەشـکردنی خـەڵات و پـارە بەدەسـتهێنانی مامەڵەکانیان بووە لە کەمترین کاتدا.
٦- دەرکەوتووە هۆکارەکانی گەندەڵی دەگەڕێتەوە بۆ پشك پشکێنەی سیاسی و خێڵـەکی کـە زنجیرەی یەکەمی وەرگرتووە لەناو ئەو هۆکارانەی بوونەتە هۆی گەندەڵی کارگێڕی.

## ٣- توێژینـــەوەی عبـــدالعظيم عبدالواحـــد الشـــكري، حســـين عبـــاس حســـين الشمري(٢٠١٣): الفساد في الدول النامية وانعكاساته الاقتصادية والإجتماعية وسبل مكافحته(العراق حالة دراسية للمدة ٢٠٠٤-٢٠١١).

ئەم توێژینەوەیە لە عێراق ئەنجامدراوە، کێشەی توێژینەوەکە باس لە کێشەی گەندەڵی دەکات لە وڵاتـە تـازە گەشـندەکان بەشـێوەیەکی گشـتی و عێـراق بەشـێوەیەکی تایبـەتی لـەنێوان سـاڵانی (٢٠٠٤-٢٠١١) ئامـانجی تـوێژەران پێشکەشـکردنی توێژینەوەیەکـە لەسـەر واقیعـی گەنـدەڵی بەتـەواوی جۆرە جیاوازەکانیـەوە لـە وڵاتـە تـازە گەشـندەکان بەگشـتی و عێـراق بەتایبـەتی ئـەویش لـەڕێی دیـاریکردنی چەمك و هۆکـارە ئـابوری و کۆمەڵایەتییـەکانی گەنـدەڵی و ڕێگاکـانی چارەسـەرکردنی. بۆ بـەدیهێنانی ئــەم ئامانجــە تــوێژەران پشــتیان بەســتووە بــە بــەکارهێنانی (میتــۆدی وەســفی و شــیکاری) پێکــەوە، توێژینەوەکــە گریمانەیــەکیش لــەخۆدەگرێت کــە دەڵێــت (دژایــەتی نــەکردنی گەنــدەڵی و بچــووك نەکردنــەوەی ڕۆڵەکــەی لــەڕووی ئــابوری و کۆمەڵایەتییــەوە ڕەنگدانــەوەی نــەرێنی دەبێـت لەهـەر وڵاتێکدا).

ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەیە بەدەستهاتوون ئەمانەن:

١- بەهۆی نەبوونی بەرەنگاری دیاردەی گەندەڵی و گەندەڵکاران لەزۆربەی فەرمانگەو دامەزراوەکانی عێراقدا گەندەڵی بڵاوبووەتەوە بەم هۆیەش کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی دروستکردووە.

٢- دیاردەی گەندەڵی لەهەموو کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە بە پێشکەوتوو تازە گەشندەکانەوە بەڵام زیاتر لە کۆمەڵگا تازە گەشندەکاندا بڵاوترو ناسراوترە ئەویش لەبەر لاوازیی چاودێری و نەبوونی شەفافیەت و لاوازی بنەما ڕاستەقینەکانی دیموکراسی.

٣- گەندەڵی لە کەرتی گشتی و تایبەتدا هەیە، بەڵام فەرمانبەر لە کەرتی گشتی زیاتر ئەگەری تێوەگلانی هەیە بە گەندەڵی لەبەر دووریی لە لێپرسینەوەو بەدواداچوون بە پێچەوانەوەی فەرمانبەرەوە لە کەرتی تایبەت.

٤- بەهۆی گەندەڵییەوە ناتوانرێت پشت بە بنەمای دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا ببەسترێت.

## ٤- توێژینەوەی عبدالصاحب البغدادي و سهاد كاظم عبد الموسوي(٢٠١٥): التخطيط الاستراتيجي للموارد البشرية في الوظيفة الادارية.

ئەم توێژینەوەیە لە عێراق ئەنجامدراوە، کێشەی توێژینەوەکە زانینی واقیعی پلاندانانی ستراتیجییە لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و گرنگترین ئەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە جێبەجێکردنی ئامرازو میکانیزمە ستراتیجییەکانی پلاندانان، مەودای کاریگەری ئەو ئامرازانە لەسەر کارامەیی دامەزراوە کارگێڕییەکان. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی چەمکەکانی پلاندانانی ستراتیجی و پلاندانانی دەرامەتە مرۆییەکان و بەڕێوەبردنی و مەودای کارایی هەریەك لەم چەمکانە بووە لە واقیعی دامەزراوە کارگێڕییەکانی عێراقدا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەران (میتۆدی وەسفی شیکارییان) بەکارهێناوە. سنوری توێژینەوەکە دامەزراوەکانی دەوڵەتی گرتووەتەوە لە عێراق (تەنها فەرمانگە کارگێڕییەکانی بەشی دەرامەتە مرۆییەکان)، نموونەی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی وەرگیراوە لە هەریەك لە وەزارەتەکانی خوێندنی باڵاو مافی مرۆڤ و وەرزش و لاوان کە ژمارەیان(٦٠) کەس بووە. فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەکارهێنراوە. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١- کارایی و چالاکییەکی زۆر هەیە لەلایەن بەڕێوەبەری فەرمانگەکانەوە بۆ بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان.

٢- هەندێ بەربەست و ڕێگری هەن کە هۆکارن بۆ لاوازیی بەشداریی فەرمانبەران لە بڕیاردان و دانانی سیاسەتی فەرمانگەکانیان.

٣- توێژینەوەکە دەریخستووە هەڵسەنگاندنی لێهاتوویی بۆ فەرمانبەران ئەنجام دەدرێت لەگەڵ بەرزکردنەوەی پلەو هاندانی مەعنەوی و ماددیی ئەویش لەڕێگەی یاسای ڕاژەی فەرمانبەرانەوە.

## سێیەم: توێژینەوە عەرەبییەکان

### ١- توێژینەوەی خالد بن عبدالرحمن بن حسن بن عمر آل الشيخ(٢٠٠٧): الفساد الإداري انماطه وأسبابه وسبل مكافحته "نحو بناء نموذج تنظيمي".

ئەم توێژینەوەیە لە شاری ریاض لە سعودیە ئەنجامدراوە لەهەریەك لە دیوانی چاودێری گشتی، یەکەی چاودێری و لێکۆڵینەوەی بنکەی سەرەکی و چەندین فەرمانگەی تر. توێژەر کۆمەڵێك ئامانجی لە توێژینەوەکەدا هەبووە لەوانە: زانینی جۆرە ناسراوەکانی گەندەڵی پیشەیی لەسەر ئاستی وڵات، زانینی هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی، زانینی ڕێگە چارەسەرییەکانی گەندەڵی پیشەیی، زانینی ئەو لەمپەرانەی ڕووبەڕووی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پیشەیی دەبنەوە، توێژەر (میتۆدی وەسفی) بەکارهێناوە، هەروەها روماڵی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە بۆ لێکدانەوەو شیکاری زانیارییەکانی تایبەت بە فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن لەژێر ڕۆشنایی پرسیارو ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا. کۆمەڵگای توێژینەوەکە ئەو فەرمانبەرانەی گرتووەتەوە کە لە دەزگا مەدەنی و فەرمییەکاندا کاردەکەن و پەیوەستن بە بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پیشەیی لە سعودیە، هەروەها ئەو بەندکراوانەی گرتووەتەوە کە لەسەر کەیسەکانی گەندەڵی سزا دراون، لەکۆتایدا ژمارەی فەرمانبەرانی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا (٩٠٧) کەس بوون، ژمارەی زیندانیانی کەیسەکانی گەندەڵی (١٧٠) کەس بوون. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١- لەدیدی فەرمانبەرانەوە گەندەڵی پیشەیی بەرهەمی کۆمەڵێك هۆکارە لەوانە هۆکارە ئابورییەکان بەپلەی یەکەم، دوابەدوای ئەمە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، سیاسییەکان، هۆکارەکانی ڕێکخستن.

٢- جێبەجێنەکردنی سیستەمی لێپرسینەوە بەشێوەیەکی ورد بەسەر هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، لاوازی هەستی ئاینی، کەمتەرخەمی راگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی خەڵك سەبارەت بە زیان و جۆرەکانی گەندەڵی پیشەیی، لاوازیی دەزگای چاودێری ناوخۆ لە وەزارەت و دامەزراوەو کۆمپانیاکان..تد.

٣- بەبڕوای بەندکراوان کاریگەرترین هۆکار بۆ دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی بریتییە لە بەرزیی ئاستی گوزەران، چڵێسی، خراپی موچەو کەمی داهات، نەبوونی دادپەروەری، نەبوونی سەرکردەی باش.

٤- بەندکراوان پێیانوابووە هیچ ڕێگرییەك لەبەردەم فەرمانبەراندا نییە تا ڕێگەیان لێ بگرێت گەندەڵی نەکەن ئەویش بەهۆی لاوازی دامەزراوەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی پیشەیی، لاوازی دەزگای چاودێری ناوخۆیی، بوونی تۆڕی ڕێکخراو بۆ گەندەڵی پیشەیی، نەبوونی لێپرسینەوەی کارگێری.

## ٢- توێژینەوەی عبدالله أحمد المصراتي(٢٠١١): الفساد الاداري.. نحو نظرية في علم اجتماع الجريمة والانحراف الاجتماعي.

ئەم توێژینەوەیە لە لیبیا ئەنجامدراوە لە سنوری شاری المرج، ئامانجی توێژینەوەکە ئاشکراکردنی گرنگترین شێوەو جۆرەکانی گەندەڵی پیشەییە کە زیاتر باو وبڵاون لەناو کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا پاشان زانینی گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابورییە بەشدارەکان لە بڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵیدا لەڕوانگەی لێتوێژراوانەوە، هەروەها خەمڵاندنی قەبارەی بڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی لەناو کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە بەو ئامانجەی بتوانێت وەسفێکی گشتگیر بۆ بابەتی توێژینەوەکە ئەنجام بدات، هەروەها سەرجەم کەرتە ئیدارییەکانی ئەو شارەی بۆ توێژینەوەکەی وەرگرتووەو نموونەکە هەڕەمەکی ڕێژەیی بووەو لە (٣١٥) فەرمانبەر پێکهاتووە لە تەواوی ئەو فەرمانبەرانەی لە کەرتی گشتیدا لە سەرجەم یەکە ئیدارییەکانی ئەو شارەدا کاردەکەن بە هەردوو ڕەگەزەوە بەبێ هەریەك لە خانەنشینەکان، بەتەمەنەکان، کرێکاران و فەرمانبەرانی بیانی. بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان (پێوەری لێکەرت)ی بەکارهێناوە، گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١- فەرمانبەران بڕوایان وایە بەڕێوەبەرەکان لاوازن لە بەڕێوەبردنی ئەو دامەزراوانەی کاری تێدا دەکەن و چەندین تایبەتمەندی نەرێنی و خراپ دەخەنە پاڵیان.

٢- هەستکردنی فەرمانبەران بە بێبەشبوون و نەبوونی دادپەروەری و زەوتکردنی مافەکانیان.

٣- فەرمانبەران پێیانوایە گەندەڵی بەپێی ڕۆڵ و پێگە پیشەییەکان جیایەو ئاستەکەی جیاوازە، بەجۆرێك ئەو فەرمانبەرانەی لەبەشی سەرەوەی سێگۆشەی دەسەڵاتدان زیاتر گەندەڵی دەکەن، بەڵام ئەو ڕۆڵ و پێگە پیشەییانەی کەمترین گەندەڵی تێدا دەکرێ بریتین لە ئەندازیاران، یاساناسان، مامۆستایانی زانکۆ، فەرمانبەرانی پرسگەکان.

**٣- توێژینەوەی یوسف عبد عطیة بحر(٢٠١١): الفساد الاداري- المسببات والعلاج دراسة تطبيقية على المستشفيات الكبرى في قطاع غزة.**

ئەم توێژینەوەیە لە فەلەستین ئەنجامدراوە، ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لە زانینی مەودای بەشداریی هۆکارە ئابوری و سیاسی و یاسایی و پەروەردەییەکان لە بوونی گەندەڵی پیشەیی لەناو نەخۆشخانەکان لە کەرتی غەزە هەروەها جەختکردنە سەر شێوازەکانی چارەسەری پێویست بۆ زاڵبوون بەسەر گەندەڵی پیشەییدا. توێژەر میتۆدی وەسفی شیکاری بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە لەو فەرمانبەرانە پێکهاتووە کە لە نەخۆشخانە حکومییەکاندا کاردەکەن لە کەرتی غەزە کە ژمارەیان (٣٥٦٩) فەرمانبەرە، نموونەی توێژینەوەکە هەڕەمەکییەو ڕێژەی ٦% لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە وەرگیراوە واتە (١٥٠)کەس، لەگەڵ ئەمەشدا توێژینەوەکە لەلایەنی مەیدانیدا پشتی بەستووە بە (فۆرمی ڕاپرسی) و بەکارهێنانی بەرنامەی spss بۆ شیکاری زانیارییەکان.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١- خراپی بارودۆخی ئابوری وڵات هۆکارێکە لە هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی و لەناویاندا کەمی موچە، نزمی داهات، بەرزیی نرخەکان. هەموو ئەمانە وایان لە فەرمانبەران کردووە بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکانی ژیانی رۆژانە پەنا بۆ ڕێگەی نایاسایی ببەن.

٢- خراپی دۆخی سیاسی و ئەمنی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی هەبوونی گەندەڵی پیشەیی.

٣- نارِوونی یاساو سیستەمەکان هۆکارێکی ترن بۆ گەندەڵی پیشەیی چونکە یاساو سیستەمەکان یارییان پێ دەکرێت و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردەهێنرێن.

٤- پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی خێزان و ژینگەی کۆمەڵایەتی خراپ یارمەتیدەرە بۆ بوونی گەندەڵی پیشەیی.

**٤- توێژینەوەی أحمد عبدالرحمن الشميري و مصطفى محمود أبوبكر(٢٠١٣): الفساد الإداري ظواهره وسبل علاجه.**

ئەم توێژینەوەیە لە سعودیە ئەنجامدراوە، توێژەران کۆمەڵێك ئامانجیان لە توێژینەوەکەیاندا هەبووە لەوانە: خستنەڕوویەکی تیۆریی لەسەر گەندەڵی پیشەیی، پێناسەی گەندەڵی پیشەیی و دیاریکردنی بوارەکانی لە کۆمەڵگای سعودیدا، دیاریکردن و وەسفکردنی سەرچاوەکانی گەندەڵی پیشەیی و هۆکارەکانی دەرکەوتن و گەشەکردنی، دواتر دانانی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پیشەیی. توێژەران بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە میتۆدی

وەسفییان بەکارهێناوە، هەروەها شەش (٦) شاریان وەکو نموونەی توێژینەوە وەرگرتووە لە ناوچە جیاوازەکانی وڵاتدا، نموونەکەیان بەشێوەیەکی (هەڕەمەکی) وەرگرتووە کە پێکهاتووە لە (١٢٠٠)کەس لەنێو دانیشتوانی ئەو شەش شارەی کە دەستنیشان کراوە. بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر توێژینەوەکە (پێوەری لیکەرت)یان بەکارهێناوە، گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١- گەندەڵی پیشەیی کاریگەری نەرێنی هەیە لەسەر لایەنی ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری.

٢- قوڵی گەندەڵی پیشەیی و فراوانی بازنەکەی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ ژێرخانی کۆمەڵگاو بنەماکانی سەقامگیری و پەرەپێدان.

٣- گەندەڵی پیشەیی لەدۆخی گەشەکردنیدا تەنها لە چوارچێوەی ناوخۆیی کۆمەڵگادا نامێنێتەوە بەڵکو زۆرجار فراوان دەبێت و چوارچێوەیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەخۆیەوە دەبینێ.

## ٥- توێژینەوەی ليا زيد وهيبة(٢٠١٣): أثر الحوافز على الرضا الوظيفي للعاملين في المؤسسة- دراسة حالة المجمع الصناعي لإنتاج الألبان- تلمسان.

ئەم توێژینەوەیە لە جەزائیر ئەنجامدراوە لە کۆمەڵگای پیشەسازی بەرهەمهێنانی ماست لەشاری تلمسان کە دامەزراوەیەکی ئابوری گشتییە، کێشەی توێژینەوەکە لەو گرنگییەوە سەرچاوەی گرتووە کە پاداشت لەسەر قایلبوونی پیشەیی هەیەتی لای کرێکارو فەرمانبەر، بۆیە ڕونکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەم دوو گۆڕاوە بابەتی سەرەکی کێشەی توێژینەوەکە بووە. توێژەر ئامانجی ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان پاداشت و قایلبوونی پیشەیی بووە، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە (میتۆدی وەسفی شیکاری) بەکارهێناوە ئەویش بە بەکارهێنانی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بەشێوەی نموونە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە ئەو کرێکارو فەرمانبەرانە بوون کە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی ناوبراودا کاردەکەن، نموونەکە هەڕەمەکی چینایەتی بووەو لە (١٦٨)کەس پێکهاتووە بۆ ئەوەی وێنەی کۆمەڵگای توێژینەوەکە نیشان بدات لە هەریەك لە ئاستە ئیدارییە پلە باڵاکان، کارگێڕییەکان، تەکنیکییەکان و جێبەجێکاران. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە لەم خاڵانەدا دەخرێتەڕوو:

١- پاداشت کاریگەری هەیە لەسەر قایلبوونی پیشەیی لای کرێکارانی کۆمەڵگا پیشەسازییەکە،و پەیوەندییەکی ئاماریی ئەرێنی هەیە لەنێوان پاداشت و قایلبوونی پیشەیی لای کرێکار.

٢- هیچ جیاوازییەکی ئاماریی نییە سەبارەت بە کاریگەری پاداشت لەسەر قایلبوونی پیشەیی بەپێی گۆڕاوە تاکەکەسییەکانی وەك (ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ژمارەی منداڵان، ئاستی خوێندەواری، موچە، ژمارەی ساڵانی خزمەت، سروشتی کار، سروشتی پیشە).
٣- جیاوازی ئاماریی لە پاداشتدا هەیە ئەویش بەپێی گۆڕاوی سروشتی پیشە.

## ٦- توێژینەوەی برياح محمد الأمين و موساوي يحيى(٢٠١٥): تأثير الرضى الوظيفي على أداء الموارد البشرية(دراسة حالة المؤسسة العمومية الإستشفائية بمغنية).

ئەم توێژینەوە لە جەزائیر ئەنجامدراوە، توێژەران چەند ئامانجێکیان هەبووە لەوانە تێگەیشتنی بابەتی قایلبوونی پیشەیی و کارامەیی پیشەیی و زانینی هۆکارە کاریگەرە جیاوازەکان، هەروەها هەوڵدان بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان قایلبوونی پیشەیی و کارامەیی تاکەکان، دەرخستنی گرنگی قایلبوونی پیشەیی و مەودای بەشداریکردن لە باشکردن و بەرزکردنەوەی کارامەیی دەرامەتی مرۆیی لە دامەزراوەکاندا. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەران (میتۆدی وەسفی و شیکارییان) بەکارهێناوە. کۆمەڵگای توێژینەوەکە لەو فەرمانبەرانە پێکهاتووە کە لە دامەزراوەی گشتی تەندروستی (شعبان حمدون) کاردەکەن لەشاری (مغنية) کە ژمارەیان (٥٣٩) فەرمانبەرە، هەروەها نموونەیەکی هەڕەمەکییان هەڵبژاردووە بۆ توێژینەوەکەو لە (٢٠٠) فەرمانبەر پێکهاتووە، بۆ پێوانی وەڵامی لێتوێژراوان (پێوەری لیکەرت)یان بەکارهێناوەو بەرنامەی شیکاری ئاماریی spss بۆ شیکاری زانیارییەکانی پێوەرەکە بەکارهاتووە، لەکۆتایدا گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١- پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لەنێوان قایلبوونی پیشەیی و کارامەیی پیشەییدا.
٢- پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لەنێوان موچە و پاداشت لەگەڵ کارامەیی پیشەییدا.
٣- پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لەنێوان بەرزکردنەوەی پلەی پیشەیی لەگەڵ کارامەیی پیشەییدا.
٤- پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لەنێوان سەقامگیری پیشەیی لەگەڵ کارامەیی پیشەییدا.
٥- پەیوەندییەکی راستەوانە هەیە لەنێوان بارودۆخ و ژینگەی کار لەگەڵ کارامەیی پیشەییدا.

**٧- توێژینـەوەی ایهـاب أحمـد عویضـة(٢٠٠٨): أثـر الرضـا الـوظیفي علـى الـولاء التنظیمي لدى العاملین في المنظمات الاهلیة محافظات غزة.**

ئـەم توێژینـەوەیـە لـە فەلەسـتین لـە شـاری غـەزە لەسـەر ڕێکخـراوە ئەهلییـەکان ئەنجامـدراوە، ئامـانجی توێژینەوەکـە دیـاریکردنی کاریگـەری پەیوەنـدی نێـوان قـایلبوونی پیشـەیی و دڵسـۆزی ڕێکخراوەییە هـەروەها هەوڵدانـە بـۆ پێشکەشـکردنی کۆمـەڵێك ڕاسپاردە بـۆ پەرەپێدان و باشـکردنی دڵسۆزی لەلای فەرمانبەران لە ڕێکخراوە ئەهلییەکانداو،شیکارکردن و هەڵسـەنگاندن و دیاریکردنی ئاسـتی دڵسـۆزی ڕێکخراوەیـی لـەلای فەرمانبـەرانی ڕێکخـراوە ئەهلییـەکان، دواتـر زانینـی ئـەو گیروگرفت و هۆکارانەی دەبنە کۆسپ لەبەردەم بوونی دڵسۆزیی ڕێکخراوەیی لای فەرمانبەران.

تـوێژەر (میتـۆدی وەسـفیی شـیکاریی) بـەکارهێناوە بـۆ ئەنجامـدانی توێژینەوەکـە لەبەرئـەوەی گونجاوە لەگەڵ بابەتی توێژینەوەکەدا، کۆمـەڵگای توێژینەوەکـە پێکهاتووە لـە سـەرجەم فەرمانبـەرانی ڕێکخراوە ئەهلییەکان لە کەرتی غەزە، نموونەکە هەڕەمەکییەو لە (٨٠) ڕێکخراوی ئەهلی پێکهاتووە بە نزیکەی(٦%) لە کۆی هەر پارێزگایەك لە پێنج پارێزگاکەی غەزە، دواتر نموونەیەکی چینایـەتی لـە کۆمـەڵگای توێژینەوەکـە وەرگیرتـووە کـە پێکهـاتووە لـە (٣٦٠) فەرمانبـەر لەهـەردوو ڕەگـەز، توێژەر(پێوەری لیکەرت)ی بەکارهێناوە لەگەڵ بەرنامەی spss بۆ شیکاری زانیارییەکان.
گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- پەیوەندییـەکی ئـەرێنی هەیـە لـەنێوان هۆکارەکـانی قـایلبوونی پیشـەیی بـە کـاری ڕێکخراوەیـی و هۆکارە کاریگەرەکان لە دڵسۆزی ڕێکخراوەیی بۆ فەرمانبەران.

٢-قایلبوون بە پیشە لەلای فەرمانبەران ئەرێنیە.

٣-قایلبوون بە موچەو پاداشت لەلای فەرمانبەران ئەرێنیە.

٤- قایلبوونی پیشەیی سەبارەت بە هەلی گەشەکردن و پێگەیشتن ئەرێنیە.

٥-قایلبوونی پیشەیی لەسەر شێوازی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردن ئەرێنیە.

٦- قایلبوونی پیشەیی لەسەر گروپی کارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئەرێنیە.

## چوارەم: توێژینەوە بیانییەکان

### ١- توێژینەوەی:

**Parvaneh Mousavi & Masoud Pourkiani(2013):**
**Administrative Corruption: Ways of talking about the Problem.**

**گەندەڵی ئیداری: ڕێگاکانی قسەکردن لەسەر ئەم گرفتە**

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی تیۆرییە، ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ زانینی هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی و ڕێگەچارەی پێویست بۆ ئەم گرفتە، هۆکارەکانیش خۆیان دەبیننەوە لە هۆکارە ئابوورییەکان، سیاسییەکان، کارگێڕییەکان، کۆمەڵایەتییەکان. بۆ ئەم مەبەستە توێژەران (میتۆدی وەسفی)یان بەکارهێناوە. کلیلی وشەکان بریتین لە: گەندەڵی پیشەیی، دەرامەتە مرۆییەکان، دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەڕێوەبردن، هۆکارەکان، بریگرتە. توێژەران ئاماژەیان بۆ هەندێ هۆکار کردووە لە دروستبوونی گەندەڵی پیشەییدا وەك: کەلێنی نێوان چینەکان، دابەشکردنی سامان، داهات، باجەکان، هەڵاوسان، حکومەت و هێزی دارایی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی فەرمانبەران. سەرجەم ئەمانە دەبنە هۆی دروستبوونی چینی کۆمەڵایەتی جیاواز و دواتر دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە ئەمانەن:

١- گەندەڵی پیشەیی زیان لە بودجەی دەوڵەت دەدات و بەهۆیەوە دەرامەتی ماددیی زۆر بەفیڕۆ دەدرێت.

٢- گەندەڵی پیشەیی کارامەیی سیستەمی کارگێڕی لاواز دەکات.

٣- گەندەڵی پیشەیی دەرامەتە مرۆییەکان بەفیڕۆدەدات.

٤- بەهۆی بوونی گەندەڵی پیشەییەوە دامەزراندنی فەرمانبەران بەپێی یاسا ئەنجام نادرێت و هێزی کار سوودی لێ وەرناگیرێت.

٥- لاوازی سیستەمی سیاسی و بوونی نادادپەروەری یەکێکە لە هۆکارە دیارەکانی گەندەڵی پیشەیی.

٦- خراپی ئاستی بژێوی فەرمانبەران و هەڵاوسانی دارایی هۆکارە بۆ گەندەڵی پیشەیی.

**٢- توێژینەوەی:**

**Ananthalakshmi Mahadevan & Fadumo Ahmed Mohamed(2014):**

**Impact of Human Resource Management (HRM) practices on Employee performance (A case of telecom Malaysia).**

**کاریگـەری پیـادەکردنی بـەڕێوەبردنی دەرامەتـە مرۆییـەکان لەسـەر بـەڕێوەبردنی کارامەیی فەرمانبەران (توێژینەوەیەکی بارە لە کۆمپانیاکانی پەیوەندی لە مالیزیا).**

ئەم توێژینەوەیە لە مالیزیا ئەنجامدراوە لەهەردوو شاری (کوالالامپور و سیلانجور)، ئامانجی سەرەکی دیاریکردنی کاریگەری کارپێکردنی ڕێکخستنی دەرامەتە مرۆییەکانە لەسەر کارامەیی فەرمانبەر، بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری ئەم پەیوەندییە پشت بەستراوە بە (میتۆدی چەندێتی)، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لەهەردوو پارێزگای ناوبراو کە ژمارەی فەرمانبەرانیان (٢٦٦٢٩)کەسە، بەڵام توێژەران نموونەیەکیان لێ وەرگرتووە کە پێکهاتووە لە (١٠٢) فەرمانبەر لە فەرمانبەرانی Malaysia Telecom، کلیلە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان، مەشقکردن، قەرەبووکردنەوە، بەشداری فەرمانبەران. لە توێژینەوەکەدا (پێوەری لیکەرت) بەکارهێنراوە بەمەبەستی زانینی پەیوەندی نێوان کارپێکردنی دەرامەتە مرۆییەکان و کارامەیی فەرمانبەران زانیارییە کۆکراوەکانی ناو پێوەرەکە بە بەرنامەی شیکارکردنی ئاماریی spss شیکارکراوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتی بوون لەمانەی خوارەوە:

١- پەیوەندییەکی زۆر هەیە لەنێوان مەشقکردن و کارامەیی فەرمانبەردا.

٢- هەڵسەنگاندنی کارامەیی کاریگەرییەکی مامناوەندی هەیە لەسەر کارامەیی فەرمانبەر.

**٣- توێژینەوەی:**

**Samieh Darsareh & Mehrdad Bastanipour(2016):**

**“Fight against administrative corruption within governmental organizations from motto to practice”(case study:Ministry of Economic affairs and finance).**

**بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی ئیداری لەناو ڕێکخراوە حکومییەکان(توێژینەوەیەکی بارە لە وەزارەتی کاروباری ئابوری و دارایی).**

ئەم توێژینەوەیە لە ئێران ئەنجامدراوە، گرنگترین ئەو ئامانجانەی لەم توێژینەوەیەدا کاری لەسەر کراوە ئەمانەن: زانینی دۆخی فەرمانبەران لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵی پیشەییدا، زانینی پەیوەندی نێوان پەیبردن و هەستکردن و ڕەفتاری فەرمانبەران لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا، چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕێگاچارە کاریگەرەکان لەدژی گەندەڵی، ئەو چارەسەرانە کامانەن کە دەکرێ پێشکەش بکرێن بۆ قەدەغەکردن و دژایەتی گەندەڵی. بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە توێژەران (میتۆدی وەسفی)یان بەکارهێناوە ئەویش بە بەکارهێنانی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی بۆ کۆکردنەوەی زانیارییە پێویستەکان،و هەندێ چەمکیان بەکارهێناوە کە بە کلیلی توێژینەوەکە دادەنرێ لەوانە: گەندەڵی، گەندەڵی پیشەیی، پەیبردن بە گەندەڵی، هەستکردن بە گەندەڵی، ڕەفتاری گەندەڵی، ڕۆشنبیری ڕێکخستن، شوناسی نیشتیمانی. پاشبنەمای تیۆریی توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە تیۆری بیرۆکراسی و تیۆری ڕۆشنبیری ڕێکخستن. بەوپێیەی گەندەڵی پیشەیی بەهۆی ناڕێکی ڕەفتاری ڕێکخستن و لادان لە یاساو ڕێنماییەکانی کار دروست دەبێت بۆیە هەریەك لەو دوو تیۆرە شیکاری گەندەڵی پیشەیی دەکەن وەك سەرپێچی لە یاسای کارکردن.. جۆری نموونەکە هەڕەمەکی سادە بووەو لە (٢٠٠) فەرمانبەر پێکهاتووە ئەوانیش فەرمانبەرانی ڕێکخراوەکانی سەر بە وەزارەتی کاروباری ئابوری و دارایی بوون. لە توێژینەوەکەدا (پێوەری لیکەرت) بەکارهاتووە بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان، پاشان بەرنامەی شیکاری ئاماریی spss تێدا بەکارهێنراوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەمانەن بوون:

١- جیاوازی هەیە لە چۆنیەتی پیادەکردنی گەندەڵی پیشەیی لای فەرمانبەران.

٢- لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەفتاریدا جیاوازی هەیە لە هەڵوێست و هەستی فەرمانبەران لە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵیدا( Darsareh & Bastanipour,2016).

## باسی چوارەم

## تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

کۆمەڵێك توێژینەوە پێشکەشکران کە پەیوەندیدارن بە بابەتی توێژینەوەکەوە بۆیە لێرەدا گفتوگۆیان لەسەر دەکەین:

١- هەندێ لە توێژینەوەکانی پێشوو ئامانجیان زانینی پەیوەندی نێوان هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی و ئیدارییەکانە لەگەڵ گەندەڵی پیشەییدا وەك توێژینەوەی (سعید،٢٠٠٩)و توێژینەوەی (المصراتي،٢٠١١)و توێژینەوەی (الشميمري و أبوبكر،٢٠١٣)و توێژینەوەی (بحر،٢٠١١)و توێژینەوەی (آل الشيخ،٢٠٠٧)و توێژینەوەی (الشكري و الشمري،٢٠١٣)و توێژینەوەی (Pourkiani & Mousavi،٢٠١٣).

٢- هەندێ لە توێژینەوەکانی پێشوو ئاماژەیان بۆ ڕۆڵی بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان کردووە لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنی ڕێکخراوەیی و دوورخستنەوەی گەندەڵی پیشەییدا وەك توێژینەوەی (البغدادي و الموسوي،٢٠١٥)و توێژینەوەی (Mohamed & Mahadevan,2014).

٣- قەبارەی نموونەی توێژینەوە بەکارهاتووەکان لە توێژینەوەکانی پێشوودا جیاوازە، هەروەك لە توێژینەوەی (الموسوي،٢٠١٥) دەرکەوتووە (٦٠) کەس وەرگیراوە، هەروەها لە توێژینەوەی (الشميمري،أبوبكر،٢٠١٣) (١٢٠٠) کەس وەرگیراوە. هەروەها توێژینەوەکانی پێشوو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگایان وەرگرتووە بۆ نموونە توێژینەوەی (وهيبة،٢٠١٣) ئاستە ئیدارییە جیاوازەکانی وەرگرتووە لە کۆمەڵگای پیشەسازی بەرهەمهێنانی ماست کە پێکهاتوون لە پلە ئیدارییە باڵاکان، کارگێڕییەکان، تەکنیکییەکان و جێبەجێکاران. توێژینەوەی (سعید،٢٠٠٩) چەند جۆرێك لە پێکهاتەکانی کۆمەڵگای وەرگرتووە وەك فەرمانبەران لە دەزگا حکومییەکان، کاسبکاران، کارمەند و هەڵسوڕاوانی بڕیاردەر لە کۆمپانیاو کەرتی تایبەت، کارمەند و هەڵسوڕاوی ڕێکخراوی نا حکومی، کارمەندی حیزب، بێکار، هەروەها ژمارەیەك لە پارێزەر و ڕۆژنامەنوس. توێژینەوەی (عمر،٢٠٠٧) کارمەندانی دەزگا فەرمییەکانی وەرگرتووە لەهەریەك لە وەزارەتەکانی: پەروەردە، تەندروستی، ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، کاروباری پێشمەرگە، گەیاندن، کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، پیشەسازی. توێژینەوەی (محمود و ئەوانیتر،٢٠١٨) فەرمانبەرانی دیوانی چاودێرییان لە هەولێر وەرگرتووە. توێژینەوەی (المصراتي،٢٠١١) فەرمانبەرانی سەرجەم یەکە ئیدارییەکانی شاری(المرج) وەرگرتووە. توێژینەوەی (بحر،٢٠١١) فەرمانبەرانی نەخۆشخانە حکومییەکانی کەرتی غەزەی لە فەلەستین وەرگرتووە. توێژینەوەی (وتوت،السادة،٢٠١٢) ئەو بەڵێندەرانەی وەرگرتووە کە لە کەرتی بەڵێندەرایەتیدا کاردەکەن. توێژینەوەی (تايه،٢٠٠٨) دەرچووە دانەمەزراوەکانی وەرگرتووە،و توێژینەوەی (Darsareh,Bastanipour,2016) فەرمانبەرانی

وەزارەتـــــی ئـــــابوری و دارایـــــی لــــــە ئێـــــران وەرگرتـــــووە، توێژینـــــەوەی (Mohamed،Mahadevan،٢٠١٤) فەرمانبـەرانی کۆمپانیـایMalaysiaTelecom وەرگرتـووە لەهـەردوو شـاری کوالالامپـور و سـیلانجور، توێژینـەوەی (الأمـین و یحیـی،٢٠١٥) فەرمانبـەرانی دامـەزراوەی گشـتی تەندروسـتییان وەرگرتـووە، توێژینـەوەی (عویضـة،٢٠٠٨) فەرمانبـەرانی ڕێکخراوە ئەهلییەکانی وەرگرتووە.

٤-توێژینـەوەکانی پێشـوو جیـاوازبوون لـە بـەکارهێنانی فـۆرمی راپرسـیدا، بـەجۆرێ هەنـدێکیان پرسیارنامەیان بەکارهێناوە و هەندێکی دیکەشیان پێوەریان بەکارهێناوە . تەنها دوان لە توێژینـەوەکان تیۆری بوون و هیچکام لەو ئامرازانەیان بەکارنەهێناوە.

لە توێژینەوەکانی پێشوودا توێژەر بۆ داڕشتنی پێوەری گەندەڵی پیشـەیی بەگشتی سوودی لـە توێژینـەوەکان وەرنـەگرتووە بۆیـە پێوەرێکی تایبـەت دروستکراوەو سوود لـە کۆمـەڵێك سـەرچاوەی یاسـایی وەرگیـراوە لەوانـە: یاسـای بـەرزەفتکردنی فەرمانبـەرانی دەوڵـەت و کـەرتی گشـتی ژمـارە (١٤)ی سـاڵی (١٩٩١)ی هـەموارکراو (عەبـدول،٢٠١٥)، شـرۆڤەی حوکمـەکانی یاسـای ڕاژەی شارسـتانی ژمـارە (٢٤)ی سـاڵی (١٩٦٠)ی هـەموارکراو (عەبـدول،٢٠١٧). کتێبـی شایسـتەو ئەرکـەکانی فەرمانبـەر لەیەکـەمین ڕۆژی دامەزرانـدنی تـاکو خانەنشـینکردنی (کاکەشـین،٢٠١٥)، ڕێبـەری کـارگێڕی بەڕێوەبەرایـەتی گشـتی پـەروەردەی سـلێمانی بـۆ سـاڵی (٢٠١٨) (سـعید و حمە،٢٠١٨). بەڵام سەبارەت بە پێوەری دەرامەتە مرۆییەکان لەناو توێژینەوەکانی پێشوودا سوود لـە دوو توێژینـــەوە وەرگیـــراوە ئـــەوانیش: (الأمـــین و یحـــي،٢٠١٥)و هـــەروەها توێژینـــەوەی (عویضة،٢٠٠٨).

٥- توێژینـەوەکانی پێشـوو ئـەو ئـامرازە ئامارییانـەیان بـەکارهێناوە کـە گونجـاوە لەگـەڵ ئامـانج و سروشـتی ئـەو زانیارییانـەی بەدەسـتیان هێنـاوە، بۆیـە لـە توێژینەوەکـەدا هەوڵـدەدەین زۆربـەی ئـەو ئامرازە ئامارییانە بەکاربهێنین کە ئامانجەکانی توێژینەوەکەو سروشتی زانیارییەکان داوای دەکەن.

٦- ئەو ئەنجامانـەی توێژینـەوەکانی پێشـوو پێشکەشـیان کـردووە دەکرێ سـوودیان لـێ وەربگرین بـۆ بەراوردکردن و شیکردنەوەی ئەم توێژینەوەیەی ئێستامان.

# بەشی سێیەم

# ڕوكار و جۆرو هۆكارەكانی گەندەڵی پیشەیی

# ڕوکارو جۆرو هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی

**دەسپێك:**

گەندەڵی لە گرنگترین هۆکارەکانی دواکەوتنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابورییە بەتایبەتی و سەرجەم لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتییە بەگشتی، هۆکارێکە بۆ لادانی ئاکاریی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا، هەروەها لاوازبوونی متمانە لەنێوان تاکەکان و لێپرسراوان ،و دروستبوونی لەمپەر لەبەردەم ڕەخساندنی هەلی یەکسان و دادپەروەرانە لە کۆمەڵگادا.

لەئاستی جیهانیدا هەست بە مەترسی گەندەڵی دەکرێت و بووەتە دیاردەیەکی ناسراو و ئەو بڕوایەی دروستکردووە کە پێویستییەکی سەرەکی هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی، هەربۆیە وەك کارێکی پێویست هاریکاری نێودەوڵەتی لەپێناو قەدەغەکردن و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیدا دروستبووە.

ئاشکرایە ڕوکارەکانی گەندەڵی پیشەیی زۆرو هەمەجۆرن، بەڵام هەندێکیان بەپێی سروشتی کۆمەڵگاکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییان زیاتر دەردەکەون. کۆمەڵگای مرۆیی بەوپێیەی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هەیە بۆیە گەندەڵی جۆراوجۆریش هەیەو زانایان پۆلێنکارییان بۆ کردووە (محمد،٢٠١٦:١).

شایانی باسە گەندەڵی پیشەیی کە دێتە ناو جەستەی کارگێڕی حکومەتەوە وەك نەخۆشی شێرپەنجەیە کاتێك دەچێتە ناو جەستەیەکی زیندوو و خانەکانی تێکدەدات، بەهەمان شێوە گەندەڵی پیشەیی دەزگای حکومی تێکدەداو تواناکانی و سیستمی بەرگری لاوازدەکات، تا لەدواجاردا تووشی نەخۆشی درێژخایەنی کارگێڕی دەکات (البلداوي،٢٠١٢:٢)، بەم هۆیەوە دەرامەتە مرۆییەکان بەفیڕۆدەڕوات چونکە ناتوانرێت کەڵك لە شارەزایی و لێهاتوویی تاکەکان وەربگیرێت و بەهرەی تاکەکان دەربکەوێت و جیاوازییان بزانرێت چونکە هەبوونی گەندەڵی سیستمی کارگێڕی توشی کێشە دەکات و ناتوانرێت سوود لە سەرمایەی مرۆیی وەربگیرێت.

لەم باسەی پێشەوە دەگەینە ئەوەی گەندەڵی پیشەیی لەو دیاردە کۆمەڵایەتییە مەترسیدارانەیە کە ڕووبەڕووی وڵاتان دەبێتەوە بەتایبەت وڵاتە دواکەوتووەکان کە جەستەی کۆمەڵگا وێران دەکات و پرۆسەی بنیات و پەرەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی تووشی ئیفلیج بوون دەکات چونکە زیانەکانی هەمەلایەنن و لێکەوتەیان بەقەبارەیەکی زۆر دەبێت.

**یەکەم/ ڕوکارەکانی گەندەڵی پیشەیی:**

**گرنگترین ڕوکارەکانی گەندەڵی پیشەیی بریتین لەمانەی خوارەوە:**

## ١- بەرتیل (الرشوة - Bribery):

بریتییە لە پێشکەشکردنی سەروەت و سامان یان شتێکی بەنرخ بە کەسێك لەپێناو قایلکردنی بە ئەنجامدانی کارێك لەپێناو بەرژەوەندییەکی تایبەتیدا(Akhigbe,2011:43). دیارترین و فراوانترین ڕوکاری گەندەڵی پیشەییە لە بڵاوبوونەوەدا،و بەرچاوترە بەراوورد بە جۆرە جیاوازەکانی تری گەندەڵی پیشەیی. سەرەڕای ئەوەی بەرتیل ڕەفتارێکی لادەرە و یاساو دابونەریت و ئایینە ئاسمانییەکان ڕەتی دەکەنەوە کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە بەشێکی زۆری کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیەو پەیوەستە بە پیادە هەمەڕەنگە پیشەییەکانەوە.

بەرتیل بۆ ئەوەی جێبەجێ ببێت و دروست ببێت پێویستە دوو لایەن هەبن ئەوانیش بەرتیلدەرو بەرتیل وەرگرن، لایەنی یەکەم ئەو کەسەیە بەرتیلەکە دەدات بەمەبەستی بەڕێکردنی هەر مامەڵەیەك یان دەسکەوتێکی تایبەتی دوور لە یاساو ڕێساکانی دەوڵەت هەروەها لایەنی دووەم ئەو کەسەیە بەشێوەیەکی ئاسایی کاروباری هاوڵاتی جێبەجێ ناکات لەبەرامبەردا بەرتیل وەردەگرێت و پیشەکەی بۆ کاری تایبەتی بەکاردەهێنێت (القاضي،٢٠٠٧: ١٤).

ئامانج لە بەرتیل، بەڕێکردنی کارەکانە بە پێچەوانەی یاساکان و هەندێك لێکدانەوەی بۆ کراوە، گروپێك ناوی دەنێن یارمەتی و هەندێکیتر پێیدەڵێن دیاری، بەڵام هەمووی بەواتای بەرتیل دێت ئەگەرچی ناوەکانیان جیاوازن (زهرة،٢٠١٢: ٣٤).

کەواتە بەرتیل دیاردەیەکە پێچەوانەیە لەگەڵ یاساو ئادابی گشتی و ئاینیدا چونکە پێشێلی مافی گشتی تێدادەکرێت و هەردوو لایەنی پێشکەشکارو وەرگر تاوانبارن و دەچنە خانەی گەندەڵییەوە لەبەرئەوەی یاساشکێنی ئەنجامدەدەن،و بەم هۆیەوە دەرامەتی مرۆیی بەفیڕۆ دەڕوات چونکە لەلایەك فەرمانبەر لەجیاتی ئەوەی لەچوارچێوەی یاسادا ئەرکەکانی سەرشانی بەبێ لایەنگیری ئەنجامبدات بەپێچەوانەوە بۆ خۆدەوڵەمەندکردن پەنا بۆ ڕێگای نایاسایی دەبات، بەم هۆیەوە بێلایەنی لەدەستدەدات،و تواناکانی خۆی لە خزمەتکردنی پیشەکەیدا بەکارناهێنێت،و بەفیڕۆی دەدات، لەلایەکی ترەوە بەهۆی بەرتیل وەرگرتنەوە کەسی بەرتیلدەر پێگەیەك یان مامەڵەیەك یان هەر سوودێکی تر بەدەست دەهێنێت کە دیسان بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆییە چونکە کەسانێکی شایستەو خاوەن بڕوانامە بێبەش دەبن بەهۆی کەسانێکەوە کە شایستەو کارامەنین لە هیچ بوارێك لە بوارەکانی کاری پیشەییدا.

## ٢- واستەكردن و خزمخزمێنە (Mediation and Nepotism):

واستەكردن لەو دیاردە كۆمەڵایەتییە گشتییانەیە كە لە زۆربەی كۆمەڵگاكاندا بڵاوە بەڵام لە كۆمەڵگایەكەوە بۆ یەكێكیتر جیاوازە. كۆمەڵگا دواكەوتووەكان زیاتر بە واستەكردن كاریگەرن و پیادەی دەكەن بەراوورد بە كۆمەڵگا پێشكەوتووەكان، ئەوەش بەهۆی ژینگەی شارستانی و كۆمەڵایەتی خۆیانەوە پەیدادەبێت،و سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ باڵادەستی و بەردەوامیی پەیوەندییە سەرەتاییە سوننەتییەكان،و ئەو بەهاو پێوەرە كەلتورییانەی پەیوەندییان پێیەوە هەیە (الشمري،٢٠١١:٥٣).

ئەم دیاردەیە ئامرازێكە تاكەكەس بۆ گەیشتن بە كەسێك بەكاری دەهێنێت كە دەسەڵاتی بڕیاردانی هەبێت بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەك یان زیاتر، ئەمە لە دەرەوەی كەناڵ و یاسا ڕێكخراوەییە فەرمییەكانەو هەندێجار پێیدەگوترێت تكاكردن یان سۆزی چاكەكردن كە زیانێكی زۆر لە دەرامەتە مرۆییەكان دەدات چونكە پێشێلی مافی تاكەكانی كۆمەڵگا دەكات و دادپەروەری كۆمەڵایەتی تێكدەدا، بۆ نموونە دامەزراندن لەڕێگەی واستەو خزمخزێنەوە بۆ هەندێكەس و بێبەشكردنی هەندێكیتر لەو مافە نیشانەی بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆییە لەبەرئەوەی بنەمای ناكەسیبوون و بێلایەنی تێدا ناپارێزێت و پەیوەندی تاكەكەسی بەسەریدا زاڵدەبێت.

خزمخزمێنە بەواتای جێبەجێكردنی هەر كارێك دێت كە لە بەرژەوەندی كەسێك یان لایەنێكدایە وەك كەسێك، پارتێك، خێزانێك یان ناوچەیەك، بەبێ ئەوەی شایانی ئەوەبن،و دواتر زۆر گیروگرفت بۆ حكومەت دروست دەكات،و وادەكات تاكەكان بەبێ ئەوەی مافی شایستەبوونیان لەو بابەتەدا هەبێت بەئاسانی لەڕێی واستەكردن و قۆستنەوەی پەیوەندی خزمایەتییەوە دەستیان دەكەوێت،و لەئاكامدا گەندەڵی لێ دەكەوێتەوە (بو معراف،٢٠١٧:١٣٥).

ئەم دیاردەیە لە قۆستنەوەی دەسەڵات یان هەژموونەدا دەردەكەوێت بۆ بەرژەوەندی كەسانی نزیك یان لایەنگیری بۆ تاكەكەسێك یان گروپێك بەجۆرێك دژ بێت لەگەڵ یاساو ڕێساكاندا كە بەهۆیەوە كاریگەری ئابوری و كۆمەڵایەتی نەرێنی دروست دەكات وەك دابەشكردنی نایەكسان بۆ دەرامەتەكان و پڕكردنەوەی پیشەو پۆستەكان بە كەسانی نەشارەزا كە لە دواجاردا هەستكردن بە ستەم و ڕقی كۆمەڵایەتی دروست دەكات (الزبیدي،٢٠١٧:٣٣).

لەلایەكی ترەوە مەسەلەی خاترگرتن كە شێوەیەكی تایبەتە لە شێوەكانی خزمایەتی بەهۆیەوە جیاكاری ڕوودەدات ئەویش بە دانان و هەڵبژاردنی ئەندامانی خێزان یان خزمان لەسەر بنەمای نا بابەتی بۆ نموونە زۆرێك لە سەرۆكەكانی وڵاتە دواكەوتووەكان هەندێك لە ئەندامانی خێزانەكانیان یاخود كەسە نزیكەكانیان هەڵدەبژێرن بۆ وەرگرتنی پۆستی سیاسی و سەربازی و ئابوری بەبێ

ئەوەی بۆ ئەو کارە شیاوبن، ئەمە تەنها بۆ پاراستنی دەسەڵات و مسۆگەرکردنی هاوسۆزی ئەنجام دەدرێت(الوصال،٢٠٠٩:٣٢٧).

## ٣- دزی (الاختلاس – Embezzlement):

بریتییە لە دەستبەسەرداگرتنی شتێك و مامەڵەکردن پێوەی وەك ئەوەی دزەکە خاوەنی بێت، بەومانایەی لەژێردەستی خاوەنە ڕەسەنەکەی نامێنێت و دەکەوێتە ژێردەستی ئەو کەسەی بردویەتی (بکوش،٢٠١٣:٥٢).

دزی چەند پایەیەکی هەیە لەوانە: کردەیەکی ماددییە ئەویش داگیرکردنی سامانی گواستراوەیە بەنیازی خاوەندارێتی و بکەر پێویستە لە فەرمانبەرانی دەوڵەت یان حیزب بێت، ئەم کردەیە بەتاوان دادەنرێت لەبەرئەوەی سامانە گواستراوەکە لەژێردەستی دزەکەدایەو نیازی تاوانکاری تێدایە چونکە خواستی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەنی سامانە دزراوەکە (المرشدي،٢٠١٦:١).

ئەم کردەیە یاسا بە تاوان هەژماری دەکات لەکاتێکدا ئەگەر بەڵگە هەبێت بۆ سەلماندنی لەوانە: مەبەستی تاوانکاری گشتی لەلای بکەر هەبێت کە ئەمیش بە بەدیهاتنی توخمەکانی دزییەکە پێکدێت وەك بوونی زانیاری و ویست لەسەر ئەنجامدانی کردەوەکە، واتە ئەگەر بکەر بزانێت ئەو سامانە هی خەڵکانی ترن و بەهۆی پیشەکەیەوە دەستیکەوتووە، لەهەمانکاتدا ئاراستەی خواستەکەی ڕووەو ئەوەبێت کە سامانەکە بشارێتەوە یان بیدزێت، بەڵام مەبەستی تایبەتی لەوەدا دەردەکەوێت کە ویستی هەبێت بۆ هەڵسوکەوتکردن بەو سامانە وەك ئەوەی هی خۆی بێت (المعموري،٢٠١٨:١).

کەواتە دزی لەلایەك تاوانێکە بەرامبەر بە ماڵی گشتی و بەفیڕۆدانی سامانی گشتییە لەڕێگەی ئەرکی فەرمییەوە ئەنجام دەدرێت کە فەرمانبەر بەبێ هەستی لێپرسراوێتی هەڵسوکەوت لەگەڵ ماڵی گشتیدا دەکات و وەك ئەوەی هی خۆی بێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، لەلایەکیتر بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆییە چونکە ئەم کردەیە هۆکارێکە بۆ سەرقاڵبوونی فەرمانبەر بە کەلوپەلە ماددییەکانەوەو فەرامۆشکردنی ئەرکە پیشەییەکانی خۆی، چونکە لەم دۆخەدا فەرمانبەر هیچ دڵسۆزییەکی بۆ کارەکەی نییەو تەنها بیری لای دزینی ئەو کەلوپەلانەیە کە لە شوێنی کارەکەیدا لەژێر دەستیدایەو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاریان دەهێنێت.

## ٤- ساختەکردن (التزویر- Counterfeiting):

گۆڕینی ڕاستی ئەو زانیارییانەیە کە لە بەڵگەنامەیەکی فەرمیدا هەیەو بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاردەهێنرێت و دژە لەگەڵ یاسای سزادانداا (حنان،٢٠١٥:١٨٤). ساختەکردن شێوەیەکی بەرفراوان و بڵاوی هەیە کە زۆرجار ئیمزاو مۆرە فەرمییەکان ساختە دەکرێن لەڕێگەی چاپکردنی

بڕوانامەکانەوە ئەویش بە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای سەردەم و لەگەڵ ئەوەشدا هەستی لێپرسراوێتی تێدانییەو پشتگوێخستنی تەواوەتی و دروستکردنی کۆسپ بۆ کارکردن تێدایە (محمد،٢٠١٦:٢٠٣).

کۆمەڵێك مەرج هەیە بۆ بەتاوان دانانی هەر کردەیەکی ساختەکردن لەوانە: پێویستە ڕاستیی نوسراوەکە گۆڕابێت و ناوەرۆکەکەی دەستکاری کرابێت، هەروەها پێویستە مەبەستی تاوانکاری گشتی و تایبەتی تێدا بەرجەستەببێت، تاوانکاری گشتی واتە زانیاری و ویستی هەبێت لەسەری بەڵام تاوانکاری تایبەتی واتە دەبێت مەبەستێکی تایبەتی هەبێت و بۆ بەرژەوەندییەکی تایبەتی خۆی ساختەی کردبێت (اسماعيل،٢٠١٥:١).

لەم بەرەنجامەوە دەگەینە ئەوەی ساختە یەکێکە لە ڕوکارەکانی گەندەڵی پیشەیی و لەلایەن هەندێ لە فەرمانبەرانەوە ئەنجام دەدرێت،و دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان چونکە مەترسییەکی گەورە لەسەر ئاسایشی وڵات دروست دەکات،و لە بەهای بڕوانامەو نوسراوە فەرمییەکان کەم دەکاتەوە،و بکەری کارەکە بۆ خۆی یان بۆ کەسێکیتر ئەنجامی دەدات،و لەم ڕێگەیەوە مەبەستیەتی بەشێوەیەکی نایاسایی ئامانجەکانی بەدی بهێنێت،و مافی کەسانێکیتر زەوت بکات کە خاوەنی بڕوانامەو شارەزاین، بۆیە لە دۆخی ئەنجامدانی ئەم کردارەدا کەسانێکی ناشایستە لەسەر حسابی کەسانێکیتر پێگەو پۆست و بڕوانامەکان بەدەست دەهێنن کە ئەمە بەفیڕۆدانێکی گەورەیە بۆ دەرامەتە مرۆییەکان.

## ٥- فێڵکردن و دەستبرین (الغش والتدليس- Cheating and Fraud):

ئەمانە لە ڕوکارە ڕەفتارییەکانی گەندەڵی پیشەیین و لەلایەن بەڕێوەبەران و فەرمانبەرانەوە ئەنجام دەدرێن ئەویش لەناو ڕێکخراوەکانی کار یاخود دامەزراوە حکومییەکاندا بەچەندین جۆری جیاواز، هەردووکیان مامەڵە بازرگانی و ئابورییەکان یان مامەڵە مەدەنی و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان و چەندینی تریش دەگرنەوە،و پیادەکردنی ئەم جۆرە گەندەڵییە ئامانجی بەدەستهێنانی مەبەست و سوودی تایبەتە بە ناهەق، یاخود ئەو مامەڵە نایاساییانە جێبەجێ دەکرێن کە مەرجە یاساییەکانیان تێدانییە (الوشلي،٢٠٠٨:١٥).

لەڕێگەی جێبەجێکردنی ئەو مامەڵانەی کە مەرجە یاساییەکانی تێدانییە بەڵام تێدەپەڕێنرێت و سەروەری یاسا ڕەچاو ناکرێت، یاخود فەرمانبەرێك یان بەڕێوەبەرێك لەپێناو سوودی خۆی یان کەسێکی نزیکی خۆی فێڵ لە دەسەڵاتی کارگێری دەکات،و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی یاساشکێنی دەکات کە سەرەنجام دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان، کەواتە ئەنجامدانی ئەم کارە زیان لە دەرامەتی مرۆیی دەدات چونکە نایەکسانی لە جێبەجێکردنی مامەڵەکاندا دەکرێت و مامەڵەیەك بە نایاسایی بەڕێ دەکرێت، بەڵام یەکێکیتر تەنانەت ئەگەر یاساییش بێت ناکرێت بە نموونە وەرگرتنی

کەسێکی نەشارەزاو لێنەهاتوو لە پێگەیەکی پیشەییدا،و لەهەمانکاتدا وەرنەگرتنی کەسێکی لێهاتوو شارەزا لەهەمان پیشەدا کە بەهۆی یاساشکێنییەوە مافی دەخورێت.

## ٦- بەخشین بە نارەوا (المنح والعطايا دون وجه حق-Grants without merit):

ئەمە بە گەندەڵییەکی پیشەیی وێرانکەر دادەنرێت،و بەگشتی لەسایەی سیستمە ناشەرعی و دیکتاتۆرییەکاندا ئەنجام دەدرێت. بەخشینەکان بەچەندین جۆرو ڕێگە دەکرێت و پاساو بۆ کردنی دەهێنرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە نایاساییەو لەلایەن لێپرسراوە نایاسایی و گەندەڵ و بێ تواناکانەوە پیادە دەکرێت،و دەیبەخشن بەو کەس و دامەزراوانەی کە بە هیچ شێوەیەك شیاوی ئەوە نین، نموونە بۆ ئەم ڕوکاری گەندەڵییە زۆرە لەوانە بەخشینی زەوی بۆ گەورە لێپرسراوان بەتایبەت لە کەسانی سیاسی ناو پارتەکانی دەسەڵات یان کەسایەتییە سەربازییەکان، خزمان، هاوڕێیان، عەشیرەت یان بنەماڵە (جمال الدين،٢٠١٥:٤).

گەندەڵی پیشەیی لەم جۆرە زۆر بە ڕوونی دەبینرێت چونکە ئەو بەخشینانە لە سامانی تایبەتی کەسە بەخشەرەکە نادرێت، بەڵکو لە موڵك و سامانی دەوڵەت دەردەچێت،و بەشێوەیەکی نایەکسان و بەناهەق هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت کە لەئەنجامدا جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتی دروست دەکات و چینەکانی تری کۆمەڵگا سەرکوت دەکات (المجالي،٢٠١٧:٢).

بەخشین بە ناهەق تەنها زیانی ئابوری بۆ دەوڵەت نییە بەڵکو زیانی کۆمەڵایەتی و دەروونیشی هەیە لەبەرئەوەی هەستێکی وا لای هاوڵاتی دروست دەکات کە بایەخی یاسا لەلای نامێنێت، چونکە هەستدەکات کەسی شیاو لەشوێنی شیاو کار ناکات، بەڵکو پێچەوانەکەیەتی، هەروەها ئەو کەسانەی مافی وەرگرتنی زەوی یان هەر شتێکی تریان هەیە دەبینن پێیان نادرێت و بە کەسانێك دەدرێت کە هاوسۆزییان هەیە بۆ لایەنێك یان دەسەڵاتێك یاخود بنەماڵەیەك، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانە چونکە بیری داهێنان و گۆڕانکاری و نوێخوازی لەناودەبات،و ئەنجامدانی ئەم کردارە بێهیوایی لەناو کۆمەڵدا دروست دەکات،و بەهای بەدەستهێنانی ئامانجەکان کەم بایەخ دەکات بۆیە بیرو وزەی هزریی تاکەکان بەفیڕۆدەدات.

## ٧- بەزۆر وەرگرتن (الابتزاز - Extortion):

ئەم جۆرە گەندەڵییە لەلایەن کەسانی کارگێری و فەرمانبەرانەوە ئەنجام دەدرێت بەتایبەت لەو دەزگایانەی کاروکردەوەی سەرۆکایەتی پیادە دەکەن وەك دەزگا ئەمنییەکان ئیتر بەهەموو جۆرەکانیەوە،و لیژنە ڕێککارییەکان و لیژنەکانی پشکنین و چاودێری لەسەر نرخەکان و لێپرسراوی گومرگ و سنوورەکان و هیتریش. بەگشتی ئەو پارەیە لەژێر هەڕەشەدا وەردەگیرێت بەمەبەستی بژاردنی زیانێکی جەستەیی و دەروونی یان ناوزڕاندنی ناوبانگی کۆمەڵایەتی، ئەم گەندەڵییە دەچێتە

چوارچێوەی تۆمەت هەڵبەستن بۆ کەسێکی بێتاوان کە دەبێت بڕێك پارە بەزۆر بدات بۆ ئەوەی ناوبانگی لەلایەن کەسانێکەوە لەکەدار نەکرێت (الکبیسي،٢٠٠٠: ١٠٥-١٠٦).

بەزۆروەرگرتن لەگەڵ بەرتیل دواجار یەکدەگرنەوە بەڵام ئەوەی لەیەکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە کە کەسی بەرتیلدەر لەژێر هیچ هەڕەشەو ناچارکردنێکدا نییە،و بە ویستی خۆی کارەکە دەکات، بەڵام بەزۆروەرگرتن تەواو پێچەوانەیەو کەسی قوربانی بەزۆرو ناچارکردن و لەژێر هەڕەشەدا پارەکە دەدات لەبەرامبەر پاراستنی سەلامەتی ئابڕوو ناوبانگی کۆمەڵایەتی و بڵاونەکردنەوەی نهێنییە تایبەتییەکانی لەلایەن ئەو کەسانەی هەڕەشەکە ئەنجام دەدەن.

ئەم دیاردەیە کاریگەری لەسەر بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆیی هەیە چونکە وەرگرتنی سەرانە یاخود هەڕەشەکردن دەبێتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ و بێزاریی بۆ سەر قوربانییەکەو دابەزینی توانای داهێنان و بەرهەمی هزریی ئەو کەسەو سەرقاڵبوونی بەو گرفتەوەو بەفیڕۆدانی وزەکانی.

## ٨- خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات(سوء استخدام السلطة-Abuse of Power) :

دەسەڵات بریتییە لە مافی دەرکردنی فەرمانەکان و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان و لێپرسینەوە تیایدا،و دوو لایەنی هەیە یەکەمیان: خاوەنی هێزە لەچەندین سەرچاوەی جیاوازەوە،و دووەمیان: هەژموونە واتە توانای کاریگەرییە لەسەر ئەوانیتر (زریق،٢٠١٦:٥).

ئەم گەندەڵییە پەیوەستە لەگەڵ بوونی خودی دەسەڵاتدا واتە ئەگەر دەسەڵات سنوورێکی جێگیری هەبێت ئەوا بەزاندنی ئەو سنوورە واتای خراپ بەکارهێنانیەتی و دواتر لادانە لە ئامانجەکەی بۆیە یاساو سیستمەکان بە پێویستیان داناوە پابەندیی تەواو هەبێت بە سنووری ئەو دەسەڵاتەی کە دیاریکراوە (الجریش،٢٠٠٢:٨٨).

بێگومان هەموو دەسەڵاتێك سنووری دیاریکراوی خۆی هەیەو بەپێی پلە پیشەییەکان پۆلێنکاری بۆ کراوە، بەڵام هەندێجار ئەو دەسەڵاتە خراپ بەکاردەهێنرێت، بەومانایەی فەرمانبەر کارێك ئەنجام دەدات کە لە دەسەڵاتی ئەودا نییە،و ئەو دەسەڵاتەی پێنەدراوە کە بەکاریهێناوە، بۆیە لە ئەنجامدا دەرامەتی مرۆیی بەفیڕۆدەدات چونکە دەسەڵاتەکەی بۆ خزمەتی گشتی بەکارناهێنێت بەڵکو بۆ خزمەتی هەندێك لەو کەسانە بەکاری دەهێنێت کە مەبەستیەتی خزمەتیان بکات،و کاریان بۆ ئاسان بکات، لەم بارەدا ستەم لە هاوڵاتیان دەکرێت و مافیان دەخورێت و لە ئەنجامدا بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن فەرمانبەرەوە هیچ سودێکیان لێ وەرناگیرێت و بەفیڕۆ دەدرێن.

## ٩- سپیکردنەوەی پارە (Money laundering):

زاراوەی سپیکردنەوەی پارە هەتا کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بابەتێکی ناسراو نەبووە، بەڵکو لەمیانەی ڕێککەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بازرگانی نایاسایی ساڵی (١٩٨٨) ڕوون بووەوە کە لەسێ خاڵدا باسی سپیکردنەوەی پارە دەکات و لە ماددەی سێیەمی ڕێککەوتنەکەدا جەخت دەکاتە سەر بنەما ماددییەکانی ئەم تاوانە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- ناردن یان گواستنەوەی پارە بەدرێژکراوەی تاوانەکانی مادده هۆشبەرەکان دادەنرێت.

٢- شاردنەوە یان فریودانی ڕاستیی پارەکان یان سەرچاوەکانیان بە درێژکراوەی تاوانی مادده هۆشبەرەکان دادەنرێت.

٣- پەیداکردن یان دەسکەوتن یان بەکارهێنانی سەروەت و سامانەکان بەدرێژکراوەی یەکێك لە تاوانەکانی پەیوەست بە مادده هۆشبەرەکان دادەنرێت (المراشدة،٢٠١٠:٦).

ئەم دیاردەیە یەکێکە لە ڕوکارەکانی گەندەڵی و بە تاوان دادەنرێت و ڕەهەندێکی جیهانی هەیە، هەروەها ئامانجی کارکردنە بۆ شاردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە بەشێوەیەکی ناشەرعی پارەی لێ بەدەست دەهێنن و هەوڵدەدەن ڕوکارێکی یاسایی نیشانی ڕای گشتی بدەن و تاوانی دزینی پارە بەیاسایی بکەن (جزول،٢٠١٤:٨).

کەواتە دەردەکەوێت سپیکردنەوەی پارە نەك هەر گەندەڵییە بەڵکو تاوانیشە، چونکە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی ئابوری وڵات دروست دەکات،و هاوسەنگی دۆخی ئابوری تێکدەدات،و بڕێکی یەکجار زۆر لە پارەی وڵات دەچێتە دەرەوە، بەمەش کێشەی کەمیی نەختینەیی سەرهەڵدەدات،و تەنها چەند کەسێك سوودمەند دەبن کە پۆست و پلەی باڵایان لەناو دەسەڵاتدا هەیە، لەلایەکیترەوە هۆکارێکە بۆ بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان چونکە بێکاری دروستدەکات،و ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کار بێبەش دەبن لە هەلی کارکردن چونکە کەمیی پارەی نەختینە دەبێتە مایەی دابەزینی جموجۆڵی بازاڕو کەمیی داهات و لاوازبوونی چالاکی بازرگانی و کەمبوونەوەی خواستی هاوڵاتیان لەسەر کڕین.

لــە توێژینەوەیەكــدا ڕێكخــراوی (یــو ئــێن دی پــی) گرنگتــرین ڕوكارەكــانی گەنــدەڵی لــە وڵاتــە تازەگەشندەكاندا بەم هێڵكارییە دەرخستووە (Old dynamics of corruption,2002:3).




هەروەك لەو خشتەیەوە دەردەكەوێت گەندەڵی لە كەرتی گشتیدا چەند جۆرێك دەگرێتەوەو هەریەك لەو جۆرانە یاساشكێنی و لادانە لە یاساو ڕێنماییەكان،و ئامانج بەلاڕێدابردنی كاروباری یاساییە بۆ دەسكەوت و قازانجی تایبەتی و قۆستنەوەی دەرفەت لە شوێنی كاركردندا،و گوێنەدان بە یاسا لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەی لە كەرتی گشتیدا گەندەڵی لە پیشەكانیاندا ئەنجام دەدەن،و دواجار هۆكارن بۆ لاوازبوونی كەرتی گشتی لە پێشكەشكردنی خزمەتگوزارییە گشتییەكاندا بۆ هاوڵاتیان.

## دووەم/ جۆرەكانی گەندەڵی پیشەیی:

بێگومان گەندەڵی پیشەیی زیاد لە جۆرێكی هەیە بۆیە سەرچاوە زانستییەكان پۆلێنكارییان بۆ كردووە، لەم توێژینەوەیەدا هەندێك لە جۆرەكانی گەندەڵی باس دەكەین و لە پاشكۆی (١)دا تەواوی جۆرو تایبەتمەندییەكانی دەخەینەڕوو.

گروپێك لە توێژەران جۆرەكانی گەندەڵی پیشەییان بۆ پێنج جۆر دابەشكردووە ئەوانیش: (الفتلاوي،٢٠١٧:١٩٢)

**١-گەندەڵی لەرووی بابەتەوە:** چەند جۆرێك دەگرێتەوە لەوانە:

**أ- گەندەڵی ڕێکخراوەیی:**

کۆمەڵێکن لەو دیاردە نەرێنییانەی تایبەتن بە ناڕێکی لە ئەنجامدانی ئەرکە گشتییەکان لەلایەن فەرمانبەرانی کەرتی گشتییەوە، گرنگترین شێوەکانی ئەم گەندەڵییە خۆیان لەمانەی خوارەوەدا دەبیننەوە:

- خۆگرتنەوە لە کارکردن بەشێوەیەکی بەردەوام.
- ئەنجامنەدانی ئەرکەکان بە وردی و دڵسۆزی لەلایەن تاکەکەسەوە.
- جێبەجێنەکردنی ئەو فەرمان و ڕێنماییانەی لەلایەن خاوەنکارانەوە دەردەچن.
- درکاندنی نهێنییەکانی کار،کەوا کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە گشتییەکان دروست دەکات.
- هاوکارینەکردنی هاوپیشەکان لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی فەرمانگەکەوە هەیە (علوان،٢٠٠٧:٦٢).

هەروەك لە گەندەڵی ڕێکخراوەییدا دەردەکەوێت فەرمانبەر هۆکارە بۆ دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی مەبەستدار خۆی دەگرێتەوە لە (جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی سەرشانی،و دڵسۆزی نانوێنێت و پیرۆزی و نهێنی کارەکەی ناپارێزێت) تا لە کۆتاییدا گەندەڵی دروست دەکات،و فەرمانگەکەی تووشی کێشەو گرفتی کارگێری دەکات، بێگومان فەرمانبەران لە دۆخی نەبوونی لێپرسینەوەی یاسایی و کارگێڕیدا دەرفەت دەقۆزنەوەو لاسایی یەکتر دەکەنەوە،و لەئاکامدا گەندەڵی لە پیشەدا پەرە دەسێنێت تا هەموو فەرمانگەکە دەگرێتەوە، بەمەش دەرامەتە مرۆییەکان بەفیرۆ دەدرێن لەبەرئەوەی وەك پێویست سوودیان لێ وەرناگیرێت و وزە ئەقڵییەکان لە خزمەتی پیشەدا بەگەڕ ناخرێن.

**ب- گەندەڵی ڕەفتاریی:**

مەبەست ئەو لادانە پیشەییانەیە کە فەرمانبەر ئەنجامی دەدات و پەیوەندی بە هەڵسوکەوت و پێگەی تایبەتییەوە هەیە لەوانەش:

- پارێزگارینەکردن لە ڕێزی پیشە وەك ئەو کارانەی ناوبانگی فەرمانبەر لەکاردا دەزڕێنێت وەك بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان یان تێوەگلان لە تاوانە ڕەوشتییەکاندا.

- خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، وەك پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەتی و کارئاسانکردن و لادان لە دادپەروەری و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خزم و کەسانی نزیك یان کەسانی نزیك لە بەرپرسان.
- خزمایەتی، خاترگرتن، واستەکردن (سلمان،٢٠١٣: ٧-٨).

لە گەندەڵی ڕەفتارییەوە دەگەینە ئەوەی فەرمانبەر بەهۆی لادان و پابەندنەبوون بە یاساو ڕێنماییەکانی کارکردنەوە تووشی لادان و گەندەڵی پیشەیی دەبێت،و زیان لە کەرتی گشتی دەدات،و بنەمای بابەتیبوون پشتگوێ دەخات،و شتەکان هەموویان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی و لەبەرچاوگرتنی خزمایەتی و خاترگرتنی کەسانیتر دروست دەکات نەك لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی یاسا، واتە بەرژەوەندی گشتی وەلا دەنێت و لەجیاتی ئەوە بەرژەوەندی تایبەتی جێگەی دەگرێتەوە،و پێگەو پۆستە کارگێڕییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و هاوڕێیەتی و خزمایەتی بەکاردەهێنێت و کاروباری هاوڵاتیان بەشێوەیەکی یاسایی ناڕوات بەڵکو لەبەرچاوگرتنی کەسانی نزیك و خزمایەتی شوێنی دەگرێتەوەو بەهەموو جۆرێك یاسا بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردەهێنێت کە دواجار ئەمەش دەرامەتە مرۆییەکان بەفیڕۆدەدات چونکە فەرمانبەر بەشێوەیەکی یەکسان خزمەتی هاوڵاتیان ناکات و پێگەکەی بۆ قازانجی گشتی بەکارناهێنێت بەڵکو بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و کەسانی نزیك بەکاری دەهێنێت.

لەراستیدا ناکرێت بەتەنها فەرمانبەر بە سەنتەری ئەم کێشەیە دابنرێت بەڵکو پێویستە زۆر لەمە دوورتر شیکاری بابەتەکە بکرێت،و کاریگەری دەسەڵاتی سیاسی و حیزبی باس بکەین لە سەرهەڵدانی ئەم گەندەڵییە ڕەفتارییەدا، کە سەرەتا دەسەڵات خۆی هەنگاو بۆ ئەم گەندەڵییە دەنێت،و کەسانی نزیك لەخۆی دادەمەزرێنێت کە هاوسۆزی بۆ لایەنێکی سیاسی هەیە یاخود کاری کەسانێك بەڕێدەکات کە لایەنگرو هاوڕێبازی سیاسین، لەدواجاردا فەرمانبەریش لاسایی ئەم هەڵسوکەوتانە دەکاتەوەو فێریان دەبێت و یاسا پێشێل دەکات.

## ج- گەندەڵی دارایی:

گەندەڵی دارایی یەکێکە لە دیارترین جۆرەکانی گەندەڵی پیشەیی کە پەیوەستە بە دەسکەوتی ماددی لەلایەن فەرمانبەرانەوە،و بەکارهێنانی پیشە بۆ سوودی تایبەت. بەهۆی لادان لە یاسا داراییەکان کە کاروباری دارایی حکومەت و دامەزراوەکان ڕێکدەخەن هەروەها سەرپێچی ڕێنماییە تایبەتییەکان سەبارەت بە دەزگای چاودێری دارایی تایبەتمەند بە پشکنین و چاودێری هەژمارو پارەکان، دەکرێ ڕوکارەکانی ئەم گەندەڵییە لەمانەدا تێبینی بکرێت: بەرتیل، پارەدزین، خۆدزینەوە لە باج و دیاریکردنی زەوی، خاترگرتن و لەبەرچاوگرتنی خزمایەتی (جواد،٢٠١٣:٢).

لەلایەك باڵادەستبوونی هەوەسبازی و دەستبڵاوی لە بەکارهێنانی دارایی گشتیدا دەچێتە بازنەی گەندەڵی داراییەوە چونکە زاڵبوونی هەوەسبازی وادەکات فەرمانبەر دەسەڵاتی پیشەیی خۆی بەسەر هەندێ لە کەسانیتردا بەکاربهێنێت، یان هێزی مرۆیی حکومی بەکاربهێنێت لە کرێکاران و فەرمانبەران لە کاروبارە تایبەتییەکانی خۆیدا کە کاروباری نافەرمین و تایبەتن بە خۆی، لەلایەکیترەوە مەبەست لە دەستبڵاوی لە بەکارهێنانی دارایی گشتیدا کڕینی کەلوپەلی فەرمانگەیە کە زیاد لە پێویست دەیانکڕێت و بۆ خۆشی بەکاریان دەهێنێت و سوودیان لێ وەردەگرێت (الوائلي،٢٠٠٦:١).

لاوازیی دەسەڵات و جێبەجێنەبوونی یاسا هۆکاری سەرەکین لە دروستبوونی گەندەڵی داراییدا چونکە دەزگای چاودێری دارایی ئەگەر وەك پێویست بەئەرکی خۆی هەڵنەستێ ئەوا فەرمانبەر پێگەی خۆی بۆ دەسکەوتی ماددی بەکاردەهێنێت ئیدی ئەو فەرمانبەرە کەسێکی ئاسایی بێت یاخود بەڕێوەبەرێکی گشتی یان لەهەر پلەو پۆستێکدا بێت، کەواتە لێپرسینەوەی یاسایی مەرجێکی سەرەکییە بۆ بەگژداچوونەوەی ئەم جۆرە گەندەڵییە لەکاتێکدا کە پارەی فەرمانگە دیارنامێنێت یاخود دەردەکەوێت لە شتی بێسوود یان بەرژەوەندی تایبەتیدا خەرج کراوە ئەوا راستەوخۆ دەبێت لێپرسینەوە لە بەفیڕۆدانی پارەکە بکرێت بەپێچەوانەوە ڕێگە بۆ زیادبوونی گەندەڵی دارایی خۆش دەکات و وادەکات بەبێ ترس فەرمانبەرانی دیکەش ئەنجامی بدەن.

## د- گەندەڵی تاوانکاری:

١- **ئەم گەندەڵییە لەڕووی جۆرەوە** ئەمانە دەگرێتەوە هەروەك لەپێشەوە ئاماژەیان پێدراوەو ڕوونکراوەتەوە: (عبدالقادر،٢٠١٥:١٣٧)

أ- بەرتیل

ب- دزینی ماڵی گشتی

ج- ساختەکاری

**٢-گەندەڵی لەڕووی قەبارەوە ئەویش دەکرێت بەدوو بەشەوە:**

**أ- گەندەڵی گەورە Grand Corruption:**

بریتییە لە کاری گەورە فەرمانبەران یان سیاسییەکان و بەوە دەناسرێت کە تێچوویەکی زەبەلاحی هەیەو کاریگەرییەکی فراوانی لەسەر کۆمەڵگا هەیە، بۆیە بەراوورد بە گەندەڵی بچووك بە مەترسیدارتر دادەنرێت (خشمان،٢٠٠٩:٤١). ئەم گەندەڵییە بەرپرسەکان لەسەر ئاستە باڵاکان بەشداری تێدا دەکەن پاشان وەزیرەکان و سەرۆکی وڵاتان، هەروەها پێشی دەگوترێ بەرتیلی گەورە، چونکە پەیوەستە بە کاریگەری لەسەر ئەوانەی بڕیار دەدەن (الذهبي،٢٠٠٥:٢٢٥). لەگەڵ

ئەمەشدا کاریگەری گەورەی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی هەیە، بکەرانی ئەم گەندەڵییە خاوەن پۆست و لێپرسراوێتی گەورەن و خاوەنی بڕیارن، بۆیە گەندەڵی لەو ئاستە باڵایەدا ڕەنگدانەوەی گەورەی دەبێت لەسەر کۆمەڵگاو بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان بەنموونە سوودوەرنەگرتن لە سەرمایەی مرۆیی و بەکارنەهێنانی لەجێگای خۆیدا بۆ خزمەتی کۆمەڵگاو سوودی گشتی و پێشکەوتنی وڵات، هەروەها دانەمەزراندنی کەسانی شیاو و شارەزا بەپێی پێویست بەهۆی بێپلانی و بێ سەرەوبەرەیی لە سیستەمی کارگێری و پشتگوێخستنی بێلایەنی و شکاندنی سەروەری یاسا.

**ب- گەندەڵی بچوك Small Corruption:**

پێشی دەگوترێ گەندەڵی سنووردار کە بچوکترە لە گەندەڵی گەورەو خۆی دەبینێتەوە لە کەڵکی لاوەکی یان وەرگرتنی بڕە پارەیەکی کەم یان دامەزراندنی خزم و کەسانی نزیك و وەرگرتنی بەرتیل بۆ ئاسانکردنی ئامانجی کەسانی بازرگان (الشكري،٢٠١٣: ١٦٣)، هەروەها بەڕێکردنی مامەڵەکان بەڕێگەی نایاسایی، ئەم گەندەڵییە زیاتر تاکەکەسییە یان سەربەخۆیەو لەسەر ئاستی تاکەکەسی ئەنجام دەدرێت (Bharagava,2005:2).

ئەم گەندەڵییە گەندەڵیی فەرمانبەرانە لە کەرتە جیاوازەکانداو هۆکارەکەی پێداویستیی ئابورییە، کاتێك ڕوودەدات کە فەرمانبەرێك قایل بێت بە وەرگرتنی خەڵاتێك یاخود بەرتیلێك بۆ ئاسانکردنی گرێبەستێك یان ئەنجامدانی کەمکردنەوەیەکی گشتی، هەروەها کاتێك ڕوودەدات کە بریکارەکانی تایبەت بە کۆمپانیاکان یان کارە تایبەتییەکان بەرتیل دەدەن بۆ سوود وەرگرتن و سەرکەوتن بەسەر ئەوانەی لە کارێکی بازرگانیدا کێبڕکێیان دەکەن یان بەدەستهێنانی قازانج لە دەرەوەی چوارچێوەی یاسا دیاریکراوەکاندا، هەروەها دەکرێت گەندەڵی ڕووبدات ئەویش لەڕێی قۆستنەوەی ئەرکی گشتییەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ بەرتیل ئەویش ڕاستەوخۆ بە دزینی ماڵی دەوڵەت یاخود بە دامەزراندنی خزم و کەسوکار (وتوت،٢٠٠٥: ١). ئەم گەندەڵییە کاری فەرمانبەرانی ئاسایی‌و ڕۆژانە ئەگەری هەیە لەکاتی دەوامی فەرمیدا ڕووبدا،و پیشە وەك ئامرازێك بۆ مەبەستی تایبەتی بەکاربهێنرێت،و پیرۆزیی کار لەکەدار بکرێت بەهۆی بوونی گەندەڵی لە پیشەی فەرمانبەردا، هەرچەندە لەڕووی قەبارەوە بەراوورد بەجۆری یەکەم بچوکە، بەڵام لەئاستی خۆیدا زیانی خۆی هەیە،و سیستەمی کاری فەرمانگە تووشی کێشە دەکات و نارێکی و نایاسایی نیشان دەدات کە دواجار دەرامەتە مرۆییەکانیش بەفیڕۆدەدات چونکە فەرمانبەر لەم بارەدا هەنگاوی هەڵەو نەگونجاو دەنێت بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی خۆی یاخود کەسانی نزیك لەخۆی بۆیە ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر سوودمەندبوونی کەسانێك و بێبەشبوونی کەسانێکیتر لە خزمەتگوزارییەکان ئەویش بەهۆی گوێنەدان و کارنەکردن بە یاسا کارگێرییەکان.

**٣- گەندەڵی بەگوێرەی جۆری ئەندامێتی بۆ کەرتەکان:**دەکرێت بە دوو جۆرەوە ئەوانیش:

**أ- گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا:** ئەم گەندەڵییە ئاماژە بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی دەکات بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی تایبەتی لە کەرتی گشتیدا کە هەریەك لەمانە دەگرێتەوە: بەرتیل، ئیختیلاس(دزی)، تەزویر، بەزۆروەرگرتن، بەربەست دروستکردن لەبەردەم دادپەروەری هەروەها ڕەفتاری گەندەڵی دەشێ ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی نایاسایی لەلایەن فەرمانبەرانی کەرتی گشتییەوە ڕووبدات یاخود لەمیانەی هەڵسوکەوتی ئەو فەرمانبەرانەوە ڕووبدات کە لە کەرتی تایبەتدا کاردەکەن و هەوڵدەدەن کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئەرکەکانی حکومەت دروست بکەن (الجمل،٢٠١٤:٥٣٨).

**ب- گەندەڵی لە کەرتی تایبەتدا:** ئەم گەندەڵییە لەڕووی بڵاوبونەوەوە فراوانە، بەهۆی فراوانی کەرتی تایبەت و کاریگەرییە ئاشکراکانی لەگۆڕینی سیاسەتەکانی حکومەتدا (الزعبي،٢٠١٨:٢)، گەندەڵی کەرتی تایبەت لەو دەسەڵاتە ماددییەدا دەردەکەوێت کە دەیقۆزێتەوە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەتی حکومی،و لەچەندین شێوەدا دەردەکەوێت: وەك (خەڵات و بەرتیل) لەلایەن کەرتی تایبەتەوە لەبەرامبەر لێخۆشبوون و پێشکەشکردنی هاوکاری لەلایەن کەرتی گشتییەوە کە دەبێتە هۆی گۆڕانی سیاسەتی حکومی و لادانی بەرەو چینێکی دیاریکراو لە تاکەکان،و ئەوانیش دامەزراوە تایبەتەکان و بازرگان و دەوڵەمەندەکانن لەسەر حسابی چینی هەژارو کەم دەرامەت، بەگشتی ئەم گەندەڵییە کاتێك دەردەکەوێت کە سەروەری یاسا پەکی بکەوێ و یاساکان ڕێگابدەن بە پیادەکردنی دەسەڵات لەڕێی قۆرخکردنەوە کە ناچێتە ژێر ڕکێفی چاودێری و کۆنترۆڵەوە (مسكين،٢٠١٦:١٩).

ئەزموون و توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە گەندەڵی تەنها لە سنووری کەرتی گشتیدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکو کەرتی تایبەتیش دەگرێتەوە، هەروەها ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆمپانیا ئەمریکییەکان زۆرتر لە کۆمپانیاکانی تر پیادەی کاری نایاسایی دەکەن دوای ئەوانیش کۆمپانیا فەڕەنسی و چینی و ئەڵمانییەکان دێن، ئەم کۆمپانیایانە مامەڵە لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەران دەکەن لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا کە پارەیەکی زۆریان پێدەدەن لەبەرامبەر ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشی دەکەن (بوسعيد،٢٠١٢:٢٠). گەندەڵی لە کەرتی تایبەتدا کاریگەری خۆی هەیە لەسەر کەرتی گشتی چونکە وادەکات سەرنجی حکومەت بەلای خۆیدا ڕابکێشێت و بەوهۆیەوە کەرتی گشتی فەرامۆش بکرێت لەسەر حسابی بەرژەوەندی هاوبەشی نێوانیان.

٤- **گەندەڵی و پەیوەندی بە پەرەپێدانی ئابورییەوە:** دووجۆر دەگرێتەوە ئەوانیش:

أ- **گەندەڵی فراوان:** شێوەیەکە لە ئاڵوگۆڕکردن کە پێیدەوترێ مافی ئاڵوگۆڕی بێ مەرج،و لە ئەنجامی سەربەستی ئابورییەوە دروست دەبێت کە دەبێتە هۆی زیادبوونی سامانی کۆمەڵگا، بەمەش بەهۆی سەربەستی مامەڵەکردنەوە بواری چالاکی گەندەڵی فراوان دەبێت (الامارة،٢٠١٢:٢٦).

ب- **گەندەڵی سنووردار:** ئەم گەندەڵییە بەهۆی ئاڵوگۆڕی وابەستەوە دروست دەبێت،و دەبێتە هۆی گواستنەوەی سامان لەنێوان تاکەکاندا بەپێی چەند شێوەیەکی وابەستەو سنووردار (سەرچاوەی پێشوو).

لەلایەك دروستبوونی گەندەڵی فراوان هۆکارەکەی نەبوونی سنوورێکە بۆ سەربەستی ئابوری کە دواتر بەشێوەیەکی مەترسیدار سەروەت و سامانی کۆمەڵگا زیاد دەبێت و بێ سەروبەری لە سیستمی ئابوریدا دێتەکایەوە چونکە پێویستە ئابوری بەیاسا ڕێکبخرێت بۆ ئەوەی چالاکی گەندەڵی فراوان نەبێت، لەلایەکیترەوە گەندەڵی سنووردار بەپێچەوانەی گەندەڵی فراوانەوەیە کە هۆکارەکەی وابەستەیی و سنوورداریيە لە ئاڵوگۆڕی سامان لەنێوان تاکەکاندا.

٥- **دابەشکردنی گەندەڵی بەگوێرەی بڵاوبوونەوە:**دەکرێت بەدوو بەشەوە ئەوانیش:

أ- **گەندەڵی نێودەوڵەتی:** مەبەست ئەو گەندەڵییەیە کە دەگاتە ئاستی جیهان ئەویش بەهۆی ئابوری ئازادەوە، لەم گەندەڵییەدا کۆمپانیا ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان پەیوەستن بە دەوڵەتان و سەرکردە سیاسییەکانەوە لەسەر بنەمای سوودی ئابوری تایبەتی ئاڵوگۆڕ، بۆیە زەحمەتە جیاکاری بکرێت لەنێوان کۆمپانیاکانداو بە مەترسیدارترین جۆرەکانی گەندەڵی دادەنرێت چونکە گەورەو ڕێکخراوە (القصير،٢٠١٧:٢٢).

ئەم گەندەڵییە سنووری ناوخۆیی وڵات تێپەڕ دەکات و دەچێتە قۆناغێکی ترەوە ئەویش بەنێودەوڵەتی بوونی گەندەڵییە،و گرێدانی پەیوەندییە هەمەلایەن و ئاڵۆزەکانە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی گەورە بەرپرس و سیاسییەکانی وڵات، وەك ئاڵوگۆڕی پارەو سپیکردنەوەی پارەی وڵات لە بانکەکانی دەرەوە،و دروستبوونی جۆرێك لە کاری مافیایی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانەی کاری بۆ دەکەن، بەمەش گەندەڵی لەئاستی ناوچەییەوە دەچێتە ئاستی نێودەوڵەتی،و بەستنی چەندین پەیوەندی مەترسیدار لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەدا.

ب- **گەندەڵی ناوخۆیی:** مەبەست بڵاوبوونەوەی گەندەڵییە لە ناوخۆی وڵاتدا،و پەیوەست نییە بە گەندەڵی فەرمانبەرە ئاساییەکان و ئەو کەسانەی لە پۆستی بچوکدان، بەڵکو پەیوەندی بە تەواوی کۆمەڵگاوە هەیە، ئەم گەندەڵییە پەیوەندی نییە بە کۆمپانیا فرەڕەگەزەکانی وڵاتانی دیکەوە (الشمري،٢٠١١:٤٨).

لەم بەرەنجامەوە دەگەینە ئەوەی ئەم گەندەڵییە هۆکاری ناوخۆیی خۆی هەیە کە وادەکات تەشەنەبکات و بڵاوببێتەوە، بۆیە ناکرێت واسەیری گەندەڵی بکرێت کە هەمیشە هۆکارەکانی جیهانی و نێودەوڵەتی بێت، بەڵکو دەشێ هۆکارەکان ناوخۆیی بن و پەیوەندییان بە شێوازی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسییەوە هەبێت کە دواتر تەشەنەدەکات و دەکەوێتە ناو سیستەمەکانی تری بنیاتی کۆمەڵایەتییەوە، وەك سیستەمی ئابوری، کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، تەندروستی و تەواوی سیستەمەکانی تر.

## سێیەم/ هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی

### ١- هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان:

ئەم هۆکارانە لێکدانەوەیەکی ورد بۆ دیاردەی گەندەڵی دەکەن نەك تەنها لەسەر ئاستی پەیدابوون و مەودای دیاردەکە بەڵکو لەسەر ئاستی سیاسەتی بەرەنگاربوونەوەشی، هەروەها گەندەڵیی ئەو ڕێکخستنە کارگێڕییە نیشاندەدات کە ناسراوە بە دەسەڵاتخوازی و قۆرخکاری و باڵادەستبوون. کەواتە لە هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکاندا ئاماژە بۆ ئەو خاڵانە دەکرێت کە پەیوەستن بە بەها کۆمەڵایەتییەکان و ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە، دەکرێت گرنگترین هۆکارەکان بەمشێوەیە بخەینەڕوو (مقدادي،٢٠١٧:١):

**أ- <u>دارمانی بەهاو ئاکارو لاوازیی بنیاتی کۆمەڵایەتی:</u>**

لەدیارترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی پیشەیی بریتییە لە تێکچوونی بنەما ئاکارییەکان،و ڕووخانی بەهاو خوو ڕەوشتە جوانەکان لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵدا،و نەمانی بیروباوەڕی چاکسازی و باڵادەستبوونی گەندەڵی و بیری گەندەڵکردن، زۆرجار ئەم هۆکارانە بەهۆی خراپی بەڕێوەبردنی سیاسی لەلایەن دەستەبژێری فەرمانڕەواوە دروست دەبێت،و سیاسەتی تێکدانی ئاکاریی دەگرنەبەرو بنەماکانی ئایین و پەروەردە دادەبڕن لە سەرجەم لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و زاڵبوونی ئازادییە بێسنوورەکان (اللامي،٢٠١٢:١).

لەلایەك دەگەینە ئەوەی بەها کەلتوورییە باوەکان لە هەندێ لە کۆمەڵگاکاندا ڕۆڵێکی دیاریان لە چەسپاندنی دیاردەی گەندەڵیدا هەیە ئەویش لە گرنگینەدان بە چاندنی بەهاو ئاکارە ئەرێنییەکان لە دەروونی تاکەکاندا، هەربۆیە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە بناغەی دەسپێکی ڕەفتاری ڕێکخستن دێت لای تاکەکان و کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو ڕەفتاری فەرمانبەرانی دەزگا کارگێڕییەکان هەیە،و دواجاریش لەسەر پرۆسەی بڕیاری کارگێڕی (کنزة و خالد،٢٠١٥:٢٧).

لەلایەکیترەوە زۆرجار بەهاکان دەبنە لەمپەر لەبەردەم سیستم و دەزگای کارگێڕی پێشکەوتوودا وەك هاوسۆزی بۆ هۆزو خێڵ و تیرەو لاوازی هاوسۆزی بۆ نیشتیمان، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ مامەڵەیەکی نادادپەروەرو نائاکاریی وەك ئارەزووی بەدەستهێنان و تەواوکردنی کارەکان و جیاکاری لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ تاکەکانی کۆمەڵگاو ئاشکرانەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی نیشانەیەکی دیارە لە کۆمەڵگاکانی جیهانی سێیەمدا کە ناسراوە بە دواکەوتوویی کەلتووریی و نزمی ئاستی خوێندەواری (العبادي،٢٠١١:١١).

هەریەکە لە بەهاو ئاکارەکان لە کوردستاندا دەتوانرێت بوترێت لەژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجیای سیاسی و ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگادایە، بەو واتایەی هێندەی کار لەسەر داڕمان و لاوازکردنیان کراوە کار لەسەر بەهێزکردنیان نەکراوە، بۆ ئەو مەبەستەی نەوەیەکی تەندروست و رۆشنبیر بۆ کۆمەڵگا دروستبکەن، تێبینی دەکرێت وەك پێویست گرنگی بە بنەما پەروەردەییەکان نادرێت،و بیر لەوە ناکرێتەوە کە مەترسی سەرهەڵدانی کەسانی گەندەڵ لە هەرێمەکەمان دووربخرێتەوە، دیاردەی گەندەڵی بابەتێکە مرۆڤ لە ژینگەی کۆمەڵایەتییەوە وەریدەگرێت و فێری دەبێت، لە ئەنجامی نەبوونی ئەو بەهاو ئاکارانەی کە پێویستە هەبن و رۆڵی بەهێز لە پەروەردەی تاکەکاندا ببینن.

داڕمانی ئەم هۆکارە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییانە کاریگەرییەکی نەرێنییان لەسەر بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان دەبێت چونکە بۆخۆیان کۆنترۆڵێکی گرنگن لەسەر رەفتاری تاکەکان و ئاراستەکردنیان بۆ نواندنی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی دروست و سوودبەخش بەڵام لە ئەگەری نەبوونی ئەم کۆنترۆڵەدا ئەوا دەرامەتی مرۆیی بەفیڕۆدەڕوات لەبەرئەوەی تاکەکان بەگیانی لێپرسراوێتییەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ ناکەن و هەستی دڵسۆزییان تێدا نابینرێت و ئەرکەکان پشتگوێ دەخەن یاخود بەکەمتەرخەمییەوە جێبەجێی دەکەن.

هەرێمی کوردستان بەوپێیەی بنیاتە کۆمەڵایەتییەکەی بەگشتی لە تیرەو هۆزو خێڵ پێکهاتووەو پێشینەیەکی گوندنشینی کشتوکاڵی هەیە، بۆیە ئەمە کاریگەری لەسەر زۆر بابەت دروستکردووە لەوانە: جیاکاری و واستەکردن و پێشخستنی مامەڵەکان لەسەر بنەمای خزمایەتی و ناسیاوی و برادەرایەتی و شکاندنی شکۆی یاساو ڕێنماییەکان و لەبەرچاونەگرتنی یاساو دادپەروەری لە ئیشوکاری هاوڵاتیاندا، هۆکاری ئەم کێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ دوو شت **یەکەم** دواکەوتوویی سیستمی کارگێڕی لە هەرێمی کورستاندا، **دووەم** زاڵبوونی پەیوەندی خزمایەتی و ئەقڵیەتی خێڵ بەسەر کاری دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتدا.

لەلایەك دواکەوتوویی سیستمی کارگێڕی لە هەرێمی کوردستاندا مەبەست ئەوەیە سیستمی کارگێڕی لە ئێستادا لە دۆخێکی خراپدایەو لە ئاست رەزامەندی هاوڵاتیاندا نییە، چونکە سستی لە ئیشوکاری فەرمانگەکاندا بەدی دەکرێت کە وادەکات هاوڵاتی بێزار بکات و بیر لە واستەکردن

بکاتەوە بۆ ئەوەی زووتر مامەڵەکەی تەواو بکات لەبەرئەوەی قەرەباڵغییەکی زۆر لە فەرمانگەکاندا دەبینرێن لەهەمانکاتدا کارمەندان و فەرمانبەران وەك پێویست خێرا نین لە جێبەجێکردنی مامەڵەکاندا بۆیە ئەم هێواشییە زەمینە بۆ گەندەڵی دەرەخسێنێ ئیدی ئایا هاوڵاتی بەرتیل بدات یاخود لەڕێگەی کەسێکی دیکەوە واستەبکات و مامەڵەکەی بۆ پێش بخرێت.

لەلایەکیترەوە زاڵبوونی پەیوەندی خزمایەتی و ئەقڵیەتی خێڵ بەسەر کاری دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتدا، واتە هێشتا دامەزراوە نیشتیمانییەکان نەیانتوانیوە خۆیان بەدووربگرن یاخود خۆیان رزگار بکەن لە کاریگەری ئەقڵیەتی خێڵ و پەیوەندی خزمایەتی، بوونی ئەم دیاردەیە گەندەڵییەکی زۆر لە فەرمانگە حکومییەکاندا دروست دەکات، چونکە یاسا پەك دەخات و کارەکان بە مەزاجی تایبەتی فەرمانبەران جێبەجێ دەکرێت و بنەمای یەکسانی و دادپەروەری ناپارێزێت و ئەولەویەت بەو هاوڵاتییە دەدات کە خزمی خۆیەتی یان هاوڕێی خۆیەتی یان لەلایەن کەسێکی دەستڕۆیشتووەوە پەیوەندی پێوە دەکرێت، سەرجەم ئەم دیاردانە بە گەندەڵی پیشەیی دادەنرێن و دەرامەتی مرۆیی بەفیڕۆ دەدات لەبەرئەوەی زاڵبوونی ئەم ئەقڵیەتە ناهێڵێت فەرمانبەر بەپێی یاسا کار بۆ خزمەتی هاوڵاتیان بێ جیاوازی بکات بەڵکو وای لێدەکات بەرژەوەندییە خزمایەتییەکان بخاتە سەرووی بەرژەوەندی گشتییەوە.

<u>**ب- بەدیهێنانی بەرژەوەندی خزمایەتی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی:**</u>

واتە لێپرسراو هەڵدەستێت بە دابەشکردنی لێپرسراوێتییەکان لەناو دەوڵەت و وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکاندا بەسەر کەسە نزیکەکانی و هاوڕێ و خزمانی،و لە سنووری ئەوانەدا قۆرخی دەکات،و لە ئەنجامی ئەمەشدا زۆر لایەنی نەرێنی لە شێوازەکانی بەڕێوەبردندا دەردەکەون،و لەگەڵ ئەمەشدا خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و قۆستنەوەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی سەرهەڵدەدا،و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی گەندەڵی بەهۆی ڕەچاونەکردنی بنەمای کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو (بوسعیود،٢٠١٥:٣٨).

ئەم دیاردەیە لە کوردستان دەبینرێت کە پارتە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان ناهێڵن کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت،و بە لێهاتوویی خۆی ئەو پێگەیە بەدەست بهێنێت بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی حیزبی و تایبەتی پۆست و پێگەکان دابەش دەکرێت،و تائەندازەیەکی زۆر لایەنی خزمایەتی و هاوسۆزی لەبەرچاو دەگیرێت و لایەنی شارەزایی و خودی بوون و بابەتیبوون فەرامۆش دەکرێت.

دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان لەلایەن دوو پارتی سەرەکییەوە بەڕێوەدەبرێت کە زاڵبوونی هەژموونی بنەماڵە بەسەر سیستمی حوکمڕانیدا بەئاشکرا دەبینرێت،و لەو گۆشەیەوە ئیدی کێشەکان دەستپێدەکەن،و دابەشکاری و جیاوازی لەنێوان کەسی ئاسایی و کەسانی سەر بەو بنەماڵە دەست

ڕۆیشتووانە دەستپێدەکات چونکە سروشتی ئەم ئەقڵیەتە بەجۆرێ ڕەگ دادەکوتێ کە جگە لە بازنەی پەیوەندییە خزمایەتییەکانی بنەماڵە ئیدی کەسی ئاسایی ناتوانێت پۆست وەربگرێت.

لە بابەتی دامەزراندندا دیسان هەژموونی ئەقڵیەتی حیزب و خێڵ خۆی زاڵدەکات و کەسانێك دەکەونە ڕیزەکانی پێشەوەی دامەزراندن کە نزیکن لە حیزب و بەرپرسەکان یاخود هاوسۆزییان بۆی هەیە، بۆیە لەم دۆخەدا ئاسان نییە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دابنرێت، بەپێچەوانەوە کەسانێك دەرفەتی دانانیان هەیە کە پسپۆڕییان لە کارەکاندا نییەو دواجار دەرامەتێکی زۆری مرۆیی بەفیڕۆ دەڕوات و وزەی چەندین مرۆڤی بەتواناو کارامە بەفیڕۆ دەڕوات و کۆمەڵگا لە کەرتی گشتیدا سوودیان لێوەرناگرێت، هەربۆیە لێرەدا گەندەڵی پیشەیی ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت لە بەفیڕۆدانی دەرامەتێکی زۆری مرۆییدا .

**ج- <u>دەرکەوتنی دیاردەی پۆست وەرگرتن لەلایەن کەسانی لاواز و بێ تواناو ناپسپۆڕ لە بواری کارەکانیاندا:</u>**

لە دیارترین هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی پیشەیی لە کارگێڕی گشتیدا هەبوونی چەند بەڕێوەبەرێکی کارگێڕییە کە دەگەنە دەسەڵات بەهۆی خزمایەتی و ناسیاوییەوە،و لەسەر حسابی توانست و لێهاتوویی کە زۆرجار کەسانی لێنەهاتوو یان نا پسپۆڕن لە بواری کارەکانیاندا (الفتلاوي،٢٠١٧:١٩٧). ئەمەش دەبێتە هۆی دەرکەوتنی زنجیرەیەك لە کارگێڕی نەرێنی و بڕیارە هەڵەکان و لاوازی ئەو سیستمە کارگێڕییەی کۆمەڵگا بەڕێوە دەبات، چونکە دانانی کەسی نەگونجاو لە پێگەی لێپرسراوێتی و بڕیارداندا کە ئامادەنەکرابێت بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ناوەندە کارگێڕییەی لەناو دەزگاکانی حکومەت و کۆمەڵگادا ئەرکێك پڕدەکاتەوە،و وادەکات نواندنی پیشەییەکەی لاوازبێت و زیان بە بەرژەوەندی هاوڵاتیان و ناوبانگی بەڕێوەبەرایەتییەکەو تەنانەت حکومەتیش بگەیەنێت، پاشان ئەم دیاردەیە یارمەتی هەندێك کەس دەدات دەرفەت بقۆزنەوە بۆ ئەوەی فێڵ و ساختەو گەندەڵی بکەن و دارایی گشتی بۆ دەسکەوتی تایبەتی بەکاربهێنن.

بوونی ئەم دیاردەیە زیانێکی زۆر لە دەرامەتە مرۆییەکان دەدات چونکە دەبێتە لەمپەر بۆ هاتنەپێشەوەی کەسانی بەسوود و پسپۆڕ کە ئەمەش مانای بەفیڕۆدانی تواناو هێزی ئەو مرۆڤانەیە لەبەرئەوەی دەرفەتیان پێنادرێت لەو پێگەیەدا کاربکەن و خزمەت بکەن کە شایستەیە بۆیان، بەم شێوەیە بوونی ئەم نادادپەروەرییە لە دابەشکردنی پۆستەکاندا بەفیڕۆدانی سەرمایە مرۆییەکان دەهێنێتە کایەوە.

یەكێك لە كێشە گەورەكان كە لە كەرتی گشتی لە كوردستاندا هەستی پێدەكرێت پڕكردنەوەی بەشێك لە پۆستەكانە بەو كەسانەی لەژێر دەسەڵاتی پارتە فەرمانڕەواكاندان و لایەنگیرییان بۆ دەكەن، هەربۆیە دواتر لەبەرامبەر ئەو لایەنگیرییەدا پۆست وەردەگرن،و وەكو خەڵات پێیان دەبەخشرێت نەك لەسەر بنەمای شیاوێتی و شایستەبوون و شارەزایی، كەواتە گەندەڵی پیشەیی هەر ئەوەندە نییە كە فەرمانبەرێك لە ئاست كارەكانی خۆیدا گەندەڵی بكات، بەڵكو بازنەی ئەم كردارە زۆر لەوە فراوانترە، چونكە كێشەی سەرەكی دەستوەردانی حیزبییە لە كاری پیشەییدا،و دابەشكردنی پۆستە كارگێرییەكانە بەسەر ئەو كەسانەی كە سەر بەو حیزبەن.

**د- نەبوونی ئازادی ڕاگەیاندن:**

مەبەست ڕێگەنەدانە بە ڕاگەیاندكارەكان تا بگەن بە زانیارییەكان و پەڕاوە گشتییەكان و پیادەنەكردنی ڕۆڵی چاودێری خۆیان بەسەر ئیشوكاری وەزارەت و دامەزراوە گشتییەكان (الشامي،٢٠١١:١).

ئەوەی تێبینی دەكرێت لە هەرێمی كوردستان یاسای ڕۆژنامەگەری بوونی هەیەو بەیاسا كارەكانی ڕاگەیاندنی ڕێكخستووە، بەڵام ئەگەر ئەو ڕاگەیاندنە لەبەرژەوەندی دەسەڵات نەبێت ئەوا وەك پێویست ڕێگە نادرێت ئازادانە كارە پیشەییەكانی خۆیان بكەن، بۆ نموونە لە ژمارە (٣٥) ی یاسای ڕۆژنامەگەری ساڵی (٢٠٠٧) لەخاڵی دووەم لە ماددەی دووەم دەڵێت: ((ڕۆژنامەنووس بۆی هەیە لە سەرچاوە جیاوازەكانەوە هەر زانیارییەك كە بایەخی بۆ هاوڵاتیان هەبێ و پەیوەندییان بە بەرژەوەندی گشتییەوە هەبێ بەپێی یاسا وەدەست بێنێ)). هەروەها لە خاڵی پێنجەمی هەمان ماددە دەڵێت: ((ڕۆژنامە قەدەغەناكرێ و دەستی بەسەردا ناگیرێ)) (یاسای ڕۆژنامەگەری،٢٠٠٧:٢).

ئەگەر بە وردی ئەو دوو خاڵە بخوێنینەوە بۆمان دەردەكەوێت لەراستیدا وەك خۆی لەلایەن دەسەڵاتەوە جێبەجێ ناكرێت، چونكە دەسەڵات هەتا ئەو سنوورە بێدەنگ دەبێ كە دەزگاكانی ڕاگەیاندن لە دژیان كارناكەن، بەڵام كاتێك دەزگاكانی ڕاگەیاندن بەپێچەوانەی خواستەكانی دەسەڵاتەوە كاردەكەن و كەیسەكانی گەندەڵی و دزینی بودجەو خواردنی مافی گشتی لەلایەن دەسەڵاتەوە لەرێی كەناڵەكانەوە بڵاودەكەنەوە ئیدی دەسەڵات بێدەنگ نابێ و دەست دەكەن بە گرتن و كوشتن و ئازاردانی ڕۆژنامەنووسان و سوتاندنی بارەگای كەناڵ و ڕاگرتنی پەخش و چەندین ڕێگری و لەمپەری دیكەی بۆ دروست دەكرێت.

**هـ- نـەبوونی دیموکراسی و لاوازیی دامـەزراوە تایبەتییـەکانی چـاودێری لەسـەر کـاری حکومـەت (قاسم،٢٠١٤:١٢٢).**

هەریـەك لـە (دیك و بسکالیا) Dijk and Buscaglia ئامـاژە بـە پەیوەندی پێچەوانـەی نێوان گەندەڵی و دیموکراسی دەدەن، پێیانوایە گەشەکردنی یەکێکیان کاریگەری لەسەر ئەوەی تریان دەبێت، بۆ نموونـە لـە وڵاتـانی دیموکراسیدا گەنـدەڵی کەمـەو کۆمەڵـە ئەهلییـەکان هەست بـە هێزێکـی زیـاتر دەکەن، بەڵام لە وڵاتـانی نادیموکراسیدا لاوازیـی کێبڕکـێ لـە کـەرتی گشتیدا یارمـەتی بڵاوبوونـەوەی گەندەڵی دەدات،و پەیوەندییەکی ئەرێنی هەیە لەنێوان بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە دەوڵەت لەگەڵ ئاستەکانی گەندەڵیدا (Buscaglia and Dijk,2003:6).

وەك دەزانین لە کوردستان دیموکراسی تەنها دروشمێکەو پارتەکان بەرزی دەکەنەوە بۆ ئەوەی ڕاو سـەرنجی نـاوخۆ و دەرەوە بـەلای خۆیانـدا ڕابکێشـن دەنـا لەسـەر زەمینـی واقیـع دیموکراسـی لـە کوردستاندا بوونی نییە، چونکە کۆمەڵێك ئاماژە پێمـان دەڵێن ڕەوشـی ئـازادی تـاك و مـافی مرۆڤ لـە کوردسـتاندا لـە ڕەوشێکی خراپدایـە، بـۆ نموونـە دیـاردەی چەکداری و بـوونی خێڵگـەرایی و بـوونی چەنـدین هێـزی چەکداری جیـاواز و دەزگـای هـەواڵگری حیزبـی و ئاسایشـی حزبـی و پێشـمەرگەی حیزبی، دابەشبوونی کوردستان بەسەر دوو زۆنی جیاوازدا وایکردووە لـەتبوونێکی تـەواوەتی لەسـەر هەموو ئاستەکان دروست ببێت.

ڕۆڵی دەزگاکانی چاودێری لەسەر کاری حکومەت لە کوردستاندا دەکرێ بوترێ وەك پێویست نییـە، چونکـە ڕەنگدانـەوەی کاریگـەری سیاسـەتی پارتـە دەسـەڵاتدارەکانە لەسـەر توانـاو دەسـەڵاتی دەزگاکانی چاودێری کـە بەئاشکرا هەستی پێدەکرێت بۆ نموونـە پەرلـەمان کـە بـەرزترین دەسـەڵاتی یاسادانانە لە کوردستان و یەکێك لە کارەکانی بریتییە لە چاودێری حکومەت، بەڵام وەك پێویست نییە چونکە لێهاتوو بێلایەن نییەو لەژێر کاریگەری هەژمونی پارتە دەسەڵاتدارەکاندایە.

لەڕاپۆرتێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، کە سەبارەت بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان، لەبەرواری (٢٠٠٩/٢/٢٥)دا بڵاوکراوەتەوە، بەشێك بۆ عێراق تەرخانکراوە کە تێیدا باس لە ڕەوشی ناوخۆیی هەرێمی کوردستانیش کراوەو ڕەخنە لە پارتە دەسەڵاتدارەکان گیراوە.

لەو ڕاپۆرتەدا چەندین حاڵـەتی تایبـەت و ڕووداوی گشتیی نـاو هـەرێمی کوردسـتان خراونەتـەڕوو،و هاوکات بایەخێکی زۆریش بەچەمکی دیموکراسی و ئازادی و شەفافیەت دراوە کـە لـە کوردسـتاندا لـە دۆخێکی خراپدایە (کوردستانپۆست،٢٠٠٩:١).

لەلایـەکی تـرەوە ڕێکخـراوی چـاودێری مافـەکانی مـرۆڤ (Human Rights Watch) لـە بـەرواری ٢٠١٩/٣/١٣ لـە ڕاپـۆرتی سـاڵانەی خۆیـدا سـەبارەت بـە ئـازادی ڕاگەیانـدن لـە هـەرێمی کوردسـتانی عێراقـدا دەڵێـت: (لەهەنـدێ کاتـدا هێـزە حکومییـەکان ڕێگـری لـە ڕۆژنامەنووسـان و

دەزگاكانی راگەیاندن دەكەن لە پەخشكردنی هەواڵەكان لەبەر بیانووی ئەمنی، هەروەها هەندێ لە دەزگاكانی راگەیاندن تووشی هەڕەشەو ئازاردان بوون و ڕۆژنامەنووسەكانیان تووشی نارەحەتی و گرتن بوون، لەهەمانكاتدا هەوڵەكانی حكومەت بەردەوامە بۆ قەدەغەكردنیان لە گواستنەوەی بابەتە سیاسییە هەستیارەكان لەوانە بابەتە ئەمنییەكان و كەیسەكانی گەندەڵی و شكستی حكومەت لە دابینكردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەكاندا) (Watch,2019:27).

كەواتە بەپێی راپۆرتەكە دەردەكەوێت دیموكراسی لە كوردستان لە مەترسیدایەو دەزگاكانی راگەیاندنی ئەهلی و رێكخراوە ناحكومییەكان بەتەواوی ناتوانن رۆڵی خۆیان ببین بۆ دەرخستنی راستییەكان و ببنە چاودێرێكی بەهێز بەسەر ئیشوكارەكانی حكومەتەوەو لەلایەكی دیكەوە بوونی راگەیاندنی حیزبی لەجێگەی راگەیاندنی نیشتیمانی و لاوازی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵی مەدەنی و زۆریی رێكخراوەكانی سەر بە دەسەڵات، هەموو ئەمانە هۆكاری زیادبوونی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆیین چونكە لاوازی دەزگاكانی چاودێری و كۆمەڵی مەدەنی دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەژمونی حیزبی و دروستبوونی بەرژەوەندی تایبەت لەجێگەی بەرژەوەندی گشتی و بێبەشبوونی تاكەكانی كۆمەڵگا لە پیادەكردنی مافەكانیان و پیادەكردنی خولیاو توانست و ئارەزووەكانیان لە مەیدانی كاردا.

و- **<u>هەبوونی بەرژەوەندی و پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ هاوبەشە دەرەكییەكان یان بەرهەمهێنەرەكان لە وڵاتانی تر</u>**،هەروەها بەكارهێنانی ئامرازە نایاساییەكان لەلایەن كۆمپانیا بیانییەكانەوە بۆ گەیشتن بە دەسكەوت و قۆرخكاری لەناو حكومەتدا یان هێنانی كاڵای خراپ و بەسەرچوو (العبسي،٢٠٠٩:٢).

وەك دەزانین بازاڕەكانی كوردستان لەلایەن پارتە دەسترۆیشتووەكانەوە قۆرخكراوەو لەناو ئەوانیشدا هەندێك لە بەرپرسان هاوردەی زۆربەی كاڵاكانیان بۆ خۆیان قۆرخكردووە،و هەر ئەوان مافی هێنانی زۆرینەی كاڵاكانیان هەیە، بەئامانجی ئەوەی هەرخۆیان قازانج بكەن و كەسیتر لە هێنانی كاڵاكان سوودمەند نەبێت، هەروەها ئەو كاڵایانەی هاوردەی دەكەن جۆرێتییەكەی وەك پێویست نییەو نرخەكەشی بەرزە. بەرپرسە بازرگانەكان چەندین پەیوەندی بازرگانییان لەگەڵ كۆمپانیاكانی دەرەوەدا هەیەو كۆمپانیاكانیش تەنها لە بیری قازانج و ناردنی كاڵای خراپدان بۆ هەرێمی كوردستان، بۆیە ئەمە زیانێكی هەمەلایەنی لە خەڵكی كوردستان داوە لەڕووی تەندروستییەوە خەڵكی دووچاری چەندین كێشەی تەندروستی بوون هەروەها لەڕووی ئابورییەوە نرخی كاڵاكان بەرزن، لەڕووی جۆرێتیشەوە لە ئاستێكی خراپدان، بۆیە هەموو ئەم كردارانە بە گەندەڵی دادەنرێن چونكە قۆرخكردنی بازاڕو هێنانی كاڵای خراپ و دەست تێكەڵكردنی بەرپرسان لەگەڵ كۆمپانیاكاندا نیشانەی لاوازیی حكومەت و داواكاری گشتییە لەئاست ئەم پرسەدا.

**ز- دەرکەوتنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە تایبەتییەکان** لەنێوان تاکەکاندا بێت یاخود لەنێوان گروپەکان یان لە دەرەوەی دەزگایەکی کارگێری دیاریکراودا، بەم هۆیەوە ڕێگەخۆش دەکات لەبەردەم ئەگەری ئەمجۆرە پەیوەندییانەو دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی (العطار،٢٠٠٨:١٩١).

لە فەرمانگە حکومییەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەم دیاردەیە بەدی دەکرێت و هەندێجار فەرمانبەر لە کارەکەیدا گەندەڵی دەکات و پابەند نابێت بە کاتی دەوامکردن یاخود پێش تەواوبوونی دەوام شوێنی کارەکەی جێدەهێڵت، بەڵام لەلایەن بەڕێوەبەرەوە سزا نادرێت، ئەمە کۆمەڵێك ئاماژە نیشاندەدات لەوانە: بوونی پەیوەندی کەسی و هاوسۆزی بۆ یەکترو پێشێلکردنی یاساکانی کارکردن،و لە ئەنجامدا دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی و بە فیڕۆدانی دەرامەتی مرۆیی چونکە فەرمانبەر ئەرکەکەی وەك خۆی جێبەجێ ناکات و لەهەمانکاتدا موچە وەردەگرێت، ئەم دژیەکییە لە بەشێك لە فەرمانگەکاندا تێبینی دەکرێت.

تێکەڵبوونی پەیوەندییە نافەرمییەکان بە پەیوەندییە فەرمییەکان لەشوێنی کاردا هۆکارێکی کاریگەرە بۆ دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی چونکە ڕێزو شکۆی شوێنی کار لەکەدار دەبێ و فەرمانبەران سنووری یەکتر دەبەزێنن و شوێنی کارەکانیان بۆ بەرژەوەندی یەکتر بەکاردەهێنن، هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەسەر کارەکەیاندا زاڵ دەبێت و لەئاکامدا لاوازیی و بێتوانایی و گەندەڵی لەو فەرمانگەیە بەرهەمدێت کە پەیوەندییەکان بەو جۆرەو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەتی بنیات دەنرێت و لە ئاکامدا ڕۆڵی دەبێت لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا چونکە فەرمانبەران لە یاساو ڕێنماییەکان لادەدەن و بەپێی ویستی خۆیان دەوام دەکەن و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دەقۆزنەوە کە لە شوێنی کارەکەیاندا دروستیانکردووە کە لە ئەنجامدا تواناکانیان بەفیڕۆ دەڕوات و سوودبەخش نابن بۆ ناوەندی کارەکەیان و هیچ ڕۆڵێکی بنیاتنەرانەیان لە پێشخستن و گەشەکردنی فەرمانگەکەیاندا نابێت.

## ٢- **هۆکارە ئابورییەکان:**

لایەنگرانی لێکدانەوەی ئابوریی وایدەبینن گەندەڵی پیشەیی دەرئەنجامی دابەشنەکردنی سامانە بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە کۆمەڵگادا، لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەو لایەنانەی تر کە ژینگەی ئابوری لەخۆی دەگرێت وەکو خراپی بارودۆخی گوزەرانی فەرمانبەران لەڕووی نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی موچەدا کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دوو چین یەکێکیان دەوڵەمەند، ئەوەی دیکەشیان هەژار، دواجار ئەمە هۆکارە بۆ لاوازبوونی هاوسۆزی بۆ ئامانجە گشتییە هاوبەشەکان بۆ کۆمەڵگاو چەندین ڕەفتاری لادەرو گەندەڵ لە دەزگاکانی دەوڵەتدا (معید،٢٠١٢:٨٨).

لە دەوڵەتە تازەگەشەندەکاندا زۆربەی فەرمانبەران بەدەست کەمی مافەکانیانەوە دەناڵێنن کە ئەمەش مانای کەم توانایان لە دابینکردنی پێداویستییەکانیاندا دەردەخات هەربۆیە فەرمانبەر ناچاردەبێ بەرتیل لە هاوڵاتیان وەربگرێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە ماددییەی کە بەهۆی کەمیی موچەکەیەوە دروست دەبێت (محمد،الحنکاوي،٢٠١٦:٤١٥).

ئەو بارودۆخە ئابورییانەی کۆمەڵگا پیایدا تێپەڕدەبێت کە لە ئەنجامی جەنگەکان و ململانێ و چەقبەستن و گەمارۆی ئابوری و بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییەکان و ڕێژەی خەرجییەکانەوە دروست دەبێت هەموویان دەبنە هۆی دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی (الشاطري،٢٠١٢:١).

هەر لەم پێناوەدا راپۆرتی کۆنگرەی هەرێمیی کە بەڕێوەبردنی هاریکاری هونەری بۆ پەرەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە لاهای ئاماژەی بۆ هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی کردووەو لە ناویاندا بەم شێوەیە باس لە هۆکاری ئابوری کراوە: (جیاوازی چینایەتی لەنێوان دەوڵەمەندو هەژار و کەمی داهات لای چینێك و زۆریی داهات لای چینێکی تر وایکردووە ئارەزوو بۆ گەندەڵی دروست ببێت) (الامم المتحدة،١٩٩٠: ٥٦-٥٨).

هۆکارە ئابورییەکان بەچەندین شێوەی جیاواز پۆلێنکراون، هەندێکیان پێیانوایە بریتین لەمانە: کەمدەرامەتی و هەژاری، قەیرانە ئابورییەکان و کەمیی داهات، هەروەها بەرزبوونەوەو بەردەوامبوونی تێکڕای بێکاری (أبوحمود،٢٠٠٢:٤٥٦):

هەندێکیتر بڕوایان وایە هۆکارە ئابورییەکانی گەندەڵی پیشەیی پەیوەستن بە سروشتی سیستەمی ئابوری و سیاسەت و ستراتیجیەت و نەبوونی دادپەروەری لە دابەشکردنی سامانەکان،و میکانیزمەکانی دروستکردنی پرۆژەکان کە کاریگەرییەکی گەورەیان لە بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی پیشەییدا هەیە ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك لەوانە: هەڕەمەکی لە هەڵبژاردن و دامەزراندنی پرۆژە گشتییەکان، دڵنیانەبوون لە توێژینەوە ئابورییەکان، فراوانبوونی بێ بەرنامە لەڕووبەری کەرتی گشتی، بوونی بێکاری شاراوە، ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران و فەرمانبەران لە کەرتی گشتیدا (الخفاجي،٢٠٠٩:٢٤).

لەژێر رۆشنایی ئەو خاڵانەی سەرەوە دەکرێت گرنگترین هۆکارە ئابورییەکانی گەندەڵی پیشەیی بەخاڵ ڕوون بکەینەوە:

**أ- دارمانی گوزەرانی تاك لەناو کۆمەڵگاو بڵاوبوونەوەی هەژاری:**

دابەزینی ئاستی موچەو خراپی گوزەران لە کەرتی گشتی،و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خواست،و زۆریی بەکارهێنانی کالاو ئالۆزبوونی گوزەران لە هۆکارە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی گەندەڵیی پیشەیین، دابەزین و بەشنەکردنی موچەو داهات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکان دەبنە هۆی

دروستبوونی ژینگەیەکی گونجاو بۆ هەندێ لە فەرمانبەران تا بەدوای سەرچاوەی دیکەی داهاتدا بگەڕێن تەنانەت ئەگەر بەڕێگەی نایاساییش بێت (محمود،٧:٢٠١٧) لە ئاکامدا ئەم دۆخە ئەنجامێکی نەرێنی لێ بەرهەمدێت و خواست لەسەر وەرگرتنی بەرتیل زۆر دەبێت کە دەبێتە کارێکی پەسەندو کەس ڕەتی ناکاتەوەو هەریەك لە دزی و ساختە و فێڵ لەسەر حسابی دارایی گشتی زیاد دەکات.

لەراستیدا دەتوانین ئاماژە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارە بکەین کە لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرت واتە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە دروستبوونی جەنگی تیرۆر،و دابەزینی نرخی نەوت،و ئاڵۆزبوونی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندو نەمانی بودجەی هەرێم و کەمبوونەوەی موچەی فەرمانبەران بۆ نیوەو کەمتریش، هەموو ئەمانە رۆڵێکی خراپیان هەبووە لەسەر گەندەڵی پیشەیی چونکە ئەو هۆکارانە ژینگەیەك بوون بۆ گەندەڵی سەبارەت بە فەرمانبەران و موچەخۆران لەبەرئەوەی لەگەڵ کەمبوونەوەی موچەو خراپبوونی بارودۆخی ئابوریدا ئیدی فەرمانبەران ناچاربوون کاری دیکە بکەن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان کە ئەمەش وزەو توانای فەرمانبەرانی لاوازکرد، چونکە ئەنجامدانی زیاد لە کارێك کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر بەرهەمی کاری فەرمانبەرو لەوانەیە هەندێك لە فەرمانبەرانیش پەنایان بۆ وەرگرتنی بەرتیل بردبێت بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی کەمیی موچە، ڕەنگە مەرج نەبێ هەمیشە بەهۆی خراپی باری ئابورییەوە فەرمانبەر بەرتیل لە هاوڵاتی وەربگرێت بەڵکو هەندێجار بەهۆی نەبووی لێپرسینەوەو ڕاهاتنی فەرمانبەرو چاولێکەری لەسەری و لەهەمانکاتدا لاوازی هۆشیاری هاوڵاتییەوە دیاردەکە بڵاوببێتەوە.

هەرچەندە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) تاوانەکانی بەرتیلی لە چەند ماددە و بڕگەیەکدا دیاری کردووە، لە دەستگرتن بەسەر موڵك و ماڵی بەرتیلخۆر و پێبژاردن تا بێبەشکردنی لە ماف و ئیمتیازاتی فەرمانبەریی هەر لەو یاسایەدا جەخت لەوە کراوەتەوە ئەگەر فەرمانبەر بۆ چاوپۆشی لە تاوانێکی گەورە بەرتیلی وەرگرت، ئەوە سزای تاوانە گەورەکە وەردەگرێت نەك سزای بەرتیلخۆرییەکە (قانون العقوبات،٤٥:١٩٦٩). بەڵام لەهەمانکاتدا ئەم دیاردەیە هەر بوونی هەیەو لەلایەن بەشێك لە فەرمانبەرانەوە ئەنجام دەدرێت.

**ب- نەبوونی یەکسانی و دادپەروەری و دابەشکردنەوەی سامان و دەرامەتە ئابورییەکان بەسەر دانیشتواندا:**

دەوڵەتە دواکەوتووە جیاوازەکان دەناڵێنن بەدەست جیاوازییەکی زۆر لە دابەشبوونی داهات و ساماندا، ئەمە وایکردووە دارایی و سامان لە دەستی چینێکی دیاریکراودا بمێنێتەوە، لەکاتێکدا زۆرینەی هاوڵاتیان لەژێر هێڵی هەژارین و چینی ناوەندیش لە کۆمەڵگادا بەرەو پوکانەوە دەڕوات، بەهۆی ئەمەوە هاوسۆزی بۆ ئامانجە گشتییەکان زۆر لاواز دەبێت (العالي،٢٠١٢:٨٤).

لە هەرێمی کوردستاندا جیاوازی چینایەتی بەئاشکرا دەرکەوتووە بۆ نموونە موچەی پەرلەمانتارێك سیانزە ئەوەندەی موچەی مامۆستایەکە واتە (٧ ملیۆن و دووسەد هەزار دینار) وەردەگرێت و بەهەمان شێوە وەزیرێکیش لەوە کەمتری نییە، لەکاتێکدا موچەخۆر هەیە (٣٥ هەزار) هەزار دینار وەردەگرێت، واتە موچەی مانگێکی پەرلەمانتارێك هاوتایە بە موچەی (٢٠٥) موچەخۆرو (٣٠) فەرمانبەری حکومی کە کەمترین موچەی فەرمانبەر(٢٤٠) هەزار دینارە، موچەی ساڵێکی سەرجەم پەرلەمانتارانی کوردستان (٩ ملیار)و (٥٩٠ ملیۆن) و (٤٠٠ هەزار) دینارە ئەمە سەرەڕای ئیمتیازی تری وەك کڕینی ئۆتۆمبێل و خانوو(رەئوف،٢٠١٥:١٤٠).

هەموو ئەمانە جیاوازییەکی زۆر گەورە دەردەخات،و چینایەتی بەرپا دەکات بەراوورد بە وڵاتانی جیهان بە پێشکەوتوو دواکەوتوویانەوە ئەو بودجەیەی کە بۆ بەرپرسان لە هەرێمی کوردستان و عێراق تەرخانکراوە ئاماژەیەکە بۆ سەرەتای دەسپێکی گەندەڵی.

دروستبوونی جیاوازی چینایەتی لەلای تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەت چینی ناوەڕاست کە بەشێکی زۆریان لە فەرمانبەرانی کەرتی گشتی پێکهاتوون، وادەکات گەندەڵی ئابوری دروست ببێت چونکە ئەو چین و توێژانەی باری ئابوریيان خراپە چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرێت کردەی نایاسایی ئەنجام بدەن بۆ باشکردنی گوزەرانیان ئیدی ئەو توێژانە فەرمانبەربن یاخود کاسبکار، هەریەکەیان لە پێگەی کارەکەی خۆیاندا بیر لەوە دەکەنەوە بەشێوەیەکی ناشەرعی سامان پەیدابکەن، ئەو فەرمانبەرانەی تووشی گەندەڵی پیشەیی دەبن هەندێجار بەهۆی دابین نەکردنی مافەکانیانەوەیە کە دواجار دەستگیردەکرێن و هەر خۆیان زیان دەکەن لەبەرئەوەی بەپێی حوکمەکانی یاسا سزا دەدرێن لەسەر ئەو تاوانانەی لە شوێنی کارەکانیاندا ئەنجامیانداوە بۆیە لێرەدا زۆر گرنگە حکومەت مافی تەواوی فەرمانبەران دەستەبەربکات بۆ ئەوەی ئەوانیش رەفتاری گەندەڵی پیادە نەکەن.

پێدانی موچە لەکاتی خۆیداو دەستەبەرکردنی سەرجەم مافە پیشەییەکان بۆ فەرمانبەران هاندەرێکی ئەرێنییە بۆ دوورکەوتنەوەیان لە ڕەفتاری گەندەڵی و بەفیڕۆنەدانی دەرامەتی مرۆیی چونکە ئەگەر فەرمانبەران بارودۆخی ئابورییان باش بێت ئەوا ئۆتۆمبێلی فەرمانگە بۆ کاری تایبەتی بەکارناهێنن،و بەرتیل لە هاوڵاتی وەرناگرن،و کەلوپەلەکانی شوێنی کارەکەیان نادزن هەروەها بە

پێچەوانەشەوە، کەواتە هەبوونی جیاوازی چینایەتی کەلێنێکی قوڵ لە دەروونی فەرمانبەراندا دروست دەکات و ئەگەرێکی بەهێزە لەبەردەم ڕوودانی گەندەڵی پیشەییدا.

**ج- نەبوونی کارایی لای حکومەت:**

مانای ئەوەیە زۆربەی پرۆسە ئابورییەکان بریتیین لە ڕێککەوتنێکی بازرگانی گوماناوی یان بەرهەمی دەلاڵین و گەندەڵیی پانتاییەکی گەورەی تێدا داگیردەکات، دواجار کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئاست و بنیاتی ئابوریی نیشتیمانی دروست دەکات (سبت،٢٠١٧:٩).

لەم دۆخەدا دەوڵەت بێدەسەڵات و لاوازە لەئاست پرۆسە ئابورییەکانداو حیزب دەسەڵاتدارو خاوەن هێزو بڕیارە لەبەرامبەر هەر چالاکییەکی ئابورییدا، بە نموونە هەرێمی کوردستان لەلایەن دوو پارتی دەسەڵاتدارەوە بەتەواوی کۆنترۆڵکراوەو هەموو چالاکییە بازرگانییەکان بە حیزبی کراون،و وایکردووە بنیاتی ئابوری نیشتیمانی لاوازببێت، چونکە هەژموونی حیزب واتە زاڵبوونی بەرژەوەندی گروپ و بنەماڵەو کەسەکان، بۆیە بەئاشکرا دەبینین کوردستان بەتەواوی کەوتووەتە ژێر دەسەڵاتی حیزبەوە نەك دەسەڵاتی حکومەت، لە کوردستان دەتوانین بڵێین حیزب حکومەت ئاراستەدەکات و بودجەی پێدەدات لەکاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو شەفافدا کردارەکە بە پێچەوانەوەیەو حکومەت باڵادەستە بەسەر حیزبدا، هەربۆیە گەندەڵی پەیوەندییەکی زۆری هەیە بە زاڵبوونی دەسەڵاتی بنەماڵەو پارتەکان و پەراوێزخستنی دەسەڵاتی نیشتیمانی کە دواجار پارتەکان گرێبەستی گەورەو چارەنوسسازو گوماناوی لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی وڵاتانی دیکەدا واژۆدەکەن،و یاری بە چارەنووسی میللەتەوە دەکەن،و بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆیان کاردەکەن نەك بەپێی خواست و داواکارییەکانی کۆمەڵگا، لەم دۆخەشدا گەندەڵی تەشەنەدەکات و دەرامەتە مرۆییەکان بە فیڕۆدەڕوات چونکە ماف نامێنێت و هاوسۆزی بۆ کارو پیشە دەگاتە ئەوپەڕی خراپی.

**د- تێکەڵاوکردنی دارایی گشتی لەگەڵ سامانی تایبەتداو** لەڕێگەی بەشداری کەرتی تایبەت لە بەڕێوەبردنی یەکەکانی وەبەرهێناندا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و گەورەی هەیە لەسەر فراوانبوون و بڵاوبوونەوەی بازنەی گەندەڵی پیشەیی (الزنکنة،٢٠١٤:٢٦٦).

ئەوەی تێبینی دەکرێت بەرپرسانی حیزب و حکومەت لە هەرێمی کوردستاندا دارایی گشتی بۆ کاری وەبەرهێنان بەکاردەهێنن،و لەژێر ناوی کەرتی تایبەتدا دەیخەنەڕوو ئەمەش بۆ شاردنەوەی دزینی دارایی گشتی حکومەتە، بەم هۆیەوە کەرتی حکومی لەچەند ساڵی رابردوودا تووشی پاشەکشەیەکی مەترسیدار بووە کە توانای بەڕێوەبردنی کەرتی گشتی لاواز بووە، لەهەمانکاتدا بەرپرسان هەر خۆیان خاوەنی کەرتی تایبەتن و لەلایەك سامانی گشتییان بەدەستەوەیەو بەکاری دەهێنن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەلایەکی دیکەشەوە بەکاری دەهێنن بۆ کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانی پێدەکەن، بۆیە لەم دۆخەدا بازنەی گەندەڵی فراوان دەبێت چونکە بەرپرسان پێگە

پیشەییەکانی خۆیان بۆ گەندەڵی و کاری نایاسایی بەکاردەهێنن و دارایی گشتی تێکەڵ بەکەرتی تایبەت دەکەن.

**هـ - <u>بەکارهێنانی پۆست بۆ دەسکەوتی تایبەتی</u>:** بەرپرسە حکومییەکان خۆشی لە پۆستەکانیان دەبینن،و سەربەستییەکی تەواو وەردەگرن،و زۆر بە کەمیی گوێرایەڵی بەرپرسیارێتی دەبن،و پۆستەکانیان بۆ دەسکەوتی تایبەتی یاخود قازانجی ماددی بەکاردەهێنن ئەویش لەڕێگەی بەرتیل وەرگرتن لە کۆمپانیاکان یاخود هاوڵاتیان لەبەرامبەردا هاوڵاتیان و کۆمپانیاکان دەسکەوتێك یان کارئاسانییەکیان بۆ دەکرێت (حسین،٢٠١٣:١١).

## ٣- <u>هۆکارە سیاسییەکان:</u>

هۆکارە سیاسییەکان رۆڵێکی باڵایان هەیە لە دروستبوونی گەندەڵیدا بەوپێیەی کایەی سیاسی بوارێکە بۆ ئەو بریارانەی کە چارەنووسی گەلێك دیاری دەکات،و بڕیاریان لەسەر دەدات ئینجا ئەمە دەکەوێتە سەر جۆری ئەو سیستمە سیاسییەی لە کۆمەڵگا حوکم دەکات، بۆ نموونە هەندێك لە سیستمە سیاسییەکان ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە هاندانی گەندەڵیدا، سەرەڕای ئەوەی دەرفەت دەداتە هاوڵاتیان تاکو بتوانن پیادەی مافەکانی خۆیان بکەن لە سەربەستی و ڕادەربڕین و بەشداری سیاسی، بەڵام ئەمە بەتەواوی ئەوە ڕەت ناکاتەوە کە ئەم سیستمانە جێگیربن و بەدووربن لە گەندەڵی، هەروەها دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەم جۆرە سیستمانەدا هەستێکی وا لەلای خاوەن دەسەڵاتەکان دروست دەکات کە ماوەی مانەوەیان لە سەرۆکایەتیدا کاتییە، بۆیە ئەم هەستە پاڵیان پێوە دەنێت کە هەندێك کاری نایاسایی بکەن بەمەبەستی مسۆگەرکردنی داهاتوویان (الكبيسي،٢٠٠٠:٨٩).

لەگەڵ ئەمەشدا هەڵبژاردنەکان ڕۆڵێکی باڵایان هەیە لە گەیاندنی زۆرینە بۆ کورسی دەسەڵات و گۆڕانیان بۆ دیکتاتۆری گەندەڵ، بەڵام ئەو سیستمە سیاسییانەی خاوەنی سیستمێکی دیکتاتۆری و دەسەڵاتخوازین ئەوا دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەهێزترین دەسەڵاتە لەناو دەوڵەتداو دەتوانێت ئیرادەی خۆی زاڵ بکات بەسەر هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریدا.

هەندێکات سەرۆك و فەرمانڕەوایان بەجۆرێ دەستکاری یاساکان دەکەن کە ڕێگە بۆ خۆیان خۆش بکەن هەڵسوکەوت بە سامانی میللەتەوە بکات،و دۆخێك دروست دەبێت کە جیاکاری ناکرێت لەنێوان خاوەندارێتی گشتی و تایبەتدا،و فەرمانڕەوا بەپێی بۆچوونی تاکەکەسی هەڵسوکەوت دەکات و ئەمەش هانی دەدات بۆ گەندەڵی.

کەواتە گەندەڵی سیاسی پێگەی لوتکە داگیردەکات لەنێو جۆرە جیاوازەکانی گەندەڵیداو لەهەموویان مەترسی زیاترە، چونکە پەیوەستە بە دەستەبژێرو دەسەڵاتی سیاسییەوە هەروەك ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی پێناسەی کردووە بەوەی: (خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتێکی

باوەڕپێکراوە لەلایەن بەرپرسە سیاسییەکانەوە لەپێناو دەسکەوتی تایبەت و بەئامانجی زیادکردنی دەسەڵات یان سامان) (مختار،٢٠١٤: ١٣٩).

پابەندنەبوونی لێپرسراوان بە بنەماکانی جیاکاری لەنێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادان و دادوەری لە سیستمی سیاسیدا،و هەڵگەڕانەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر دەسەڵاتی یاسادانانندا دەبێتە هۆی ناتەواوی لە بنەماکانی چاودێری ئاڵوگۆڕ، پاشان لاوازی دەزگای دادوەری و سەربەخۆنەبوون و دەسپاك نەبوونی بە هۆکارێکی هاندەر بۆ گەندەڵی دادەنرێت.

**لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین هۆکارە سیاسییەکانی گەندەڵی پیشەیی دەکەین:**

**أ- لاوازی و سەربەخۆنەبوونی دەزگای چاودێری:**

لەسەرووی هەموویانەوە پەرلەمان کە وادەکات سەرانی گەندەڵ ئەم دەزگایە بقۆزنەوەو بەهۆیەوە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەسەر دەسەڵاتی یاسادانانندا هەڵبگەڕێتەوە (بوقرة،٢٠١٤: ٢٩)، لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی دادوەری بەپێی ئەو یاسایانە کار ناکات کە دەسەڵاتی یاسادانان داینـاوە لـە پەیوەندیدا بە دادگاییکردنی کەسانی گەندەڵ، ئیدی بەهۆی ڕێگریکردنی دادوەرانەوە بێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەلایەن گروپە گەندەڵەکانی ناو دەوڵەت یان ئەوانەی سوودیان لە گەندەڵی وەرگرتووە. کەواتە گەندەڵی سیاسی پەیوەستە بە هەموو ئەو لادانە سیاسی و سەرپێچییانەی کە لە سیاسییەکانەوە دەردەچێت بۆ ئەو یاسایانەی کە کاری سیاسی بۆ دەوڵەت ڕێکدەخات (والي،٢٠١٠: ١٩).

پەرلەمانی کوردستان کە باڵاترین دامەزراوەی یاساییە لە هەرێمی کوردستانداو بەپێی برگەکانی مادەی (٥٦)ی ساڵی (١٩٩٢)ی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئەرکی پەرلەمان دیاریدەکات کە بریتییە لە یاسادانان و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و متمانەپێدان و لێسەندنەوەی متمانە لە ئەنجومەنی وەزیران (پەرلەمان،١٩٩٢: ١٢٧)، بەڵام ئەم دامەزراوە یاساییە گرنگە بەپێی بڕیاری حیزبی و ناکۆکی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات لەسەر هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە بەرواری ٢٠١٥/١٠/١٢ داخراو بە زەبری هێز کۆتایی بە کارەکانی هێنرا ئەویش لەژێر هەژموونی قەڵەمڕەوی حیزبی و زاڵبوونی هێزی خێڵ بەسەر یاسادا، بۆیە دوابەدوای ئەم ڕووداوە ئیدی دامەزراوەکانی هەرێم پەکیان کەوت و هیچ چاودێرییەك بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا نەما و ئیشوکاری فەرمی زۆرێك لە فەرمانگەکان تاڕادەیەکی زۆر پەکیان کەوت و دەوامی فەرمی وەك پێویست نەدەکرا بەهۆی نەبوونی موچەو خراپی دۆخی ئابوری و سیاسی و بوونی بۆشایی یاسایی لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەوەش ڕۆڵێکی خراپی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا گێڕا.

لەکاتێکـدا بـوونی پەرلـەمان واتـە بەگژداچوونـەوەی گەنـدەڵی پیشـەیی و لێپرسـینەوەو بانگهێشتکردنی بەرپرسان بۆ بەردەم یاسا، بەپێچەوانەوە نەمانی ئەم دەزگایە واتە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و یاساشکێنی و چەقبەستنی کاروبارە کارگێڕییەکانی دامەزراوەکانی حکومەت و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان.

**ب- <u>لاوازی چاکسازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی</u>**، ئەویش بە نەگرتنەبەری هیچ ڕێکارێکی چارەسەرکردن یان سزادان لەدژی گەندەڵکاران بەهۆی لێخۆشبوون لێیان کە بەهۆیەوە هیچ سیاسەتێك لە دژیان ناگیرێتەبەر بەهۆی لێنەپرسینەوەو نەبوونی شەفافیەت (علي،٢٠١٤:٧٨).

لەراستیدا بڕیاری بەگژداچوونەوەی گەندەڵی و ڕاگەیاندنی هەڵمەتێکی لەو جۆرە بڕیارێکی هەروا ئاسان نییە لەلای سەرکردە سیاسییەکان چونکە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر لەژێر چەپۆکی حیزبدایە،و دامەزراوەکان مۆرکی حزبییان پێوەدیارە،و بەم هۆیەوە ڕاگەیاندنی هەڵمەتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی خۆی بۆ خۆی مانای تیاچوون و نەمانی هەژموونی حیزبە لەناو دامەزراوەکانی حکومەتدا، بۆیە سەرکردە سیاسییەکان ئەو ئیرادەیان تێدانییە،و نایانەوێت هەنگاوێکی لەو جۆرە بنێن چونکە بە زیانی خۆیان تەواودەبێت،و بەرژەوەندییەکانیان دەکەوێتە مەترسییەوە،و چیدی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو کاروبارانەدا نامێنێت کە چەندین ساڵە دەستێوەردانی تێدادەکەن وەك دامەزراندنی ئەو کەسانەی بەبڕیاری تایبەت لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ساڵانە ئەنجام دەدرێت لەکاتێکدا کە بەفەرمی دامەزراندن بۆ هاوڵاتیانی ئاسایی ڕاگیراوە.

**ج- <u>لاوازبوون و کەمبوونەوەی ئەو خزمەتگوزاری و دامەزراوە گشتییانەی کە خزمەتی هاوڵاتیان دەکەن</u>**، سەرباری کەمیی هەلی کار لەلایەکیترەوە هانی هاوڵاتی دەدات ڕێگەی ناڕاست بگرێتەبەرو هانی هەندێك کەس دەدات ڕێگەی واستەو خزمایەتی و بەرتیل بەکاربهێنن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان (الفياض،٢٠١٣:٩).

ئەم دیاردەیە لە هەرێمی کوردستاندا شتێکی نوێ نییە بەڵام بەتایبەتتر لە سەردەمی سەرهەڵدانی قەیرانی داراییەوە هەستپێکراوە، لەکاتێکدا دەرکەوت دامەزراوە گشتییەکان تووشی شکستێکی گەورە بوون لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ هاوڵاتیان ئیدی هەر لە کەرتی تەندروستییەوە تادەگاتە کەرتی پەروەردەو خوێندنی باڵاو کارەباو ئاو و تەواوی خزمەتگوزارییەکان تووشی لاوازیی بوون،و هاوڵاتی بێ ئومێدبوو لە کەرتی گشتی، لەلایەکیترەوە بێکاریش بەهۆی گەندەڵی ئابوری و نەبوونی دامەزراندن و بوونی هێزێکی مرۆیی زۆر لە ماڵەوەو بەفیڕۆدانی دەرامەتێکی زۆری مرۆیی کە خاوەنی ئەقڵی نوێ،و بڕوانامەی زانستین لە سەرجەم بوارە جیاوازەکاندا، هەموو ئەمانە

وایانکرد هاوڵاتیان پەنا بۆ ڕێگەی واستەو خزمایەتی ببەن تا لە جێگەیەك ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاتیش بێت دابنرێن بۆ ئەوەی بژێوی بەدەستبهێنن.

کەواتە شکستی کەرتی گشتی لە فەراهەمکردنی خزمەتگوزارییەکان،و پشتگوێخستنی کشتوکاڵ و پیشەسازی و پرۆژەکانی بەرهەمهێنان و نەبوونی هەلی کار دەرهاویشتەی گەندەڵی ئابورین کە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە دروستبووە،و بەو هۆیەوە هاوڵاتیان فێری واستەو بەرتیل و تەواوی ڕێگە نایاساییەکان دەبن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

**د- <u>بوونی سیستمێکی فەرمانڕەوای سەرکوتکەر کە قۆرخی دەسەڵات دەکات و بەشداریی سیاسی پەسەند ناکات(الطائي،٢٠١٠: ٢٦):</u>**

لەگەڵ بوونی ئەم دیاردەیەدا کۆمەڵێك دیاردەی تر دەردەکەون وەك خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، دارمانی بنیاتی بەهایی، لاوازیی ڕاگرە ئاکارییەکان لە دامەزراوەکانی دەوڵەت و کۆمەڵگادا بەگشتی کە دەبێتە هۆی زاڵبوونی بەرژەوەندی تاکەکەسی بەسەر بەرژەوەندی گشتیدا،و نەبوونی لێپرسینەوەو بەدواداچوون و قوستنەوەی ماڵی گشتی و بەکارهێنانی بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تاکەکەسییە تایبەتییەکان، ئەم دیاردەیە پاڵ بە هەندێ لە هاوڵاتیانەوە دەنێت کە دووربکەونەوە لە گیانی هاونیشتیمانی و پیادەکردنی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی لە ئەنجامی نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتییەوە (الجبوري،٢٠١١: ٤٥).

**هـ - <u>کاریگەری ناسەقامگیری سیاسی لەسەر دەزگای کارگێری:</u>**

زۆرێك لە وڵاتە دواکەوتووەکان بەدەست ئەو گۆڕانە خێرایەوە دەناڵێنن کە بەسەر ڕەگەزەکانی دەسەڵاتی فەرمانڕەوادا دێت (دەسەڵاتی جێبەجێکردن) و ئەمەش لەئەنجامی کودەتا سەربازییەکان،و تیرۆر و جەنگە ناوخۆییەکان،و بزوتنەوە جیابووەکان،و ئەو ئاژاوە دووبارەبووانەی کە وڵات تووشی دێت، سەرباری ئەمانەش دابەشبوونە ناوخۆییە توندەکان بەهۆی جیاکاری نەژادی، خێڵەکی، ئاینی، زمانیی، لەگەڵ لاوازی سیستمی سیاسی بۆ کەمکردنەوەی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ناسەقامگیری سیاسی (السرحان،٢٠١٥: ١٩).

ئەم خاڵە پەیوەندییەکی زۆری بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە چونکە بارودۆخی سیاسی لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا سەقامگیرنەبووە لەبەر بوونی شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتە دەسەڵاتدارەکاندا، پاشان دابەشبوونی هەرێمی کوردستان بۆ دوو قەڵەمڕەوی جیاواز، ئەم دابەشبوونە تەنها لەسەر لایەنی سیاسی کاریگەری جێنەهێشتووە بەڵکو لەسەر تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگا کاریگەری هەبووە بەتایبەت لەسەر دەزگای کارگێڕی و دروستبوونی کارگێڕییەکی لاواز لە هەرێمی کوردستاندا کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دابەشبوونی دەسەڵاتی سیاسی لەنێوان پارتە دەسەڵاتدارەکانداو خوێندنەوەی سەرجەم بابەتەکان لەڕوانگەی حیزبی و ئایدیۆلۆژی تایبەتییەوە کە

دواتر حکومەتێکی لاوازی لێ بەرهەم هاتووەو کەرتی گشتی لەئاست خواست و داواکارییەکانی خەڵکدا نەبووە، چونکە پارتەکان هێندەی لە خەمی بودجەو تێرکردنی خۆیاندا بوون هێندە لە خەمی بەهێزکردنی کەرتی گشتی و دامەزراوە حکومییەکاندا نەبوون.

سیستمی سیاسی لە کوردستاندا سیستمێکی بەهێز نییەو نەیتوانیوە ئەو کاریگەرییانە بسڕێتەوە کە بوونەتە هۆی ناسەقامگیری لە هەرێمەکەدا، چونکە هەموو کاتێك هەرێمی کوردستان لەنێو ئەو ئەگەرەدا گوزەری کردووە کە ئەگەر پارتە دەسەڵاتدارەکان ڕێکنەکەون لەسەر پۆستەکان ئەوا خراپوونی دۆخی سیاسی ئەگەرێکی کراوە دەبێت و سەرەنجام خەڵکی کوردستان زەرەرمەندی یەکەم دەبێت.

**و- لاوازی و بێ متمانەیی پەیوەندی نێوان حکومەت و جەماوەر:**

سنووردارییی کەناڵە فەرمییە کاریگەرەکان لەسەر بڕیارەکانی دەزگای کارگێڕی حکومی و لاوازی پەیوەندییەکانی ئەو دەزگایانە لەگەڵ جەماوەرو باڵادەستیی هاوسۆزییە حزبیەکان لەسەر حسابی هەستی نیشتیمانی،و پاراستنی گەندەڵکاران،و کارئاسانی لە لێپرسینەوەیاندا،و نەبوونی سیستمی چاودێری، هەموو ئەمانە هۆکاری دەرکەوتنی گەندەڵین و چەند هەڵسوکەوتێکی لادەر دەردەکەوێت کە ناکۆکە لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگادا (عبداللطیف،٢٠٠٦:٨).

لەهەرێمی کوردستاندا وەك پێویست کار نەکراوە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەنێوان جەماوەرو دەسەڵاتی سیاسی، بەڵکو زۆرجار پتەوکردنی ئەو پەیوەندییە پشتگوێخراوەو وەك پێویست رەخنەکانی جەماوەر بەهەند وەرنەگیراوە سەبارەت بە چاکسازی سیاسی و رەخساندنی زەمینەیەکی سیاسی لەبار بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانەو گەڕانەوەی متمانە بۆ جەماوەر و دەسەڵات.

**ز- زیادبوونی هەلی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی لەو وڵاتانەی بە قۆناغی گواستنەوەدا تێپەڕدەبن:**

ئەو وڵاتانەی لەم قۆناغەدان لە بارودۆخێکی تایبەتیدان ئیدی سیاسی بێت وەك گواستنەوە لە قۆناغی داگیرکارییەوە بۆ قۆناغی دروستبوونی دەوڵەت، یان بارودۆخەکە ئابوری بێت وەك گواستنەوە لە سیستمێکی ئابورییەوە بۆ یەکێکیتر، یاخود کۆمەڵایەتی بێت و بەڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری بارودۆخی سیاسیدا بێت، ئەم بارودۆخە یارمەتیدەربێت بۆ نوێگەری یاخود هۆکاری ناتەواویی بێت بۆ بنیاتی دامەزراوە نیشتیمانییەکان و یاساکان کە دواجار ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەندەڵکاران دەڕەخسێنێت،و هەلی گەندەڵی زیاد دەبێت لەکاتێکدا هاوکاتە لەگەڵ لاوازیی دەزگای چاودێری لە چاودێریکردنی کارەکانی فەرمانبەران لەو قۆناغە ناجێگیرەدا (کاظم،٢٠١٣:٧).

هەرێمی کوردستان لە ئێستادا بە قۆناغی گواستنەوەدا تێدەپەڕێت چونکە هێشتا بەتەواوی سەقامگیر نەبووە،و بەردەوامە لە گۆڕانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی، دەتوانین بڵێین ئەو کۆمەڵگایانەی بەم قۆناغەدا تێدەپەڕن بەرپرسەکانیان دەرفەتی گەندەڵیان زیاترە لەبەرئەوەی دەزگای

چـاودێری وەك پێویسـت بەهێزنییـەو ناتوانێـت بـە کارەکـانی خـۆی هەڵسـێت، بـەم هۆیـەوە دەرامەتـە مرۆییەکان بەفیڕۆ دەڕوات چونکە گەندەڵی بەشێوەیەکی مەترسیدار بڵاودەبێتـەوەو نـادادی و سـتەمی کۆمەڵایەتی زیاد دەبێت.

ی- **<u>بوونی پارێزبەنـدیی لـەلای گـەورە بەرپرسـان و سیاسـییەکان کـە پارێزگارییـان لێـدەکات لـە بەدواداچوون و لێپرسینەوە:</u>**

لـە وڵاتـە نـا دیموکراسـی و ناشـەفافەکاندا بـەو پێیـەی یاسـا سـەروەر نییـە بـۆ هـەموو هاوڵاتیـان دەبینین دەستەبژێری سیاسی هەمیشە خۆیان وادەبینن کە لـە سـەرووی یاسـاوەن و یاسـا تـەنها بەسـەر چینەکانی تری کۆمەڵگادا جێبەجێ دەکەن (ریمة،٢٠١٥: ٢٠).

ئەو پارێزبەندییەی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بەرپرسـەکان هەیـە خـودی ئـەو هێـزە چەکدارەیـە کە پارێزگارییان لێدەکات بۆیـە دەزگـای چاودێری ناتوانێت بیانداتـە دادگـا لەبەرئـەوەی دادگـاییکردنی بەرپرس کە لەسـەر کەیسـی گەنـدەڵی تێوەدەگلێن کاتێك سـەرکەوتوو دەبێت کـە هـیچ پارێزبەندییـەکی نەبێت و یاسا بەتەواوی بەسـەریدا جێبـەجێ بکرێت وەك چۆن بەسـەر هاوڵاتییـەکی ئاسـاییدا جێبـەجێ دەکرێت.

## ٤- <u>هۆکارە یاساییەکان</u>

لـە گرنگترین هۆکارەکـانی بڵاوبوونـەوەی گەنـدەڵی پیشـەیی لـە وڵاتـانی دواکـەوتوودا نـەبوونی سەروەری یاسایە بۆ لێپێچینەوە لە گەندەڵی، مەبەست لەو یاسایانە هێزو توانایانـە بـۆ جێبـەجێکردنێکی کـارا بەمەبەسـتی سـەپاندنی ئـەو سزایانەی لـە بەرامبـەر سـەرپێچیکاراندا دەدرێـت، هـەروەها زۆریـی یاسـاکان و فرەجۆرییـان ئامرازێکـە بـۆ کەمکردنـەوەی گەنـدەڵی پیشـەیی و ڕێکخسـتنی کاروبـاری دامودەزگاکـان بەشـێوەیەکی یاسـایی و دوور لـە ڕاوبۆچـوونی تاکەکەسـی،و بەیاسـاییکردنی هـەموو بابەتە جۆراوجۆرەکان.

گەندەڵی پیشەیی دەگەڕێتەوە بۆ خراپ داڕشتنەوەی یاساکانی کار ئـەویش بـەهۆی تـەمومژاویی بابەتـە یاسـاییەکان یـان لەهەنـدێ کاتـدا دژیـەکییان لەبەرامبـەر یەکدا وادەکات دەرفـەت بڕەخسـێنێ تـا فەرمانبەر خۆی لە جێبەجێکردنی یاسا قوتار بکـات یـاخود بەهەڵـە لێکدانـەوەی بـۆ بکـات و بـەو جـۆرە لێکی بداتەوە کە دژە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیاندا (موسی،٢٠١٤: ٧).

**لێرەدا گرنگترین هۆکارە یاساییەکانی گەندەڵی پیشەیی دەخەینەڕوو:**

أ- **لاوازیی دەزگای دادوەریی:** کەمتوانایی ئەم دەزگایە لەئاست جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانەی دەریدەکات و چاودێری بەسەر ئەو بڕیارە کارگێڕییانەی لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەچێت، هەروەها سەربەخۆنەبوونی دەسەڵاتی دادوەری بوار بۆ گەندەڵبوونی دەکاتەوە (مصلح،٢٠١٣:٢٩).

دادگا لێپرسراوی یەکەمە لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی بەگژ گەندەڵیدا دەچێتەوە، ئەگەر دادگا خۆی گەندەڵ بێت ئیدی ئاستەمە دادپەروەری لە بەگژداچوونەوەی گەندەڵیدا دەستەبەر بکات بۆیە ئەمە لە مەترسیدارترین جۆرەکانی گەندەڵییە (الياسري،٢٠٠٩:١٢٥).

سەربەخۆنەبوونی دادگا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی گەندەڵی بە ئاستێکی باڵا، لەکاتێکدا دەبینین لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا سەربەخۆبوونی دادگا لە کارو چالاکی سیستمی سیاسیدا وایکردووە ڕێچکەی بابەتیی خۆی وەربگرێت و بتوانێت فەرمانڕەواییەکی باش پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات (ابراهيم،٢٠١٦:٢٢٩).

لەهەرێمی کوردستاندا ئەوە بەدی دەکرێت کە دادگاکان بێلایەن نین و لەژێر کاریگەری پارتە دەسەڵاتدارەکاندان و نەیانتوانیوە دەزگای دادوەری بپارێزن لە کاریگەری دەسەڵاتی حیزب بۆ نموونە ڕێکخراوی چاودێری نێودەوڵەتی (Human Rights Watch) لە ڕاپۆرتی ساڵانەدا کە ٢٠١٩/٣/١٣ بڵاوبووەتەوە هاتووە کە: (ئەنجومەنی دادوەری کوردستان لەڕووی یاسایی و دارایی و کارگێڕییەوە سەربەخۆیە لە وەزارەتی داد لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵام لە دۆزە سیاسییە هەستیارەکاندا دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەری هەیە لەسەر ئەنجومەنی دادوەری) (Watch,2019:17).

ئەم ڕاپۆرتە ئەوە دەردەخات دەزگای دادوەری لە کوردستان لەژێر کاریگەری بڕیاری حیزبەکاندایەو بێلایەنی خۆی نەپاراستووە، ئەمە مانای هەبوونی گەندەڵییە لەم دەزگایەدا چونکە گوێڕایەڵی بۆ بڕیارەکانی حیزب مانای چاوپۆشییە لە سەرجەم ئەو گەندەڵییانەی کە بەرپرسان ئەنجامی دەدەن و بەم هۆیەوە یاسا ناتوانێت سزایان بدات و دواجار دەرامەتە مرۆییەکان بەفیڕۆ دەڕوات چونکە بوونی گەندەڵی لە دەزگای دادوەریدا مانای لەدەستدانی سەرمایەی مرۆیی و نەپاراستنی یەکسانی نێوانیانە کە ماف بۆ ماف خوراو وەرگرێت و سزای گەندەڵ و ماف خۆرەکان بدات،و هاوسەنگی و دادپەروەردی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەستەبەربکات.

ب- **نەبوونی دادپەروەری لە جێبەجێکردنی یاساکاندا:** لێپرسراوە گەورەکان تووشی لێپرسینەوە نابن و نادرێن بە دادگا لەکاتێکدا لە بابەتەکانی گەندەڵیدا تێوەدەگلێن بۆیە ئەمە بوار لەبەردەم فەرمانبەران و لێپرسراوە بچووکەکاندا دەڕەخسێنێت کاری گەندەڵکاری بکەن بەو پاساوەی گوایە گەندەڵیی لێپرسراوە گەورەکان گەورەترە لەو گەندەڵییانەی فەرمانبەران ئەنجامیانداوە (العكيلي،٢٠١٥:٦).

لەهەرێمی كوردستاندا یاسا سەروەر نییە،و بۆ هەمووان وەك یەك نییە چونكە بابەتی گەندەڵی لە ئێستادا بەئاشكرا لە ناوەندو میدیا جیاوازەكاندا باس دەكرێ،و بابەتێك نییە بە نهێنی مابێتەوە كە هۆكارەكەی نەبوونی یاسا نییە، بەڵكو بەپێچەوانەوە یاسا هەیە بەڵام بەشێوەیەكی دادپەروەرانە بەسەر هەموو هاوڵاتیاندا جێبەجێ ناكرێت،و ئەوانەی پۆستی بەرزیان هەیە خۆیان وادەبینن یاسا بۆ ئەوان نییەو بە ڕەوای دەبینن پێشێلكاری بكەن چونكە دەزانن حیزب پارێزگارییان لێدەكات و ناهێڵێت تووشی دادگاییكردن ببن بۆیە بێخەمن لە گەندەڵیكردن و دواجار فەرمانبەرانیش وایدەبینن كارێكی ئاساییە گەندەڵی بكەن چونكە بڕوایان وایە گەندەڵی ئەمان لە گەندەڵی بەرپرسەكانیان بچووكترە.

**ج- <u>لایەنگیری و لاوازیی دەزگاكانی دەسپاكی گشتی و</u>** كەمتەرخەمییان لە گرتنەبەری ڕێگەو شێوازی نوێ بۆ دۆزینەوەی گەندەڵی و بەكارهێنانی ڕێكارە یاساییە توندەكان لەدژی گەندەڵكاران (الكرعاوي،٢٠٠٣:٦).

لەهەرێمی كوردستاندا چەند ساڵێكە دەستەی دەسپاكی دروستبووەو چەندین كارو چالاكی و سیمیناریان سەبارەت بە گەندەڵی پێشكەشكردووە، هەروەها چەندین توێژینەوەیان ئەنجامداوەو ئاماری گەندەڵییان لە چالاكییەكانی خۆیاندا ساڵانەو وەرزانە بڵاوكردووەتەوە، لە دواهەمین ڕاگەیەندراویاندا ئاماری پێنج ساڵیان خستووەتەڕوو واتە لە ساڵی (٢٠١٤) هەتا ٢٠١٩/١١/٣٠ هەروەك لە پاشكۆی (٢)دا خراوەتەڕوو. ئەم ئامارانە مانای سەركەوتنی تەواوەتی نییە بەسەر گەندەڵیدا، چونكە هێشتا ئەو بەرپرسە حكومی و حیزبییە باڵادەستانەیان وەك پێویست نەداوەتە دادگاكان كە گەندەڵی دەكەن تا سزای خۆیان وەرگرن و شەرعیەت بۆ دادگاكان و دەسەڵاتی چاودێری بگەڕێننەوە، بەڵكو هێشتا هەوڵەكان لە سەرەتادان و بەشێكی زۆری ئەوانەی دراونەتە دادگا فەرمانبەر یاخود ئەو كەسانەن كە پۆستی كارگێڕی بەرزیان نییە.

دەستەی دەسپاكی كار بۆ بنەبڕكردنی گەندەڵی دەكات واتە هەوڵدەدات دەرامەتە مرۆییەكان بەفیڕۆ نەڕوات بەڵام ئەم هەوڵە لە كوردستاندا هێشتا لە سەرەتادایە چونكە كاری سەرەكی ئەوان دۆزینەوەی گەندەڵییە لەسەر ئاستە باڵاكانی دەسەڵاتی كارگێڕی و ڕووبەڕووكردنەوەی لێپرسراوە پلە بەرزەكان بە دادگاكان بەو مەبەستەی لە ڕیشەوە دیاردەكە بنەبڕبكرێت و دەرامەتی مرۆیی پارێزراوبێت.

**د- <u>گەندەڵی دادوەرەكان:</u>**

هەندێك لەو كەسانەی لە پرۆسەكانی گەندەڵیدا تێوەدەگلێن بڕەپارەی زۆرو خەڵاتی گرانبەها پێشكەش بەهەندێ لە دادوەران دەكەن بۆ ئەوەی پارێزگارییان لێبكەن یان پارێزەر بۆ خۆیان دەگرن و بڕەپارەی یەكجار زۆریان پێدەدەن بۆ ئەوەی بەرگرییان لێبكەن لەو بابەتانەی كە پەیوەندییان بە گەندەڵییەوە هەیە (خميسي،٢٠١٦:٧٥).

ئەم دیاردەیە لەو وڵاتانەدا ڕوودەدات کە یاسا تیایدا سەروەر نییەو دادوەران ئامادەن خەڵات و بەرتیلی گەورە لە بەرپرسان وەربگرن تا پارێزگارییان لێ بکەن و سزاکانیان لەسەر سووك بکەن، یاخود هەر سزاش نەدرێن و لەدەست یاسا رزگاریان ببێت، وڵاتە دواکەوتووەکان ئەم دیاردانەیان تێدایە چونکە دەزگای دادوەرییان بەهێزو بێلایەن نییە، بۆیە بەئاسانی بەرپرسان دەتوانن ئەو لاوازییە بقۆزنەوەو بە پارە خۆیان لە کەیسە جۆراوجۆرەکان رزگار بکەن، گومانی تێدانییە هەرێمی کوردستانیش بەوپێیەی یاسا تیایدا وەك پێویست سەروەر نییەو حیزب باڵادەستە بەسەر بڕیارەکانی حکومەتدا بۆیە لەم ژینگە کۆمەڵایەتییە ناتەندروستەدا بەرپرسان لەڕێگەی ئەو پارانەی بە خۆڕایی دەستیانکەوتووە پارێزەر بە پارەی زۆر دەگرن یاخود دادوەران بە پارە و دیاری قایل دەکەن تا لە کەیسەکانی گەندەڵیدا بەرگرییان لێ بکەن.

بەڵام ئەم دیاردەیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا زۆر کەمە چونکە بەرپرس ناتوانێت پارە بەڕێگەی دزی کۆبکاتەوەو ناتوانێت دادوەرو پارێزەر بە پارە بکڕێت،و داد لەسەرووی هەموو کەسێکەوەیەو بواری دروستبوونی پەیوەندی تایبەتی زۆرکەمە، بەپێچەوانەی هەرێمی کوردستانەوە کە بواری پەیوەندی تایبەتی و دزی و گەندەڵی لە ئاستێکی باڵادایەو هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان کە سامانی وڵات دەکەوێتە ژێردەستی چەند کەسێکی کاربەدەست و بۆخۆیان بەکاری دەهێنن،و بەشێکی زۆری هاوڵاتیان بێبەش دەبن لە ژیانێکی ئاسوودە، بەمەش زیان لە ئابوری وڵات دەدات،و هەلی کار کەم دەکاتەوە،و بوار بۆ خستنەسەرکاری تاکەکانی کۆمەڵگا کەم دەکاتەوە،و زیان لە دەرامەتە مرۆییەکان دەدات و سەرمایەی مرۆیی بەفیڕۆدەدات.

**هـ - ناسەقامگیری ژینگەی یاسایی و یاسادانان کە کۆنترۆڵی دامەزراوە حکومییەکان دەکەن:**

ئەگەر سیستمێکی یاسایی و باجدانی دادپەروەر هەبێت لەگەڵ بوونی حکومەتێکدا کە بتوانێت ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات کە کاریگەرییان لەسەر ئەو دامەزراوانە هەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە کارەکانیان هەستن و سنوور بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی دابنێن، بەڵام لە دۆخی شکستی ئەو دامەزراوانە لە ئەرکەکانیاندا دەردەکەوێت کە هاوڵاتیان پەنا دەبەنە بەر شێوازە نایاساییەکانی وەکو بەرتیلدان بە لێپرسراو و فەرمانبەرە حکومییەکان بۆ تەواوکردنی مامەڵەکانیان (الغانمي،٢٠١٧: ١٢).

سەقامگیری ژینگەی یاسایی بابەتێکی زۆر گرنگە بۆ هەموو کۆمەڵگایەك، چونکە ئەگەر پێچەوانەکەی وەربگرین دەبینین هیچ کۆنترۆڵ و چاودێرییەك لەسەر دامەزراوەکانی حکومەت نامێنێت،و ڕێگا بۆ دروستبوونی گەندەڵی خۆش دەکات وەك ئەوەی لە کوردستان دەیبینین بەهۆی ناسەقامگیری ژینگەی یاسایی و جێبەجێ نەبوونی یاساکانەوە کۆنترۆڵی دامەزراوە حکومییەکان تائەندازەیەکی زۆر زەحمەتە چونکە کاریگەری حیزب وایکردووە ژینگەی یاسایی سەقامگیری

بەخۆیەوە نەبینێت،و نەتوانێت بەتەواوی کۆنترۆڵی دامەزراوەکانی کەرتی گشتی بکات، بۆیە لەم دۆخەدا چەندین جۆری گەندەڵی سەرهەڵدەدات وەك بەرتیل و واستەو هاوسۆزی و خزمایەتی و فشاری حیزبی و چەندین جۆری دیکەش، بوونی ئەم گەندەڵییانە شکستی دامەزراوەکانی حکومەت دەردەخات لە جێبەجێکردنی یاسادا،و ئەوە نیشاندەدات کە کەمومورتی کارگێری قووڵ هەیە لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەکاندا چونکە لاوازبوونی کاریگەری یاسا لەسەر کاری دامەزراوەکان دەبێتە هۆی زاڵبوونی ڕای تایبەتی و تێکەڵابوونی لەگەڵ مەزاجی فەرمانبەراندا کە دواجار دەبێتە هۆی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان چونکە لاوازیی کۆنترۆڵی یاسا لە ڕێکخستنی کاری دامەزراوەکاندا وادەکات تاکەکان وەك یەك سوودمەند نەبن لە خزمەتگوزارییەکان و یەکسانی لەنێو دەچێت و جیاکاری لەنێوان تاکەکاندا سەرهەڵدەدات،و ماندوبوونێکی زۆر تووشی تاکەکان دەکات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان و بەڕێکردنی مامەڵەکانیان.

**و- <u>پشتبەستنی دەزگای دادوەری بە شێوازە کۆنەکان لە لێکۆڵینەوەدا:</u>**

سەپاندنی تۆمەتەکان و پشتگوێخستنی ئەو ڕێگایانەی کە تۆڕەکانی گەندەڵی بەکاری دەهێنن دواجار دەبێتە هۆی مانەوەی ئەو کەسانەو بە ئازادی دەسوڕێنەوە (جمال الدین،٢٠١٥:٣).

کاری دەزگای دادوەری زۆر هەستیارە چونکە پێویستە لەگەڵ گۆڕانی سەردەم و پێشهاتەکاندا ئەویش ڕێگەو میتۆدی نوێ بگرێتەبەر لە لێکۆڵینەوەکانیدا سەبارەت بە دۆزینەوەی تۆڕەکانی گەندەڵی و ئەو گروپانەی کاری نایاسایی ئەنجامدەدەن بۆ ئەوەی بە زووترین کات دەستگیربکرێن و ڕووبەڕووی دادگا بکرێنەوە، بەڵام وەك دەبینین لە هەرێمی کوردستاندا هێشتا نەتوانراوە وەك پێویست کار لەسەر دەستگیرکردنی ئەو کەسانە بکرێت کە کاری نایاسایی ئەنجام دەدەن چونکە بەشێکی زۆر لەو کەسانە لە پەنای حیزبەکاندا گەندەڵی دەکەن و پۆستە حکومییەکانیان بۆ کاری شەخسی بەکاردەهێنن و لەسەر کارەکانیان بەردەوام دەبن.

**ز- <u>کەمی زانیاری تاکەکان سەبارەت بەو مافانەی کە پێویستە لەلایەن حکومەتەوە بۆیان فەراهەم بکرێت</u>(العالي،٢٠١٢:٨٠)**، ئەو هاوڵاتیانەی کە ڕێکارە پێویستەکان نازانن لە تەواوکردنی مامەڵەکانیاندا زیاتر ئەگەری قۆستنەوە یاخود چەوساندنەوەیان هەیە لەلایەن ئەو فەرمانبەرە گەندەڵانەی کە نەزانی و نەشارەزایی هاوڵاتیان دەقۆزنەوە ئیدی بۆ بەدەستهێنانی پارە بێت بەرامبەر تەواوکردنی مامەڵەکانیان یان نەکردن و دواخستنی مامەڵەکانیان بێت بە مەبەست، لەکاتێکدا ئەمە ئەرکی فەرمانبەرانە تا کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن، کەواتە پێویستە هۆشیاری یاسایی لەلای هاوڵاتیان سەبارەت بە مافەکانیان زیادبکرێت و بەو جۆرە تێبگەن کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان ئەرکی حکومەتەو مافی هاوڵاتییە بۆ ئەوەی لەلایەن فەرمانبەرانی گەندەڵەوە تووشی قۆستنەوە نەبن.

زۆرجار لە فەرمانگەکانی کەرتی گشتیدا هاوڵاتیان لەلایەن فەرمانبەرانەوە بە چاوێکی کەم سەیر دەکرێن و منەت بەسەریاندا دەکەن، لەکاتێکدا پێویستە ئەرکەکانی خۆیان بەباشی جێبەجێ بکەن بۆیە ئەم بابەتە دەکرێ بە گەندەڵی پیشەیی ناوی ببەین چونکە فەرمانبەر پیادەی پیشەکەی خۆی بەپێی یاسا ناکات بەڵکو بەپێی مەزاجی خۆی کارەکان دەکات لەبەرئەوەی دەزانێت بەڕێوەبەرەکەی چاوی لێی نیەو وەك پێویست ترسی لە لێپرسینەوە نییە، بۆیە بە ئارەزووی خۆی وەڵامی هاوڵاتیان دەداتەوەو کارەکانیان بە باشی بۆ جێبەجێ ناکات بەتایبەت لەهەندێ لە بەڕێوەبەرایەتییەکاندا دەبینین رۆژانە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان سەردانیان دەکەن بەڵام وەك پێویست سوودمەند نابن لە خزمەتگوزارییەکان و زۆرجار هاوڵاتی پەنا دەباتە بەر واستەکردن و پەیوەندی هاوڕێیەتی و خزمایەتی بەو مەبەستەی کارەکانی بۆ بەڕێ بکرێت یاخود هەندێجار بڕەپارەیەك دەدات بۆ تەواوکردنی مامەڵەکەی.

ئەگەرچی هاوڵاتی هۆشیارو شارەزاش بێت سەبارەت بە مافەکانی بەڵام لەکاتێکدا ئیشوکاری دەکەوێتە فەرمانگەکان تووشی بێزاریی و رۆتیناتێکی زۆر دەبێت لەلایەن بەشێك لە کارمەندانەوە کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خراپی ئاستی کارگێڕی و دواکەوتوویی سیستمی کارگێڕی.

**ی- <u>دووروویی لە لێکدانەوەو جێبەجێکردنی دەقەکاندا</u>** بەپێی ئەو کەس و لایەنانەی یاساکانیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، خزمایەتی و هاوڕێیەتی و موجامەلە لەگەڵ کەسانی خاوەن دەسەڵات و خاوەن هێزو پارە، بەڵام نواندنی مامەڵەی ڕەق لەگەڵ هاوڵاتی ئاسایی و هەژارو خەڵکی گشتی و زاڵبوونی حەزو ئارەزوو پاڵنەری تاکەکەسی لەلایەن دادوەرانەوە، هەموو ئەمانە کۆمەڵێك کردەی نایاساییین کە ناکرێ جیای بکەینەوە لە گەندەڵی چونکە کاریگەری تەواوی هەیە لە جیاکاری جێبەجێکردنی یاساکان بەبێ جیاوازی بەسەر هەموو هاوڵاتیاندا (نوال،٢٠١٥: ٣٤).

ئەم خاڵە دەمانباتەوە بۆ لایەنگیری دادوەران لە هەرێمی کوردستاندا بۆ کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەرمایەدارەکان و ستەمکردن لە هاوڵاتی ئاسایی و بێ پشتیوان، لەراستیدا یەکێك لە مەترسیدارترین جۆرەکانی گەندەڵی پیشەیی بەدیکردنی ئەو ستەمەیە کە دادوەران لەئاست هاوڵاتیاندا ئەنجامی دەدەن و یاساکان بەسەر تەواوی هاوڵاتیاندا بێ جیاوازی جێبەجێ ناکەن چونکە لە بنەڕەتدا ئەم دەزگایە بێلایەن نییەو بە فەرمانی حیزبە دەسترۆیشتووەکان کارەکانی خۆی دەکات، سەبارەت بە هاوڵاتیانی ئاسایی ئەوا دادوەران ئەو یاسایانە وەك خۆی جێبەجێ دەکەن کە سزای تێدایە بەڵام ئەگەر بەرپرسێك تاوان بکات یان گەندەڵی بکات ئەوا بەهەمان شێوەی هاوڵاتییە ئاساییەکە سزا نادرێت و کارەکانی بۆ ئاسان دەکرێت چونکە بە فەرمانی حیزب بەڕێوەدەڕوات.

## ٥- هۆكارە كارگێڕییەكان:

مەبەست لە هۆكارە كارگێڕییەكانی گەندەڵی پیشەیی سەرجەم ئەو هۆكارانەن كە لە ئەنجامی هەندێك كەموكوڕییەوە دروست دەبن وەك لاوازیی بەڕێوەبردن، خراپی ڕێكخستن، دیاری نەكردنی لێپرسراوێتییەكان، لاوازی چاودێری كارگێڕی، زۆریی كۆت و بەندەكان، ڕێگا كارگێڕییە فەرمی و نافەرمییەكان، زۆرخایاندنی كات بۆ بەدەستهێنانی مامەڵەكان لەناو دامەزراوە كارگێڕییەكان، پارێزبەندی بەرپرسەكان لە لێپرسینەوەو بەدواداچوون و جێبەجێكردنی سیستەمی سزاكان، بەڕێوەبردنی پۆستە پیشەییەكان و پێگەی لێپرسراوێتی سەرۆكایەتی لە دەزگای كارگێڕیدا بۆ ماوەیەكی دوورودرێژ بەپێی كۆمەڵێك پێوەری تاكەكەسی و پەیوەندی تایبەتی، پشتگوێخستنی تیۆری دانانی كەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو هەروەها كۆكردنەوەی دەسەڵاتەكان لە لوتكەی پەیكەری كارگێڕی فەرمانگەی گشتی و دانەبەزاندنی بۆ ئاستەكانی خوارەوە، زۆریی دەزگای چاودێری و پشكنینی كارگێڕی لەناوخۆی فەرمانگەدا (الزنكنة،٢٠١٤: ٤٦٢-٤٦٣).

سەرجەم ئەم هۆكارانە كارگێڕییەكی شكستخواردوو دروستدەكەن كە دواجار دەبنە هۆی گەندەڵی پیشەیی، چونكە گەندەڵی پیشەیی پەیوەندییەكی بەتینی هەیە بە ژینگەی ناوخۆیی دامەزراوەكانەوە، بارودۆخی پاڵنەر هەیە هەروەك چۆن بارودۆخی بەرگریكارو ڕەتكەرەوە هەیە، دامەزراوە پێشكەوتووەكان لە سیستم و شێوازی كاركردنیاندا لەلایەن كەسانێكەوە بەڕێوەدەبرێن كە لێهاتوو و دڵسۆزن، دەتوانن پارێزگاری لە ڕێكخراوەكەیان بكەن لە تێوەگلانیان بە گەندەڵی و جیاوازبن لە بەڕێوەبردن و سیستەمی ڕێكخراوە دواكەوتووەكانی توشبوو بە گەندەڵی. لێرەدا زۆر هۆكار هەن كە لە ژینگەی كارداو لەناو فەرمانگە گشتییەكاندا یارمەتیدەرن بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی پیشەیی ئەوانیش:

### أ- هەڵاوسانی دەزگای كارگێری:

هەڵاوسان لە دەزگای كارگێڕیدا بەهۆی زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانەوە وادەكات ڕێكارە كارگێڕییەكان ئاڵۆزبن كە ئەمەش لێڵی و ناڕوونی لە ڕێكارەكان و لاوازیی لە ئامرازەكانی چاودێری بەسەر دەزگای حكومیدا دروست دەكات (الرياني،٢٠١٥:١٤٨).

لەهەندێ لە وڵاتە دواكەوتووەكاندا سیاسەتی خستنە سەركاری بێ پلان جێبەجێ دەكرێت وهەندێك لە كاربەدەستانی ناو حكومەت سیاسەتی دامەزراندنی كەسانی نزیك لە خۆیان پیادە دەكەن بەبێ ڕەچاوكردنی توانست و لێهاتوویی و شارەزاییان، هەروەها بەبێ ئەوەی دامەزراوەكان پێویستییان بەو دامەزراندنانە هەبێت و دەستی كار لەئاست داواكارییە ڕاستەقینەكانی كاردا زیاتر دەبێت (محمود،١٩٩٤:١١٣).

**ب- خراپی ڕێکخستنی کارگێڕی:**

ئەمە یەکێکە لە گرفتە گەورەکانی کارگێڕی و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گەندەڵی پیشەیی چونکە ئەگەر ئاماژە بۆ ڕێکخستنی کارگێڕی بکەین دەبینین بریتییە لە دانانی پەیکەری ڕێکخستن بۆ ئەو یەکە ڕێکخراوەییانەی کە ڕێکخراوێك یان دامەزراوەیەك لەسەری بنیات دەنرێت پاشان دروستکردنی هەماهەنگی و پەیوەندی لەنێوان یەکە ڕێکخراوەییەکاندا بۆ ئەوەی تەواوکاری لەکاری ڕێکخراوەکە بەدی بێت (الطیب،٢٠١٦:٤٤).

ڕێکخستنی کارگێڕی پێکدێت لە سیستم و ڕێنماییەکانی خودی دامەزراوەیەك بەڵام کاتێك بەڕێوەبردن خراپ بێت دەبینین ڕێکخستن تیایدا ون دەبێت و پسپۆڕییەکان تێکەڵاودەبن و زەحمەتە ئامانجەکانی ڕێکخراو سەرکەوتووبێت و مامەڵەکان بە سەرکەوتوویی تێپەڕبن (علاءالدین،٢٠١٠:٤٨).

**ج- ناوەندیبوون و دابەشنەکردنی دەسەڵاتەکانی بڕیاردان:**

مانای دەسەڵاتی تاکەکەسی و پارێزگاریکردنە لە دەسەڵات و دابەش نەکردنیەتی بەسەر ئاستەکانی خوارەوەی پەیکەری ڕێکخستنی دامەزراوەیەکداو هێشتنەوەی سەرجەم بڕیارەکانە لەدەستی بەڕێوەبردنی باڵاداو قۆرخکردنی دەسەڵاتەکانە بەبێ بوونی چاودێری و بەدواداچوون (حسین و موحي،٢٠١٥:١١١). کەواتە ناوەندێتی بەهۆی دەرکردنی بڕیارەکان و ڕێنماییەکانەوە لەلایەن دەسەڵاتی باڵاوە بەدی دێت و فەرمانبەرانی ئاستەکانی خوارەوە پابەند دەبن بە جێبەجێکردنیەوە بەبێ ئەوەی مافی ڕەخنەو ڕەتکردنەوەی هیچکام لەو بڕیارانەیان هەبێت و سەرپێچی لێ بکەن، ئەمە وادەکات دەسەڵاتی بڕیاردان هەمیشە لە ئاستەکانی سەرەوەی پەیکەری ڕێکخستنی دامەزراوەدا بمێنێتەوە (المندیل،٢٠٠٤:١٥).

**د- ئاڵۆزیی ڕێکارە کارگێڕییەکان و زاڵبوونی ڕۆتین لە بەڕێوەبردندا:**

پشتبەستن بەو یاسا بابەتییانەی کە ئەرکی هەموو تاکێك لەناو دامەزراوەیەکدا دیاری دەکات و دەسەڵاتەکان لەدەستی ئەو کەسانەدا دەمێنێتەوە کە بەهۆی پێگەکانیانەوە بەدەستیان هێناوە وادەکات فەرمانبەرانی ئاستەکانی خوارەوە نەتوانن بەپێی پێشهاتەکان و هەڵوێستە جیاوازەکان بڕیاربدەن، بەڵکو فەرمان لەسەرووی خۆیانەوە وەردەگرن و یاساو ڕێنماییەکان وەك خۆی بەشێوەیەکی ڕەها جێبەجێ دەکەن (بوالفلفل،٢٠٠٩:١٥).

ئاڵۆزکردنی ڕێکارەکان و چەقبەستنی کاروبارە کارگێڕییەکان دەبنە هۆی وەستان و دواکەوتنی مامەڵە کارگێڕییەکان کە بەهۆیەوە خاوەن مامەڵەکان ناچاردەکرێن لە هاتووچۆو چاوەڕوانییەکی زۆردا بن بەبێ ئەوەی بزانن هۆکاری دواکەوتن و وەستانی مامەڵەکانیان چییە، سەرەڕای ئەوەی فەرمانگەکانیش ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەری تێدایەو بارودۆخی کارکردنیش لەبارە بەڵام کارەکان

لەنێوان فەرمانبەراندا بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش ناکرێن و ڕێکخستنی تێدانییەو پابەندنابن بە کاتەکانی هاتنی دەوامی فەرمی و لەکاتی کارکردندا بۆ مەبەستی تایبەتی دەچنە دەرەوەی فەرمانگە (ابراهیم،٢٠١٨: ١).

**هـ- لاوازیی چاودێری و لێنەپرسینەوەی کارگێری:**

چاودێری و لێپرسینەوەی کارگێری بنەمایەکی سەرەکییە بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی هەر دامەزراوەیەك لە بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا، لەبەرئەوەی پەیوەندی هەیە بە پرۆسەی چاکسازی کارگێرییەوە کە جەخت دەکاتە سەر دژایەتیکردنی ئەو دیاردە نەرێنییانەی کە لەمپەر بۆ کارکردن لە دامەزراوەدا دروست دەکەن وەك گەندەڵی و بێ سەرەوبەرەیی کارگێری بە جیاوازی جۆرەکانیەوە (الهبیل،٢٠١٧: ١١).

بەڵام لاوازیی سیستمی چاودێری کارگێری و کەمی لێپرسینەوەو بوونی شێوازە کلاسیکییەکان لە سیستمی چاودێریدا بەگرنگترین هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی دادەنرێن کە زۆرێك لە بەڕێوەبەرایەتییەکان پشت دەبەستن بە زانیاری ناتەواو و سەرچاوەی گوماناوی بۆ مەبەستی چاودێری و لێپرسینەوە کە ئەمە وادەکات پرۆسەی چاودێری لاوازبێت و هۆکارێك بێت بۆ دروستبوونی چەند کەلێنێك کە بەهۆیەوە گەندەڵی دروست ببێت.

**و- نەبوونی بێلایەنی لە دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلەدا:**

ئەمە بەیەکێك لە هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی گەندەڵی پیشەیی دادەنرێت چونکە کەسی شیاو لە شوێنی شیاو دانانرێت و ڕەچاوی توانا و شارەزایی و لێهاتوویی ناکرێت بۆیە بەیەکێك لە هۆکارەکانی شکستی کارگێری سەیردەکرێت (درکلي،٢٠١٧: ١). لەلایەکی دیکەشەوە بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران بەبێ ڕەچاوکردنی بنەما یاساییەکان و دەستەبەرکردنی مافەکانی فەرمانبەر دەبێتە هۆی لایەنگیری و لەدەستدانی بابەتیبوون لە بەرزکردنەوەی پلەداو ڕەچاوکردنی پەیوەندی شەخسی و حیزبی و خزمایەتی و فەرامۆشکردنی هەوڵ و ماندووبوونی فەرمانبەرو پێشێلکردنی مافەکانی.

**ز- دواکەوتوویی و گەندەڵی بەڕێوەبەرە کارگێرییەکان:**

ئەمە بەیەکێك لە هۆکارە نادیارو شاراوەکانی گەندەڵی پیشەیی دادەنرێت کە ئەویش کەمیی زانیارییە لەلای بەڕێوەبەرەکان سەبارەت بە کارەکانی خۆیان چونکە کارکردن پێویستی بە شارەزایی و لێزانین و لێهاتووییە،و نەبوونی ئەم مەرجانە ڕەنگدەداتەوە لە لێهاتوویی کاری دامەزراوەداو لە کۆتاییدا چەندین جۆری گەندەڵی لێ پەیدادەبێت (خلیف،٢٠١٣: ٧٨).

سەبارەت بە هەرێمی کوردستان دەکرێ بڵێین لە دەزگای کارگێڕیدا هەڵاوسان هەیە چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرانە بەجۆرێ بارگرانییەکی زۆری بۆ موچە دروستکردووە،و لەتوانایدا نییە بەتەواوی دابینی بکات، لەهەمانکاتدا بوونی ئەو ژمارە زۆرەی فەرمانبەران ڕەنگە پێویست نەبێت و لەناو فەرمانگەکاندا کاریان نەبێت کە بەزمانی ئابوری پێی دەوترێت بێکاری شاراوە، ئەمە جگە لەوەی بەفیڕۆدانی دەرامەتی مادییە لەهەمانکاتدا بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆییشە چونکە خستنەسەرکاری بێپلان ڕەنگە ببێتە مایەی بێبەشبوونی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵگرانی بڕوانامە جیاوازەکان کە هەریەکەیان لە بواری خۆیاندا خزمەت بە کەرتی گشتی بکەن.

لەگەڵ ئەمەشدا خراپی ڕێکخستنی کارگێڕی ڕۆڵی خۆی هەیە لە دروستبوونی گەندەڵی پیشەیدا چونکە دابەشنەکردنی کارەکان بەپێی پسپۆڕی بەسەر فەرمانبەراندا وادەکات کێشەو ئاڵۆزی لە کاری ناو دامەزراوەدا دروستببێت و سستی و گرفت لە بەڕێوەچوونی کارەکاندا ببینرێت کە ئەمەش بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆییە چونکە خراپی دەزگای کارگێڕی دەبێتە هۆی بەگەڕنەخستنی توانا مرۆییەکان و سوودوەرنەگرتن لێیان بۆ خزمەتی ئامانجەکانی دامەزراوە، کە دواجار گەندەڵی پیشەیی دروست دەکات چونکە فەرمانبەران بەپێی شارەزایی و پسپۆڕییەکانیان ئەرکەکانیان بەسەردا دابەش ناکرێت بۆیە ئەوانیش ئەو کەلێنە دەقۆزنەوەو گەندەڵی و کەمتەرخەمی تێدادەکەن.

یەکێکیتر لە هۆکارە کارگێڕییەکانی گەندەڵی پیشەیی ناوەندیبوونە لە دابەشنەکردنی دەسەڵاتەکانی بڕیاردان، ئەمە گرفتێکە لەنێو دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگی داوەتەوە کە بەهۆیەوە ئیشوکارەکانی ناو فەرمانگەکان بەخێرایی ناڕۆن و جۆرێك لە سستی پێوە دەبینرێت چونکە بۆ تەواوکردنی مامەڵەو کارەکان هاوڵاتی زۆرجار دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خودی بەڕێوەبەر، ئەم گرفتە وادەکات کاری دامەزراوەکان بکەوێتە ژێر کاریگەری مەزاجی شەخسییەوە چونکە ناوەندێتی لە بڕیارداندا مانای وایە تاکەکەسێك کۆنترۆڵی دامەزراوەیەك دەکات نەك تەواوی فەرمانبەران کە ئەمەش بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆییە چونکە فەرمانبەران ڕۆڵێکی کارگێڕی ئەوتۆیان نابێت لە بڕیارداندا و بێدەسەڵات دەبن ئەگەرچی شارەزاو لێهاتووش بن.

یەکێکیتر لە گرفتەکان بوونی ئاڵۆزییە لە ڕێکارە کارگێڕییەکاندا، لە بەشێکی زۆری فەرمانگە حکومییەکاندا هەست دەکرێ ئیشوکارو مامەڵەکان بە کۆمەڵێك هەنگاوی دورودرێژدا تێپەڕدەبن و هاوڵاتی بێزاردەکەن تادواجار هاوڵاتی ڕەنگە بیر لە ڕێگەی نایاسایی بکاتەوەو فەرمانبەر قایل بکات کارەکەی بۆ جێبەجێ بکات وەك واستەو بەرتیل و دروستکردنی پەیوەندی نافەرمی لە شوێنی کاردا، سەرجەم ئەمانە گەندەڵی پیشەیین و فەرمانبەر توشی دەبێت ئەویش بەهۆی ئەو سستییەی لە ڕێکارە کارگێڕییەکاندا بوونیان هەیە کە دواجار ئەمە دەرامەتی مرۆیی بەفیڕۆدەدات چونکە فەرمانبەر زۆر

ماندوو دەكات و سەرقاڵی دەكات بە كۆمەڵێك ئیشوكاری دووبارەبووی بێزاركەرەوە كە دواتر ئامانجە سەرەكییەكەی بیر دەباتەوە كە ئەویش خزمەتكردنی فەرمانگەكەیەتی.

خاڵێكی تر لاوازی چاودێری و لێنەپرسینەوەی كارگێرییە، ئەمەش گرفتێكی گەورەیە چونكە فەرامۆشكردنی لێپرسینەوەو خەمساردی دەبێتە هۆی ئەوەی بنەمای سزاو پاداشت بەهەند وەرنەگیرێت و بەم هۆیەوە فەرمانبەر گەندەڵی لە كارەكەیدا دەكات و ترسی لە لێپرسینەوە نابێت وەك ئەوەی لە فەرمانگەكانی حكومەتدا دەبینین هەندێجار فەرمانبەران لەكاتی خۆیاندا نایەنە سەر كارەكانیان یاخود كار جێدەهێڵن یان سەرقاڵن بە شتی تایبەتییەوەو كاری خۆیان ناكەن.

گرفتێكی تر نەبوونی بێلایەنییە لە دامەزراندن و بەرزكردنەوەی پلەدا، چەند ساڵێكە دامەزراندن بە فەرمی لە هەرێمی كوردستاندا ڕاگیراوە بەڵام بەشێوەیەكی نهێنی هەندێجار بۆ كەسانێكی دەكەن كە سەر بە پارتە سیاسییەكانن یاخود نزیكن لێیان كە ئەمەش ڕاستەوخۆ دەرامەتە مرۆییەكان بەفیڕۆدەدات چونكە ڕەچاونەكردنی بێلایەنی لە دامەزراندندا پێشێلی مافی تاكەكانی كۆمەڵگایەو بەفیڕۆدانی توانای هەزاران كەسی شایستەیە، هەروەها ڕەچاونەكردنی بێلایەنی لە بەرزكردنەوەی پلەدا دیسان هۆكارە بۆ گەندەڵی پیشەیی چونكە لایەنی پەیوەندیدار بێ ئەوەی ڕەچاوی لێهاتوویی فەرمانبەر بكەن ڕەنگە پلەی بەرزبكەنەوە لەسەر بنەمای حیزبی یان هاوسۆزی خزمایەتی یاخود ڕەگەزیی، هەموو ئەمانە بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆییە چونكە سوودوەرنەگرتن لە چالاكی و بەرهەمی فەرمانبەر دواجار زیانە بۆ خۆی و بۆ حكومەتیش.

هەندێ لە بەڕێوەبەرە كارگێرییەكان بەهۆی هاوسۆزی حیزبییەوە لە پێگە كارگێرییەكاندا دانراون كە شارەزایی تەواویان لە كارەكانیاندا نییە، ئەمە وادەكات بێ سڵەمینەوە لە یاسا گەندەڵی پیشەیی بكەن چونكە ڕێز لە یاسا ناگرن و خۆیان لەوە بە گەورەتر دەبینن یاسا جێبەجێ بكەن بۆیە ئەمە گرفتێكی گەورەیە لە بەڕێوەچوونی كاری هەندێ لە فەرمانگەكانی حكومەتدا.

# بەشی چوارەم

# پەیوەندی دەروازەکانی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان

## بەشی چوارەم

## پەیوەندی دەروازەکانی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان

**دەسپێك:**

دەرامەتـە مرۆییـەکان ڕەگـەزی سـەرەکین لـە پرۆسـەی گەشـەپێدانی کۆمەڵایـەتی و ئابوریـدا،و تـەوەری سـەرەکین لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی ئاڵنگارییـەکانی سـەردەم و گـۆڕاوە پەیوەندیدارەکانیـدا،و پێشـوازیکردن لـە پەرەسـەندنە خێراکـان لـە سـەرجەم بوارەکـانی ژیانـداو بـەدیهێنانی هاوسـەنگی بـۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پێداویستییەکان و پابەندبوون بە بنەماکانـەوە، هەربۆیـە بـەڕێوەبردنی دەرامەتـە مرۆییـە هاوچەرخـەکان هەوڵـدەدات بـۆ سـوودوەرگرتن و وەبـەرهێنانی سـەرمایە مرۆییـەکان و فەراهەمکردنی هەلی کارکردن و پەروەردەکردنی توانستە فیکری و مەعریفییەکان و وزە ئەقڵی و داهێنـەرەکان لـەپێناو بەدەستهێنانی کارایی ئەم سەرمایە مرۆییـە لـە میانـەی ئـەو وزەو توانستانەوە. لـەوەش گرنگتـر بەدەسـتهێنانی کـارایی لـە کارکردنـدا لـەنێو دامـەزراوە جیاوازەکـانی کـاردا تـەنها ناوەستێتە سەر دابینکردنی کەرەستەو ئامرازەکانی کارکردن بە نوێترین شێواز، بەڵکو دەوەستێتە سەر توانای دامەزراوەکە لە دەستکەوتن و بەکارهێنانی دەرامەتە مرۆییەکان و توانا هزریی و جەستەیی و ماسـولکەییەکان لـە جێبـەجێبوونی کارەکانـدا لـەپێناو دەسـکەوتنی توانسـتێکی بەرهەمـداری بـاڵا (الحريري،٢٠١٧: ١).

کەواتە ڕەگەزی مرۆیی کۆڵەکەی سەرەکییە چونکە کـاری ڕێکخـراو و دامـەزراوەکانی لەسـەر بنیات دەنرێت و ڕەفتاری دامەزراوەیی لەمیانەی کۆی ڕەفتاری ئـەو فەرمانبەرانـەوە دیـاری دەکرێت کـە کـاری تێدا دەکـەن، ئـەویش بـەهۆی پیادەکردنی چالاکییـەکانی ڕۆژانـەیان بـۆ ئـەو ئەرکانـەی کـە لەسـەر شـانیان دانـراوە ئـەنجامی بـدەن. مامەڵـەو ڕەفتـاری فەرمانبـەران بەشـێوەیەکی هەڕەمـەکی ڕوونادات بەڵکو بەپێی یاساو ڕێنماییـەکانی کـار دیـاریکراوەو لـەژێر کاریگـەری سیستمی کـارکردنی دامەزراوەدایە.

دەرامەتـە مرۆییـەکان گرنگییـەکی بـەرچاویان هەیـە لـە سەرخسـتن و بەدەسـتهێنانی ئامـانجی دامەزراوەکانـدا چونکـە ئـەم دەرامەتانـە سـەرمایەی مرۆیـی بنیاتنـانی دامـەزراوەکانن و مـەرجی سـەرەکین لـە سـەرکەوتنی هـەر دامەزراوەیەکدا هـەروەها بـەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئەم دەرامەتانـە بەشداری دەکەن لە پلاندانانی ستراتیجی گشتگیر بۆ دامەزراوەکان، ڕەگەزی مرۆیـی (فەرمانبـەران) بە بنەمای وەبەرهێنان دادەنرێت بۆیە پێویستە بەشێوەیەکی کاراو لێهاتووانـە بـەڕێوەببرێت و پـەرەی پێ بدرێت (عرب،٢٠٠٧: ١٣).

دەرامەتە مرۆییەکان یەکێکن لە دەرامەتە گرنگەکان لە دامەزراوەکاندا کە دەتوانن دەرامەتە ماددییەکانیش بەڕێوەببەن چونکە ئەو بڕیارانە دەدەن کە هەلی سەرکەوتنی دامەزراوە بەدەست دەهێنێت و کێشەکانی چارەسەر دەکات،و بەهۆی فراوانبوون و گەشەکردنی دامەزراوەکانەوە ژمارەی فەرمانبەران لەناو ڕێکخراو و دامەزراوەکاندا زیاد دەکات بەمەش ژمارەیەکی زۆر لە دەرامەتە مرۆییەکان بەگەڕدەخرێن و لە ناوەندەکانی کاردا ئەرکەکان جێبەجێ دەکەن،بۆیە زۆریی قەبارەی دەرامەتە مرۆییەکان وادەخوازێت مەشقیان پێ بکرێت و پەرەیان پێ بدرێت واتە زیادبوونی ئەو ئاڵنگارییە جیهانییانەی کە ڕوو لە دامەزراوەکانی کار دەکات وادەکات دەرامەتە مرۆییەکان زیاتر وەبەربهێنرێن بۆ ئەوەی بتوانرێ بەڕێوەبەرانی کارامەو لێهاتوو دروست بکرێت تا بتوانن ڕێکخراوە ئاڵۆزەکان بەڕێوەببەن و دوای شێوازی کارگێڕی هاوچەرخ بکەون لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کاری دامەزراوەدا (Joshi,2013:5).

ئالێرەدا بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان وەك پێداویستییەك دەردەکەوێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان تاك و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە بەشێوەی کاریگەری و کارتێکردن خۆی دەردەخات، ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان هەنگاوێکی گرنگە بۆ جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی تاکەکان لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتووییان بۆ ئەو ئەرکانەی پێیان دەسپێردرێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئەنجامەکان لەو ئاستەدابن کە پێشبینی دەکرێن (المغربي،٢٠١٧:١٢).

جگە لەو گرنگییانەی سەبارەت بە دەرامەتە مرۆییەکان خرانەڕوو پێویستە گرنگترین ئەو ئامانجانەش باس بکەین کە لەپشت بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکانەوە هەن **یەکەم:** ئامانجی ڕێکخراوەییە کە مەبەستی بەدەستهێنانی کارایی ڕێکخراوەییەو کاردەکات بۆ داهێنانی ئەو ڕێگایانەی کە هاوکاری بەڕێوەبەران دەکات بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی تواناکانیان، **دووەم:** ئامانجی پیشەییە کە مەبەستی پڕکردنەوەی پێگە پیشەییەکانی دامەزراوەکانە بە کەسانی لێهاتوو لەسەر تەواوی ئاستە جیاوازەکان، دەرامەتە مرۆییەکان ئەگەر بەگەڕنەخرێن و لەشوێن و پێگەی پیشەیی گونجاودا دانەنرێن ئەوا بەفیڕۆدەدرێن و هیچ سوودێکیان لێ وەرناگیرێت، بۆیە لەڕێگەی پلانی گونجاوەوە دەتوانرێت کارابکرێن.**سێیەم:** ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی کۆمەڵایەتی کە ئەمەش کاردانەوەی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانە، شکستی دامەزراوە لە بەکارهێنانی دەرامەتەکانیدا بۆ بەدەستهێنانی کەڵك و سوودەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگاو بوونی هەندێك بەرەنگاری کۆمەڵایەتی لەسوود وەرنەگرتن لە دەرامەتە مرۆییەکان، **چوارەم:** ئامانجە کەسییەکانە، بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە کەسییەکان بۆ فەرمانبەران ئەمەش بۆ ئەوەیە یارمەتییان بدات و پارێزگارییان لێ بکات و تواناکانیان پەرە پێ بدات، هەروەها تێرکردنی پێداویستییەکانی فەرمانبەران و

بەدەستهێنانیان بۆ قایلبوونی پیشەیی و بەدواداچوونی کارە پیشەییەکان بێگومان پێویستی بە گرنگیپێدانی دەرامەتە مرۆییەکان هەیە (سیدن،٢٠٠٩:٩).

لەژێر رۆشنایی ئامانجەکانی دەرامەتە مرۆییەکاندا دەکرێ بڵێین بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان پرۆسەیەکە هەریەك لە دەستنیشانکردن و دامەزراندن و سەرۆکایەتیکردن و چاودێریکردن لەخۆدەگرێت کە تایبەتن بە دامەزراوەکانی کار، ئەمەش بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئامانجە دیاریکراوەکان دادەنرێ پاشان ئەم پرۆسەیە گرنگی دەدات بە پلاندانانی دەرامەتە مرۆییەکان و هەڵبژاردنی بڕی گونجاو تیایداو دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کارامەیی لەژێر رۆشنایی ئامانجە دیاریکراوەکاندا، بەمانایەکیتر بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان پرۆسەی گرنگیپێدانە بەهەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییان بە دەرامەتە مرۆییەکانەوە هەیە کە دامەزراوەکە پێویستی پێی هەیە ئەویش بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیەتی، ئەمەش هەریەك لەمانە دەگرێتەوە: بەخاوەنبوونی دەرامەتە مرۆییەکان و سەرپەرشتیکردنی بەکارهێنانی دەرامەتە مرۆییەکان و پارێزگاریکردن لێیان و ئاراستەکردنیان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکە (زینب و مریم،٢٠١٣:٨).

ئامانجی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان لەهەموو دامەزراوەکانی کاردا زیادکردنی دامەزراوەکانە بە دەرامەتی مرۆیی کارا، پەرەپێدانی تاکەکان بەجۆرێ کە ئارەزوو پێداویستییەکانیان پڕبکاتەوە، دواتر دامەزراوە بتوانێ خزمەتگوزارییەکانی خۆی بە جۆرێتییەکی باڵا پێشکەش بکات. بۆ بەدەستهێنانی ئەمە پێویستە لەسەر ئەو کارگێڕییە گرنگی بدات بە توێژینەوەی چۆنیەتی بەدەستهێنانی تاکەکان و گەشەپێدانی شارەزاییەکانیان و کارپێکردنیان و هەڵسەنگاندنیان و پاراستنیان، هیچکام لەمانەش نایەتە دی هەتا کۆمەڵێك ئامانج بەدی دێن کە هەندێکیان پەیوەندییان بە کۆمەڵگاوە هەیەو هەندێکی تریان پەیوەندییان بە دامەزراوەوە هەیە، هەندێکی دیکەشیان پەیوەندییان بە فەرمانبەرانەوە هەیە (القحطاني،٢٠١٥:٢٤).

کەواتە ئاستی پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەك لەڕێگەی جۆرێتی کارە بەرهەم هاتووەکانی دامەزراوە بەرهەمداری و خزمەتگوزارییەکانەوە دیاری دەکرێت و توانستی لێهاتوویی لەو دامەزراوانەدا پەیوەستە بە بەدیهێنانی باشترین بەکارهێنان بۆ دەرامەتە مرۆییەکان و بە گەورەترین خاڵی هاوبەش دادەنرێ لە سەرجەم چالاکییەکانی هەموو دامەزراوەیەکدا.

هەروەك تێبینی دەکرێت لەکۆتایی سەدەی بیستەمدا گرنگییەکی زۆر دراوە بە دەرامەتە مرۆییەکان و بەڕێوەبردنی، پاشان وەك گرنگترین بنەمای دامەزراوەی کار تەماشا کراوە، لێرەوە ئەو پێگەیە دەرکەوتووە کە بەڕێوەبردنی دەرامەتە مرۆییەکان بەدەستیان هێناوە،و هەستێکی زیاتر لەنێو بەڕێوەبەرانی باڵای دەرامەتە مرۆییەکاندا دەرکەوتووە سەبارەت بە گرنگی ئەو رۆڵەی کە

دەکرێ پیادەی بکەن لە کارەکاندا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکانی ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کار بە باشترین شێوەو کاراترین ڕێگا، هەربۆیە ڕۆڵێکی کارا بگێڕن لە نەخشاندنی ستراتیجیەتی دامەزراوەکان و ستراتیجیەتی پیشەیی بۆ دەرامەتە مرۆییەکان بەمەش بەشدار دەبێت لە بەدەستهێنانی ئامانجەکانی دامەزراوەکەدا (القحطاني،٢٠١٥: ١٩).

یەکێکی تر لەو بابەتانەی کە گرنگییەکی زۆری پێ دەدرێت بریتییە لە پەرەپێدانی دەرامەتە مرۆییەکان کە مەبەست ئاڕاستەکردن و ئامادەکردنی فەرمانبەرە بە پێدانی ئەو زانیارییە سەرەکییانەی کە پێویستیانە لە جێبەجێکردنی کاروبارە پیشەییەکانی ڕۆژانەدا، ئەو زانیارییانەش زۆرجار پەیوەندی هەیە بە یاساو ڕێکارەکانی کارکردن لەناو دامەزراوەدا.

پرۆسەی ئاڕاستەکردن گرنگییەکی زۆری هەیە بەتایبەت لەگەڵ فەرمانبەرە نوێیەکاندا، بۆیە ئەم پرۆسەیە ئامانجی پارێزگارییە لە پێوانەکان و شێوازەکانی ڕەفتارو ئاڕاستەو بەهاکان تا لەم ڕێگەیەوە فەرمانبەران لەگەڵ سیستمی دامەزراوەدا بگونجێن (دیسلر،٢٠٠٧: ٢٦٤).

گەشەپێدانی دەرامەتە مرۆییەکان ئامادەکردنی ڕەگەزی مرۆییە بەشێوەیەکی دروست کە بگونجێت لەگەڵ پێداویستییەکانی کۆمەڵگادا لەسەر ئەو بنەمایەی کە توانای مرۆڤ زیاد دەکات و پەرەی پێدەدات تا بتوانێت دەرامەتە سروشتییەکانیش بەدەست بهێنێت، هەروەها ئەم پرۆسەیە زیادکردنی مەعریفەو تواناو لێهاتوویە بۆ هێزی کار کە لەهەموو بوارەکاندا کاردەکەن و پێویستە لەڕێگەی چەندین هەڵسەنگاندنی جیاوازەوە کاریان لەسەر بکرێت پاشان وەردەگیرێن (نعیمة،٢٠١٦: ٢٧٥).

ئامانجی پەرەپێدانی دەرامەتە مرۆییەکان زیادکردنی ڕۆشنبیری تاکەکەسە، هەروەها پەرەپێدانی بەهای تایبەتە بەو کەسە، زیادکردنی لێهاتووییە بۆ خۆگونجانی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا، پاشان زیادکردنی کارایی گشتییە لای ئەو تاکەکەسە. هەربۆیە کارکردن ڕووەو گەشەپێدانی دەرامەتە مرۆییەکان گرنگییەکی زۆری هەیە ئیتر لەهەریەك لە ئاستەکانی فەرمانبەران بێت یان گروپەکانی کار یان ئاستی ڕێکخراوبێت کە کاری تێدا دەکەن (العريمي،٢٠١٧: ٧٩).

لەم باسەدا هەوڵدەدەین بنەماکانی کاری پیشەیی بخەینەڕوو لەڕوانگەی تیۆرەکانی هەریەك لە ماکس ڤێبەرو ئەمیتای ئیتزیۆنی دەربارەی بیرۆکراسیەت و چۆنیەتی گرنگیدان بە دەرامەتە مرۆییەکان و گەشەکردنیان، ئەمەش هەوڵدانێکە بۆ دەرخستنی دەروازەکانی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان.

## یەکەم: دەروازەکانی گەندەڵی پیشەیی

### ١- دامەزراندن و ئەرکەکانی فەرمانبەر Recruitment and duties of staff

دامەزراندن و ئەرك دوو پرۆسەی کۆمەڵایەتین لەناو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا پیادە دەکرێن، لەم بارەیەوە زانایانی قوتابخانەی بنیاتی ئەرکێتی ئاماژەیان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کردووە کە لەناویدا پرۆسە جۆراوجۆرەکان جێبەجێ دەبن، بۆ نموونە (تالکۆت پارسۆنز) پێیوایە ڕێکخستن نەسەقێکی کۆمەڵایەتییە پێکدێت لە نەسەقێکی لاوەکی جیاواز وەك کۆمەڵەکان و بەشەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان..تد، ئەو ڕێکخستنە بەپێی ئەو ڕۆڵەی هەیەتی نەسەقێکی لاوەکییە لە چوارچێوەی نەسەقێکی کۆمەڵایەتی گەورەترو گشتگیرتردا وەك کۆمەڵگا، هەروەها بەهای باو لە ڕێکخستندا ئەوەیە کە ڕێگە دەدات بەوەی ئامانجەکانی ڕێکخستن سروشتێکی یاسایی وەرگرن لەبەرئەوەی بەشدارە لە بەدیهێنانی ئەو پێداویستییە ئەرکێتیانەی کە نەسەقە گەورەکە (کۆمەڵگا) هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات (الحسيني،١٩٨٥:٧٣).

لەگەڵ ئەمەشدا چەمکی بنیات (Structure) هێمایە بۆ ئەو ڕەگەزانەی کۆمەڵێك پەیوەندی دیاریکراو دروست دەکەن و گوزارشت لەهەموو ئەو پرۆسانە دەکەن کە لەنێوانیاندا دروست دەبێت.

زانایانی ئەرکێتی (الوظيفية) گرنگییەکی زۆر دەدەن بە توانای پیشەیی و ڕۆڵی هەر بەشێك لە بەشەکانی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی بەهاو پێوانە باوەکاندا. سیستەمەکانی کۆمەڵگا ئەرکە جیاوازەکان لە ئەستۆدەگرن و کاردەکەن بۆ ڕودانی گونجان و هاوسەنگی لەنێوان بەشەکانی سیستمدا کە دەبێتە هۆی بەردەوامبوون و پابەندبوونی تاکەکانی کۆمەڵگا بە نواندنی ئەرکە پیشەییەکانیان لە کۆمەڵگادا، بەپێچەوانەشەوە پابەندنەبوونی تاکەکان بە ئەرکەکانی خۆیانەوە دەبێتە هۆی شکستی سیستم و دەرکەوتنی دیاردەیەك کە پێی دەوترێ ناتەواوی یان کەموکوڕی ئەرکێتی، ئەمەش خۆی لە دژیەکییەکدا دەبینێتەوە لەنێوان ئەوەی پێویستە ببێت لەگەڵ ئەوەی لە واقیعدا هەیەو لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی لێکترازان و ڕوخانی سیستم (لطفي،٢٠٠٩:٧٦).

بنیات و ئەرك دوو کۆڵەکەی سەرەکین لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسی و هزری کۆمەڵایەتییەوە، هەروەك دەزانین (ئیبن خەلدون) Khaldoun Ibn (١٣٣٢-١٤٠٦) ئاماژەی بۆ سیستمی کۆمەڵایەتی کردووە لەڕووی ڕەگەزو بەشەکانیەوە لەهەمانکاتدا باسی ئەو پەرەسەندنەی کردووە کە بەسەر سیستم و یاساکانیدا دێت و دواتر ڕۆڵیان دەبێت لە گەشەکردنی شارستانیەتدا، پێیوابووە بنیاتی کۆمەڵایەتی و ئەرکەکان لەیەك جیانابنەوە، هەروەها (ئۆگست کۆنت) Auguste Comte (١٧٩٨-١٨٥٧) کۆمەڵناسی کردووە بە دوو بەشەوە ئەوانیش بریتین لە ستاتیکای کۆمەڵایەتی و دینامیکای کۆمەڵایەتی و گرنگی داوە بە ستاتیکای کۆمەڵایەتی و پێکەوەبوونی مرۆیی سەبارەت بەو ڕەگەزانەی پێکی دەهێنێ بۆیە گرنگیداوە بە پێکەوەبوونی مرۆیی و نیشاندانی هەر

سیستمێك لە سیستمەكان و لێتوێژینەوەیان بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی لە سیستمەكانی تری جیادەكاتەوە، كۆنت پێیوابووە سیستمی كۆمەڵایەتی دوو بنەمای هەیە یەكەم ئەو بنیاتەیە كە پەیكەری سەرەكی بۆ سیستمەكە دروست دەكات دووەم ئەركە كۆمەڵایەتییەكانە كە سیستمەكە نیشانیدەدات هەروەها دەرخستنی پەرەسەندن و شێوازە جیاوازەكانیەتی لە كۆمەڵگا جیاوازەكاندا (العادلي،١٩٩١:٦٨-٦٩).

یەكێكی تر لە زانایانی قوتابخانەی بنیاتی ئەركێتی بریتییە لە (ئەمیل دۆركایم)ی فەرەنسی Emile Durkheim (١٨٥٨-١٩١٧) كە بە تیۆرەكانی رۆڵێكی باڵای گێڕاوە لە شیكردنەوەی چەمكەكانی وەك ئەرك و رۆڵ و بنیاتی كۆمەڵایەتی، دۆركایم دژی لایەنگرانی تیۆری پەیمانی كۆمەڵایەتی بووە كە هەوڵیانداوە وا نیشانی بدەن دروستبوونی كۆمەڵگا دەستكردو مەبەستدارە، هەروەها دژی زیندەوەرناس و دەروونناسەكانیش بووە كە لێكدانەوەیان بۆ سروشتی كۆمەڵایەتی كردووە، لەراستیدا دۆركایم لە باسی دابەشبوونی كۆمەڵگاكاندا ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە كە پێویستە لەسەر بنەمای پلەی ئاڵۆزیی بێت، بەمانای ئەوەی دەبێت سادەترین شێوە كۆمەڵایەتییەكان یەكەم پلە بێت لە پۆلێنكردندا، پاشان پلەی ئەو گونجاندنەی لەنێوان یەكەو ڕەگەزە سەرەتاییەكاندا بەدی دێت لە بنیاتی كۆمەڵگادا بەمەش دابەشكردن لەسەر دوو بنەما دەبێت: پێكهاتەی مۆرفۆلۆجی و دابەشكردنی ئەركەكان، لەسەر ئەم بنەمایەش پێیوایە دوو جۆر كۆمەڵگا هەیە (والي،٢٠٠٣:٢٢٣-٢٢٤).

جۆری یەكەم بریتییە لە كۆمەڵگا سەرەتاییەكان كە جۆرێك لە كاردابەشكردنی سادەو دیاریكراویان بۆ كاركردن هەبووە لەبەر سادەیی بنیاتە كۆمەڵایەتییەكەیان و لێكچوونی تاكەكانی ئەو كۆمەڵگایانە لە شارەزایی و زانیاری و لێهاتووییان،و لێكچوونی پێداویستییە كۆمەڵایەتی و ماددییەكانیان، هەریەك لە خێزان و تیرەو خێڵەكان كە پێكهێنەری یەكە كۆمەڵایەتییەكانن لە كۆمەڵگا سەرەتایی و ساكارەكاندا یاسای بەهێزو توندیان هەیە كە دەتوانێ ڕاگری هەڵسوكەوت و ڕەفتارەكانی تاك بێت لەو كۆمەڵگایانەداو پلەیەكی بەرز لە هاوبەندی و كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی و پێكەوەبەستن دروست دەكات، ئەمە دۆركایم پێی دەڵێ (هاوبەندی میكانیكی)، جۆری دووەم دۆركایم پێیوایە لەگەڵ زیادبوونی مرۆڤ و گەشەی چڕی دانیشتوان و ئاڵۆزی كارلێكە كۆمەڵایەتییەكان لەناو كۆمەڵگادا دروست دەبێت و هەندێ خەسڵەتیان هەیە وەك هەمەجۆریی پێداویستییەكانیان و جیاوازی زانیاری و شارەزایی و توانستەكانیان لەگەڵ زیادبوونی پیشەسازی و پەرەسەندنی زانستی، بەمەش گۆڕانكاری لە كاردابەشكردندا سەر هەڵدەدات هەتا دەگاتە پسپۆڕی پیشەیی ورد، زیادبوونی هەستی تاكایەتی، جیاوازی حەزی تاكەكان و بیروباوەڕو بۆچوونەكانیان بەهۆی فراوانی و زیادبوونی كاردابەشكردن،و گۆڕانی جۆری ئەو پەیوەندییانەی لەنێوانیاندا هەیە، ئەمانە خاڵی جیاكەرەوەی ئەو

کۆمەڵگایانەن کە زیاتر پەرەیان سەندووەو کاردابەشکردنێکی پەرەسەندوو لەناویاندا باوە کە لەسەر بنـەمای هەمـەڕەنگی و جیـاوازی و پسـپۆڕێتی ورد بنیـاتنراوە، دۆرکـایم بـەم کۆمەڵگایـە دەڵێـت (هاوبەندی ئۆرگانی) (شلبي،٢٠٠٨:١٠٥-١٠٦).

(ڕۆبـەرت میرتـۆن) Robert Merton (١٩١٠-٢٠٠٣) لـە نوسینێکی بەناوبانگیدا بـەناوی (بنیاتی بیرۆکراسی و کەسێتی) جەخت لە بیرۆکەیەکی بنەڕەتی دەکاتەوە کە ئەندامانی ڕێکخراو لەناو ڕێکخـراودا وەڵامـی هەڵوێسـتە دیاریکراوەکـان دەدەنـەوە،و لـەم وەڵامـەوە شـێوازێك وەردەگـرن و جێبـەجێی دەکـەن بەسـەر هەڵوێستە هاوشێوەکاندا، ئـەم دۆخـە کاتێك ڕوودەدات ئـەنجامی چـاوەڕوان نـەکراو یـاخود نەویسـتراو سـەبارەت بـە ڕێکخـراو ڕوودەدات، پاشـان پێیوایـە ئـەو گۆڕانـەی بەسـەر کەسێتی ئەندامانی ڕێکخراودا دێت بەهۆی چەند هۆکارێکـەوە سـەر هەڵدەدات کـە لـەناو خـودی بنیـاتی ڕێکخراوەکەدایـە، بـۆ ئـەوەی ڕێکخسـتنی ڕەفتـار لـەناو ڕێکخـراودا ڕێکبخرێـت پێویسـتە کۆنترۆڵێـك هەبێت لە ئاستی سەرۆکایەتی باڵای ناو ڕێکخراوەکەوە کە پیادەی دەسەڵاتەکانی خۆی بکـات، بـوونی کۆنترۆڵ پێویستی بە هەبوونی چەند ڕێکارێکی قایلکەرە کە سروشتێکی سیستماتیك وەردەگرێت،و بۆ ئەمـەش پێویسـتە بـەدواداچوون بـۆ جێبـەجێکردنی ئـەو ڕێکارانـە بکرێـت. میرتـۆن سـێ ئـەنجام لـەم بۆچوونەوە دەردەهێنێت **یەکەم:** ئاماژەیە بۆ لاوازیی پەیوەندییە تایبەتییـەکان لەبەرئـەوەی ڕێکخسـتنی بیرۆکراسی لەخۆیدا کۆمەڵێك پەیوەندییە لـەنێوان ئەرکـەکان یـاخود ڕۆڵەکاندا دروست دەبێت،خودی فەرمانبـەریش لەگـەڵ کەسـانی دیکـەی نـاو ڕێکخـراودا کارلێـك دەکـات بەوپێیـەی نوێنـەر یـاخود فەرمانبەرێکە مـاف و ئـەرکی هەیـە. **دووەم:** ئامـاژە بـۆ وەرگرتنـی زیـاتری یاسـاو نۆرمـەکان دەکـات لەلایەن ئەندامانەوە، **سێیەم:** ئاڵوگۆڕی ئامانجەکانە کە لە ڕێکخراودا پێویستی بە ڕەفتـاری ڕێکوپێك هەیە (فريق بوابة علم الاجتماع،٢٠١٨:٥-٦).

لێرەدا ڕاستییەکی گرنـگ دەردەکـەوێت ئـەویش پابەنـدبوونی ئەندامـە بـە یاسـاکان و گـونجـان و یەکبونیەتی لە دۆخێکدا مامەڵە لەگەڵ یاساکاندا دەکات کە خۆی لە خۆیدا ئامانجە، بەواتایـەکیتر لایەنـە کارگێڕییەکان یان ڕەسمییەکان لە ئەرکی بیرۆکراسیدا جێگـەی بایەخـە وەك پێشکەشـکردنی خزمـەتی زیـاتر بـە فەرمانبـەر، بـەڵام ئـاڵۆزکردن و زیـادەڕەویکردن لـە ڕێکـارە کارگێڕییـەکان وادەکـات سیستمەکەو چالاکییەکانی لە مەترسیدابێت ئەگەر دەربکەوێت ئەم لایەنانە بەربەستی پیشەیی دروست دەکەن، دواترفەرمانبەر پارێزگاری لەخۆی دەکات لە ڕێگەی پابەندبوون بە جێبەجێکردنی دەقاودەقی یاسا وشك و فەرمییەکانەوە.

دیارترین بابەت لە تیۆرەکـەی میرتونـدا دەرخسـتنی ناکـامڵیی ڕەفتـاری ڕێکخسـتنە، ئـەو توخمـە بنیاتییانەی لە ڕێکخراودا ئاماژەی بۆ دەکات ڕێکخستنێکی وردە کـە یاسـا نوسراوەکان پیـادە دەکـات و ئەنجامی ئـەرکێتی دەبێت وەك توانـای پێشبینی، لەهەمانکاتدا ئـەنجامی نائـەرکێتی لـەخۆدەگرێت وەك

چەقبەستن ئەمەش لەژێر رۆشنایی مەودای بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە ڕێکخراو هەوڵی بۆ دەدات.

میرتۆن لە چوارچێوە تیۆرییەکەیدا باسی ململانێی کردووە لەنێوان ئەندامانی ڕێکخراودا ئەویش لەمیانی سێ خاڵدا، **یەکەم:** چەقبەستنی ڕەفتار لە ڕێکخراودا، **دووەم:** ئاڵۆزیی گونجان لەگەڵ ئامانجەکانی پیشەدا، **سێیەم:** ئەو ململانێیەی لەنێوان ئەندامانی ڕێکخراودا دروست دەبێت. ئەم خاڵانە تائاستێك ڕێکخستن و هاوسەنگی دروست دەکەن، میرتۆن پێیوایە ئەگەر ڕەفتارێك لە ڕێکخراوێکی دیاریکراودا زیانبەخش بێت ئەوا دەشێ ئەرکێکی زیندوو چالاك بێت لە ڕێکخراوێکی تردا، هەروەها بەپێچەوانەوە ئەگەر ڕەفتارێك سوودبەخش بێت لە ڕێکخراوێکدا دەشێ لەمپەرێکی پیشەیی بێت لە ڕێکخراوێکی تردا (فريق موقع بوابة علم الاجتماع،٢٠١٨: ٥-٦).

لەکۆتاییدا لەلای ماکس ڤێبەر پرۆسەی دامەزراندن مەبەست دامەزراندنی هەر کەسێکە بەپێی مەرجە یاساییەکان لە دامەزراوەیەکی فەرمیداو بەپێی ئەو بڕوانامەیەی بەدەستیهێناوە، هەروەها لەبەرچاوگرتنی لێهاتوویی و شارەزایی و سوودوەرگرتن لە تواناو پاشان جێگیرکردنی لە پێگەکەیدا دوای سەرکەوتنی لە ماوەی ئەزموونیدا کە بەیاسا ڕێکخراوە. ئەم تێڕوانینەی ڤێبەر بۆ دامەزراندن هەمان تێڕوانینی توێژینەوەکەیە بۆ گەندەڵی پیشەیی چونکە لە ئەگەری جێبەجێنەکردنی مەرجە یاساییەکانی تایبەت بە دامەزراندن گەندەڵی پیشەیی دێتە ئاراوەو دەرامەتی مرۆیی بەفیڕۆ دەدرێت، ئەم پێناسەیە تەواو گونجاوە لەگەڵ خاڵە ستراتیجییەکانی هزری زانایانی قوتابخانەی بنیاتی ئەرکێتیدا چونکە پێناسەکە ئەرك و ڕۆڵ لەخۆدەگرێت و مەرجی داناوە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی دامەزراندن کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە پێویستە فەرمانبەر لەماوەی یاساییدا ئەرکەکانی بەسەرکەوتوویی جێبەجێ بکات بۆ ئەوەی جێگیر بکرێت.

بەهەمان شێوە ماکس ڤێبەر لە ئەرکەکانی فەرمانبەردا پێیوایە سەرجەم ئەو ئەرکانەیە کە دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانبەران لەناو دامەزراوەیەکدا کە تیایدا بەپێی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و بەرپرسانە هەڵسوکەوت دەکەن بە ئامانجی ڕاپەڕاندنی کارە پیشەییەکانیان بەشێوەیەکی دروست و گوێرایەڵی تەواو بۆ سەرجەم یاساو ڕێنماییەکانی کار دەردەبڕن و ڕێز لە زنجیرەی ڕێکخستنی پیشەیی و ئەو فەرمانانە دەگرن کە لە سەرووی خۆیانەوە دادەبەزێت. پێناسەکە بەتەواوی کۆکە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە، لەهەمانکاتدا هاوڕایە لەگەڵ بۆچوونی زانایانی ئەرکێتیدا بەتایبەت ڕۆبەرت میرتۆن کە باس لە ناتەواوی ئەرکێتی دەکات لەئەنجامی ناڕێکی لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی فەرمانبەردا.

## ٢- مافەكانی فەرمانبەر Employee Rights

گومانی تێدا نییە فەرمانبەران بەگشتی ڕەگەزێكی گرنگن لە كۆمەڵگاداو لێپرسراوێتی گرنگیان لە ئەستۆدایە بەوپێیەی ئەركی گشتی ئەمانەتێكی پیرۆزەو پێویستە پارێزگاری لێ بكرێت، هەروەها سیستمی كارگێڕی ناتوانێت بەردەوام و سەركەوتووبێت لە كارەكانیدا بەبێ بوونی ئەو هێزە مرۆییەی بەڕێوەی دەبات و ئامانجەكانی تێدا بەدی دەهێنێت، بۆیە بەهای هەر كارگێرییەك پشت دەبەستێت بە مەودای چالاكی و توانست و لێهاتوویی فەرمانبەرەكانی لەمیانەی ئەو ئەركانەی جێبەجێی دەكەن، لە بەرامبەریشدا پێویستە فەرمانبەر بیمەی مافە یاساییەكانی بۆ بكرێت بۆ ئەوەی چالاكی و بەرهەم و خزمەتی لە فەرمانگەكەیدا زیاترو بەردەوام بێت و هاندەرێكی بەهێزبێت بۆ پیشەكەی (صالح،١٩٢:٢٠١٨).

یاسای ڕاژەی شارستانی لەو یاسا گرنگانەیە كە راژەی فەرمانبەرانی ڕێكخستووە هەر لە دامەزراندن و پلە بەرزكردنەوەوە هەتا سەرجەم مافەكانی تر وەك كۆكردنەوەی ساڵانی خزمەت، ڕێكخستنی پلەكان، موچە، دەست لەكاركێشانەوە، گواستنەوە، خواستن، مۆڵەت، دەرماڵەكان. یاسای ڕاژەی شارستانی كە لە ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠) و هەموارەكانیدا دەرچووە لە بڕگەی (٢) لە ماددەی دووەمدا لە باسی فەرمانبەری گشتیدا دەڵێت: (هەر كەسێكە كە بەڵێن دەدات ئەركێكی هەمیشەیی هەبێت لە چوارچێوەی خزمەتێكی بەردەوامدا) (الخزعلي،٩:٢٠١٠).

هەروەك لە یاسای ڕاژەی شارستانی عێراقیدا مافەكانی فەرمانبەر ڕوون كراوەتەوە دەكرێ بڵێین گرنگی ئەم مافانە خۆیان لەوەدا دەبیننەوە كە شكۆی فەرمانبەر دەپارێزن و لە بەرامبەر هەوڵ و ماندوبوونەكانیدا لە كەرتی گشتی سەرجەم ئەو ماف و شایستە ماددیی و مەعنەوییانەی پێ دەدرێت كە لە یاساكەدا دیاریكراوە كە ئەمە ڕۆڵێكی زۆری هەیە لە پاراستنی دەرامەتە مرۆییەكاندا چونكە پێدانی مافەكان بە فەرمانبەر مانای پاراستنی ژیان و ئاسایشی كۆمەڵایەتی و دروستبوونی خۆشگوزەرانییە بۆ فەرمانبەران كە دواتر ڕەنگدەداتەوە لە بەگەڕخستنی تواناكانی فەرمانبەراندا بۆ خزمەتكردنی ئەو دامەزراوە یاخود فەرمانگەیەی كاری تێدا دەكەن، هەروەها دابینكردنی سەرجەم ئەو شایستە داراییانە بۆ فەرمانبەران ڕۆڵیان هەیە لە كەمبوونەوەی گەندەڵی پیشەییدا چونكە كەلێن و بۆشایی ناهێڵێت و خاڵی لاواز دروست ناكات تا بوار بداتە فەرمانبەر گەندەڵی بكات، هەروەها ڕۆڵێكی باشی دەبێت لە بەرزكردنەوەی توانا و لێهاتوویی و شارەزایی فەرمانبەرو بەرەوپێشچوونی ئاستی فەرمانگەو دامەزراوەكانی حكومەت لە پێشكەشكردنی خزمەتی زیاترو باشتر بۆ هاوڵاتیان.

لەراستیدا مافەكانی فەرمانبەر بابەتێكی هەمەلایەنی یاسایی و كۆمەڵایەتی و ئابوری و پیشەییە، چونكە لایەنی پەیوەندیدار كە حكومەتە پەیمانێكی یاسایی لەگەڵ فەرمانبەراندا هەیە كە بەڕوونی

ئەرك و مافەكانی بۆ دیاریكردوون، فەرمانبەرانیش بەپێی پێگە پیشەییەكانیان رۆڵی خۆیان دەبینن لە جێبەجێكردنی ئەركەكانیان بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا مافەكانیان بەدەست بهێنن.

كاتێك قسە دەربارەی گەندەڵی پیشەیی دەكرێت پێویستە ئاماژە بۆ هۆكارەكانی بكرێت كە یەكێكیان وەرنەگرتنی مافەكانی فەرمانبەرانە كە دواتر كەلێنی پیشەیی دروست دەكات،و هەستی نابەرپرسیارێتی لای فەرمانبەران پەیدادەبێ و لەوانەیە رۆڵی نەرێنی هەبێت لە بەفیرۆدانی دەرامەتە مرۆییەكاندا، چونكە فەرمانبەران هەست دەكەن لەبەرامبەر بەجێگەیاندنی ئەركەكانیاندا مافەكانی خۆیان بەتەواوی و لەكاتی خۆیداو بەپێی یاسا وەرنەگرتووەو نەپارێزراوە، بۆیە كاریگەرییان لەسەر دروست دەكات و تواناو وزەو لێهاتوویيەكانیان بەفیرۆدەدات و شارەزاییەكانیان لەخزمەتی ئەركەكەیاندا بەكارناهێنن و هاوسۆزی بۆ كارەكەیان نامێنێت، بۆیە دەتوانین بڵێین نەپاراستنی مافەكانی فەرمانبەران یاخود دەستوەردان لە مافەكانیان راستەوخۆ دەبێتە هۆی بەفیرۆدانی دەرامەتە مرۆییەكان و پێچەوانەكەشی راستە.

هەربۆیە دابینكردنی شایستە ماددی و ناماددییەكانی فەرمانبەران پەیوەندییەكی زۆریان هەیە بە كارایی دامەزراوەكان و هەوڵ و كۆششی فەرمانبەران كە پشت دەبەستێ بەوەی تاچەند هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی دەكەن لەناو دامەزراوە یاخود فەرمانگەكەیانداو دەستەبەركردنی مافەكانیان مەرجی سەرەكییە بۆ سەركەوتنی ئامانجی دامەزراوەكە، كەواتە پێدانی مافەكان بە فەرمانبەران یەكێكە لەو ئامرازانەی كە دامەزراوەكان پێی هەڵدەستن بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی فەرمانبەرەكانی لە دڵسۆزی و كارایی و بەجێهێنانی ئەركەكان وەك ئەوەی بۆیان دیاریكراوە (القحطاني،٢٠١٥:١٨٣).

دەكرێ لەچوارچێوەی شایستە داراییەكاندا وردتر ئاماژە بۆ دوو بابەت بكرێت ئەوانیش (كرێ و پاداشتن) چونكە هەردووكیان پێدانی شایستەی ماددین بە فەرمانبەر بەڵام هەریەكەیان هەلومەرجی جیاوازی خۆی هەیە، سەرەتا دەكرێ بڵێین كرێ ئەو قەرەبووەیە كە فەرمانبەر لەبەرامبەر ئەو هەوڵەدا وەریدەگرێت كە لە كارەكەیدا بەختی كردووە ئینجا ئەو كرێیە لەسەر بنەمای ڕۆژانە بێت یان هەفتانە یان مانگانە یاخود ساڵانە. بەواتایەكیتر كرێ ئەو بڕە پارە نەختینەیەیە كە فەرمانبەر راستەوخۆ دوای تەواوبوونی ماوەی دیاریكراوی كارەكەی وەریدەگرێت، وەك ئەوەی پێشتر لەسەری ڕێككەوتون ئیدی ئەو پارەیە كرێ بێت یاخود موچە، سەرباری ئەمەش هەندێك كەڵكی دارایی ناڕاستەوخۆش هەیە وەك پارەی خانەنشینی، بیمەی تەندروستی، ئاڵوگۆڕی شوێنی نیشتەجێبوون. (عرب،٢٠٠٧:٩٩).

لەگەڵ ئەمەشدا پاداشت رۆڵێکی گەورەی هەیە لە بەگەڕخستنی دەرامەتە مرۆییەکاندا چونکە دانانی سیستمی پاداشت دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی ئەنجامی بەسوود لە گرنگترینیان (ماهر،١٩٩٩:١٨٤):

١- زیادبوونی بەرهەمی کار.

٢- تێرکردنی پێداویستییەکانی فەرمانبەران بە جۆرە جیاوازەکانیەوە بەتایبەت ڕێزو پێزانین.

٣- ڕێگەدان بە فەرمانبەران بە زیادکردنی داهاتەکانیان لەگەڵ ئەو موچەیەی وەریدەگرن کە دواجار هۆکارە بۆ هاندانیان ڕووەو بەختکردنی کۆششی زیاتر بۆ کارەکەیان.

٤- هەستکردنی فەرمانبەران بە گیانی دادپەروەری لەناو فەرمانگەداو پەرەپێدانی گیانی هاوکاری لەنێوانیانداو بەهێزکردنی هەستی هاوسۆزی بۆ کارەکەیان.

دامەزراوەو ڕێکخراوە جیاوازەکان خاوەنی پەیکەری ڕێکخستنی موچەو دەستنیشانکردنی پلە پیشەییە جیاوازەکانن بەمەبەستی پاراستنی دادپەروەری و پێدانی موچە بە فەرمانبەران بەپێی پلەی پیشەیی و بڕوانامەو لێپرسراوێتی و پۆستی کارکردنی فەرمانبەران. بۆیە چەند هەنگاوێکی گرنگ هەیە پێویستە بەدواداچوونی بۆ بکرێت بۆ دیاریکردنی پەیکەری موچەو ئاستە پیشەییەکان کە دەکرێت لە سێ هەنگاودا چڕبکرێنەوە (المغربي،٢٠١٣:١٥٦):

١- شیکاری ئەرکەکان، بەئامانجی دیاریکردنی سروشتی ئەرکەکان و لێپرسراوێتی و پەیوەندییەکانیان هەروەها ئامادەکاری پێویست بەمەبەستی ئەوەی کێ ئەرکەکان وەربگرێت.

٢- هەڵسەنگاندنی ئەرکەکان، بەئامانجی دیاریکردنی گرنگی ڕێژەی هەریەکەیان بەپشتبەستن بە زانیارییەکانی وەسف یاخود شیکارکردن.

٣- دروستبوونی پەیکەری ئەرکەکان دوای هەڵسەنگاندنیان ئەویش لەڕێی هەڵسەنگاندنی ئەو ئەرکانەی کە بەشێوەیەکی یەکسان گرنگییان پێ دەدرێت.

جگە لە موچە و کرێ و پاداشت، یەکێکیتر لە مافەکانی فەرمانبەران بەرزکردنەوەی پلەی پیشەییە کە لەڕووی کارگێڕییەوە مەبەست هەڵبژاردنی باشترینی فەرمانبەران و گونجاوترینیانە بۆ وەرگرتنی ئەو ئەرکانەی ئاستێکی باڵاتریان هەیە لەڕووی لێپرسراوێتی و دەسەڵات لە ڕێکخستنی کارگێڕیدا، لێرەدا ئەو کەسە سوودی ماددی زیاتر بەدەست دەهێنێت بە بەراورد لەگەڵ پلە پیشەییەکەی پێشویدا،و بەرزکردنەوەی پلە گرنگترین مافە لەدوای موچەوە سەبارەت بە فەرمانبەر چونکە بوار لەبەردەمیدا دەڕەخسێنێت تا بگاتە پۆستە باڵاکان،و چاندنی بیری پاداشت و خەڵات لە بیری فەرمانبەراندا لە بەرامبەر ئەو خزمەت و ئەرکانەی پێشکەشی دەکەن،و بەهۆیەوە پلەیان

بەرزدەکرێتـەوەو سـوودی مـاددی و نامـاددی لێوەردەگرن و کاریگـەرترین ڕێگایـە بـۆ سـەرکەوتنی دامەزراوەی کار (نورالدين،٢٠١١: ٨٩).

لەگەڵ ئەمانەشدا فەرمانبەر هەست بە ئاسایش دەکات لە ئەنجامی پێشکەوتنی بەردەوام لە ژیانی پیشەییدا، بۆیە لەبەر گرنگی پلە بەرزکردنەوە بۆ فەرمانبەرو لایەنی کارگێری پێویستە گرنگی پێبدرێت و پێوەرێکی دروست دابنرێت و کاری لەسەر بکرێت.

کەواتە بەرزکردنـەوەی پلـە یەکێکـە لـە مافـە گرنگەکانی فەرمانبـەران و هۆکـارێکی گرنگـە بۆ سـوود وەرگـرتن لـە دەرامەتـە مرۆییـەکان و بەفیڕۆنـەدانی سـەرمایە مرۆییـەکان چونکـە لەڕێگـەی بەرزکردنـەوەی پلـەی پیشـەییەوە دەکـرێ لـە پۆسـتە باڵاکانـدا سـوودی زیـاتر لـە توانـاو لێهـاتوویی فەرمانبەران وەربگیرێت و بواریان پێ بدرێت شارەزاییەکانیان دەربخەن و بتوانن لێپرسراوێتی نوێ وەربگرن کە بێگومان ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لە بەرەوپێشچوونی خزمەتگوزاریی فەرمانگەکان و دەسـت بـەکاربوونی فەرمانبـەرانی لێوەشـاوە لـە پێگـە پیشـەییە هەمەجۆرەکانـدا،و بـەپشتبەسـتن بـە پێـوەری بابـەتیبوون و یاسـایی لـە ئەنجامـدانی پرۆسـەی پلـە بەرزکردنـەوەداو دوور لـە هـەموو لایەنگیرییـەکی تایبـەتی و بڕیـاردان لەسـەر پلـە بەرزکردنـەوەی فەرمانبـەران لەسـەر بنـەمای شایستەبوون و تەواوی ئەو مەرجانەی تیایاندا بەدی دێت (کامل،١٩٩٤: ٣٥٧).

لەکۆتاییدا مـاکس ڤیبـەر پێیوایـە مافـەکانی فەرمانبـەران تـەواوی ئـەو مافانەیـە کـە یاسـاکان لـە ژینگەی کارداو لەناو دامەزراوەی فەرمیدا بۆ فەرمانبەرانیان فەراهەم کـردووە، ئـەویش بـەپێی چەند میکانیزمێك ڕێکخراوەو هەموو فەرمانبەرێك بەپێی بڕوانامەو پلەی پیشەیی ساڵانی خزمـەت موچـەو پێگەی پیشـەیی وەردەگرێت و بـەدرێژایی تەمـەنی پیشـەیی مافـەکانی پـارێزراو دەبـن و بـەیاسا بۆی ڕێکدەخرێن هەتا دەگاتە تەمـەنی خانەنشین بوون، ئـەم تێگەیشتنەی ڤیبـەر بـۆ مافـەکانی فەرمانبـەران لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا بەتەواوی یەکدەگرێتەوە، کەواتە بۆچوونی ڤیبەر هاوتەرییە لەگەڵ یاسای ڕاژەی شارستانیدا کە پێداگیری لەسـەر دابینکردن و پاراستنی مافـەکانی فەرمانبـەران دەکات بەمەبەسـتی سـەرکەوتن لـەکاروباری کـارگێری دامـەزراوەکان و پێشکەشـکردنی باشـترین خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگا.

## ٣- هەرەمیبوونی دەسەڵات Hierarchical Power

لـەم توێژینـەوەدا مەبەسـت لـە هـەرەمیبوونی دەسـەڵات ئـەو دەسـەڵاتە کارگێڕییەیـە کـە لـەلای بەڕێوەبـەرە گشتییەکان پیادە دەکرێ، بۆیـە سـەرەتا پێویستە پێناسـەی بەڕێوەبـەرە گشتییەکان بکـەین بەوەی ئەو کەسانەن کە خاوەنی دەسەڵاتێکی کارگێری باڵان لەناو دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەتداو سەرپەرشتی دەوامـی فەرمانبـەران دەکـەن و کاروبـاری هاوڵاتیـان و فەرمانگـە یـاخود دامـەزراوە ڕادەپـەڕێنن، بۆیـە پێویسـتە لێرەدا بەگشتی چـەمکی دەسـەڵات لـەلای بیرمـەندان ڕوون بکەینـەوە بـۆ

ئـەوەی دواتـر بـزانین تاچەنـد بڕیـاردان ڕۆڵـی هەیـە لەسـەر پرۆسـەی بـەڕێوەبردنی کـارگێڕی و دروستبوونی گەندەڵی پیشـەیی، چونکە دواجـار بـەکارهێنانی دەسـەڵاتی کـارگێڕی بەشێوەی نایاسـایی ڕۆڵێکی خراپی دەبێت لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانیشدا.

پەیکەری ڕێکخستنی فـەرمی پشت بـە دوو کۆڵەکـەی سـەرەکی دەبەستێت ئـەوانیش دەسـەڵات و لێپرسـراوێتین (المغربـي،٢٠٠٤:٢٦٧)، دەسـەڵات پیـادەکردنی هێـزە بەشـێوەی زۆرەملـێ یـاخود ئارەزوومەندانـە، تاکـەکان و گروپـەکان هەنـدێکیان هێـز بەسـەر هەنـدێکی تریانـدا پیادە دەکـەن واتـە بەسەر یەکتردا زاڵ دەبن ئیدی بـە بـەکارهێنانی هێزی زۆرەملـێ بێت یـان لەسـەر بنـەمای ئـەوە بێت ئەوانـەی پیـادەی دەکـەن وای تێدەگـەن کـە هێزێکـی یاسـاییە (مارشـال،٢٠٠٧:٧١٨)، پەیکـەری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانیش لە هەرێمی کوردستان لـە چەندین بـەش و هۆبە پێکهاتووە هەروەك لە پاشکۆی (٣)دا خراوەتەڕوو.

دیاردەی دەسەڵات هەر لە سەردەمانی کۆنەوە هەتا کاتی ئێستا بابەتی چاودێری و گرنگیپێدانی بیرمەندان و فەیلەسوفان بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پێناسەیەکی وا نییە کە لەلایەن گشت بیرمەندانەوە جێی پەسەندکردن بووبێت، بۆیە لەلایەکـەوە دەستنیشـانکردنی گرنگـی دەسـەڵات و ئەرکـەکانی و سروشـتی ئەو پەیوەندییانەی کە بەهۆیەوە دروست دەبێت لە توێژەرێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازە بێگومان ئـەویش بـەجیاوازی ڕوانگـە تیۆری و ئایدیۆلۆجییـەکان. لەلایـەکی تـرەوە سـەختیی دەستنیشـانکردنی چـەمکی دەسەڵات لەوەوە هاتووە کە دیاردەیەکە بە بـەردەوامی پەرەدەسێنێ و شێوازی جیـاواز لـەخۆدەگرێت. لـە پەرسـەندنیدا بەچەنـدین قۆنـاغی جۆریدا تێپـەڕبووە، بـەو مانایـەی جۆرێك بـووە لـە توندوتیژی و هۆکارەکـەی سـەپاندنی ویسـتی لایـەنێك بـووە بەسـەر ئـەوەی تـردا، بـەڵام چـەمکی دەسـەڵات دواتـر گۆڕانکاری بەسـەردا هـاتووەو تێکـەڵ بـووە لەگـەڵ هـەموو ڕووکارەکـانی پەیوەندییـە مرۆییەکانـداو لـە چوارچێوەی ژیانێکی کۆمەڵایەتی هاوبەشدا ڕەنگیداوەتەوەو پەیوەسـت بـووە بـە هـەموو ڕێکخستنێکی دامەزراوەییـەوە، دواجـار ئـەو هاوکـاری یـاخود ململانێیـەی کـە لـە ئـەنجامی پەیوەندییـە سیاسـی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لـەنێوان تاکـەکان و گروپەکاندا دروست دەبێت، هەموویان ئەنجامێکی ڕاستەوخۆن بۆ دانانی دەسەڵات لە کۆمەڵگادا (الاسود،١٩٩٠:١٢٥).

کەواتە دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی پیادەکردنی هەندێك ئەرکە لە ئەرکەکان بۆ خزمەتکردنی سیستمێکی کۆمەڵایەتی، هەروەها دەسەڵاتی یەکەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیدا لەسەر بنەمای جێبەجێکردنی پابەندبوون لەکاتێکدا ئەو پابەندبوونە بنەمایەکی یاسایی وەرگرتبێت.

بەگەڕانەوە بۆ مێژووی هزری کۆمەڵایـەتی بۆمـان دەردەکـەوێت دەسـەڵات جێگـەی مشتومڕو بایەخی کۆمەڵناسان و بیرمەندان و فەیلەسوفان بووە چونکـە تێکـەڵ بـووە لەگـەڵ سیاسـەت و سیستمی حوکمڕانی دەوڵەتدا، هەروەك دەبینین (ئیبن خەلدون) Ibn Khaldoun (١٣٣٢-١٤٠٦) دەسـەڵات

دەبەستێتەوە بە دەمارگیری خزمایەتییەوە، پەیوەندی نێوان خزمایەتی و دەسەڵات لەوکاتەوە دەردەکەوێت کە دەمارگیری کۆمەڵێکی خێڵەکی دەستپێدەکات بۆ خۆپاراستن لە مەترسی دەرەکی کە هەڕەشەیان لێدەکات. یەکگرتنی تاکەکانی خێڵ یەکەمجار لەسەر ئاستی ئەو خزمایەتییانە دەستپێکردووە کە دروستیان کردووە، کەواتە خزمایەتی بناغەی ئەو دەمارگیرییە تایبەتییەیە کە کۆمەڵێکی خێڵەکی بەرجەستەی دەکەن و لەناوخۆیاندا هێزو دەسەڵاتێکی ناوچەییان هەیەو یەکدەگرن بۆ مانەوەو پارێزگاریکردن لە یەکە خزمایەتییەکە دژی هەر مەترسییەك کە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، کەواتە دەسەڵات لە تیۆری (ئیبن خەلدون)دا جێگەی بایەخەو لەچوارچێوەی دەمارگیری خێڵەکیدا ئاماژەی بۆ کردووە (البعلي،١٩٩٧: ٦٤-٦٥).

(نیکۆلۆ میکیاڤیللی Nikolo Makiaveli (١٤٦٩-١٥٢٧) لە سەدەی شانزەدا باسی لە هێزو دەسەڵات کردووەو پێیوابووە پێویستە سەرکردەی سیاسی توندوتیژی و هێز بەکاربهێنێت بەو پاساوەی ترس دروست بکات، ترسیش بنەمایەکی سەرەکییە لەپێناو زاڵبوون بەسەر گەلداو هەرکەسێك وانەکات ئەوا بە سەرکردەیەکی سیاسی سەرکەوتوو دانانرێت، ئەم مەبەستە سیاسییەش پارێزگاریکردنە لە هێزی دەوڵەت و لەسەر ئەم بنەمایە مەبەستی سیاسی میکیاڤیللی پاراستن و زیادکردنی هێزی سیاسییە ئیتر گرنگ نییە ئەو کردارە دروست بێت یاخود نادروست بێت (الطیب،٢٠٠٧:١٩).

هەر سەبارەت بە هێزو دەسەڵات فەیلەسوفی ئینگلیزی (تۆماس هۆبز) Thomas Hobbes (١٥٨٨-١٦٧٩) پێیوایە پەیمانەکان بەبێ شمشێر(هێز) هیچ نین جگە لەچەند وشەیەك کە توانای پارێزگاریکردنیان نییە لە ژیانی مرۆڤ، وشەکانیش زەحمەتە بتوانن وەڵامی داواکاری یان توڕەیی و هەڵچوونی تاکەکان بدەنەوە، لەگەڵ ئەمەشدا هۆبز بڕوای وایە یەکەمین ئارەزوو لای مرۆڤ بریتییە لە دەسەڵات کە فەرمانڕەوا خاوەنی دەسەڵاتی ڕەهایەو دەتوانێت دادوەران و ڕاوێژکاران و وەزیرەکان دابنێت، هەر فەرمانڕەوا بەتەنها دەتوانێت بڕیاری جەنگ و ڕاگرتنی بدات، هەموو ئەمانە هۆبز وایدەبینێت بەمەبەستی پاراستنی مرۆڤە لە مرۆڤی بەرامبەر، هەروەها لەپێناو ئاشتی و ڕوونەدانی جەنگ (زاید،١٩٨٤:٣٥).

(جۆن لۆك) John Locke (١٦٣٢-١٧٠٤) فەیلەسوفی ئینگلیزی لەچوارچێوەی تیۆری پەیمانی کۆمەڵایەتیدا باسی لە دەسەڵات کردووەو بڕوای وابووە دۆخی سروشتی دۆخێکی زۆر گونجاو و پارێزراو بووە بۆ ژیانی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤەکانی ترداو ژیانێکی سەقامگیربووەو بەپێی ئەو یاسا گشتییانە گوزەراوە کە حوکمی یاسا سروشتییەکانیان کردووە، لێرەدا لۆك پێیوابووە مرۆڤەکان هەوڵیانداوە یاسا سروشتییەکان تێپەڕێنن و دۆخێك دروست بکەن کە لەسەر بنەمای پەیمانبەستن پێکبێت و لە دەسەڵاتێکی باڵادا دەربکەوێت ئەویش لەپێناو دەسکەوتنی سەقامگیری و

خۆشـگوزەرانی زیـاتر بـۆ خۆیـان، هەربۆیـە تاکـەکان وازیـان لـە سەربەسـتی و مافـە سروشـتییە سـەرەتاییەکانی خۆیـان هێنـاوە بـۆ دەسـەڵاتێك کـە بتوانێت لـە چوارچێوەی پـەیمانێکی کۆمەڵایـەتی و سیاسیدا ژیانیـان بـۆ ڕێکبخـات کـە ئـەویش خـۆی لـە دوو لایـەندا دەبینێتـەوە یەکـەمیان فەرمانڕەوایـەو دووەمیان هاوڵاتیانن، فەرمانڕەوا ئەرکی پارێزگاریکردنە لە مـافی هاوڵاتیـان، هـەروەها هاوڵاتیـانیش پێویستە لەسەریان گوێڕایەڵی خاوەن دەسەڵات بکەن بۆ ئەوەی ئەو پەیمانە کۆمەڵایەتییە بپارێزن کـە بۆ بەرژەوەندی گشتی بنیاتیان ناوە (عبدالرحمن،٢٠٠١: ١٧٢).

(مۆنتسـکیۆ) Montesquieu (١٦٨٩-١٧٥٥) فەیلەسـوفی فەرەنسـی، لـە کتێبـی (گیـانی یاسـاکان)دا باسـی گرنگـی جیاکردنـەوەی نێـوان سـێ جـۆر دەسـەڵاتی کـردووە ئـەوانیش: دەسـەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن، دەسەڵاتی دادوەری. کاتێك ئـەم دەسـەڵاتانە سـەریانهەڵدا لەگەڵیانـدا سنوری دیاریکراوی هەریەکـەیان دەستنیشـانکرا، ئەمـە مـەرجێکی گرنگـە بـۆ بـەدیهێنانی کۆمـەڵگای مـەدەنی و دیمـوکراتی دادپـەروەر، مۆنتسـکیۆ جـەختی لـەوە کردووەتـەوە دەبێـت هـەموو دەسـەڵاتێك بەجۆرێك کاربکات کە پارێزەری مافی مرۆڤ و ئازادی بێت، هەربۆیە لای ئەو گرنـگ بـووە ئـەو سێ جۆرەی دەسەڵات لەیەك جیابکرێنەوە چونکە هەریەکـەیان سنوری دیـاریکراوی خۆیـان هەیـەو نابێـت تێکەڵ بەیەك بکرێن (سعید،٢٠٠٤: ٢٤٢).

(جان جاك ڕۆسۆ) Jean Jacques Rousseau (١٧١٢-١٧٧٨) بیروبۆچونـەکانی لـە کتێبـی (پــەیمانی کۆمەڵایــەتی)دا ناوبــانگێکی زۆری پێــدا بــەجۆرێ بیرۆکــەی پــەیمانی کۆمەڵایــەتی پەیوەستکراوە بە ناوی ڕۆسۆوە بێ گوێدانە ئەوانەی پێش ڕۆسۆ باسیان لێ کردووە، هەندێك پێیدەڵێن (باوکی دیموکراسی)، ڕۆسۆ لە پەیمانی کۆمەڵایەتیدا وایدەبینێت کۆمەڵە مرۆییەکان نـاکرێ لەسـەر بنەمای هێز دروست ببن، بۆ نموونە خێزان نـاکرێ پشـت بـە هێـزی بـاوك ببەسـتێت بـەو مانایـەی کـە منداڵـەکان ناچنـە ژێـر ڕکێفـی دەسـەڵاتی باوکیانـەوە جگـە لـەو ماوەیـەی کـە پێویسـتیان پێیـەتی، دوای نـەمانی ئـەو پێویسـتییە ئـەوا ئـەو پەیوەندییـە سروشـتییە هەڵدەوەشـێت بـەڵام بـاوان و منـداڵان لـە پەیوەندییەکانیاندا بەردەوام دەبن، ئەم پەیوەندییەش خۆڕسکەو بەڵگەیە لەسەر ئەوەی تاکەکانی خێـزان پشت بە هێز نابەستن بەڵکو پشت بە ڕێککەوتن و ڕەزامەندی نێوانیان دەبەستن، کەواتە دەکرێ بوترێ هەر کۆمەڵێکی ڕێکخراو ناکرێ پشت بە هێز ببەستێ بەڵکو پشت بە ڕێککەوتنی ئیرادەی سـەربەسـتی تاکـەکان دەبەسـتێ، بەمـەش ئـەو پەیمانـەی لەسـەر ویسـتی تاکـەکان دروسـت دەبـێ خـۆی لەخۆیـدا دروستبوونی دەسەڵاتە (عبدالوهاب،٢٠٠٤: ٦١-٦٢).

(ئـەمیل دۆرکـایم) Emile Durkheim (١٨٥٨-١٩١٧) پێیوایـە دەسـەڵات گرنگـەو پێویستە هـەبێت بـۆ بـەدیهێنانی هاوسـەنگی و سـەقامگیری لـەناو بنیـاتی کۆمەڵایەتیـدا، دەسـەڵات بەشـێکی دانـەبڕاوە لەهـەر بەشێکی سیستمی کۆمەڵایـەتی، سیستم ئـەو دەسـەڵاتەیە لـە پیادەکردنـدا دەردەکـەوێ چونکە دەسەڵات لکاوە بە بنیاتی کۆمەڵایەتییەوەو لێی جیانابێتەوە (أبوالغار،١٩٧٩:٥٤).

(ماکس ڤیبەر) Max Weber (١٨٦٤-١٩٢٠) کۆمەڵناسی ئەڵمانی، لە باسی دەسەڵاتدا ئاماژە بۆ سێ جۆر دەسەڵات دەکات ئەوانیش دەسەڵاتی کاریزمایی Authority Charismatic، دەسەڵاتی سوننەتی Traditional Authority، دەسـەڵاتی یاسـایی ئـەقڵانـی Legal- Rational Authority (الاصفر و عقیل،٢٠٠٣:٩٧).

سـەبارەت بـە جـۆری یەکـەمیان کـە دەسـەڵاتی کاریزماییـە لەسـەر بنـەمای دڵسـۆزی ڕەهـا بـۆ پیرۆزیی شتێکی دیاریکراو دروست دەبێت وەك پاڵەوان، یاخود نموونـەیەك لە نموونـەکانی کەسایەتی کـە چـاوی لێـدەکرێت، یـاخود بـەهۆی دەسـەڵاتێکەوە کـە سـەرکردەیەك دایهێنـاوە، لـە نموونـەی ئـەم دەسـەڵاتە بریتییـە لـە دەسـەڵات لـەلای هەنـدێك لـە سـەرکردەکان یـاخود سـەرکردە ڕۆحییـەکان. سـەرکردەی نیگابـەخش ئیتر دەوڵـەمەندبێت، پاڵـەوان بێت، یـاخود فەیلەسـوف بێت چەنـد مـوعجیزەو دیاردەیـەکی سەروسروشـت پێشـکەش دەکـات، ئەمـە وادەکـات خـەڵك بـڕوای پێبکـەن و گوێڕایـەڵی بـۆ دەسـەڵاتەکەی بکـەن، سیسـتمی کـارگێڕی لـەژێر سـایەی ئـەم دەسـەڵاتە بـەوە دەناسـرێتەوە کـە ناسەقامگیرە، دەسەڵات لەو کەسە کەمینانـە پێکدێت کـە زۆر نزیکن لـە سـەرکردەوە کـە ڕۆڵـی ناوەند دەگێڕن لەنێوان سەرکردەو جەماوەردا (الحسن،٢٠١٥: ٢٨٨-٢٨٩).

جۆری دووەمیان دەسەڵاتی تەقلیدییە، شـەرعییەتی ئـەم دەسـەڵاتە لـە بڕوابـون بـە دابونـەریت و بەها باوەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها شەرعیەتی ئەو پێگانەی ئەو کەسانەی تیایدان وایکردووە نموونـەی دەسـەڵاتی تەقلیدی بنوێنن، کەواتـە سـەرکردەی تەقلیدی فەرمانـەکانی پشت بـە پێگـە بۆماوەییـەکانی دەبەسـتێت، زۆرجـار ئـەم فەرمانانـە سـەرچاوەیان لـە ئـارەزووی تایبـەتی سەرکردەوە وەرگرتووە هەربۆیە سروشتێکی دەسەڵاتخوازی هەیە، دڵسۆزیی تاکەکانیش دەگەڕێتەوە بـۆ ڕێزگرتنیـان لـە پێگـەی تەقلیـدی سـەرکردە (الکبیسـي،٢٠٠٤:٨١). سیسـتمی بـەڕێوەبردن لـەم دەسەڵاتەدا دوو جۆر لەخۆدەگرێت یەکەمیان بۆماوەییە کە پشت دەبەستێت بـە لایـەنگیری خزمایـەتی بۆ سـەرۆك، دووەمیـان بریتییـە لـە بـەڕێوەبردنی دەرەبەگایـەتی کـە تائەندازەیـەك سـەربەخۆیی خـودی بەدەست دەهێنێت، لەبەرئەوەی دڵسۆزی بۆ دەرەبەگایەتی و پەیوەستبوونی تاکەکەسی بە هەردووکیان بنەمای دەسەڵاتی ئیداری دروست دەکەن.

جۆری سێیەمیان دەسەڵاتی یاساییە کە لەسەر بنەمایەکی ئەقڵانی پێگەیشتوو دروست دەبێت، سەرچاوەکەی بڕوابوونە بە بناغەکان یاخود پێودانگە بابەتی و ناکەسییەکان، واتە بڕوابوونێکی فەرمی هەیە کە سەرچاوەی لە پێودانگە یاساییەکانەوە وەرگرتووە، سەرچاوەی ئەم دەسەڵاتە بۆ لاوازکردن و بنکەنکردنی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێت بڕیارەکان بە ئارەزووی تاکەکەسی دەربکەن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بیسەپێنن و تاکەکان وا لێ بکەن گوێڕایەڵی بکەن بۆ دەسەڵاتی سەرکردەیەکی ڕۆحی (حمداوي،٢٠١٥: ٣٧-٣٨). دەسەڵاتی یاسایی دژایەتی ئەوەش دەکات کە تاکەکان گوێڕایەڵی بۆ سەرکردەیەکی تەقلیدی بکەن، بەپێچەوانەوە ئەم دەسەڵاتە دەیەوێت تاکەکان وا لێ بکات گوێڕایەڵ بن بۆ ئەو یاسایانەی ناکەسی و بابەتین. دەسەڵاتدار شەرعیەتی پیادەکردنی هێزی لەو پابەندبوونەوە بەدەستهێناوە کە بۆ بنەما یاساییەکان دەری بڕیوە.

ئەم شێوە ئەقڵییە یاساییە بۆ دەسەڵات بەشێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا نموونەیەکی باوە. ئەو دەزگا کارگێڕییەی پشت بە دەسەڵاتی یاسایی دەبەستێت پێی دەگوترێت (بیرۆکراسی)، ئەمەش خۆی لەوەدا دەبینێتەوە بڕوای بە بناغەو سیستەمی فەرمی هەیە کە سروشتی زنجیرەی سەرۆکایەتی دیاری دەکات، ماف و ئەرکە تایبەتییەکان بۆ هەموو ئەو ناوەندانەی کە تێیدایەتی، هەروەها ڕێکارەکانی دامەزراندن و پلەبەرزکردنەوە..تد. ئەوەی ئاشکرایە ئەم نموونەیە تەواو پەیوەندی دەپچڕێت لەگەڵ خاوەندارێتیدا، تیایدا پێگە پشت نابەستێت بە لەدایکبوون و بۆماوە، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕەها پشت بە پێودانگە فەرمییەکان دەبەستێت (غنيم وآخرون،٢٠١٥:٣٣).

وشەی بیرۆکراسی لێکدراوە لە دوو وشە، یەکەمیان لاتینیەو دووەمیان گریکییە، یەکەمیان (Bereau) واتە نوسینگە، دووەمیان (Cracy) واتە هێز یان دەسەڵات یان سیستم، کەواتە مەبەست لە بیرۆکراسیەت واتە دەسەڵاتی نوسینگە (سبيلا،الهرموزي،٢٠١٧:٩٨). ماکس ڤیبەر یەکەمین کەسە کە لەڕێگەی تیۆری نموونەی ئایدیالییەوە تایبەتمەندییە میتۆدییەکانی بیرۆکراسی داناوە بەوەی ڕێگەیەکی پیشەییە بۆ فەرمانبەرانی ڕێکخراو لە زنجیرەیەکی قوچەکیداو لەژێر ڕێکارو یاسا یەکگرتووە ناکەسییەکاندا کاردەکەن (قاسم،٢٠١٥:٧).

ماکس ڤیبەر مەبەستی لە دەسەڵاتی بیرۆکراسی زاڵبوونی بەڕێوەبردنە کە بواری حکومەت یان خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەگرێتەوە، هەروەها کاروبارە ئەهلییەکان و بازرگانییەکان و پیشەسازییەکان دەگرێتەوە، بیرۆکراسیەت ئەو دەسەڵاتەیە کە بنەماکانی بەڕێوەبردنی پیشەسازی یاخود بازرگانی پێکدەهێنێت. ڤیبەر ڕێکخستنی بیرۆکراسی شیکردووەتەوە بەوپێیەی شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، لە سیستەمی دەوڵەتی فەرمی و نافەرمیدا بیرۆکراسیەت جۆرێکە لە بەڕێوەبردن لەسەر بنەمای پلەبەندی بەرەوسەر، بەواتای ئەوەی دامەزراوە حکومییەکان ئەرکەکانیان بە زنجیرەی پلیکانەیی وەسف دەکرێت. شیکاری ڤیبەر بۆ بیرۆکراسیەت پشتی بەستووە بە کاری

دەزگـا پیشـەییەکان یـاخود فەرمییـەکان بـۆ دەوڵـەت کـە دەزگـای بیرۆکراسـی بەسـەریدا زاڵـە ئـەویش بەهۆی یاساو ڕێنماییە کارگێڕییەکانـەوە، کەواتـە ڤێبـەر هۆشداری مەترسـی ئـەوە دەدات کـە دەزگـای کارگێڕی بیرۆکراسی نابێت ملکەچ بێت بۆ دەسەڵاتی نائەقڵانی (عواضة،٢٠١٣:٢٦٩).

ڤێبەر لە تایبەتمەندییە ناوخۆییەکانی بیرۆکراسیدا باس لە زنجیرەی قوچەکی (التسلسل الهرمي) دەکات و پێیوایە سیستمێکی ناوخۆیی قوچەکییە کە وادەکات هەموو ئاستێك لەژێر دەسـەڵاتی ئاستی لەخۆی بەرزتردابێت،و کرداری پەیوەندیکردنیش ستونییە، زانیارییەکان لـەخوارەوە بەرزدەبنـەوە بۆ سەرەوەو فەرمان و یاساکانیش لە سەرەوە دادەبەزن بۆ خوارەوە ئەویش لەبەر چەند پاساوێك، **یەکەم:** پێویستی هونەری، **دووەم:** پێویستی یاسایی. یەکەمیان کە پێویستی هونەرییە گونجاوە لەگـەڵ بنـەمای یەکڕیزی فەرمانەکان و پرۆسەی هەماهەنگی لەسەرەوە لەنێوان بەشە کارگێڕییە جیاوازەکاندا، ڤێبەر جـەخت دەکاتـە سـەر لایەنـە باشـەکانی ئـەم سیستمە بەوپێیـەی وردی و خێرایـی و مامەڵـەی فـەرمی فەراهەم دەکـات، دووەمیـان کـە پێویسـتی یاسـاییە، واتـە دەزگـای کـارگێڕی ملکەچـە بـۆ ئـەو سیسـتمە یاساییەی کە بەشێوەیەکی قوچەکی پێکهاتووە (دهام،٢٠٠٨:٧).

ڤێبەر پێیوایـە سـەرەڕای ئـەوەی ئیدارەی بیرۆکراسی وەك نموونەیـەکی دیـار بـۆ ڕێکخسـتن لـە کۆندا هەبووە، ئەمە یارمەتیدەر بووە بۆ دەرکەوتنی دەوڵەتی نوێ کـە وێنـەی ڕاستەقینەی سـەروەری یاسـا دەنوێنێـت، گـۆڕانی بیرۆکراسـی تـەنها لەسـەر دامـەزراوەی دەوڵـەت دەرنەکـەوتووە، بـەڵکو بەشـێوەیەکی بـەرفراوان هـەموو بوارەکـانی ئـاینی، پـەروەردەیی، ئـابوری گرتووەتـەوە. ئەمـەش وەڵامدانـەوە بـووە بـۆ بـارودۆخێکی مێژوویـی دیـاریکراو کـە گرنگترینیـان بریتییـە لـە: دەرکـەوتنی ئابوری پارە، توانەوەی سیستمی کۆیلایەتی، گەورەبوونی قەبارەی کۆمـەڵگاکان، ئـاڵۆزبوونی ئەرکـە کارگێڕییـەکان، گەشـەکردنی سـەرمایەداری. سـەرباری ئەمـەش لـەڕووی هونەرییـەوە ئیـدارەی بیرۆکراسـی بەسـەر جۆرەکـانی تـری ئیـدارەدا باڵادەسـت بـووە. هۆکـاری سـەرەکی پێشـکەوتنی ڕێکخستنی بیرۆکراسی هەمیشە بریتییە لە سەرکەوتن و توانستی هونەری ئەگەر بەراوردی بکەین بە جۆرەکانی سیستمی ئیدارە. ئەم سەرکەوتنە هونەرییەش دەگەڕێتەوە بۆ بنەما ئەقڵییە پێگەیشتووەکان، بناغەو ڕێکارە دیاریکراوەکانیش کـە کۆنترۆڵی سیستمی کـارکردن لـە ڕێکخستنە بیرۆکراسییەکاندا دەکەن.

(پیتـەر بـلاو Peter Blau (١٩١٨-٢٠٠٢) کۆمەڵناسـی ئـەمریکی کـە خـاوەنی تیـۆری ئـاڵوگۆڕە، بـاس لـە هێـزی ڕاکێشـانی کۆمەڵایـەتی دەکـات (هەسـتکردن بـە ڕاکێشـان و ئـارەزووبـۆ جۆرەکانی پاداشت) جوڵێنەری مامەڵەکان و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانە لەناو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیدا، بەمـەش کاردەکـات بـۆ دەرکـەوتنی ئـاڵوگۆڕی دەرامەتـەکان یـاخود کەڵکـەکان، بۆیـە ئـاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی یەکەم هەنگاوە لە پرۆسەی یەکێتی کۆمەڵایەتیدا (لطفي و الزيات،٢٠٠٩:١٨٠).

لەکاتی ڕوودانی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا جیاکاری لە پاداشت و هێزدا دەردەکەوێ ئەویش بەپێی جیاوازی خاوەندارێتی ئەو سەرچاوانەی کە ئەوانیتر پێویستیان پێیەتی، ئەو کەسانەی خاوەنی سەرچاوەکانی خاوەندارێتی نین هەڵدەستن بە خۆگونجاندن و گوێڕایەڵی بۆ داواکاری و ئارەزووی ئەوانەی خاوەنی سەرچاوەکانن، لەبەرامبەردا هەڵوێستێك دروست دەبێت کە تیایدا پێداویستییەکانی لایەنی یەکەم تێردەکرێت، بەمەش گرنگی ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە دەرکەوتنی جیاکاری و جیاوازی پێگەدا دەردەکەوێت. هەروەها ناهاوسەنگی لەنێوان پاداشتەکان لەلای تاکەکان و گروپەکان دەبێتە هۆی پەیدابوونی ململانێ و گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەمەش دیالێکتیك ڕوودەدات لەنێوان (وەرگرتن و بەخشین)و ناهاوسەنگی و کەموکوڕی لەنێوان پاداشتەکان و تاك و گروپەکاندا نابێتە هۆکار بۆ پچڕانی پەیوەندییەکان بەڵکو دەبێتە هۆی بەهێزکردن و بەردەوامی پێدانی لەنێوان لایەنەکاندا (الحوراني،٢٠٠٨:٥٢).

(میشێل کرۆزیە) Michel Crozier (١٩٢٢-٢٠١٣) کۆمەڵناسێکی فەرەنسیە، خاوەنی تیۆرێکە بەناوی (شیکاری ستراتیجی) کە یەکێکە لە گرنگترین هەوڵەکان لە پەرەپێدانی شیکاری پەیوەست بە دیاردەی بیرۆکراسی، کرۆزیە ئەم تیۆرەی وەك وەڵامدانەوەیەك خستەڕوو لەبەرامبەر تیۆرە کلاسیکییەکانی وەك (تایلۆر و فۆرد و فایۆل) هەروەها لەبەرامبەر قوتابخانەی پەیوەندییە مرۆییەکانیش (قوتابخانەی هارفارد و ئۆلیڤەر شیلدۆن و ئاڵتون مایۆ). کرۆزیە هەموو شێوەکانی حەتمیەتی ڕەهای ڕەتکردووەتەوە کە بیری ڕێکخستنی پێ ناسراوەتەوە، هەوڵیدا لەمیانەی تیۆرەکەیەوە (تیۆری شیکاری ستراتیجی) وێنەیەکی نوێ بخاتەڕوو کە بکۆڵێتەوە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەناو ڕێکخستندا، بۆ ئەمەش لە چوار لایەنەوە بۆچوونەکانی خستووەتە ڕوو **یەکەم،** ڕێکخستن بنیاتێکەو بکەرەکانی ناوی دامەزرێنەری ئەو بنیاتەن و وەڵامی ئەو ئاڵنگارییانە دەدەنەوە کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. **دووەم،** ئەو کەسانەی لەناو ئەم ڕێکخستنەدان قایل نابن وەك کەرەستەو ئامێر سەیریان بکرێت تەنها لەبەرئەوەی ئامانجەکانی ڕێکخستنەکە بەدی بێت، بەڵکو هەریەك لەوان مەبەست و ئامانجی تایبەتی خۆی هەیە. **سێیەم،** بکەر لەناو ڕێکخستندا چێژ لە سەربەستی وەردەگرێت، ئەم سەربەستییە بواری ئەوەی پێدەدات سەربەخۆبێت لە ڕێکخستنەکەو دەتوانێ دەسەڵاتی هەڵبژاردنی ئەوەی هەبێت کە بەشداربێت یاخود نا، لێرەدا سەربەخۆیی دەسەڵاتی دیاریکردنی ئاستی بەشداری پێ دەبەخشێت. **چوارەم،** ئەو ستراتیجیەتەی بکەرەکان هەڵی دەبژێرن لە پەیوەندییاندا بە ڕێکخستنەکەوە بە سیفەتی ئەقڵانییبوون دەناسرێتەوە (لمدبر،٢٠١٧: ٧٦-٧٧).

دەسەڵات لای کرۆزیە یەکێکە لە چەمکە گرنگەکان و لەو پێگە قوچەکییەوە نایەت کە بکەرەکان بەدەستیان هێناوە، بەڵکو لەو تێڕوانین و وێناکردنانەوە دێت کە تاکەکان لەسەر کەسێك هەیانە، هەروەها یاسا سەرپشکی نەکردووە کە فەرمانەکان لە بەڕێوەبەرایەتییەکانەوە وەرگرێت،

ئەمە نەسەقێکە پەیوەندییەکان دیاری دەکات لەنێوان کرێکاران و بەڕێوەبەرایەتیدا کە بریتییە لە توانای کاریگەریی، دەسەڵات لێرەدا خەسڵەت نییە بەڵکو پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕەو بە دانوستان و وتوویژ دروست دەبێت. دەسەڵات وەك چەمكێك لای كرۆزیە وەكو ڕەگەزێكی سەرەكی لە شیكاری سۆسیۆلۆجیدا دەمێنێتەوە (خربیش،٢٠١١:٥٨١)

(میشێل فۆکۆ) Michel Foucault (١٩٢٦-١٩٨٤) فەیلەسوفی فەڕەنسی، لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی نیوەی کۆتایی سەدەی بیستەمە کە لەژێر کاریگەری بنیاتگەراکاندا بووەو لەباسی دەسەڵاتدا پێیوایە کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیستمەکانی تری کۆمەڵگا لەڕاستیدا پیادەی دەسەڵات دەکەن ئیدی بەهەر ڕێگەیەك بێت لە ڕێگەکان وەك چۆن پزیشك پیادەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر نەخۆشدا دەکات، هەروەها دابونەریتەکانیش دەسەڵاتیان هەیەو بەسەر تاکەکانی کۆمەڵدا جێبەجێی دەکەن (نقاز،٢٠١٦: ٩٢-٩٣).

ئەمە مانای ئەوەیە فۆکۆ ئاماژە بۆ ئەو پەیوەندییانە دەکات کە لەناو کۆمەڵگادا پیادە دەکرێن بەجۆرێ لەناو ئەو پیادەکردنانەدا ئەو دەسەڵاتە پەیدا دەبێ کە لەهەر پەیوەندییەکدا لەنێوان خاوەن دەسەڵات و خەڵکی گشتیدا ڕوودەدات، هەربۆیە نموونەی ئەو پزیشکە خاوەن دەسەڵاتە دەهێنێتەوە کە خاوەنی مەعریفەیەو دەسەڵاتی خۆی بەسەر نەخۆشدا پیادە دەکات، فۆکۆ زاراوەی حەقیقەت بۆ ئەمە دادەنێ و خودی حەقیقەتیش پیادەی دەسەڵات دەکات، بۆیە ئەمە وای لە فۆکۆ کرد بگەڕێت بەدوای ئەو ستراتیجیانەی کە کۆنترۆڵی جۆرەکانی دەسەڵات و ڕێگاکانی بەکارهێنانیان دەکەن.

(پیر بۆردیۆ) Pierre Bourdieu (١٩٣٠-٢٠٠٢) کۆمەڵناسێکی فەرەنسیە، ئاماژە بۆ دەسەڵاتی هێمایی دەکات و پێیوایە دەسەڵات شتێك نییە لە شوێنێکدا بێت، بەڵکو بریتییە لە سیستمێك لە پەیوەندی ئاڵۆز بۆیە پێویستە هەموو بنیاتێکی جیهانی کۆمەڵایەتی بە گرنگییەوە تەماشای بکرێت لەپێناو تێگەیشتن لە ئامرازەکانی هەژموون و باڵادەستبوون، هەر لەگەڵ ئەمەشدا دەسەڵاتی هێمایی دەسەڵاتێکی نەبینراوەو ناکرێت پیادە بکرێت تەنها لەلای ئەوانە نەبێت کە دانیان بە ملکەچ بونیاندا ناوە بۆ ئەو دەسەڵاتەو پراکتیزەی دەکەن (بوردي،و٢٠٠٧:٤٨).

لە کۆتاییدا دەسەڵات لەلای ماکس ڤیبەر تەواوی ئەو دەسەڵاتانەیە کە لەناو دامەزراوەی کارو لەلایەن بەڕێوەبەرە گشتییەکانەوە بەسەر فەرمانبەراندا پیادە دەکرێت و ئامانج گشتاندنی یاساو ڕێنماییەکانە بەسەریاندا بۆ ئەوەی بەبێ جیاوازی گوێڕایەڵی بکەن، لەهەمانکاتدا بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەسەڵاتی ئاڕاستەکردنی پاداشت و سزایان هەیە. کەواتە ئەم وەسفەی ڤیبەر بۆ بابەتی توێژینەوەکە زۆر ورد و زانستییە چونکە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەدا یەکدەگرێتەوە کە ئەویش دەرخستنی گەندەڵی پیشەییە لەلای بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

## ٤- لێپرسینەوە و سزا:

یەکێك لەو ڕێگە فەرمییانەی دامودەزگاکانی دەوڵەت لە بەدواداچوونی کاری فەرمانبەراندا دەیگرنەبەر بریتییە لە لێپرسینەوەو سزا، بۆ بەردەوامیدان بە سیستمی کارکردن و بەدیهێنانی دادپەروەری لە ژینگەی کاردا، بەو مەبەستەی سزا ئاڕاستەی ئەو فەرمانبەرانە بکرێت کە سەرپێچی لە یاساو ڕێنماییەکانی کار دەکەن.

پەیوەندییەکی بەهێز هەیە لەنێوان یاساکانی ڕەفتارو یاسای سزاکاندا، لادان لە یاساکانی ڕەفتار مانای بەرکەوتنی تاکە لەگەڵ سزاکاندا لەبەرئەوەی یاساکانی ڕەفتار خەسڵەتی ڕێکخستنیان هەیەو پیادەی فشار دەکەن لەسەر هەر تاکێك لە کۆمەڵگادا بەو مەبەستەی لەسەر ئەو نۆرمانە ڕەفتار بکات کە کۆمەڵگا پەسەندی کردوون، هەربۆیە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەت لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا گۆڕاون بۆ نەسەقێکی یاسایی جیاواز لەو نەسەقە سوننەتیانەی کە لە شێوەی دابونەریتە دەستەجەمعییەکان و ئاینیەکاندا دەردەکەون (ماکیفر،پیچ،٢٠٠٠:٢٧٦).

ئەمیتای ئیتزیۆنی لە سزاو لێپرسینەوەدا مەبەستی لە تەواوی ئەو سزایانەیە کە لەناو دامەزراوەی کاردا بەپێی یاساکان ئاڕاستەی فەرمانبەران دەکرێت لەبەرامبەر ئەو سەرپێچی و کەمتەرخەمییانەی ئەنجامی دەدەن، هەروەها سزادانی فەرمانبەرە لەکاتێکدا بەپێچەوانەی سیاسەتی دامەزراوە ڕەفتار بکات و زیان بگەیەنێت.

سزاکانیش بەپێی جۆری سەرپێچی و تاوانەکان دیاریکراون و لە سوکترینەوە دەستپێدەکات کە ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرە تادەگاتە قورسترینیان کە لەکارخستن و دەرکردنی فەرمانبەرە بەڵام پیادەنەکردنی ئەم سزایانە یاخود جیاوازیکردن لەنێوان فەرمانبەراندا بە گەندەڵی پیشەیی دادەنرێت و هۆکارێکە بۆ بەفیرۆدانی دەرامەتی مرۆیی، هەروەك دەردەکەوێت ئەم تێگەیشتنەی ئیتزیۆنی گونجاوە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەدا کە ئەویش هەوڵدانە بۆ زانینی مەودای جێبەجێکردنی سزا کارگێڕییەکان لەسەر فەرمانبەران بەمەبەستی چارەسەرکردنی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆنەدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەناو دامەزراوەکانی کاردا.

## دووەم: دەروازەكانی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەكان

لێرەدا دەكرێ ئاماژە بە دوو لایەنی گرنگی ئەم جۆرە بەفیرۆدانە بكرێت وەك ئەمانەی لای خوارەوە:

### ١- ئاسایشی كۆمەڵایەتی Social Security:

چەمكی ئاسایشی مرۆیی وەك زاراوەیەكی نوێ لەدوای جەنگی ساردەوە دەركەوتووە، هەروەها لە كۆتاییەكانی سەدەی بیستدا لەلایەن ژمارەیەكی زۆر لە وڵاتان و ڕێكخراوە حكومی و ناحكومییەكانەوە بەكارهاتووە وەك بنەمایەك بۆ ناساندنی بەرنامەی كاری ئەو ڕێكخراوانەو چالاكییەكانیان و وەك ئامرازێكی پێكەوەبەستەر لەنێوان كۆمەڵێك لە دەسپێشخەرییە سیاسییەكاندا (یوسف،٢٠١٢:٢٨).

ئاسایشی كۆمەڵایەتی پێویستییەكە لە پێویستییەكانی ژیانی تاكەكانی كۆمەڵگا، بەجۆرێك مرۆڤ بەبێ ژینگەی ئارام ناتوانێ كاربكات یاخود بەرهەم بهێنێت و هەست بە دڵنیایی بكات تا تووشی دڵەڕاوكێ و تەنگژە نەبێت و بەدووربێت لەهەر پەشێوییەكی دەرونی و ژیری.

پێویستی مرۆڤ بە ئاسایش لە پێویستییە گرنگەكانەو لەریزی پێشەوەی پێداویستییەكانە لەپاش پێویستی خواردن و خواردنەوە، پاشان ئاسایشی كۆمەڵایەتی ئامانجێكی هاوبەشە بۆ هەموو دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان، ئەم ئامانجە بەشێوەیەكی گشتی خۆی لە بنیاتنانی ڕەفتارێكی كۆمەڵایەتی پەسەندكراودا دەبینێتەوە لەلایەن تاكەكانی كۆمەڵگاو پێگەیاندنی تاكەكان لەسەر بەهاكان و ڕێزگرتن لە مافەكانی كەسانیترو جێبەجێكردنی ئەركەكان (العلي،٢٠١٧:٧٦٥). ئاسایشی كۆمەڵایەتی لە گرنگترین داواكارییەكانی ژیانی كۆمەڵایەتییەو پێویستییەكە بۆ هەموو هەوڵێكی مرۆیی تاكەكەس یاخود كۆمەڵایەتی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندی تاكەكان و كۆمەڵەكان، هەروەها مێژووی مرۆڤایەتی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەدەستهێنانی ئاسایش بۆ تاكەكان و كۆمەڵە مرۆییەكان بە درێژایی مێژوو ئامانجێكی دوور بووە.

هەندێ لە توێژەران و كەسایەتییە جیهانییەكان چەمكی ئاسایشی مرۆییان لەبەرامبەر ئاسایشی كۆمەڵایەتیدا بەكارهێناوە لەوانە (كۆفی ئەنان) Kofi Annan (١٩٣٨-٢٠١٨) ئەمینداری گشتی پێشووی نەتەوە یەكگرتووەكان وایدەبینێ ئاسایشی مرۆڤ لە فراوانترین واتاكانیدا كۆمەڵێك بابەت دەگرێتەوە لەوانە: (نەبوونی ململانێی توندوتیژو خوێناوی لە كۆمەڵگادا، دەستەبەركردنی مافەكانی مرۆڤ و دەسەڵاتێكی پێگەیشتوو، بەدەستهێنانی خوێندن و چاودێری تەندروستی و ڕەخساندنی دەرفەت و بژاردە بۆ هەموو تاكێك بۆ بەدەستهێنانی خولیاو ئامانجەكان، هەروەها دانانی سنورێك بۆ هەژاری و بەدەستهێنانی گەشەی ئابوری و قەدەغەكردنی ململانێ) (عنان،٢٠٠٠:٥).

هەریەك لە (پیتەر وڵكن لەگەڵ كارۆلین تۆماس) Peter Wilkin and Caroline Thomas ئاسایشی مرۆیی پێناسە دەكەن بەوەی ئەو دۆخەیە كە پێداویستییە ماددییە سەرەكییەكانی تێدا تێردەكرێ و دەتوانرێ بەهۆیەوە شكۆی مرۆڤایەتی بەدەست بهێنرێت وەك بەشداری كارا لە ژیانی كۆمەڵگا بەشێوەیەكی پێكەوە بەستراوو دانەبڕاو بەبێ ئەوەی ئەم بەشداریكردنە بۆ بەرژەوەندی تەنها دەستەیەك بێت (GDRC,2000:9).

دەكرێ وەك بابەتێكی جیهانی تەماشای ئاسایشی كۆمەڵایەتی بكەین كە گرنگییەكی زۆری هەیە بۆ هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگا ئیدی دەوڵەمەندبن یان هەژار، چونكە كۆمەڵێك هەڕەشەی هاوبەش هەیە سەبارەت بە تەواوی خەڵك وەك بێكاری، مادده هۆشبەرەكان، تاوان، پیسبوونی ژینگەو پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤ و چەندینی تریش كە دواجار زیان لە بەرژەوەندی هەموو تاكێك دەدەن لە كۆمەڵگادا، دەكرێ بوترێ ئاسایشی كۆمەڵایەتی دوو لایەن دەگرێتەوە **یەكەم** پارێزراویی لە هەڕەشە درێژخایەنەكانی وەك برسێتی و نەخۆشی و چەوساندنەوە، **دووەم** پارێزراویی لە تەنگژە كتوپڕەكان لە ژیانی رۆژانەدا ئیدی لە ماڵدا بێت یان لە شوێنی كاردا (جبر،٢٠٠٩:١٩٠).

ئەوەی لە توێژینەوەكەدا گرنگە بوونی پەیوەندی ئاسایشی كۆمەڵایەتییە بە پاراستنی دەرامەتە مرۆییەكانەوە، چونكە دەستدرێژیكردنە سەر لایەنی مرۆیی تاكەكانی كۆمەڵگا بەواتای نەپاراستنی ئاسایشی كۆمەڵایەتییانەو دواجار بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەكانە، مانای وایە فەرمانبەران وەك دەرامەتی مرۆیی ئەوكاتە لە كارەكانیاندا بە بەرهەم و كارا دەبن كە هەست بە ئاسایش و ئارامی بكەن و بەهەموو متمانەیەكەوە ئەركە پیشەییەكانیان جێبەجێ بكەن، بەپێچەوانەوە هەستنەكردن بە ئاسایشی كۆمەڵایەتی مانای بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەكانە كە دواجار گەندەڵی پیشەیی لێ دروست دەبێت.

ئالێرەدا تیۆری بنیاتی ئەركێتی (Functional Structure Theory) بایەخێكی زۆر دەدات بە ئاسایش و سەقامگیری كۆمەڵایەتی كە تیایدا كۆمەڵگا تەوەری سەرەكی گرنگپێدانەكانی ئەم تیۆرەیە پاشان پەیوەندییە كارلێككردووەكانی نێوان تاكەكان و ڕێكخستنە سەرەكییەكانی ناو كۆمەڵگا، بۆیە ئەم تیۆرە جەخت لەڕاستییەك دەكات ئەویش ئەوەیە كۆمەڵگا یەكەیەكی لێكچوو گونجاو و هاوبەندو سەقامگیرە كە پێكدێت لە كۆمەڵێك بەش، هەریەك لەم بەشانە رۆڵی خۆیان هەیەو ئەركەكانیان جێبەجێ دەكەن بەو مەبەستەی كۆمەڵگا بتوانێت بەردەوام بێت لەو لێكچوون و هاوبەندی و سەقامگیرییە (شحاتة،٢٠٠٩:٤٨).

كەواتە تیۆری بنیاتی ئەركێتی گرنگی دەدات بە ئاسایشی كۆمەڵایەتی بۆ بەردەوام بوونی ژیانی كۆمەڵایەتی، هەربۆیە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەكانیش بەكارنەهێنانی ئەو وزەو توانا مرۆییانەیە لە شوێنی شیاوی خۆیانداو دەستدرێژییە بۆ سەر مافەكانیان و تێكدانی سیستمی ژیانی كۆمەڵایەتییە چونكە سەقامگیری كۆمەڵایەتی بەندە بە سەقامگیری سیستمە كۆمەڵایەتییەكانەوە

لەناویاندا پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی تاکەکان و بەکارهێنانی دەرامەتە مرۆییەکان بۆ بەرژەوەندی گەشەکردنی کۆمەڵگاو ئاراستەکردنی وزەکانیان بۆ داهێنان و پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگا.

ئاسایشی کۆمەڵایەتی پارێزەری دەرامەتە مرۆییەکان و بەفیڕۆنەدانیانە هەروەها هۆکارێکی گرنگە لە پرۆسەی گەشەپێدان و باشترکردنی جۆری ژیان و دروستبوونی متمانەیەکی ڕاستەقینە، ئەمە وادەکات تاك زیاتر بەشداری بكات و هەوڵ و تێکۆشان بەخت بكات لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیداو دوورکەوتنەوە لە گەندەڵی پیشەیی و هۆکارێکی بەهێزیشە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، یەکێك لە پایەکانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی پەیوەستکردنی تاکە بە کۆمەڵگاوەو گونجاندنیەتی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا کە هەست بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی بكات لەبەرئەوەی مرۆڤ ناتوانێت داهێنەرو سەرکەوتووبێت لەکاردا ئەگەر لەژێر هەڕەشەی ماڵ و سامان و گیانی خۆیدا بێت و ناشتوانێت بگاتە هیچ بیرێکی نوێ و بەسوود و رۆشنبیری و پەروەردەیەکی دروست، هەربۆیە ئاسایشی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە چونکە تاك بەتەواوی هەست بە دڵنیایی و ئارامی و ئاسایش دەكات و چێژ لە ژیان وەردەگرێت و تواناو شارەزاییەکانی دەردەکەون و ئەرکەکانی بە باشترین شێوە جێبەجێ دەکات (زیزیت،٢٠١٨:١).

کەواتە ئاسایشی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی گرنگە بۆ سەقامگیری ژیانی تاکەکان و دواجار کۆمەڵگاش چونکە ڕەخساندنی کەشێکی کۆمەڵایەتی پڕ لە ئارامی و سەقامگیری هۆکارێکی کاریگەرە بۆ توندوتۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لەلایەك، هەروەها لەلایەکی ترەوە بوونی دڵنیاییەکی زۆر لەلای تاکەکان و ڕەنگدانەوەی ئەو دڵنیاییە لەژیانی رۆژانەیاندا. بەدیدێکی تر بوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی واتە بوونی ڕاگرێکی بەهێز بۆ پاراستنی دەرامەتە مرۆییەکان و دوورخستنەوەیان لە دیاردەی گەندەڵی پیشەیی بەوپێیەی گەندەڵی پیشەیی دەرئەنجامی کۆمەڵێك گیروگرفتە لەوانە هەست نەکردنی تاك بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و نەبوونی متمانەی تاك بە دەوروبەری کۆمەڵایەتی و هەبوونی ترس و دڵەڕاوکێ لەمیانەی ئەرکە پیشەییەکاندا سەرجەمیان هۆکارن بۆ بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان واتە بەفیڕۆدانی توانست و وزەی ئەقڵیی تاکەکان و کەمبوونەوەی داهێنان و پێشکەشکردنی کەمترین خزمەتگوزاری لەلایەن فەرمانبەرانەوە بۆ هاوڵاتیان.

## ٢- ئاسایشی دەرونی Psychological Security:

هەستکردن بە ئاسایشی دەرونی لەلای مرۆڤ زۆر کۆنەو لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا ئەویش دروستبووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەنیایی و ترس و پارێزگاری لە خودی خۆی، لێرەدا سەرەتای چەمکی ئاسایش چەمکێکی خودیی بووە کە پشتی بەستووە بە پارێزگاری مرۆڤ لە خۆی بۆ خۆپاراستنی لەو مەترسییە ژینگەیی و مرۆییانەی کە دووچاری بووە بۆیە ناچاری کردووەو پاڵی

پێوەناوە لەگەڵ ئەوانیتردا بژی بۆ ئەوەی بەسەر تەنیایدا زاڵ ببێت چونکە ئاسایشی تاکەکەس بەدی نایەت بەڵکو تەنها لە چوارچێوەی کۆمەڵدا بەدی دێت کە هەست بە هێزو سەقامگیری و دڵنیایی دەکات بۆیە خێزان و دەوڵەت بەهۆی پێویستییەکانی مرۆڤەوە دروست بووە تا پارێزگاری لە ژیان و داهاتووی بکات (أقرع،٢٠٠٥:٢).

ئاسایشی دەرونی لەئەنجامی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەریدا دروست دەبێت ئەویش لەرێگەی ئەو شارەزاییانەی کە پیایدا تێپەردەبێت و ئەو هۆکارە ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابورییانەی کاریگەری لەسەر تاك دروست دەکەن، هەربۆیە ئاسایشی دەرونی لە پێداویستییە گرنگەکانە بۆ دروستبوونی کەسێتی تاك کە ڕیشەکانی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی و بەردەوام دەبێت هەتا تەمەنی پیری، ئاسایشی تاك دەکەوێتە مەترسییەوە کاتێك دووچاری فشاری دەرونی و کۆمەڵایەتی دەبێتەوە ئیدی لەهەر قۆناغێکی ژیاندابێت، دواتر دەبێتە هۆی دروستبوونی تەنگژە بۆیە ئاسایشی دەرونی لەو پێداویستییانەیە کە پلەیەکی باڵای هەیە لەلای مرۆڤ، ئەم ئاسایشە بەدی نایەت هەتا پێداویستییە سەرەتاییەکان بەدی نەیەت (نعیسة،٢٠١٤:٨٣).

زانایانی دەروونناسی توێژینەوەی زۆریان لەبارەی ئاسایشی دەرونییەوە ئەنجام داوەو چەندین تیۆر لەم بوارەدا خراونەتەڕوو کە گرنگترینیان بریتین لەهەریەك لە تیۆرەکانی: (سیگمۆند فرۆید) Sigmund Freud (١٨٥٦-١٩٣٩)، (ئەلفرێد ئەدلەر) Alfred Adler (١٨٧٠-١٩٣٧)، (ئەبراهام ماسلۆ) Abraham Maslow (١٩٠٨-١٩٧٠) دەکرێ فرۆید لە یەکەمینەکانی ئەو زانایانە بژمێردرێ کە خاوەنی تیۆری دەرونییەو جەخت لە گرنگی ئەو شارەزاییانە دەکاتەوە کە تاك لە ساڵەکانی سەرەتای منداڵیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە کە ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی هەیە لە بنیاتنانی کەسایەتیدا، هەروەها باس لەوە دەکات دایك ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ساڵەکانی یەکەمدا لە پەیوەندیدا بە ئاسایشی دەرونی لەلای منداڵ کە دواجار لە داهاتوودا کاریگەری لەسەر کەسایەتی ئەو منداڵە جێدەهێڵێ (محمد،٢٠١٠:٣١).

دوابەدوای فرۆید، ئەلفرێد ئەدلەر ئاسایشی دەرونیی مرۆڤ دەبەستێتەوە بە ئاستی توانای تاك لە بەدەستهێنانی گونجان و بەختەوەری لەمەیدانی کارداو خۆشەویستی تاك بۆ کۆمەڵگاکەی ئەمەش لەمیانەی توانای تاکەوە بەدەست دێت بە تێپەڕاندنی هەستکردن بە کەمی و ناتەواوی لەبەرئەوەی هەر کەموکورتییەکی کۆمەڵایەتی یان مەعنەوی هەستی نا دڵنیایی لێ بەرهەم دێت و بەم شێوەیە ئاسایشی دەرونی تاك پشت دەبەستێ بە هەستی ڕاستەقینە بۆ بابەتی هەستکردن بە کەمی و شێوازی ژیانی ئەو تاکە (زاید،٢٠٠٧:٩).

دوابەدوای فرۆید و ئەدلەر، ئەبراهام ماسلۆ کە بەخاوەنی تیۆری (پلەبەندی پێداویستییەکان) ناسراوە، بڕوای وایە ئاسایشی دەرونی واتە هەستکردنی تاك بەوەی خۆشەویست و ویستراوە لەلایەن

ئەوانیترەوە و لەناویاندا پێگەی هەیەو پەی بەوە ببات کە ژینگەکەی هاوڕێ و پشتیوانیەتی و لەدژی نییە، هەروەها هەست بە کەمترین مەترسی و هەڕەشە و ڕاڕایی بکات(درویش،شحاتة،١٤٧:٢٠١٠)

ئاسایشی دەرونی پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە جێبەجێکردنی ئەرکە پیشەییەکان لەلای فەرمانبەران، چونکە بە بوون یان نەبوونی ئاسایشی دەرونی کاریگەری لەسەر ئەو ڕۆڵە پیشەییانە دروست دەبێت کە فەرمانبەران جێبەجێی دەکەن و کاریگەری لەسەر تواناو لێهاتوویی و ئاستیان جێدەهێڵێت، بۆیە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی پاراستنی دەرامەتە مرۆییەکان لەبەرچاوگرتنی ئاسایشی دەرونییە بۆ فەرمانبەران بۆ ئەوەی هەست بەدڵنیایی تەواو بکەن و بە بڕوای تەواوەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، بەپێچەوانەوە فەرامۆشکردنی ئاسایشی دەرونی هۆکارە بۆ بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان و ونبوونی وزە ئەقڵییەکانی فەرمانبەران کە دواجار ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی.

یەکێك لەو چەمکە گرنگانەی پەیوەندییەکی نزیکی هەیە لەگەڵ ئاسایشی دەرونیدا چەمکی لێهاتوویی پیشەییە کە چەمکێکی بنەڕەتی و گرنگە لەلای ڕێکخراو و دامەزراوەکان هەروەها بایەخێکی زۆری هەیە لەلای کۆمەڵناسان و زانایانی بواری کارگێڕی، بۆیە دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان لە وڵاتە جیاوازەکاندا کاردەکەن بۆ پەرەپێدانی لێهاتوویی پیشەیی ئەویش بە ڕاکێشانی ئەو فەرمانبەرانەی خاوەنی توانست و لێهاتوویی باڵان لە کاردا بۆ ئەوەی لە ڕێکخراوەکاندا کاربکەن و کەشێکی گونجاویان لەشوێنی کاردا بۆ دەستەبەربکرێت، هەروەها وا لە فەرمانبەر بکرێت بەردەوام بێت لە کارەکەی و ڕۆڵەکەی بە باشترین شێوەی پێشبینیکراو بنوێنێت بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکان بەدی بێت و خزمەتگوزارییەکانیش لە ئاستێکی باڵادا پێشکەش بکرێن (القحماني،٧٤:٢٠١٥).

کەواتە دەکرێ بوترێ لێهاتوویی پیشەیی بەرهەمی ئاسایشی دەرونییە لە شوێنی کاردا چونکە فەرمانبەر هەستی ئەرێنی بۆ کارەکەی دەبێت و بەوپەڕی تواناوە ئەرکە پیشەییەکەی ڕادەپەڕێنێ، هەربۆیە زانایان لەم بوارەدا لێهاتوویی پیشەییان لە دوو ڕەگەزدا کۆکردووەتەوە ئەوانیش ڕەگەزی ڕێکخستن و ڕەگەزی مرۆیین. سەبارەت بە ڕەگەزی ڕێکخستن لە پەیکەری کارگێڕی و ئەو ئەرکانە پێکهاتووە کە دەتوانرێ بگۆڕدرێت و دووبارە پێك بهێنرێتەوە، بەڵام ڕەگەزی مرۆیی پەیوەستە بە لایەنی مرۆییەوە ئەویش لەڕێی مەشقی بەردەوام بۆ فەرمانبەران و بەڕێوەبەران، هەروەها متمانە بەخۆبوون و توانای بڕیاردان لەو بابەتانەی دەکەوێتە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانیانەوە، هەروەها

دابینكردنـــی خزمەتگوزارییـــە گشـــتییەكان لـــەناو دامـــەزراوەدا بـــەو مەبەســـتەی هاوســـۆزی و خۆشەویسـتی فەرمانبـەران بـۆ دامەزراوەكـەیان زیـاد بكـات كـە ئەمـەش دەگـونجێ لەگـەڵ ئـەو ئامانجانەی دامەزراوەكە هەوڵی بۆ دەدات (السهلي،٢٠٠٧:٣٧).

هەروەك دەردەكەوێت ئاسایشی دەرونی پەیوەستە بە سەرجەم وێستگەكانی ژیـانی تاكـەوە هـەر لـە منداڵییـەوە تـا مـردن چونكـە لـە هەریـەكێك لـەو قۆناغانـە تـاك پێویسـتی بـە دڵنیـایی و ئـارامی و دووربوونە لە ترس و دڵەڕاوكێ، بۆیە گرنگی خێزان و قوتابخانـەو پێگەیانـدنی كۆمەڵایـەتی پێویسـتە بەهەند وەربگیرێت لە دروستكردن و بنیاتنانی كەسێتی تاكدا، پاشان ئەوەی پەیوەندی هەیە بـە بابـەتی توێژینەوەكەوە ئاسایشی دەرونیە لە شوێنی كـاردا، بێگومـان ئەمـەش وەك تـەواوی وێسـتگەكانی تـری ژیـانی تـاك گرنگـە لەبەرئـەوەی فەرمانبـەر پێویسـتی بـە كەشێكی دەرونـی گونجـاو هەیـە بـۆ ئـەوەی بتوانێت دوور لـە نیگـەرانی و شڵەژانی دەرونـی كارەكـانی ئـەنجام بـدات تـا لەكۆتاییدا دووربێت لـە گەنـدەڵی پیشـەیی چونكـە نـەبوونی ئاسایشـی دەرونـی هۆكـارێكی نەرێنیـە بـۆ بـەفیڕۆدانی دەرامـەتی مرۆیی و دواجار ڕوودانی گەندەڵی پیشەیی.

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

# بەشی پێنجەم
# میتۆدو ڕێکارەکانی توێژینەوەکە

باسی یەکەم: میتۆدەکانی توێژینەوەکە

باسی دووەم: ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

١- کۆمەڵگای توێژینەوەکە

٢- نموونەی توێژینەوەکە

٣- دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە

٤- کەرەستەکانی توێژینەوەکە

٥- ئامرازەکانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم
## میتۆدەکانی توێژینەوەکە

مەبەست لە میتۆدەکان بەگشتی ئەو ڕێگایانەن کە توێژەر لە توێژینەوەدا بۆ پشکنینی ڕاستییەکان بەکاریان دەهێنێت و بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە پشتیان پێ دەبەستێت کە بابەتی توێژینەوەکە لەخۆی دەگرێت و بەرنامەیەکە کە ڕێگای گەیشتن بە ڕاستییەکان و پشکنینیان دیاری دەکات (العبيدي،٢٠١٠:٢٦).

میتۆدی زانستی Scientific Method شیکردنەوەیەکی ڕێکخراوە بۆ بنەماو پرۆسە ئەقڵی و ئەزموونگەرییەکان کە لە توێژینەوە زانستییەکاندا بەکاردەهێنرێ، بەم واتایە میتۆدی زانستی کەرەستەی میتۆدیی بەکاردەهێنێ بەمەبەستی شیکارکردن بۆ کۆمەڵێك بنەما کە لەهەموو توێژینەوەیەکی زانستیدا بوونیان هەیە (العسكري،٢٠٠٢:١).

دیاریکردنی شێواز یاخود میتۆدی زانستی کە توێژەر بەکاریان دەهێنێ و جێبەجێی دەکات بۆ توێژینەوەی دیاردەیەك یان گرفتێکی دیاریکراو پەیوەستە بە ناوەڕۆك و بابەتی توێژینەوەکەی، بەو مانایەی میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی بەپێی دیاردەو گیروگرفتە لێتوێژراوەکان جیاوازن چونکە ئەو میتۆدەی بۆ توێژینەوەی دیاردەیەك دەست دەدات لەوانەیە بۆ بابەتێکی تر دەست نەدات لەبەر جیاوازیی تایبەتمەندێتی دیاردەو بابەتەکان، بەڵام ئەمە بڕیارێکی ڕەها نییە چونکە زۆرێك لە دیاردەکان دەتوانرێ زیاد لە میتۆدێکی بۆ بەکاربهێنرێت (عليان،٢٠٠١:٣٥).

کۆمەڵێك میتۆدی زانستی هەیە دەتوانرێ لە توێژینەوەکانی کۆمەڵناسیدا سودیان لێ وەربگیرێت وەك میتۆدی مێژوویی، میتۆدی ئەزمونگەری، میتۆدی توێژینەوەی بار، میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی.

لەم تێزەدا توێژەر بە جۆری چەندێتی کاری کردووە بە شێوازی وەسفی شیکاری کە پشت دەبەستێ بە کۆکردنەوەی زانیاری و شیکارکردن و لێکدانەوەیان بەو مەبەستەی بگات بە کۆمەڵێك ئەنجامی زانستی و بابەتی. زیاد لە میتۆدێکی زانستی بۆ شیکارکردن و لێکدانەوەی زانیارییە ئامارییی و مەیدانییەکان بەکارهێنراوە ئەوانیش:

### ١- میتۆدی بەراوردکاری Comparative Method

(ئەمیل دۆرکایم) پێیوایە ئەم میتۆدە ڕێگایەکە بەهۆیەوە دەتوانین دیاردەیەك بناسین کە ئەنجامی دیاردەیەکی ترە ئەویش لەڕێگەی بەراوردکردنی بارودۆخە تایبەتەکان بەهەر دیاردەیەك (عیشور،٢٠١٧:١٨٦).

ئەم میتۆدە لە توێژینەوەدا بۆ مەبەستی بەراوردی لایەنە لەیەکچوو جیاوازەکان بەکاردێت لەنێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ دۆزینەوەی هەر هۆکارو بارودۆخێك کە هاوکاربێت لە ڕوودانی دیاردەی کۆمەڵایەتیدا، بەراورد لەوانەیە لە ماوەیەکی کاتیی دیاریکراودا ئەنجام بدرێ یان بەراوردی دیاردەیەك لەهەمان کۆمەڵگادا لەماوەیەکی کاتیی جیاوازدا ئەنجام دەدرێ بۆ زانینی گەشەکردن و گۆڕانی دیاردەکە (الزيباري،٢٠١١:٧٢). ئەم میتۆدە لە کۆمەڵناسیدا بەسەر هەموو بەش و بوارەکانی توێژینەوەدا جێبەجێ دەبێت بەو مانایەی هەر توێژینەوەیەك لە کۆمەڵناسیدا بێبەش نییە لە بەراوردکردن ئیتر لەماوەی کاتیی جیاوازدا بێت یاخود لەهەمان کاتدا بێت و لەنێوان دوو شاری هەمان کۆمەڵگادا بێت، بۆیە زۆربەی کۆمەڵناسان لە کۆن و نوێدا ئەم میتۆدەیان بەکارهێناوە (عبدالمؤمن،٢٠٠٨: ٣٥١-٣٥٢)

لەم توێژینەوەیەدا بۆ لایەنی مەیدانی سوود وەرگیراوە لە میتۆدی بەراوردکاری کە ئەویش بۆ زانینی ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا کە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان، بۆ بەراوردکردن لەنێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لەهەرچوار پارێزگاکەدا ئەوانیش (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، هەڵەبجە) ئەم بەراوردەش بۆ دۆزینەوەی جیاوازییە لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لەسەر ئاستی پارێزگاکان سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە، هەروەها زانینی جیاوازی نێوان گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، گۆڕاوەکانیش بریتین لە(ڕەگەز، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، پێشینەی کۆمەڵایەتی، سالآنی خزمەت، بڕوانامە، لایەنگیری حیزبی). دۆزینەوەو بەراوردی ئەم گۆڕاوانە بە بەکارهێنانی شێوازەکانی شیکارکردنی ئاماریی بەو جۆرەی کە ئامانجەکانی توێژینەوەکە داوای دەکات.

## ٢- میتۆدی ڕوپێوی كۆمەڵایەتی Social Survey Method

ڕوپێـوی كۆمەڵایـەتی میتۆدێكـە بـۆ كۆكردنـەوەو شـیكاركردنی زانیارییـە كۆمەڵایەتییـەكان لەڕێگـەی چاوپێكـەوتنی ڕێكخـراو یـاخود لەڕێگـەی پرسـیارنامەوە (فۆرمـی ڕاپرسـی)ی ڕێكخـراو ئـەویش بـە ئامـانجی بەدەستهێنانی زانیـاری لەسـەر ژمارەیـەكی زۆر لـە لێتـوێژراوان كـە نموونـەی كۆمەڵگایەكی دیاریكراو نیشان دەدەن (الجوهري و الخريجي،٢٠٠٨:١٢٦).

ئـەم میتۆدە دیـارترین میتـۆدە لـە توێژینـەوە وەسفییەكانداو پرۆسـەیەكە ئامـانجی پێشكەشـكردنی كۆمەڵێك بەرنامەیە بۆ چاكسازی كۆمەڵایەتی هەروەها وەك میتۆدێكی زانستی لـە توێژینـەوەدا پشـتی پـێ دەبەسـترێت كـە یەكێكـە لـە ڕێگـە زانسـتییەكانی توێژینـەوە بـۆ پێداویسـتییەكانی كۆمـەڵگاو بارودۆخەكەی، زۆرجار میتۆدی ڕوپێوی كۆمەڵایەتی بۆ توێژینەوەی هەندێ دیـاردە بـەكاردەهێنرێ كە بە(نەخۆشی كۆمەڵایەتی) ئەژمار دەكرێن وەك تـاوان، لادان، گەندەڵی، خۆكوشتن و هتد...، ئـەم میتۆدە بەتەنها لەسەر گشتگیری ڕاوبۆچوونەكان كارناكات بەڵكو پرۆسەیەكی شیكارییەو هەوڵدەدات سروشـتی ڕاسـتەقینەی گرفتەكـە ڕوون بكاتـەوە ئـەویش لـەڕێی شـیكاركردنیەوەو گرنگیـدان بـە بـارودۆخی دەوروبـەری ئـەو دیاردەیـەو ئـەو هۆكارانـەش كـە پاڵنـەرن بـۆ دەركـەوتنی دیاردەكـە (العـادلي،١٩٩١:١٩٢). لـەم توێژینەوەیـەدا ڕوپێـوی كۆمەڵایـەتی بەڕێگـەی نموونـە بەكارهاتووە.

## باسی دووەم

## ڕێکارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

**١- کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئەوانیش بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی (سلێمانی، هەولێر، دهۆك، هەڵەبجە)ن.

**خشتەی(١)**

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە دەردەخات**

| شار | ژمارەی فەرمانبەران | ژمارەی نموونە |
|---|---|---|
| سلێمانی | ١٠٠٠ | ١٠٠ |
| هەولێر | ٢٠٠٠ | ٢٠٠ |
| دهۆك | ١٣٣٦ | ١٣٦ |
| هەڵەبجە | ١٤٠ | ١٤ |
| کۆی گشتی | ٤٤٧٦ | ٤٥٠ |

هەروەك لە خشتەی (١) دا خراوەتەڕوو بە پشتبەستن بە وەرگرتنی ئاماری فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کۆی گشتی فەرمانبەرانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییانە بریتین لە (٤٤٧٦) فەرمانبەر، بەجۆرێ پارێزگای سلێمانی (١٠٠٠) فەرمانبەر، پارێزگای هەولێر(٢٠٠٠) فەرمانبەر، پارێزگای دهۆك (١٣٣٦) فەرمانبەر، پارێزگای هەڵەبجە (١٤٠) فەرمانبەر.

**٢- جۆرو قەبارەو چوارچێوەی نموونەی توێژینەوەکە**

**نموونەی توێژینەوەکە:** جۆری نموونەی ئەم توێژینەوەیە نموونەیەکی ئەگەری هەڕەمەکی چینایەتییە (عينة احتمالية عشوائية طبقية) بەشێوەی هاوڕێژەیی (تناسبي)، هەروەك لە خشتەی (٧) دا خراوەتەڕوو دوای کۆکردنەوەی زانیاری لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە کە ئەوانیش فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، بۆ ئاسانکاری ڕێکارەکانی توێژینەوەکە نموونەیەك لە هەریەك لەو پارێزگایانە وەرگیراوە بەڕێژەی١٠% پاشان نموونەی توێژینەوەکە گەیشتووەتە (٤٥٠) فەرمانبەر کە ڕەچاوی هاوسەنگی ڕەگەزیی کراوەو بەشێوەیەکی یەکسان نموونەکان وەرگیراون بۆ ئەوەی دەرفەتی یەکسان لەبەردەم فەرمانبەرانی نێر و مێدا وەك

یەك بڕەخسێت تا بتوانن بەشداری لە توێژینەوەکەدا بکەن و سەنگ و قورسایی زیاتری پێ ببەخشن، بەڵام لەبەر هەستیاریی بابەتی توێژینەوەکە تەنها فەرمانبەرانی ئاسایی وەرگیراون واتە ئەوانەی پۆستیان نییە بۆ ئەوەی بێ لایەنی لە وەڵامدانەوەی بڕگەکاندا بپارێزن، لەکۆتایدا نموونەی توێژینەوەکە بەم شێوەیە دابەشبووە: پارێزگای سلێمانی (١٠٠) فەرمانبەر، (٥٠) نێر و (٥٠) مێ، پارێزگای هەولێر(٢٠٠) فەرمانبەر، (١٠٠) نێر و (١٠٠) مێ، پارێزگای دهۆك (١٣٦) فەرمانبەر، (٦٨) نێر و (٦٨) مێ، پارێزگای هەڵەبجە (١٤) فەرمانبەر، (٧) نێر و (٧) مێ.

**٣- دیاریکردنی بوارەکانی توێژینەوەکە:**

١- بواری شوێنی: بواری شوێنی ئەم توێژینەوەیە هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە کە پێکهاتووە لە پارێزگاکانی:سلێمانی، هەولێر، دهۆك، هەڵەبجە.

٢- بواری مرۆیی: فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە دەگرێتەوە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (٤٤٧٦) فەرمانبەرەو (٤٥٠) یەکەیان لێ وەرگیراوە بەهەردوو ڕەگەزەوە.

٣- بواری کاتی: بریتییە لەو ماوەیەی کە توێژینەوەکەی تێدا ئەنجامدراوە لە ١/ ١١ /٢٠١٨ هەتا ٢٠٢٠/ ١/١٠ .

**٤- کەرەستەکانی توێژینەوەکە:**

توێژەر پشتی بە دوو کەرەستە بەستووە بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەوانیش:

١- پێوەری گەندەڵی پیشەیی.

٢-پێوەری دەرامەتە مرۆییەکان.

لێرەدا هەنگاوەکانی بنیاتنانی هەردوو پێوەرەکە دەخەینەڕوو:

**١- پێوەری گەندەڵی پیشەیی:**

توێژەر بۆ بنیاتنانی ئەم پێوەرە سوودی لە تیۆری دوو کۆمەڵناس وەرگرتووە لە داڕشتنی تەوەرەکاندا ئەوانیش بریتین لە ماکس ڤیبەر و ئەمیتای ئیتزیۆنی. سەبارەت بە ڤیبەر سوود وەرگیراوە لە تیۆری بیرۆکراسیەت بۆ پێوانی گەندەڵی پیشەیی بەپێی ئەو تایبەتمەندی و بنەمایانەی لە تیۆرەکەیدا ئاماژەی بۆ کردوە بۆ ئەوەی بزانرێت گەندەڵی پیشەیی وەك ڕەفتارێکی لادەر تاچەند لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە بوونی هەیە، سەبارەت بە تیۆری ئەمیتای ئیتزیۆنی توێژینەوەکە سوودی لە بۆچوونەکانی ئەم زانایە وەرگرتووە لە ڕێکخستنی ڕەفتاری کارگێڕی بۆ فەرمانبەران کە تایبەتە بە پاداشت و سزا، لەکۆتایدا سەرجەم تەوەرەکانی گەندەڵی پیشەیی بریتین لە

چوار تەوەر کە یەکەم و دووەم و سێیەم لە تیۆری بیرۆکراسیەتەوە دەرهێنراوە بەڵام چوارەم لە تیۆری پاداشت و سزاوە دەرهاتووە سەبارەت بە فەرمانبەران، تەوەرەکانیش ئەمانەن:

١-دامەزراندن و ئەرکەکانی فەرمانبەر.

٢-مافەکانی فەرمانبەر.

٣-بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

٤-لێپرسینەوە و سزا.

سەرجەم برگەکانی پێوەرەکەش لە کۆمەڵێك سەرچاوەی یاساییەوە وەرگیراوە وەك یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی (١٩٩١)ی هەموارکراو، شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠)ی هەموارکراو، شایستەو ئەرکەکانی فەرمانبەر لەیەکەمین رۆژی دامەزراندنی تاکو خانەنشینکردنی، رێبەری کارگێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠١٨).

**٢-پێوەری دەرامەتە مرۆییەکان:**

توێژەر بۆ دروستکردنی ئەم پێوەرە سوودی لە دوو توێژینەوە وەرگرتووە ئەوانیش:

أ- تأثير الرضا الوظيفي على أداء الموارد البشرية، ٢٠١٥، (دراسة حالة المؤسسة العمومية الإستشفائية بمغنية) لەلایەن توێژەران (برياح محمد الأمين و موساوي يحيى).

ب- أثر الرضا الوظيفي على الولاء التنظيمي لدى العاملين في المنظمات الاهلية محافظات غزة، ٢٠٠٨، لەلایەن (ايهاب أحمد عويضة).

بە سوود وەرگرتن لەم دوو توێژینەوەیە توێژەر توانیویەتی پێوەرێك بۆ دەرامەتە مرۆییەکان دروست بکات کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە ئەوانیش:

أ- ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

ب- ئاسایشی دەرونی.

**٣- ئامادەکردنی شێوەی سەرەتایی پێوەرەکە:**

دوای دانانی هەردوو پێوەرەکە هەروەك لە پاشکۆی (٤)دا خراوەتەڕوو، سەرەتا ژمارەی تەوەرەکانی گەندەڵی پیشەیی چوار تەوەر بوون و کۆی برگەکانی (٥٨برگە) بوون و بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بوون:

-دامەزراندن و ئەرکەکانی فەرمانبەر(١٤برگە)

-مافەکانی فەرمانبەر(١٧برگە)

-بەڕێوەبەرە گشتییەکان(١٤برگە)

- لێپرسینەوەو سزا(١٣بڕگە)
سـەبارەت بـە پێـوەری دەرامەتـە مرۆییـەکانیش سـەرەتا لـە دوو تـەوەرو (٣٢بڕگـە) پێکهـاتبوو بـەم شێوەیەی خوارەوە:
- ئاسایشی کۆمەڵایەتی (١٨بڕگە)
- ئاسایشی دەرونی (١٤بڕگە)
بەڵام دواتر لەسەر پێشنیاری شارەزایان دوو بڕگە بۆ پێوەری دەرامەتە مرۆییـەکان زیادکراوە واتە بووە بە (٣٤) بڕگە.

پـاش دانـانی هـەردوو پێوەرەکـە، بـۆ هـەر بڕگەیـەك پێـنج بـژاردە دانـران ئـەوانیش (هەمیشـە، زۆرجـار، تاڕادەیـەك، کـەمجار، هـەرگیز). بڕگـەکانی پێوەرەکـەش هەنـدێکیان بـە ئـەرێنی دانـراون و هەنـدێکی تریـان بـە نـەرێنی کـە سـەرجەمیان (٩٢) بڕگـەن بـەو مەبەسـتەی زانیـاری وردتـر لەلایـەن لێتوێژراوانەوە بەدەست بهێنرێت هـەروەك لـە پاشکۆی (٥)دا خراوەتـەڕوو، لەگـەڵ ئەمەشدا هـەمان پێوەر بـە شێوەزاری کرمـانجی بۆ پارێزگـای دهۆك ئامـادە کـراوەو لـە پاشکۆی (٦)دا خراوەتـەڕوو. توێژەر بۆ دروستکردنی هەردوو پێوەرەکە ڕێگەی (لیکەرت)ی پێنجی بەکارهێناوە چونکـە سروشـتی بابـەتی توێژینەوەکـە لەگـەڵ ئـەم ڕێگەیـەدا زیـاتر دەگـونجێ، ئـەم پێـوەرە گرنگییـەکی زۆری هەیـە لـە توێژینەوە سۆسیۆمەترییەکاندا چونکە یارمـەتی تـوێژەر دەدات تـا بتـوانێ پێوانـەی دیاردەکـان بکـات و لەڕێگەی دانانی پێوەرەوە بگاتە ئەنجامی ژمارەیی ورد (Neuman,2007:130).

### ٤-ڕاستێتی بڕگەکان Validity:

بریتییـە لـە پێوانـەکردنی پێوەرەکـە سـەبارەت بـەو ئامانجانـەی هـەوڵی بـەدیهێنانی بـۆ دەدات و ئاماژە بۆ ئەو نمرەیە دەکات کە لەڕێگەی ڕاستێتی پێوەرەکـەوە دەست دەکـەوێت و بەهۆیـەوە دەکرێ بەرچاو ڕونیمان بداتێ سەبارەت بەوەی تاچەند بڕگەو تەوەرەکانی پێوەرەکە گونجـاون و پەیوەنـدییان هەیـە بـە بابـەتی توێژینەوەکـەوە (سوسـن، شـاکر، ٢٠١٣:٩٣). لێرەدا پێویسـتە ئامـاژە بـۆ ڕاسـتێتی ڕواڵەتی (الصدق الظاهري) بکەین کە بەهۆیەوە ڕاستێتی پێوەرەکەمان دەست دەکەوێت:
- ڕاستێتی ڕواڵەتی: ئەو پرۆسەیەیە بەهۆیەوە دەتوانین بزانین تاچەند پێوەرەکـە سـەرکەوتووە لـەلای ئەوانەی توێژینەوەکەیان لەسـەر ئـەنجام دەدرێت، زۆربـەی جـار لەڕێگـەی دابەشکردنی پێوەرەکـەوە ئەنجامدەدرێت بەسەر کۆمەڵێك شارەزای بوارەکەدا (دلیو،٢٠١٤:٤).

بەمەبەستی زانینی مەودای ڕاستێتی بڕگەکان بەشێوەیەکی سەرەتایی لەگەڵ پێناسەی بڕگەکاندا خرایە بەردەستی کۆمەڵێك لە شارەزایان کە ژمارەیان (١٢) پسپۆڕ بوو لە پسپۆڕییەکانی کۆمەڵناسـی و کـاری کۆمەڵایـەتی و فەلسـەفەو پـەروەردەو کـارگێری و ئـابوری هـەروەك لـە پاشـکۆی (٧)

ڕونکراوەتــەوە بـۆ ئــەوەی ڕاوبۆچوونیــان بزانرێـت سـەبارەت بــە مــەودای گونجــانی بڕگــەکان و بژاردەکـان و زیـادکردنی بڕگـە یـاخود کەمکردنـەوەیان هـەروەك لـە پاشکۆی (٨،٩)دا خراوەتـەڕوو. ئەنجامی ڕاوبۆچوونی شارەزایان ئەوەبووە کە قایل بوون بە سـەرجەم تـەوەرەکانی پێوەرەکـە ئـەویش بەڕێژەی (٨٣% - ١٠٠%) لەگەڵ هەندێ گۆڕانکاری لە زیادکردن و لابردن و داڕشتنەوەی هەندێ لە بڕگەکاندا بەجۆرێ سەرەتا ژمارەی بڕگەکان (٩٠) بڕگە بوون بەڵام دواتر بووە بـە (٩٢) بڕگـە ، لەکۆتاییدا دەرکەوت بڕگەکانی پێوەرەکە گونجاون بۆ جێبەجێکردنی بەسـەر نموونـەی توێژینەوەکەدا هەروەك لە خشتەی (٢) ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی (٢)**

**بۆچوونی شارەزایان لەسەر دروستیی بڕگەکانی پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکان دەردەخات**

| ژ | ژمارەی بڕگە | تەوەر | ڕازی | ناڕازی | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣،١٤ | دامەزراندن و ئەرکەکانی فەرمانبەر | ١٠ | ٢ | ٨٣% |
| ٢ | ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،١٥،١٦،١٧ | مافەکانی فەرمانبەر | ١٠ | ٢ | ٨٣% |
| ٣ | ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣،١٤ | بەڕێوەبەرە گشتییەکان | ١٠ | ٢ | ٨٣% |
| ٤ | ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣ | لێپرسینەوەو سزا | ١٠ | ٢ | ٨٣% |
| ٥ | ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣،١٤،١٥،١٦،١٧،١٨ | ئاسایشی کۆمەڵایەتی | ١٢ | سفر | ١٠٠% |
| ٦ | ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٣،١٤ | ئاسایشی دەرونی | ١٢ | سفر | ١٠٠% |

**- بەهێزیی توانای جیاکاریی بڕگەکانی پێوەر (القوة التمييزية للفقرات)**

بەهێزیی توانای جیاکـاری کردارێکـی گرنـگە بـۆ زانینـی بڕگـەکانی پێوەر لەبەرئـەوەی توانـای بڕگەکانی پێوەر دەپشکنێت بۆ پێوانـەکردنی دیاردەکـە پاشـان پێویستە جیاکـاری بڕگـە لـەنێوان ئاستی بەرزو ئاستی نزمی نموونەی توێژینەوەکەدا بێت کە پێوانەکردنەکەی لەسەر جێبەجێ دەکرێت چونکە ئامانج لە ئەنجامدانی جیاکاری بڕگەکان بریتییە لە پشکنین و دورخستنەوەی ئـەو بڕگانـەی لاوازن و هێشتنەوەی ئـەو بڕگانـەی بـەهێزن (Davis,1962:96). بـۆ ئـەم مەبەسـتە تـوێژەر تـوانی لەڕێگـەی هاوکێشەی دوو نموونەی زیادەڕۆوە (طريقة العينتين المتطرفتين)و بـەکارهێنانی هاوکێشـەی (ت) بـۆ دوو نموونـەی سەربەخۆ، توانای جیاکاری بڕگەکانی پێوەرەکە دەربهێنێت لەڕێگەی هەگبـەی ئامـاری زانستە کۆمەڵایـەتییـەکان و بـە بـەکارهێنانی پرۆگرامـی (SPSS) بـۆ ئـەو کـارە. نمرەی کۆتـایی کـە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستیان هێنابوو بەرەوژوور ڕێکخرا (٢٧%)ی بەرزترین نمرەو (٢٧%)ی نزمترین نمرەش دیاریکرا، بەو شێوەیە هەرکاتێك جیـاوازی لـەنێوان ناوەنـدی دوو نموونـە

زیادەڕۆکە هەبوو مانای ئەوەیە ئەو بڕگەیە بە توانایە لە پێوانی جیاوازی نێوان ئەندامەکانی توێژینەوە. دەرکەوت هێزی جیاکاری بڕگەکان لەنێوان (٠,٠٠٠ - ١٠,٨٣٤)دا بووە لەکاتێکدا کە بەهای خشتەیی (ت) (١,٩٧٠) بووە ڕێژەی هەڵەش (٠,٠٥) و نمرەی ئازادی (٢٤٢). بۆیە ئەو بڕگانە هێڵرانەوە کە بەهای (ت) هەژمارکراویان یەکسان بووە بە (١,٩٧٠) و زیاتر.

**خشتەی (٣)**

**بەهێزیی جیاکاریی بۆهەردوو پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکان بە شێوازی دوو نموونەی سەربەخۆ دەردەخات**

| ژ | کۆمەڵەی ژوورو | | کۆمەڵەی خواروو | | بەهای (ت)هەژمارکراو | ئاماژەداری ئاماریی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | | |
| ١ | ٣,٤٣٤ | ١,١٩٢ | ٣,٣٧٤ | ١,٢٠٤ | ٢,٩١٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٢ | ٣,٠٣٣ | ١,٤٦٥ | ٤,١٦٣ | ١,٠١١ | ١٠,٨٣٤ | جیاکەرەوەیە |
| ٣ | ٣,٠٢٥ | ١,٤٥٧ | ٤,٠٠٠ | ١,٢٢١ | ٦,٧٣٨ | جیاکەرەوەیە |
| ٤ | ١,٣٨٥ | ٠,٦٧٤ | ٢,٠٨٩ | ١,٢٦١ | ٨,٦٣٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٥ | ٢,٧٩٥ | ١,٤٨٨ | ٣,٤٢٣ | ١,٤٠٨ | ٨,٤٢٩ | جیاکەرەوەیە |
| ٦ | ١,٦٩٧ | ٠,٧٥٩ | ٢,٤٥٥ | ١,١٦١ | ٨,٤٤٧ | جیاکەرەوەیە |
| ٧ | ٢,٨٣٦ | ١,٣١٣ | ٣,٠٧٣ | ١,٥٠٠ | ٧,٨٣ | جیاکەرەوەیە |
| ٨ | ٣,٥٨٢ | ١,٢٢٥ | ٤,٣٥٨ | ٠,٨٣١ | ٦,٨٨٩ | جیاکەرەوەیە |
| ٩ | ٤,١٧٢ | ٠,٩٢٤ | ٤,٦٥٠ | ٠,٦٠٠ | ٤,٤١٢ | جیاکەرەوەیە |
| ١٠ | ٢,٧٤٦ | ١,٢١٠ | ٢,٦٦٧ | ١,٤٦٩ | ٣,٨٤٦ | جیاکەرەوەیە |
| ١١ | ٤,٠٠٨ | ٠,٩٦٦ | ٤,٥٦٩ | ٠,٧٣٦ | ٤,٨٨٨ | جیاکەرەوەیە |
| ١٢ | ٤,٢٣٠ | ٠,٨٩٨ | ٤,٦٧٥ | ٠,٥٠٤ | ٣,٨١٤ | جیاکەرەوەیە |
| ١٣ | ٢,١٩٧ | ١,٠٨٨ | ٢,٣٣٣ | ١,٣١٦ | ٥,٦٠٥ | جیاکەرەوەیە |
| ١٤ | ٣,٥٠٨ | ١,١٠٨ | ٤,٠٤١ | ١,٢٤٤ | ٤,٩٧٣ | جیاکەرەوەیە |
| ١٥ | ٤,٣٢٠ | ١,١٢٣ | ٤,٦٩٩ | ٠,٦٨٩ | ٦,٦٣٩٠ | جیاکەرەوەیە |
| ١٦ | ٣,٨٥٢ | ١,٣٧٧ | ٤,٦٥٠ | ٠,٧٠١ | ٩,٧٢٦٠ | جیاکەرەوەیە |
| ١٧ | ٢,٧٣٨ | ١,٣٢٩ | ٣,٦٠٢ | ١,٣٥٣ | ٦,٠٣٨٦ | جیاکەرەوەیە |
| ١٨ | ١,٩٨٤ | ٠,٩٤٥ | ٢,٩٦٧ | ١,٣١٨ | ١١,١٣٢٧ | جیاکەرەوەیە |
| ١٩ | ٢,١٨٠ | ١,٢٢٧ | ٢,٦١٠ | ١,٢٨٤ | ٩,٩٦٩٢ | جیاکەرەوەیە |
| ٢٠ | ٢,١٨٠ | ١,١٠٦ | ٢,٧٧٢ | ١,٢٩٢ | ٧,٦٢٢٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٢١ | ٤,٠٤٩ | ١,٢٠٥ | ٤,٥٩٣ | ٠,٨٠٨ | ٦,٨٠٤٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٢٢ | ٣,٢٧٩ | ١,٣٨٠ | ٣,٩٧٦ | ١,٣٠٩ | ٥,٠٨١٧ | جیاکەرەوەیە |
| ٢٣ | ٢,٥١٦ | ١,١٨٧ | ٣,١٧٩ | ١,٤٧١ | ٢,٤٨٨١ | جیاکەرەوەیە |
| ٢٤ | ٣,٧٨٧ | ١,١٨٠ | ٤,٣٠٩ | ٠,٩٢٤ | ٩,٦٣١٨ | جیاکەرەوەیە |
| ٢٥ | ٢,٦٣١ | ١,٢٧٤ | ٣,٧٧٢ | ١,١٧٩ | ١٠,٥٩٩٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٢٦ | ٣,٧٢١ | ١,٠٤٧ | ٤,٢٠٣ | ٠,٨٧٧ | ٦,٨٢٠٢ | جیاکەرەوەیە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٧ | ٢,٥٦٦ | ١,٢٢٠ | ٣,٠٠٨ | ١,٢٤٥ | ٢,٣٨٩٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٢٨ | ٢,٢٧٠ | ١,٢٤٠ | ٣,٠١٦ | ١,٣١٨ | ٨,٨٧٣٢ | جیاکەرەوەیە |
| ٢٩ | ٣,٣٨٥ | ١,١٤٦ | ٤,٠٨٩ | ٠,٩٦٧ | ٩,٦٦٨٨ | جیاکەرەوەیە |
| ٣٠ | ٤,٢٢١ | ١,٠٦٤ | ٤,٦٥٠ | ٠,٥٥٨ | ٦,٩٦٦٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٣١ | ٣,٩٣٤ | ١,١٠٤ | ٤,٥٠٤ | ٠,٦٥٨ | ٧,٥٧٦٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٣٢ | ٣,٢٠٥ | ١,٤٠٢ | ٤,٢١١ | ١,٠١٠ | ٢,٧١٩٨ | جیاکەرەوەیە |
| ٣٣ | ٢,٤٠٢ | ١,١٧٦ | ٣,٧٨٠ | ١,١٧٧ | ٢,٥٩٩٢ | جیاکەرەوەیە |
| ٣٤ | ١,٧٢١ | ٠,٧٦٣ | ٢,٦٥٠ | ١,٣٦٧ | ٢,٧٥٦٤ | جیاکەرەوەیە |
| ٣٥ | ١,٨٤٤ | ١,٠١٢ | ٢,٨٦٢ | ١,٢٢٤ | ٢,٩٨٨٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٣٦ | ٣,٢٧٠ | ١,٢٣٣ | ٣,٣١٧ | ١,١٩٠ | ٩,٣٠٧٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٣٧ | ٣,٢٧٠ | ١,٢٤٧ | ٣,٣٤١ | ١,١٦٥ | ٩,٨٩٨٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٣٨ | ٣,٤٤٣ | ١,٢٩٩ | ٣,٣٥٨ | ١,١٨٨ | ١٠,٣٢٣٢ | جیاکەرەوەیە |
| ٣٩ | ٣,٤٣٤ | ١,٤٤٣ | ٣,٧٣٢ | ١,١٧٤ | ١٣,١٣٨٩ | جیاکەرەوەیە |
| ٤٠ | ٢,٧٨٧ | ١,٢٣٥ | ٣,٥٢٨ | ١,١٧٦ | ٠,٠٠٠٠ | جیاکەرەوە نییە |
| ٤١ | ٣,٠٩٠ | ١,٢٤٠ | ٣,٢٩٣ | ١,٠٦٩ | ١١,٢٥٣٦ | جیاکەرەوەیە |
| ٤٢ | ٢,٦٠٧ | ١,٠١٧ | ٣,١٧٩ | ١,٢٠٨ | ٠,٨١٦٦ | جیاکەرەوە نییە |
| ٤٣ | ٣,٤٦٧ | ١,٢٤١ | ٣,٦٤٢ | ١,٢٦٨ | ٩,٩٤٤٤ | جیاکەرەوەیە |
| ٤٤ | ٣,٢٨٧ | ١,٢٨٢ | ٣,٤٣١ | ١,٢٤٨ | ١٣,٤٦٠٣ | جیاکەرەوەیە |
| ٤٥ | ٣,٦١٥ | ١,٢٩٥ | ٣,٦٦٧ | ١,٣٦٥ | ١١,٢٢٦٦ | جیاکەرەوەیە |
| ٤٦ | ٢,٩٧٥ | ١,١٣٢ | ٣,٨٢٩ | ١,٠٩٢ | ١٢,١٦٩٣ | جیاکەرەوەیە |
| ٤٧ | ٢,٥٩٠ | ١,٠٦٦ | ٣,٣٥٠ | ١,٢٠١ | ١١,١٧٥٣ | جیاکەرەوەیە |
| ٤٨ | ٢,٧٠٥ | ١,٠١٨ | ٣,٥١٢ | ١,١٤٨ | ١٤,٩٧٣١ | جیاکەرەوەیە |
| ٤٩ | ٢,٩١٨ | ١,١٣٢ | ٣,٩٢٧ | ٠,٩٠٧ | ١٥,٤٥٠٣ | جیاکەرەوەیە |
| ٥٠ | ٢,١٣١ | ١,٠٦٠ | ٣,٢٩٣ | ١,٢٣٣ | ١٠,٢٩٧٦ | جیاکەرەوەیە |
| ٥١ | ١,٩٤٣ | ٠,٨٢٦ | ٣,٢٣٦ | ١,٢٨١ | ١٣,٩٨١١ | جیاکەرەوەیە |
| ٥٢ | ٣,٠٩٨ | ١,٤٠٥ | ٣,٨٧٠ | ١,١٤٥ | ١٣,٨١٩١ | جیاکەرەوەیە |
| ٥٣ | ٢,٤٧٥ | ١,١٧٣ | ٣,٧٨٩ | ١,١٨٩ | ١٤,٥٢٠٩ | جیاکەرەوەیە |
| ٥٤ | ٢,٦٥٦ | ١,٠١٩ | ٣,٨٦٢ | ١,٠٢٧ | ١٧,٦٣٠٣ | جیاکەرەوەیە |
| ٥٥ | ٢,٨٢٨ | ١,٣٦٥ | ٣,٥٩٣ | ١,٢٩٢ | ٦,٩٣٢٧ | جیاکەرەوەیە |
| ٥٦ | ٢,٩٠٢ | ١,٣١٤ | ٣,٩٨٤ | ١,١٠١ | ١٢,٣٣٩٩ | جیاکەرەوەیە |
| ٥٧ | ١,٨٤٤ | ٠,٨٢٣ | ٣,٠٨٩ | ١,٢٣٥ | ٨,٨٥٧٨ | جیاکەرەوەیە |
| ٥٨ | ٢,٣٢٨ | ١,١٢٤ | ٣,٣٩٨ | ١,١٤٣ | ٨,١١٨٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٥٩ | ٣,٤١٠ | ١,٥٣١ | ٣,٧٣٢ | ١,٣٩٧ | ٢,٧٤٠٢ | جیاکەرەوەیە |
| ٦٠ | ٢,٣٣٦ | ١,٤١٢ | ٣,٠١٦ | ١,٥٩٩ | ٥,٨٦١٦ | جیاکەرەوەیە |
| ٦١ | ٣,٤٤٣ | ١,٥٣٢ | ٣,٥٨٥ | ١,٤٩٣ | ٥,١٣٤٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٦٢ | ٣,١٨٩ | ١,٣٩٩ | ٣,٥٣٧ | ١,٤٥٦ | ٤,٥٨٧٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٦٣ | ٣,٢٧٠ | ١,٥٢٧ | ٣,٤٨٠ | ١,٤٢٢ | ٢,٤١٧٨ | جیاکەرەوەیە |
| ٦٤ | ٣,٠٨٢ | ١,٣٧٠ | ٤,١٥٤ | ١,١٣١ | ٦,٩٧٦١ | جیاکەرەوەیە |
| ٦٥ | ٢,٩٠٢ | ١,٣٠١ | ٣,٠٤١ | ١,٤١١ | ٥,٧٠٣٥ | جیاکەرەوەیە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٦٦ | ٣,٣٧٧ | ١,٢١٥ | ٤,٠٦٥ | ١,٠٦٢ | ٢,٩٥٢١ | جیاکەرەوەیە |
| ٦٧ | ٢,٨٩٣ | ١,١٨٤ | ٣,٢٣٦ | ١,٣٧٩ | ٣,٧٧٩٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٦٨ | ٣,٧٦٢ | ١,٢٤٠ | ٤,٠١٦ | ١,٢٤١ | ٤,٥٨٥٣ | جیاکەرەوەیە |
| ٦٩ | ٣,٠٠٨ | ١,٤٢٩ | ٣,٥٤٥ | ١,٥٣٨ | ٥,٢٥٨٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٧٠ | ١,٩٩٢ | ١,١٣٢ | ٣,١٣٨ | ١,٦٦٦ | ٥,١٩٠٩ | جیاکەرەوەیە |
| ٧١ | ٣,٢٩٥ | ١,٣٨٣ | ٣,٥٢٨ | ١,٤٢٨ | ٣,١٢٩٥ | جیاکەرەوەیە |
| ٧٢ | ٢,٤٢٦ | ١,٣١٧ | ٣,١٧١ | ١,٥٣٥ | ٨,٥٦٠٦ | جیاکەرەوەیە |
| ٧٣ | ٢,١٧٢ | ١,١٦٩ | ٢,٩٣٥ | ١,٥٤٠ | ٨,٠٥٨١ | جیاکەرەوەیە |
| ٧٤ | ٣,٥٥٧ | ١,٣٦٧ | ٣,٨٣٧ | ١,٢٥٠ | ٥,١٩٧٤ | جیاکەرەوەیە |
| ٧٥ | ٢,٧٩٥ | ١,٢٨٥ | ٣,٢٩٣ | ١,٤١٣ | ٥,٣٤٢٤ | جیاکەرەوەیە |
| ٧٦ | ٣,٠٤١ | ١,٣٨١ | ٣,٢٦٠ | ١,٣٩٦ | ٦,٧٧٧٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٧٧ | ٢,٩٩٢ | ١,٤٠٠ | ٣,٦٢٦ | ١,٤٣٤ | ٣,٥٠٥٧ | جیاکەرەوەیە |
| ٧٨ | ٢,٣٤٤ | ١,٢٥٨ | ٢,٧٣٢ | ١,٥١٠ | ٩,٥٠٤١ | جیاکەرەوەیە |
| ٧٩ | ٢,٣٢٠ | ١,١٧٣ | ٢,٢٩٦ | ١,٤٥٦ | ٧,٦٩١٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٨٠ | ٢,٩١٨ | ١,٢٣٧ | ٣,٤١٥ | ١,٣٣٠ | ٧,٤١١٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٨١ | ٢,٩٥١ | ١,٢١٩ | ٢,٨٢١ | ١,٤٣٧ | ٦,٧١٠١ | جیاکەرەوەیە |
| ٨٢ | ٢,٧٤٦ | ١,٢١٠ | ٣,٣٠٩ | ١,٢٦٢ | ٤,٠٤٨٠ | جیاکەرەوەیە |
| ٨٣ | ١,٥٦٦ | ٠,٨٨١ | ٢,٦٦٧ | ١,٤٦٩ | ٣,٥٥٢٦ | جیاکەرەوەیە |
| ٨٤ | ٢,٧٤٦ | ١,٣١٥ | ٣,٣٠٩ | ١,٣٠٠ | ٢,٥٨٦٢ | جیاکەرەوەیە |
| ٨٥ | ٢,٥٢٥ | ١,٢٢٨ | ٣,٢٢٠ | ١,٤١٢ | ٤,٤٧٦٩ | جیاکەرەوەیە |
| ٨٦ | ٢,٢٢١ | ١,٤٤٦ | ٢,٢٨٥ | ١,٥١٨ | ٣,٤٧٦٧ | جیاکەرەوەیە |
| ٨٧ | ٣,٩٥٩ | ١,٢٦٩ | ٤,٣١٧ | ٠,٩٦٩ | ٣,٦٣٦٤ | جیاکەرەوەیە |
| ٨٨ | ٣,٤٠٢ | ١,٣٠٣ | ٤,٢٢٠ | ١,٠٢٩ | ٤,٦٤٤٦ | جیاکەرەوەیە |
| ٨٩ | ٣,٠٣٣ | ١,٤٠٨ | ٣,٦٠٢ | ١,٣٢٣ | ٥,٩٨٣٩ | جیاکەرەوەیە |
| ٩٠ | ٣,٨٤٤ | ١,٠٧٦ | ٣,٨٤٦ | ١,١٨١ | ٧,٦٤٧١ | جیاکەرەوەیە |
| ٩١ | ٣,٥٨٢ | ١,٢٢٥ | ٣,٥٩٣ | ١,٢٧٣ | ٨,٥٧٩٧ | جیاکەرەوەیە |
| ٩٢ | ٣,٣٢٨ | ١,٢٩٥ | ٣,٣٨٢ | ١,٣٢٨ | ٧,٨٩٤٠ | جیاکەرەوەیە |

لەخشتەی (٣) دەردەکەوێت بڕگەکانی (٤٠،٤٢) جیاکەرەوە نین و ناگونجێن لەگەڵ بڕگەکانی تری پێوەرەکە، چونکە ناتوانن پێوانەی ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی بکەن لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا، بڕگەکانیش بریتین لە بڕگەی (٤٠) (بەڕێوەبەرە گشتییەکان پابەندن بە یاساو ڕێنماییەکانی کارکردن) بەهای (ت)هەژمارکراوی ئەم بڕگەیە (٠,٠٠٠٠) بووە و بڕگەی (٤٢) (بەڕێوەبەرە گشتییەکان ڕاپۆرتی مانگانە سەبارەت بە کارو چالاکییەکانیان ئامادە دەکەن) بەهای (ت) هەژمارکراوی ئەم بڕگەیە (٠,٨١٦٦) بووە. بەهای هەژمارکراوی ئەم دوو بڕگەیە کەمترە لە بەهای (ت)خشتەیی کە (١,٩٧٠)یە بە ڕێژەی هەڵەی (٠,٠٥)و نمرەی ئازادی (٢٤٢) بۆیە ئەم دوو بڕگەیە لابران لە پێوەرەکە. بەڵام سەبارەت بە بڕگەکانی تر کە ژمارەیان (٩٠) بڕگە بووە بەهای (ت) هەژمارکراویان لەنێوان (٢,٤١٧ – ١٠,٨٣٤) بووەو سەرجەمی بەهای (ت)ی هەژمارکراوی

بڕگەكان زیاتر بوون لە (١,٩٧٠) بە ڕێژەی هەڵـەی (٠,٠٥) و نمرەی ئـازادی (٢٤٢) سـەرجەمیان دەتوانن پێوانەی ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی بكەن لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەكاندا.

- **پەیوەندی نمرەی بڕگە بە نمرەی گشتی پێوەرەكەوە:**

پەیوەستبوونی نمرەی بڕگە بـە نمرەی گشتی پێوەرەوە ئاماژەیەكە بۆ گونجاویی بڕگـەكان لـە پێوانەیان بۆ دیاردەیەكی ڕەفتاریی، هەتا هاوكێشەی پەیوەستبوونی نمرەی بڕگە بـە نمرەی گشتییەوە زیاد بكات ئەگەری ئەوە هەیە پێوەرەكە گونجاوتربێت (Nunnally,1978:262).

پەیوەندی پەیوەستبوون لەنێوان نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی گشتی پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەكانەوە دەرهێنراوە بە بەكارهێنانی (هاوكێشـەی پەیوەستبوونی پێرسۆن) هـەروەك لە خشتەی (٤)دا ڕوونكراوەتەوە، دوای دەرهێنـانی هاوكێشـەكانی پەیوەستبوون بـۆ هـەر بڕگـەیەك و بەهای (ت) بۆ هاوكێشەی پەیوەستبوون ئەنجامەكان دەریان خست هاوكێشـەی پەیوەستبوون لـەنێوان (٠,٠٣- ٠,٦٢) پاشان هەریەك لە بڕگەكانی (٤٢،٤٠) بەهای پەیوەستبوونیان كـەمتربووە لـە بـەهای (ت) خشتەیی بۆ ئەو هاوكێشانەی پەیوەستبوون كە بەرنامەی (SPSS) دەریهێناوە، بۆیە توێژەر ئـەو دوو بڕگەیـەی لـە پێوەرەكـە لابـردووە لەبـەر لاوازییـان و نـەگونجانیان لەگـەڵ بڕگـەكانی تـردا. ئـەم ئەنجامـە دڵنیامـان دەكاتـەوە لـەوەی بڕگـەكان پەیوەندییـەكی بـەهێزیان لەگـەڵ نمـرەی گشـتی پێوەرەكـە هەیەو ئاماژەیە بۆ گونجاویی بڕگـەكان و هاوبەنـدیی ناوخۆییـان و توانایان بـۆ پێوانـەكردنی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەكان.

**خشتەی (٤)**

**پەیوەندی نمرەی بڕگە بە نمرەی گشتی پێوەرەكەوە دەردەخات**

| ژ | هاوكێشەی پەیوەستبوون | ژ | هاوكێشەی پەیوەستبوون | ژ | هاوكێشەی پەیوەستبوون | ژ | هاوكێشەی پەیوەستبوون | ژ | هاوكێشەی پەیوەستبوون | ژ | هاوكێشەی پەیوەستبوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٠,٢٣ | ١٨ | ٠,٤٢ | ٣٥ | ٠,٤١ | ٥٢ | ٠,٣٤ | ٦٩ | ٠,٦٠ | ٨٦ | ٠,٦٠ |
| ٢ | ٠,٢٦ | ١٩ | ٠,٤٧ | ٣٦ | ٠,٤٠ | ٥٣ | ٠,٤٤ | ٧٠ | ٠,٦١ | ٨٧ | ٠,٥٢ |
| ٣ | -٠,١٥ | ٢٠ | ٠,٣١ | ٣٧ | ٠,٣٧ | ٥٤ | ٠,٥١ | ٧١ | ٠,٥٥ | ٨٨ | ٠,٦٠ |
| ٤ | -٠,٠٨ | ٢١ | ٠,٢١ | ٣٨ | ٠,٤١ | ٥٥ | ٠,١٥ | ٧٢ | ٠,٦٢ | ٨٩ | ٠,٤٨ |
| ٥ | -٠,١١ | ٢٢ | -٠,٠٨ | ٣٩ | ٠,٣٦ | ٥٦ | ٠,٤٦ | ٧٣ | ٠,٦١ | ٩٠ | ٠,٥٣ |
| ٦ | ٠,٢٥ | ٢٣ | -٠,٠٣ | ٤٠ | *(*) | ٥٧ | ٠,٤١ | ٧٤ | ٠,٤٩ | ٩١ | ٠,٥٧ |
| ٧ | ٠,١٤ | ٢٤ | ٠,٣٣ | ٤١ | ٠,٤٣ | ٥٨ | ٠,٤٠ | ٧٥ | ٠,٤٦ | ٩٢ | ٠,٥٩ |
| ٨ | ٠,٣٣ | ٢٥ | ٠,٣٨ | ٤٢ | * | ٥٩ | ٠,٤٩ | ٧٦ | ٠,٥٦ | | |
| ٩ | ٠,٣٦ | ٢٦ | ٠,٢٦ | ٤٣ | ٠,٤٠ | ٦٠ | ٠,٤٩ | ٧٧ | ٠,٣٣ | | |
| ١٠ | -٠,١٢ | ٢٧ | ٠,١٢ | ٤٤ | ٠,٤٧ | ٦١ | ٠,٤٠ | ٧٨ | ٠,٤٥ | | |

(*) بڕگـەی (٤٠) جیاكـەرەوە نییـە لەبەرئـەوەی بـەهای (ت) هـەژماركراو كـەمترە لـە بـەهای خشتەیی (١,٩٧٠) بـە ڕێژەی هەڵەی (٠,٠٥)و نمرەی ئازادی (٢٤٢)،هەروەها بڕگەی (٤٢) هەمان دۆخی هەیە لەگەڵ بڕگەی(٤٠).

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١١ | ٠,٢٩ | ٢٨ | ٠,٢٩ | ٤٥ | ٠,٤٨ | ٦٢ | ٠,٤٠ | ٧٩ | ٠,٥٠ | | |
| ١٢ | ٠,٢٩ | ٢٩ | ٠,٢٧ | ٤٦ | ٠,٣٧ | ٦٣ | ٠,٦٢ | ٨٠ | ٠,٤٨ | | |
| ١٣ | ٠,٢٢ | ٣٠ | ٠,١٢ | ٤٧ | ٠.٤٦ | ٦٤ | ٠,٣٦ | ٨١ | ٠,٦٢ | | |
| ١٤ | ٠,٢٤ | ٣١ | ٠,١٦ | ٤٨ | ٠,٤٨ | ٦٥ | ٠,٣٦ | ٨٢ | ٠,٤٥ | | |
| ١٥ | ٠,١٥ | ٣٢ | ٠,٥٢ | ٤٩ | ٠,٥٠ | ٦٦ | -٠,٠٣ | ٨٣ | ٠,٥٤ | | |
| ١٦ | ٠,٢٨ | ٣٣ | ٠,٥٣ | ٥٠ | ٠,٤٣ | ٦٧ | ٠,٣٩ | ٨٤ | ٠,٥٧ | | |
| ١٧ | ٠,١٠ | ٣٤ | ٠,٤٠ | ٥١ | ٠,٥٤ | ٦٨ | ٠,٤٧ | ٨٥ | ٠,٤٩ | | |

**خشتەی (٥)**
**هاوكێشەی پەیوەستبوونی نمرەی هەر بڕگەیەك بە نمرەی تەوەرەكەی لە پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەكاندا دەردەخات**

**تەوەری دامەزراندن و ئەركەكانی فەرمانبەر**

| ژ | هاوكێشەی پەیوەستبوون |
|---|---|
| ١ | ٠,٢٢ |
| ٢ | ٠,٢٥ |
| ٣ | ٠,١٥ |
| ٤ | ٠,٢١ |
| ٥ | ٠,٣٢ |
| ٦ | ٠,١٤ |
| ٧ | ٠,٢٧ |
| ٨ | ٠,٢٩ |
| ٩ | ٠,٤١ |
| ١٠ | ٠,٠٧ |
| ١١ | ٠,٤١ |
| ١٢ | ٠,٤٢ |
| ١٣ | ٠,٣٢ |
| ١٤ | ٠,٣٥ |

**تەوەری مافەكانی فەرمانبەر**

| ژ | هاوكێشەی پەیوەستبوون |
|---|---|
| ١ | ٠,٤٨ |
| ٢ | ٠,٥٦ |
| ٣ | ٠,٣٣ |
| ٤ | ٠,٥٢ |
| ٥ | ٠,٤٩ |
| ٦ | ٠,٤٠ |
| ٧ | ٠,٤٠ |
| ٨ | ٠,١٢ |
| ٩ | ٠,٢١ |
| ١٠ | ٠,٣٩ |
| ١١ | ٠,٣٨ |
| ١٢ | ٠,٣٤ |
| ١٣ | ٠,١٨ |
| ١٤ | ٠,٣٨ |
| ١٥ | ٠,٤٤ |
| ١٦ | ٠,٤٠ |
| ١٧ | ٠,٤١ |

**تەوەری بەڕێوەبەرە گشتییەکان**

| ژ | هاوکێشەی پەیوەستبوون |
|---|---|
| ١ | ٠,٥٥ |
| ٢ | ٠,٥٨ |
| ٣ | ٠,٤٠ |
| ٤ | ٠,٥٠ |
| ٥ | ٠,٥٧ |
| ٦ | ٠,٥٧ |
| ٧ | ٠,٦٦ |
| ٨ | ٠,٦٨ |
| ٩ | |
| ١٠ | ٠,٦٤ |
| ١١ | |
| ١٢ | ٠,٦١ |
| ١٣ | ٠,٦٧ |
| ١٤ | ٠,٦٤ |

**تەوەری لێپرسینەوەو سزا**

| ژ | هاوکێشەی پەیوەستبوون |
|---|---|
| ١ | ٠,٥٠ |
| ٢ | ٠,٥٣ |
| ٣ | ٠,٦٠ |
| ٤ | ٠,٦٢ |
| ٥ | ٠,٥٢ |
| ٦ | ٠,٦٢ |
| ٧ | ٠,٥٦ |
| ٨ | ٠,٥٩ |
| ٩ | ٠,٦٩ |
| ١٠ | ٠,٣٨ |
| ١١ | ٠,٥٨ |
| ١٢ | ٠,٤٧ |
| ١٣ | ٠,٤٦ |

**تەوەری ئاسایشی کۆمەڵایەتی**

| ژ | هاوکێشەی پەیوەستبوون |
|---|---|
| ١ | ٠,٦١ |
| ٢ | ٠,٥٦ |
| ٣ | ٠,٥١ |
| ٤ | ٠,٤٣ |
| ٥ | ٠,٦٥ |
| ٦ | ٠,٤٠ |
| ٧ | ٠,٤١ |
| ٨ | ٠,٠٢ |
| ٩ | ٠,٤٧ |
| ١٠ | ٠,٤٨ |
| ١١ | ٠,٦١ |
| ١٢ | ٠,٦٧ |
| ١٣ | ٠,٦٢ |
| ١٤ | ٠,٦٥ |
| ١٥ | ٠,٦٠ |
| ١٦ | ٠,٤٥ |
| ١٧ | ٠,٤٨ |

**تەوەری ئاسایشی دەرونی**

| ژ | هاوکێشەی پەیوەستبوون |
|---|---|
| ١ | ٠,٥٢ |
| ٢ | ٠,٣٣ |
| ٣ | ٠,٤٥ |
| ٤ | ٠,٥٧ |
| ٥ | ٠,٥٣ |
| ٦ | ٠,٦٧ |
| ٧ | ٠,٥٠ |
| ٨ | ٠,٥٥ |
| ٩ | ٠,٦٤ |
| ١٠ | ٠,٥٨ |
| ١١ | ٠,٦٧ |
| ١٢ | ٠,٥٩ |
| ١٣ | ٠,٦٧ |
| ١٤ | ٠,٥٧ |
| ١٥ | ٠,٥٧ |
| ١٦ | ٠,٦٠ |
| ١٧ | ٠,٦٣ |

لەمیانەی خشتەی (٥)ەوە دەردەکەوێت هەموو بڕگەکانی پێوەری گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکان کە سەرجەمیان (٩٠) بڕگەیە پەیوەندییەکی بەهێزیان هەیە لەگەڵ نمرەی گشتی هەر تەوەرێك لە تەوەرەکانیان و دەتوانن پێوانەی رۆڵی گەندەڵی پیشەیی بکەن لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا.

**- جێگیری Reliability**

جێگیری یەکێکە لەو خەسڵەتانەی لە توێژینەوەدا وەك کەرەستەیەك بەکاردێت و مەبەست جێگیرییە لەو نمرانەی لە دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەدا بەدەست دێت، بەومانایەی تاقیکردنەوەکە دەتوانێت هەمان ئەنجام بەدی بهێنێت لەکاتێکدا ئەگەر دووجار بەسەر هەمان گروپ و لەژێر هەمان بارودۆخدا دووبارە بکرێتەوە (باتشیرجي،٢٠١٥: ١٦٢)

ئەو ڕێگایانەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون بۆ دەرهێنانی جێگیری بریتین لەمانە:

**أ- دووبارەکردنەوەی جێبەجێکردنی پێوەر Test-Retest**

بریتییە لە جێگیری ئەو نمرەیەی کۆمەڵە کەسێك لە تاقیکردنەوەی پێوەرێکدا بەدەستی دەهێنن بەجۆرێك ئەگەر هەمان تاقیکردنەوە بەسەر ئەو کۆمەڵە کەسەدا دوبارە بکرێتەوە ئەوا هەمان ئەنجام یاخود بە نزیکەیی بەدەست دێتەوە (حیواني، زروال،٢٠١٦: ٢٢٩).

پێوەرەکە بەسەر ژمارەیەك لە فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانیدا دوجار جێبەجێکرا کە بریتی بوون لە (٣٠) فەرمانبەر لەهەردوو ڕەگەز، ماوەی نێوان تاقیکردنەوەی یەکەم و دووەم (١٥) رۆژ بوو دواتر هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان (معامل الارتباط سبيرمان) لەنێوان هەردوو جاری جێبەجێکردنەکە ئەنجامدراو ژمارەی جێگیرییەکە بەپێی هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان بریتی بووە لە (٠,٨٩).

**ب- ڕێگەی دابەشکردنی کەرتی (طريقة التجزئة النصفية):**

هاوکێشەی جێگیربوون بەڕێگەی دابەشکردنی کەرتی بە دابەشکردنی بڕگەکانی پێوەر دەبێت پاش ئەوەی وەڵام دەدرێتەوە بۆ دوو بەش ئەوانیش (دوانی و یەکی) ژمارەی بڕگە تاکەکان بریتی دەبێت لە بەشی یەکەم و ژمارەی بڕگە دوانیەکان بریتی دەبێت لە بەشی دووەم، پاشان هاوکێشەی پەیوەستبوون لەنێوان نمرەکانی هەردوو بەشەکەدا ئەژمار دەکرێت (الإمام وآخرون،١٩٩٥: ١٥٣).

توێژەر بۆ دەرهێنانی جێگیربوونی پێوەر پشتی بەم ڕێگەیە بەستووە ئەویش بە دابەشکردنی بڕگەکان بۆ دووبەش ئەوانیش: کۆمەڵەی بڕگە تاکەکان و کۆمەڵەی بڕگە جوتەکان، پاشان توێژەر ژمارەی پەیوەستبوونی نێوان هەردوو کۆمەڵەکەی دەرهێناوە کە بریتی بووە لە (٠,٩٣) پاش ئەوەی بە هاوکێشەی سپێرمان براون ڕاستکراوەتەوە کە بریتی بووە لە (٠,٩٣٨).

**ج- ڕێگەی ئەلفا کرۆنباخ (طريقة الفا كرونباخ):**

ئەم ڕێگەیە پشت بە تەبایی ناوخۆیی بڕگەکان دەبەستێ و بیرۆکەیەك دەدات بەدەستەوە لەسەر یەکگرتویی بڕگەکان لەگەڵ یەکترو لەگەڵ کۆی پێوەرەکەدا (تيغزة،٢٠٠٩:٦٤٤). بەمەبەستی دەرهێنانی جێگیری بەم ڕێگەیە توێژەر هاوکێشەی ئەلفای بۆ تەبایی ناوخۆیی بڕگەکان بەکارهێنا، سەرەنجام هاوکێشەی جێگیری پێوەرەکە بەگشتی بریتی بووە لە(٠,٨٣٨) ئەمەش نیشانەی ئەوەیە پێوەرەکە تا ئەندازەیەکی زۆر جێگیرە هەروەك لە خشتەی(٦)دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (٦)**

**جێگیربوونی پێوانەیی بۆ هەردوو پێوەرەکە دەردەخات**

| ژ | پێوەر | ژمارەی بڕگە | الفا کرۆنباخ | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گەندەڵی پیشەیی | ٥٦ | ٠,٨٠٢ | زۆرباشە |
| ٢ | بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان | ٣٤ | ٠,٩٠٦ | نایابە |

## ٥- ئامرازە ئامارییەکان Statistical Methods

١- تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە: ئەم تاقیکردنەوەیە بەکاردێت بۆ تاقیکردنەوەی ئاماژەی جیاوازی لەنێوان ناوەندی گریمانەیی بۆ پێوەرو ناوەندی وەڵامەکانی نموونەکە بۆ پێوەرەکە.

٢- تاقیکردنەوەی (T-Test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆ T-Test for two Independent Sample

ئەم تاقیکردنەوەیە بەکاردێت بۆ: دەرهێنانی هێزی جیاکاری بۆ بڕگەکانی پێوەر.

٣- هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان براون: بەکاردێت بۆ ڕاستکردنەوەی هاوکێشەی پەیوەستبوون بۆ جێگیربوونی پێوەر بەڕێگەی دابەشکردنی کەرتی بۆ پێوەر(علام،٢٠٠٠:١٥٦).

٤- هاوکێشەی ئەلفا کرۆنباخ بۆ تەبایی ناوخۆیی: بەکاردێت بۆ زانینی جێگیربوونی پێوەر.

٥- شیکاری جیاوازی یەکی. One way Anova Analysis(عبدالجواد،٢٠١٣:٢٨٠): ئەم ڕێگەیە بەکاردێت بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازی واتادار لەنێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەدا.

٦- تاقیکردنەوەی کەمترین جیاوازی واتادار (LSD) least significant difference:

ئەم ڕێگەیە بەکاردێت بۆ ئەنجامدانی بەراوردی زۆر کە ناسراوە بە بەراوردە هەمەلایەنەکان Multiple comparisons یان بەراوردە دوانیەکان، (Williams,Abdi,2010:2).

لەم توێژینەوەیەدا ئەم ڕێگەیە بەکارهاتووە بە مەبەستی زانینی ڕۆڵی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە لە جیاوازی گەندەڵی پیشەییەدا بەپێی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

# بەشی شەشەم

# ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی

باسی یەکەم: خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە

باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکەو تاوتوێکردنی.

باسی سێیەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەو راسپاردەو پێشنیازەکان.

## ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی
## باسی یەکەم
## خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە

ئەم خەسڵەتانە خۆیان لە کۆمەڵێك گۆڕاودا دەبیننەوە کە لەهەمانکاتدا پەیوەستن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەوەو لەم بەشەدا بە وردی ئەنجامی توێژینەوەکە لەسەر ئەم گۆڕاوانە دەخرێتەڕوو، گۆڕاوەکانیش ئەمانەن:

**أ- ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی(٧)**
**ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| ڕەگەز | شار | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | سلێمانی | هەولێر | دهۆك | هەڵەبجە | کۆی گشتی |
| نێر | ٥٠ | ١٠٠ | ٦٨ | ٧ | ٢٢٥ |
| مێ | ٥٠ | ١٠٠ | ٦٨ | ٧ | ٢٢٥ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٢٠٠ | ١٣٦ | ١٤ | ٤٥٠ |

هەروەك لە خشتەی (٧)دا دەرکەوتووە نموونەی توێژینەوەکە لە (٤٥٠) فەرمانبەر پێکهاتوون بەجۆرێ هەریەکە لە ڕەگەزی نێرو مێ بەشێوەیەکی یەکسان وەرگیراون واتە (٢٢٥) نێر و (٢٢٥) مێ لە کۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، پارێزگای سلێمانی (٥٠) نێر و (٥٠) مێ، پارێزگای هەولێر (١٠٠) نێر و (١٠٠) مێ، پارێزگای دهۆك (٦٨) نێر و (٦٨) مێ، هەروەها پارێزگای هەڵەبجە (٧) نێرو (٧) مێ.

**ب- تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی(٨)**

**تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| تەمەن | شار | | | | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | هەڵەبجە | کۆی گشتی | |
| ٢٠تا ٢٩ ساڵ | ٥ | ٠ | ٦ | ١ | ١٢ | ٢,٦٧ |
| ٣٠ تا ٣٩ ساڵ | ٥١ | ٦٨ | ٦٣ | ٧ | ١٨٩ | ٤٢ |
| ٤٠ تا ٤٩ ساڵ | ٣٥ | ٦٦ | ٤٧ | ٣ | ١٥١ | ٣٣,٥٦ |
| ٥٠ تا ٥٩ ساڵ | ٩ | ٥٧ | ١٨ | ٣ | ٨٧ | ١٩,٣٣ |
| ٦٠ ساڵ و زیاتر | ٠ | ٩ | ٢ | ٠ | ١١ | ٢,٤٤ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٢٠٠ | ١٣٦ | ١٤ | ٤٥٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی (٨)دا دەرکەوتووە تێکڕای تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە لەنێوان (٢٠ساڵ – سەروی٦٠) ساڵە، زۆرترین تەمەن دەکەوێتە نێوان (٣٠-٣٩) ساڵ بەڕێژەی ٤٢% ، کەمترین تەمەن دەکەوێتە (٦٠) ساڵ و زیاتر بەڕێژەی (٢,٤٤%)، ئەمەش ئەوە دەردەخات زۆرینەی فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان لەتەمەنی پێگەیشتندان و ووزەیەکی زۆریان هەیە بۆ کارکردن و دەرامەتێکی مرۆیی گرنگن و سوودیان لێ وەردەگیرێت.

**ج- باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی(٩)**

**باری کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| باری کۆمەڵایەتی | شار | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | سلێمانی | هەولێر | دهۆك | هەڵەبجە | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
| ڕەبەن | ٢٨ | ٢٩ | ٣٤ | ٣ | ٩٤ | ٢٠,٩ |
| خێزاندار | ٧٢ | ١٤٣ | ١٠١ | ١١ | ٣٢٧ | ٧٢,٧ |
| تاك مردوو | ٠ | ١٥ | ٠ | ٠ | ١٥ | ٣,٣ |
| جیابووەوە | ٠ | ١٣ | ١ | ٠ | ١٤ | ٣,١ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٢٠٠ | ١٣٦ | ١٤ | ٤٥٠ | %١٠٠ |

خشتەی (٩) دەریدەخات لە کۆی (٤٥٠) فەرمانبەر لە کۆی فەرمانبەرانی نموونەی توێژینەوەکە (٣٢٧) کەسیان خێزاندارن بەڕێژەی (٧٢,٧%) ، (٩٤) کەسیان ڕەبەنن بەڕێژەی (٢٠,٩%) هەرچی تاك مردووە (١٥) کەسن بەڕێژەی (٣,٣%) جیابووەوەش (١٤) کەسن بەڕێژەی (٣,١%) . باری هاوسەرگیری ڕۆڵی هەیە لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونی بۆ فەرمانبەر، ئەمەش لە ئیشوکاری فەرمیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کارامەیی ئەرکەکانی سەرشانیدا بەراورد بە بارە خێزانییەکانی تر.

**د- پێشینەی کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی (١٠)**

**پێشینەی کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| | | شار | | | | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سلێمانی | هەولێر | دهۆك | هەڵەبجە | | |
| پێشینەی کۆمەڵایەتی | گوند | ٣ | ١٢ | ٠ | ٠ | ١٥ | ٣,٣ |
| | ناحیە | ٠ | ١٦ | ٢ | ٠ | ١٨ | ٤,٠ |
| | قەزا | ١ | ٥٥ | ١٦ | ٢ | ٧٤ | ١٦,٤ |
| | شار | ٩٦ | ١١٧ | ١١٨ | ١٢ | ٣٤٣ | ٧٦,٢ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ | ٢٠٠ | ١٣٦ | ١٤ | ٤٥٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی (١٠)دا پێشینەی کۆمەڵایەتی نموونەی توێژینەوەکە ڕوونکراوەتەوەو دەرکەوتووە (٧٦,٢%) پێشینەی کۆمەڵایەتییان دەگەڕێتەوە بۆ شار کە ژمارەیان (٣٤٣) فەرمانبەرە، دواتر ئەوانەی پێشینەی کۆمەڵایەتییان دەگەڕێتەوە بۆ قەزا (١٦,٤%) نموونەی توێژینەوەکە پێکدەهێنن کە ژمارەیان (٧٤) فەرمانبەرە، ناحیە (٤%) و گوند (٣,٣%) کە سەرجەمیان (٣٣) فەرمانبەرە. پێشینەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی هەیە لە گەندەڵی پیشەییدا ئیدی ئەو ڕۆڵە ئەرێنی بێت یاخود نەرێنی، چونکە پێشینەی کۆمەڵایەتی بنەمایەکی گرنگە بۆ دروستبوونی کەسێتی تاك و فێربوونی بنەما پەروەردەیی و ئاکارییەکان.

**هـ- ساڵانی خزمەتی نموونەی توێژینەوەکە**

**خشتەی (١١)**

**ساڵانی خزمەتی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| | | شار | | | | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | هەڵەبجە | | |
| ساڵانی خزمەت | کەمتر لە ١٠ ساڵ | ٢٣ | ٣١ | ٣٢ | ٣ | ٨٩ | ١٩,٨ |
| | ١٠ تا ١٩ ساڵ | ٥١ | ١٠٩ | ٦٩ | ٩ | ٢٣٨ | ٥٢,٩ |
| | ٢٠ تا ٢٩ ساڵ | ٢٤ | ٤٧ | ٢٩ | ١ | ١٠١ | ٢٢,٤ |
| | ٣٠ ساڵ و زیاتر | ٢ | ١٣ | ٦ | ١ | ٢٢ | ٤,٩ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ | ٢٠٠ | ١٣٦ | ١٤ | ٤٥٠ | ١٠٠% |

لە خشتەی (١١)دا دەرکەوتووە زۆرترین ماوەی خزمەتی نموونەی توێژینەوەکە دەکەوێتە (١٠-١٩) ساڵ کە ژمارەیان (٢٣٨) فەرمانبەرە لەکۆی سەرجەم فەرمانبەرانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (٥٢,٩%) دواتر ئەوانەی ماوەی خزمەتیان دەکەوێتە نێوان (٢٠-٢٩) ساڵ ژمارەیان (١٠١) فەرمانبەرە بەڕێژەی (٢٢,٤%) ئەو فەرمانبەرانەی ماوەی خزمەتیان لە (١٠) ساڵ کەمترە ژمارەیان (٨٩) کەسە بەڕێژەی (١٩,٨%) لەکۆتایدا ئەوانەی ساڵانی خزمەتیان لە (٣٠) ساڵ زیاترە ژمارەیان (٢٢) کەسە بەڕێژەی (٤,٩%). هەروەك دەرکەوتووە ژمارەی ساڵانی خزمەتی نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی مامناوەندایە، ئەم دەرامەتە مرۆیی و گرنگە سوودیان لێ وەردەگیرێت بۆ پێشخستنی بواری پەروەردە چونکە هێشتا ساڵانێکی زۆریان لە خزمەتدا ماوە.

### و- بڕوانامەی نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی (١٢)**

**بڕوانامەی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| بڕوانامە | شار | | | | | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | سلێمانی | هەولێر | دهۆك | هەڵەبجە | کۆی گشتی | |
| سەرەتایی | ٣ | ٠ | ١ | ١ | ٥ | ١,١ |
| ناوەندی | ٨ | ٢٩ | ٢٢ | ١ | ٦٠ | ١٣,٣ |
| ئامادەیی | ٢٢ | ٣٦ | ٢٤ | ٥ | ٨٧ | ١٩,٣ |
| دبلۆم | ٢٥ | ٥٥ | ٤١ | ٢ | ١٢٣ | ٢٧,٣ |
| بەکالۆریۆس | ٤٢ | ٨٠ | ٤٨ | ٥ | ١٧٥ | ٣٨,٩ |
| کۆی گشتی | ١٠٠ | ٢٠٠ | ١٣٦ | ١٤ | ٤٥٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی (١٢)دا دەرکەوتووە بەشێکی زۆر لە نموونەی توێژینەوەکە خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسن کە ژمارەیان (١٧٥) کەسە بەڕێژەی (٣٨,٩%)، هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم پلەی دووەمیان بەدەستهێناوە لەناو نموونەی توێژینەوەکەدا کە ژمارەیان (١٢٣) کەسە بە ڕێژەی (٢٧,٣%) دوابەدوای ئەمە ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیین ژمارەیان (٨٧) کەسە بەڕێژەی (١٩,٣%) هەرچی خاوەن بڕوانامەی ناوەندییە ژمارەیان (٦٠) کەسە بەڕێژەی (١٣,٣%) لەکۆتاییدا هەڵگرانی بڕوانامەی سەرەتایی ژمارەیان (٥) کەسە بەڕێژەی (١,١%). ئەوەی لەم خشتەیەدا بەدی دەکرێت بوونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرانە لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، ئەگەر بەپێی بڕوانامە تەماشایان بکەین ئەوا دەرامەتێکی مرۆیی گرنگن چونکە ئاستێکی زیاتریان لە خوێندن بەدەستهێناوەو ئەزموون و شارەزاییەکی زیاتریان هەیەو لە بواری پیشەییدا خزمەتی باشتر پێشکەش دەکەن.

### ز- لایەنگیری حیزبی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

**خشتەی(١٣)**

**لایەنگیری حیزبی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| | | شار | | | | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | سلێمانی | هەولێر | دهۆک | هەڵەبجە | | |
| لایەنگیری حیزبی | بەڵێ | ١٣ | ٧٢ | ٨٤ | ٥ | ١٧٤ | ٣٨,٧ |
| | نەخێر | ٨٧ | ١٢٨ | ٥٢ | ٩ | ٢٧٦ | ٦١,٣ |
| کۆی گشتی | | ١٠٠ | ٢٠٠ | ١٣٦ | ١٤ | ٤٥٠ | %١٠٠ |

لەخشتەی (١٣)دا دەردەکەوێت (٢٧٦) کەس لە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (٦١,٣%) لایەنگیری حیزبییان نییە هەروەها (١٧٤) کەس بەڕێژەی (٣٨,٧%) لایەنگیری حیزبییان هەیە، هەروەك دەرکەوتووە زیاد لە نیوەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بێلایەنن، ئەمە نیشانەی بێ متمانەیی و بێهیوایی فەرمانبەرانە بەرامبەر بە پارتە سیاسیەکان یاخود لەبەرئەوەیە تا بەشێوەیەکی ئازادانە ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر گەندەڵی پیشەیی نەخەنەڕوو.

## باسی دووەم
## خستنەڕوو تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

لەم باسەدا بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی دەخرێتە ڕوو، پاشان گفتوگۆ لەبارەیانەوە دەکرێت و کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیاز دەخرێتەڕوو:

### یەکەم: ئاستی گەندەڵی پیشەیی لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا.

**خشتەی (١٤)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی راستەقینە بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێوەری گەندەڵی پیشەیی**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | لادانی پێوەری نموونەکە | بەهای (ت) | | ئاستی دەلالەت | نمرەی سەربەستی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| ٤٥٠ | ١٥٨,٠١١ | ١٦٨ | ١٩,٣٠٤ | -١٠,٩٧٧ | ١,٩٦٥ | ٠,٠٥ | ٤٤٩ | واتادارە |

ئەنجامەکانی خشتەی (١٤) دەریانخستووە ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پێوەری گەندەڵی پیشەیی گەیشتووەتە (١٥٨,٠١١) نمرە بە لادانی پێوانەیی (١٩,٣٠٤) نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانی پێوەرەکە (١٦٨) نمرە بووەو بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت) هەژمارکراو گەیشتووەتە (-١٠,٩٧٧) کە گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (١,٩٦٥) لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) و نمرەی سەربەستی (٤٤٩). بەواتایەکیتر لەبەرئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (١٥٨,٠١١) و بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی کە یەکسانە بە (١٦٨) کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادارەو گەندەڵی پیشەیی لە ئاستێکی بەرزدایە.

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات هەموو تەوەرەكانی گەندەڵی پیشەیی ڕۆڵی نەرێنییان هەیە لەسەر گەندەڵی پیشەیی كە ئەوانیش خۆیان دەبیننەوە لە دامەزراندن و ئەركەكانی فەرمانبەرو مافەكان و بەڕێوەبەرە گشتییەكان و لێپرسینەوەو سزا، سەرجەمیان هۆكارن بۆ گەندەڵی پیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتییەكانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ناهاوسەنگی لەنێوان ئەركە پیشەییەكانی فەرمانبەر لەگەڵ مافەكانیدا هەروەها نادادپەروەری دەسەڵاتە كارگێڕییەكان و بەكارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی لەهەمانكاتدا نەبوونی سزاو لێپرسینەوەی پێویست بۆ ئەو فەرمانبەرو بەڕێوەبەرە گشتییانەی یاساو ڕێنماییەكان پێشێل دەكەن، دواجار سەرجەم ئەم هۆكارانە پێكەوە بەشدارن لە بەرزكردنەوەی ئاستی گەندەڵی پیشەییدا هەروەك لە توێژینەوەكەدا بەدەستهاتووە، توێژینەوەی (تایة،٢٠٠٨) لە پەیوەندیدا بەم بابەتەوە ئاماژەی بۆ چەند ئەنجامێك كردووە لەوانە نەبوونی شەفافیەت لە سیستەمی دامەزراندندا، دانەمەزراندنی كەسی شیاو لە شوێنی شیاو، لەگەڵ بەكارهێنانی دەسەڵاتەكان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی.

كەواتە هەبوونی ئەو ئاستە بەرزە لە گەندەڵی پیشەیی مانای هەبوونی كۆمەڵێك كێشەو گرفتە لە سیستەمی كارگێڕی پەروەردە لە هەرێمی كوردستاندا، مەبەست لەو كێشەو گرفتانە ئەو تەوەرانەن كە پێوەری گەندەڵی پیشەییان لێ پێكهاتووەو سەرجەمیان ڕۆڵی گەورەیان هەیە لە دروستبوونیدا كە ئەمە ڕەفتاری گەندەڵ دروست دەكات و كێشەی گەورە لە بەڕێوەچوونی كاری بەڕێوەبەرایەتییەكانی پەروەردەدا دروست دەكات، ئالێرەدا توێژینەوەی (سعید،٢٠٠٩) گەیشتووەتە ئەوەی ڕادەی قبوڵكردنی گەندەڵی لە هەرێمی كوردستان لە ئاستێكی بەرزدایەو ئەمەش ئەگەرو مەترسی تەشەنەكردنی زیاتری لێدەكەوێتەوەو دەبێتە مایەی گۆڕانی فەرهەنگی و ڕەفتاریی تاك.

**خشتەی (١٥)**
**تەوەرەكانی گەندەڵی پیشەیی دەردەخات**

| لادانی پێوانەیی | Adjusted R Square<br>دوجای ئاڕی هەمواركراو | R square<br>دوجای ئاڕ | ئاڕ R | مۆدێل |
|---|---|---|---|---|
| ١٤٧٤١ | ٣٠٩ | ٨١ | ٩٠٠a | Regression<br>داكشان |
| **نەگۆڕەكان: دامەزراندن و ئەركەكانی فەرمانبەر،مافەكانی فەرمانبەر،بەڕێوەبەرە گشتییەكان،لێپرسینەوەو سزا.** | | | | |

خشتەی (١٥) ئەوە دەردەخات كە هەرچوار تەوەرەكە هۆكارن بۆ دروستبوونی گەندەڵی پیشەیی چونكە هەروەك دەركەوتووە دوجای (R) گەیشتووەتە (٨١) لەكاتێكدا ئەگەر دووجای (R) زیاتر بێت لە (٥٠%) مانای وایە ئەنجامەكەی پەسەندە، لێرەدا ئەنجامی هەرچوار تەوەرەكە پەسەندە لەسەر پێوەرەكە واتە ڕۆڵیان هەیە لە ڕودانی گەندەڵی پیشەییدا.

**خشتەی (١٦)**

**پشكنینی تەوەرەكانی گەندەڵی پیشەیی بەشێوەی گشتگیر دەردەخات**

| ANOVA [a] | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهای ئەگەریی P-Value | ف (F) | دوجا Square | نمرەی ئازادی (DF) | كۆی دوجاكان | مۆدێل | |
| ٠٠٠ [b] | ٤٧٥,٢٦٧ | ١٠,٣٢٧ | ٤ | ٤١,٣٠٩ | Regressionداكشان | 1 |
| | | ٠٢٢ | ٤٤٥ | ٩,٦٧٠ | Residual ماوە | |
| | | | ٤٤٩ | ٥٠,٩٧٨ | Total | |
| گەندەڵی پیشەییa. Dependent Variable: | | | | | | |
| دامەزراندن و ئەركەكانی فەرمانبەر،b. Predictors: (Constant), بەڕێوەبەرە گشتییەكان،مافەكانی فەرمانبەر، لێپرسینەوە و سزا | | | | | | |

(ف)خشتەیی= ٢,٣٩

خشتەی (١٦) هەڵسەنگاندنێكە بۆ خشتەی پێشوو بە بەكارهێنانی ئامرازی شیكاری جیاكاری یەكی (تحليل التباين الاحادي) (One Way Anova analysis)، واتە پشكنین دەكات بۆ شیكاری داكشان (تحليل الانحدار) بۆ ئەوەی بزانرێت تەوەرەكانی گەندەڵی پیشەیی رۆڵیان هەیە لەسەر گەندەڵی پیشەیی یاخود نا، هەروەك لە ئەنجامەكانی توێژینەوەكەدا هاتووە بەهای (ف) هەژماركراو گەیشتووەتە (٤٧٥,٢٦٧) بەڵام بەهای (ف) خشتەیی بریتییە لە (٢,٣٩) بە نمرەی ئازادی (٤٤٥،٤)، وەك دەبینرێت (ف) هەژماركراو زۆر گەورەترە لە (ف) خشتەیی و ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی هەرچوار تەوەرەكە رۆڵیان هەیە لەسەر گەندەڵی پیشەیی.

**خشتەی (١٧)**

**ئاستی گەندەڵی پیشەیی لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەكانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان دەردەخات**

| ئەنجام | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | ژمارەی بڕگە | تەوەر |
|---|---|---|---|---|
| زۆرجار | ٢,٥٣٩ | ١,١٣٥ | ١٤ | دامەزراندن و ئەركەكانی فەرمانبەر |
| زۆرجار | ٢,٥٩٣ | ١,١٥٩ | ١٧ | مافەكانی فەرمانبەر |
| تاڕادەیەك | ٣,٣٦٨ | ١,٢٣٢ | ١٢ | بەڕێوەبەرە گشتییەكان |
| تاڕادەیەك | ٢,٩٢ | ١,١٩٧ | ١٣ | لێپرسینەوەو سزا |
| تاڕادەیەك | ٢,٨٥٥ | ١,١٨١ | ٥٦ | تێكڕا |

لە خشتەی (١٧)دا دەردەکەوێت ئاستەکانی گەندەڵی پیشەیی لەنێوان زۆرجار و تاڕادەیەکە لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەی تێبینی دەکرێت تەوەری یەکەم و دووەم واتە دامەزراندن و ئەرکەکانی فەرمانبەر لەگەڵ مافەکانی فەرمانبەردا زۆرجار دەبنە هۆی گەندەڵی پیشەیی بەڵام هەریەك لە تەوەرەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و لێپرسینەوەو سزا تاڕادەیەك دەبنە هۆی گەندەڵی پیشەیی، کەواتە لە هەردوو ئەنجامەکەدا گەندەڵی پیشەیی لەسەر ئاستی هەر چوار تەوەرەکە بوونی هەیە لە ناوەندی پارێزگاکاندا کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی هاوبەش و لێك نزیك رۆڵیان هەیە لە گەندەڵی پیشەییدا.

**خشتەی (١٨)**

**ئاستی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات**

| بابەت | ژمارەی تەوەر | ژمارەی بڕگە | لادانی پێوانەیی | ناوەندی ژمێرەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|
| گەندەڵی پیشەیی | ٤ | ٥٦ | ١,١٨١ | ٢,٨٥٥ | تاڕادەیەك |
| دەرامەتە مرۆییەکان | ٢ | ٣٤ | ١,٣٥١ | ٣,٠٥٨ | تاڕادەیەك |
| تێکڕا | ٦ | ٩٠ | ١,٢٦٦ | ٢,٩٦ | تاڕادەیەك |

وەك لە خشتەی (١٨)دا دەرکەوتووە هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەکە ئەوانیش (گەندەڵی پیشەیی، دەرامەتە مرۆییەکان) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە ئاستی تاڕادەیەك بوونیان هەیە واتە تاڕادەیەك گەندەڵی پیشەیی هەیەو تاڕادەیەکیش بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان بوونی هەیە ئەویش بە پشتبەستن بە دەرهێنانی لادانی پێوانەیی هەردوو گۆڕاوەکە لەگەڵ ناوەندی ژمێرەییاندا.

هەروەك دەرکەوتووە گەندەڵی پیشەیی لە چوار تەوەر پێکهاتووە کە بە هەموویان (٥٦) بڕگە لەخۆدەگرن و ناوەندی ژمێرەیی تەوەرەکانی بریتیی بووە لە (٢,٨٥٥) واتە ئاستی گەندەڵی پیشەیی مامناوەندییەو تاڕادەیەك بوونی هەیە، هەروەها دەرامەتە مرۆییەکان لە دوو تەوەر پێکهاتووە کە (٣٤) بڕگە لەخۆدەگرێت، ناوەندە ژمێرەییەکەی بریتییە لە (٣,٠٥٨) بەهەمان شێوە ئەنجامێکی مامناوەندییەو تاڕادەیەك بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان هەیە.

**دووەم: ئاستی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا.**

**خشتەی (١٩)**

**جیاوازی نێوان ناوەندی گریمانی و ناوەندی ژمێرەیی راستەقینە بۆ فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێوەری دەرامەتە مرۆییەکان**

| نموونە | ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە | ناوەندی ژمێرەیی گریمانەیی | لادانی پێوەری نموونەکە | بەهای (ت) | | ئاستی دەلالەت | نمرەی سەربەستی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | | | |
| ٤٥٠ | ١٠٣,٩٥٧٨ | ١٠٢ | ٢٢,٧٧٨٣١ | ١,٨٢٣ | ١,٩٦٥ | ٠,٠٥ | ٤٤٩ | واتادار نییە |

هەروەك لە خشتەی (١٩)دا دەرکەوتووە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژە بەوە دەدەن ناوەندی ژمێرەیی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە لەسەر پێوەری دەرامەتە مرۆییەکان گەیشتووەتە (١٠٣,٩٥٧٨) نمرە بە لادانی پێوانەیی (٢٢,٧٧٨٣١) نمرە، بەڵام ناوەندی گریمانی پێوەرەکە (١٠٢) نمرە بووەو بە بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ یەك نموونە بۆ تاقیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان هەردوو ناوەندەکە، دەردەکەوێت بەهای (ت)هەژمارکراو گەیشتووەتە (١,٨٢٣) کە بچوکترە لە بەهای (ت)خشتەیی (١,٩٦٥) لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) و نمرەی سەربەستی (٤٤٩). ئەمە مانای نەبوونی جیاوازی واتادارە لەنێوان ناوەندی ڕاستەقینە و ناوەندی واتایی (گریمانی) پێوەرەکە،و ئاماژەیە بۆ ئەوەی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لە ئاستێکی مامناوەندایە، بەواتایەکیتر لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێرەیی نموونەکە یەکسانە بە (١٠٣,٩٥٧٨) و گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی کە یەکسانە بە (١٠٢) کەواتە تاقیکردنەوەکە واتادار نییەو بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لە ئاستێکی مامناوەندایە.

هەروەك دەرکەوتووە دەرامەتە مرۆییەکان لە ئاستێکی مامناوەندایە لەڕووی بەفیڕۆدانەوە ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی فەرمانبەران بە دڵسۆزی و لەخۆبردوییەوە ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکەن و قایلن بە ئەرکەکانیان و کەمتەرخەمی تێدا ناکەن ئەویش لە ترسی سزاو لێپرسینەوەی کارگێڕی نەتوانن لابدەن لە یاساکانی کارو پابەندبن پێیەوە کە ئەمە ئاماژەیەکی باشە بۆ بەفیڕۆنەدانی دەرامەتە مرۆییەکان چونکە سەرمایەیەکی مەعنەوی گرنگە لە کۆمەڵگاکەمانداو سودێکی زۆریان لێ وەردەگیرێت بۆ پێشخستنی وڵات و خزمەتکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت.

لەسەروبەندی ئەنجامی ئەم خشتەیەدا دەگەینە ئەوەی هەریەك لە ئاسایشی كۆمەڵایەتی و ئاسایشی دەرونی رۆڵێكی ئەرێنیان هەیە لە سەركەوتنی ئەركە پیشەییەكانی فەرمانبەردا چونكە بەبێ ئەم دووانە فەرمانبەر لە كارەكەیدا ناتوانێ سەركەوتووبێت و درێژەی پێ بدات چونكە بوونی ئەو جۆرە لە ئاسایش پارێزەری فەرمانبەرە لە شوێنی كارەكەیداو هانی دەدات بە كارامەیی ئەركەكانی جێبەجێ بكات، هەروەك توێژینەوەی (الامین و یحیی،٢٠١٥) ئاماژەیان بۆ كردووە پەیوەندییەكی راستەوانە هەیە لەنێوان باروذۆخ و ژینگەی كار لەگەڵ كارامەیی پیشەییدا. واتە ژینگەی كار لەڕووی كۆمەڵایەتی و دەروونییەوە تاچەند لەباربێت هێندە رۆڵی دەبێت لە پاراستنی دەرامەتە مرۆییەكانداو لە بەفیڕۆدان دەیپارێزێت.

**خشتەی (٢٠)**

**ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەكاندا دەردەخات**

| ANOVA [a] | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بەهای ئەگەری P-Value | ف | دوجا Square | نمرەی ئازادی (DF) | كۆی دوجاكان | مۆدێل | |
| ٠,٠٠٠[b] | ٨,٤٠١ | ٠,٧٤٩ | ١ | ٠,٧٤٩ | Regressionداكشان | 1 |
| | | ٠,٠٨٩ | ٤٤٨ | ٣٩,٩٥٧ | Residual ماوە | |
| | | | ٤٤٩ | ٤٠,٧٠٧ | كۆی گشتی | |
| a. Dependent Variable: دەرامەتی مرۆیی | | | | | | |
| b. Predictors: (Constant), گەندەڵی پیشەیی | | | | | | |

(ف)خشتەیی = ٣,٨٦

لە خشتەی (٢٠)دا ئەنجامەكانی توێژینەوەكە دەریخستووە گەندەڵی پیشەیی رۆڵی هەیە لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەكاندا چونكە بەهای (ف) هەژماركراو بریتییە لە (٨,٤٠١) و گەورەترە لە بەهای (ف) خشتەیی (٣,٨٦) بە نمرەی ئازادی (٤٤٨،١) ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی تەوەرەكانی گەندەڵی پیشەیی هۆكارن بۆ بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەكان، بەمانایەكیتر دامەزراندن و مافەكانی فەرمانبەر ئەگەر بەپێی بنەما یاسایی و بابەتییەكان نەبێت ئەوا گەندەڵی تێدا دروست دەبێت و رۆڵێكی خراپی دەبێت لەسەر فەرمانبەر چونكە لادان لە بابەتیبوون و ناكەسی بوون پێچەوانەیە لەگەڵ تیۆرەكەی ڤێبەر لەبەرئەوەی سەركەوتنی سیستەمی بیرۆكراسی لە كارگێریدا دەبەستێتەوە بە ڕەچاوكردنی بابەتیبوون لە دامەزراندنی فەرمانبەرانداو دانانی كەسی شیاو لە شوێنی شیاو هەروەها دووركەوتنەوە لە واستەو نەقۆستنەوەی پەیوەندی خزمایەتی و هاوڕێیەتی بە مەبەستی دامەزراندن و دۆزینەوەی كارو ڕاییكردنی مامەڵەكان و سەرجەم كارە پیشەییەكانی تر.

بەهەمان شێوە نەبوونی مافی تەواوەتی لە چوارچێوەی کاردا یەکێکە لە هۆکارەکانی گەندەڵی کە رۆڵی دەبێت لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا چونکە فەرمانبەر ئەگەر مافەکانی خۆی بەپێی یاسا وەرنەگرێت لەبەرامبەردا متمانەی بە کارەکەی لەدەست دەدات و هەست بە ئاسایشی دەرونی ناکات بۆیە تواناکانی لە کارەکەیدا وەك خۆی بەکارناهێنێت و بەفیڕۆ دەڕوات.

ئەگەر ئەرکەکانی فەرمانبەر پەیوەست بکەین بە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانەوە هەروەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا کاتێك فەرمانبەر مافەکانی بەتەواوی وەرنەگرێت ئەوا ئەرکەکانیشی بەتەواوی جێبەجێ ناکات لەبەرئەوەی هاوسۆزی بۆ کارەکەی لەدەست دەدات و هیوای پێی نامێنێت.

سەبارەت بە بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە مەبەست دەسەڵاتەکانیانە لە بواری کارگێڕیدا، ئەگەر بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاریان هێنا مانای وایە گەندەڵییان کردووە لە پۆستە پیشەییەکانیاندا کە دواتر رۆڵی دەبێت لە دروستکردنی نایەکسانی و جیاوازی لەنێوان فەرمانبەران و ئەواندا کە ئەمەش مانای بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان دەگەیەنێت چونکە بەڕێوەبەرە گشتییەکان پۆستەکانیان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردەهێنن نەك بۆ خزمەتی فەرمانگەکە واتە ووزەو تواناکانی خۆیان بۆ ئەرکەکانی خۆیان بەکارنەهێناوەو زیانێکی زۆریشیان لە لایەنی دەرونی فەرمانبەران داوە بەوەی لەگەڵ خۆیاندا جیاوازییان دەکەن و هەستی نەرێنی لەلایان دروست دەکەن کە ئەمەش رۆڵێکی خراپ دەگێڕێت لەسەر کارامەیی و لێهاتوویی ئەرکە پیشەییەکانی فەرمانبەران.

سەبارەت بە لێپرسینەوەو سزا کە (ئەمیتای ئیتزیۆنی) ئاماژەی بۆ کردووە پێویستە فەرمانبەران لەکاتی خۆیدا سزا وەربگرن لەسەر ئەو کارانەی کە دەیکەن و پێچەوانەیە لەگەڵ یاسادا چونکە سزاو لێپرسینەوە وادەکات کۆنترۆڵ هەبێت بەسەر کاروبارەکانی فەرمانبەرانەوەو بەهۆیەوە نەتوانن لابدەن، بەڵام نەبوونی ئەم کۆنترۆڵە رێگە خۆش دەکات بۆ گەندەڵی پیشەیی و دواتر دەرامەتە مرۆییەکان بەفیڕۆ دەدات چونکە فەرمانبەری لادەر ترسی سزای نامێنێت و هەرکات بیەوێت یاسا بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاردەهێنێت ئیدی ئەو فەرمانبەرە بێ پۆست بێت یاخود پۆستی هەبێت و بەڕێوەبەری گشتی بێت یان لەهەر پۆستێکی تردا بێت.

**سێیەم/ زانینی جیاوازییە ئاماژە ئامارییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەپێی ئەم گۆڕاوانەی خوارەوە:**

**أ- زانینی جیاوازییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەپێی ڕەگەز.**

**خشتەی (٢١)**
**جیاوازی لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان بەپێی ڕەگەز دەردەخات**

| **Independent Samples Test /** t-test for Equality of Means | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گەندەڵی | ت | نمرەی ئازادی | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی | P-Value بەهای ئەگەریی | ئەنجام |
| گەندەڵی پیشەیی | -٠,٥٨٣ | ٤٤٨ | -٠,٠٢١٩٧ | ٠,٥١٠ | واتادار نیە |
| دەرامەتی مرۆیی | ٠,٠٤٥ | ٤٤٨ | ٠,٠٠١٢٩ | ٠,٩٦٤ | واتادار نیە |

ئاستی دەلالەت = ٠,٠٥ (ت)خشتەیی = ١,٩٦٥

خشتەی (٢١) دەریخستووە لەبەرئەوەی نرخی بەهای ئەگەریی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان یەکسانن بە ( ٠,٥١٠ ، ٠,٩٦٤) و نرخەکانیان گەورەترن لە ئاستی دەلالەتی(٠,٠٥) لەلایەکیترەوە بەهای (ت) خشتەیی بریتییە لە (١,٩٦٥) کە گەورەترە لەهەردوو بەهای (ت) هەژمارکراو بۆ گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان کەواتە جیاوازی واتادار لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا نییە بۆ جۆرەکانی گەندەڵی. لەم خشتەیەوە بۆمان دەردەکەوێت جیاوازی لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێدا نییە بۆ گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان واتە هەردوو ڕەگەز بەیەك شێوە کاردانەوەیان بۆ بابەتی توێژینەوەکە هەیە.

**ب- زانینی جیاوازییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەپێی تەمەن:**

**خشتەی (٢٢)**
**جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی تەمەن دەردەخات**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | دوجا | ف | P-Value بەهای ئەگەری |
| گەندەڵی پیشەیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ٠,٩٥٥ | ٤ | ٠,٢٣٩ | ٢,٠٣٠ | ٠,٠٨٩ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ٥٢,٣٥٥ | ٤٤٥ | ٠,١١٨ | | |
| | سەرجەم | ٥٣,٣١٠ | ٤٤٩ | | | |
| دەرامەتی مرۆیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ٢,٣١٠ | ٤ | ٠,٥٧٨ | ١,٢٩٠ | ٠,٢٧٣ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ١٩٩,٢١٨ | ٤٤٥ | ٠,٤٤٨ | | |
| | سەرجەم | ٢٠١,٥٢٨ | ٤٤٩ | | | |

ف= ٢,٣٩

لەخشتەی (٢٢) دا دەرکەوتووە جیاوازی نییە لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی تەمەن چونکە سەرجەم بەها هەژمارکراوەکانی (ف) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی.هەروەك دەرکەوتووە بەهای (ف) هەژمارکراو بۆ گەندەڵی پیشەیی گەیشتووەتە (٢,٠٣٠) هەروەها بەهای (ف) هەژمارکراو بۆ دەرامەتە مرۆییەکان گەیشتووەتە (١,٢٩٠) لەبەرامبەردا بەهای (ف) خشتەیی بریتییە لە (٢,٣٩).

مانای وایە بەپێی ئاستە جیاوازەکانی تەمەن جیاوازی نییە لەنێوان فەرمانبەراندا سەبارەت بە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان، واتە فەرمانبەرانی گەنج لەگەڵ بەتەمەن لە هەمان ئاستدان بۆ هەردوو گۆڕاوەکە، بەپێی ئەم ئەنجامە گەندەڵی پیشەیی رەفتارێکی لادەرە و لە سەرجەم تەمەنە جیاوازەکاندا پیادە دەکرێت و تەنها پەیوەست نییە بە تەمەنێکی دیاریکراوەوە و حەزی لادان و سەرپێچی و یاسا شکاندن لە هەموو تەمەنەکاندا وەك یەك هەیە، لەراستیدا چەندێتی گەندەڵی پیشەیی بەندە لەسەر ئەوەی تاچەند لێپرسینەوە و بەدواداچوون دەکرێت و یاسا جێبەجێ دەکرێت ئێدی فەرمانبەر لەهەر تەمەنێکدا بێت ئەگەر بەپێی یاساو ڕێنماییەکان ئەرك و مافە پیشەییەکانی ڕێك نەخرا گەندەڵی لە پیشەکەیدا دەکات و دواتر دەرامەتە مرۆییەکانیش بەفیڕۆ دەڕوات.

**ج- زانینی جیاوازییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەپێی باری کۆمەڵایەتی.**

**خشتەی (٢٣)**

**جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی باری کۆمەڵایەتی دەردەخات**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | دوجا | ف | P-Value بەهای ئەگەری |
| گەندەڵی پیشەیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ١,١٥٤ | ٣ | ٠,٣٨٥ | ٣,١٣٤ | ٠,٠٢٥ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ٥٤,٧٥٨ | ٤٤٦ | ٠,١٢٣ | | |
| | سەرجەم | ٥٥,٩١٢ | ٤٤٩ | | | |
| دەرامەتی مرۆیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ٠,٣١٠ | ٣ | ٠,١٠٣ | ١,١٤١ | ٠,٣٣٢ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ٤٠,٣٩٧ | ٤٤٦ | ٠,٠٩١ | | |
| | سەرجەم | ٤٠,٧٠٧ | ٤٤٩ | | | |

ئاستی دەلالەت (٠,٠٥)          (ف)خشتەیی = ٢,٦٢٥

خشتەی (٢٣) کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان بەپێی باری کۆمەڵایەتیی دەردەکەوێت: لەبەرئەوەی نرخی بەهای ئەگەریی گەندەڵی پیشەیی یەکسانە بە (٠,٠٢٥) و کەمترە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) کەواتە جیاوازی واتادار هەیە لە گەندەڵی پیشەییدا بەپێی باری کۆمەڵایەتی ( ڕەبەن ,....)، لەهەمانکاتدا بەهای ئەگەریی بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆیی یەکسانە بە (٠,٣٣٢) و نرخەکانیان گەورەترن لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) کەواتە جیاوازی واتادار نییە بەپێی باری کۆمەڵایەتی بۆ بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆیی، بەهەمان شێوە بەهای (ف) هەژمارکراو لەگەڵ بەهای (ف) خشتەیی جیاوازی هەیە لەنێوانیانداو بەهای (ف) هەژمارکراو بۆ گەندەڵی پیشەیی بریتییە لە (٣,١٣٤) و بەهای (ف) خشتەیی بریتییە لە (٢,٦٢٥) واتە تەنها جیاوازی واتادار هەیە لە گەندەڵی پیشەییدا.

تێبینی: بۆ دۆزینەوەی شوێنی جیاوازیی لە گەندەڵی پیشەییدا بەپێی باری کۆمەڵایەتی لەخشتەی (٢٤)دا تاقیکردنەوەی(Multiple Comparisons) بە ڕێگەی (LSD) ئەنجامدراوە.

**خشتەی (٢٤)**

**دۆزینەوەی شوێنی گەندەڵی پیشەیی بەپێی باری کۆمەڵایەتی لەلای نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| Dependent Variable: گەندەڵی پیشەیی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | باری (I) کۆمەڵایەتی | باری (J) کۆمەڵایەتی | Mean Difference (I-J) تێکڕای جیاوازی | Std. Error هەڵەی پێوانەیی | Sig. بەهای ئەگەریی |
| LSD | ڕەبەن | خێزاندار | -٠,١١٧٠٣* | ٠,٠٤١٠١ | ٠,٠٠٥ |
| | | تاک مردوو | -٠,١٩٢٢٢* | ٠,٠٩٧٤٢ | ٠,٠٤٩ |
| | | جیابووەوە | -٠,٠٧٣٨١ | ٠,١٠٠٣٨ | ٠,٤٦٣ |
| | خێزاندار | تاک مردوو | -٠,٠٧٥١٩ | ٠,٠٩٢٥٢ | ٠,٤١٧ |
| | | جیابووەوە | ٠,٠٤٣٢٢ | ٠,٠٩٥٦٣ | ٠,٦٥١ |
| | تاک مردوو | جیابووەوە | ٠,١١٨٤١ | ٠,١٣٠٢١ | ٠,٣٦٤ |
| *. The mean difference is significant at the 0.05 level. | | | | | |

بە سەرنجدان لە خشتەی (٢٤) کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی واتادار لە گەندەڵی پیشەیی لە نێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بەپێی باری کۆمەڵایەتی لە گەندەڵی پیشەیی دەردەکەوێت جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بەپێی باری کۆمەڵایەتی لە گەندەڵی پیشەییدا، ئەوانیش:

١- ڕەبەن و خێزاندار چونکە بەهای ئەگەریی یەکسانە (٠,٠٠٥) و بچوکترە لە (٠,٠٥) هەروەها ناوەندی ژمێرەیی ڕەبەن بریتییە لە (٣,٨٧٧٩) و خێزاندار بریتییە لە (٣,٩٩٤٩) واتە گەندەڵی پیشەیی لای ڕەبەن کەمترە چونکە ناوەندی ژمێرەیی ڕەبەن لەوانیتر کەمترە هەروەك لە خشتەی (٢٥) دا خراوەتەڕوو.

٢- ڕەبەن و تاك مردوو چونکە بەهای ئەگەریی یەکسانە (٠,٠٤٩) و بچوکترە لە (٠,٠٥).

هەرچی ئاستەکانی ترە (ڕەبەن و جیابووەوە، خێزاندار و تاك مردوو، تاك مردو و جیابووەوە، تاك مردوو و جیابووەوە ) جیاوازی واتادار نییە لە نێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بەپێی باری کۆمەڵایەتی لە گەندەڵیدا چونکە بەها ئەگەرییەکانیان یەکسانن بە ( ٠,٤٦٣، ٠,٤١٧ ، ٠,٦٥١ ، ٠,٣٦٤ ) یەك لە دوای یەك و گەورەترن لە (٠,٠٥) وەك لە خشتەی (٢٤)دا دەرکەوتووە.

هەروەك توێژینەوەکە دەریخستووە جیاوازی واتادار هەیە بۆ گەندەڵی پیشەیی لەلای ئەو فەرمانبەرانەی ڕەبەنن، کەمی گەندەڵی پیشەیی لای ڕەبەن بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە لەوانە: نەبوونی بەرپرسیارێتی و فشاری خێزانی، هەبوونی کاتی زیاتر، بۆیە زیاتر دەتوانێت پابەند بێت بە دەوامی فەرمییەوەو کاتەکانی کارکردنی بەشێوەیەکی باشتر لەگەڵ کارەکەیدا ڕێکبخات هەروەها نەبوونی فشاری ئابوری لەسەر ڕەبەن بەراورد بە خێزاندار چونکە ڕەبەن تارادەیەك دەتوانێت بە موچەکەی گوزەرانی دابین بکات بەڵام خێزاندار ناچارە دوای دەوامی فەرمی کاری تر بکات ئەوەش کاریگەری لەسەر دەرون و بیرکردنەوەو کارامەیی فەرمانبەر دروست دەکات و وای لێدەکات هەست بە ماندوبوونی زیاترو پشووی کەمتر بکات بۆیە دواجار ڕۆڵێکی خراپی لەسەر ئەرکە پیشەییەکەی دەبێت.

سەبارەت بە جیاوازی نێوان ڕەبەن و تاك مردوو هۆکارەکەی ئەوەیە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و ئابوری تاك مردوو لە ڕەبەن زیاترە و دەرون و ناخی تاك مردوویەك هێندەی ڕەبەنێك ئارام نییە بەهۆی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی هەیەتی بۆیە گەندەڵی پیشەیی لای تاك مردوو زیاترە هەتا لای ڕەبەن.

**خشتەی (٢٥)**

**ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بۆ باری کۆمەڵایەتی دەردەخات**

| باری کۆمەڵایەتی | ناوەندی ژمێرەیی | دوبارەبووەکان |
|---|---|---|
| ڕەبەن | ٣,٨٧٧٩ | ٩٤ |
| خێزاندار | ٣,٩٩٤٩ | ٣٢٧ |
| تاك مردوو | ٤,٠٧٠١ | ١٥ |
| جیابووەوە | ٣,٩٥١٧ | ١٤ |
| کۆی گشتی | | ٤٥٠ |

لەم خشتەیەدا دەرکەوتووە زۆرترینی نموونەی توێژینەوەکە خێزاندارن کە ژمارەیان (٣٢٧)کەسە دواتر ڕەبەن ژمارەیان (٩٤)کەسە هەروەها تاك مردوو ژمارەیان (١٥)کەسە دواتر جیابووەوە (١٤)کەسن.

**د- زانینی جیاوازییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەپێی پێشینەی کۆمەڵایەتی.**

**خشتەی (٢٦)**

**جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی پێشینەی کۆمەڵایەتی دەردەخات**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | دوجا | ف | P-Value بەهای ئەگەری |
| گەندەڵی پیشەیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ٠,٢٩٢ | ٣ | ٠,٠٩٧ | ٠,٧٨٠ | ٠,٥٠٦ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ٥٥,٦٢١ | ٤٤٦ | ٠,١٢٥ | | |
| | سەرجەم | ٥٥,٩١٢ | ٤٤٩ | | | |
| دەرامەتی مرۆیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ٠,٣٢٥ | ٣ | ٠,١٠٨ | ١,١٩٧ | ٠,٣١١ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ٤٠,٣٨٢ | ٤٤٦ | ٠,٠٩١ | | |
| | سەرجەم | ٤٠,٧٠٧ | ٤٤٩ | | | |

(ف)خشتەیی = ٢,٦٢٥

لەخشتەی (٢٦)دا دەرکەوتووە جیاوازی نییە لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی پێشینەی کۆمەڵایەتی چونکە سەرجەم بەها هەژمارکراوەکانی (ف) بچوکترە لە بەهای (ف) خشتەیی. هەروەك دەرکەوتووە بەهای (ف) هەژمارکراو بۆ گەندەڵی پیشەیی گەیشتووەتە (٠,٧٨٠) هەروەها بەهای (ف) هەژمارکراو بۆ دەرامەتە مرۆییەکان گەیشتووەتە (١,١٩٧) لەبەرامبەردا بەهای (ف) خشتەیی بریتییە لە (٢,٦٢٥).

وەك دەبینین لە خشتەی (٢٦)دا نموونەی توێژینەوەکە لەڕووی پێشینەی کۆمەڵایەتییەوە هیچ جیاوازییەك لەنێوانیاندا نییە سەبارەت بە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان واتە ئەو فەرمانبەرانەی کە پێشینەی کۆمەڵایەتییان دەگەڕێتەوە بۆ شار لەگەڵ ئەوانەی پێشینەی کۆمەڵایەتییان دەگەڕێتەوە بۆ گوند و دەرەوەی شارەکان جیاوازنین لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانداو لەم ڕووەوە لەیەك ئاستدان، ئەمەش مانای وایە بنەمای کەلتوری و پێشینەی کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە جیاوازی لە ڕەفتارو بیرکردنەوەی فەرمانبەران لە ئاست گەندەڵی پیشەییدا دروست بکات.

**هـ - زانینـی جیاوازییـەکان لـەلای فەرمانبـەرانی بەڕێوەبەرایەتییـەکـانی پـەروەردە لـە هـەرێمی کوردستان بەپێی ساڵانی خزمەت.**

**خشتەی (٢٧)**

**جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی ساڵانی خزمەت دەردەخات**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | دوجا | ف | P-Value بەهای ئەگەری |
| گەندەڵی پیشەیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ٧,٢٨٩ | ٣ | ٢,٤٣٠ | ٢٤,٨٠٤ | ٠,٠٠٠ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ٤٣,٦٨٩ | ٤٤٦ | ٠,٠٩٨ | | |
| | سەرجەم | ٥٠,٩٧٨ | ٤٤٩ | | | |
| دەرامەتی مرۆیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ٠,١٠٢ | ٣ | ٠,٠٣٤ | ٠,٣٧٣ | ٠,٧٧٣ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ٤٠,٦٠٥ | ٤٤٦ | ٠,٠٩١ | | |
| | سەرجەم | ٤٠,٧٠٧ | ٤٤٩ | | | |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ٢٨,٤٧٩ | ٤٤٦ | ٠,٠٦٤ | | |
| | سەرجەم | ٢٨,٦٤٩ | ٤٤٩ | | | |

(ف)خشتەیی = ٢,٦٢٥

لەخشتـەی (٢٧)دا دەرکـەوتووە جیـاوازی هەیـە لـەنێوان فەرمـانبەرانی بەڕێوەبەرایـەتییـەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بەپێی ساڵانی خزمـەت لـە گەنـدەڵی پیشـەییدا چونکـە بـەهای (ف) هەژمارکراو بۆ گەندەڵی پیشەیی گەیشتووەتە (٢٤,٨٠٤) بەڵام بەهای (ف) خشتەیی بریتییـە لـە (٢,٦٢٥) بـەڵام لـە دەرامـەتی مرۆییدا جیاوازی نییە لـەنێوان فەرمانبـەران بـەپێی سـاڵانی خزمـەت چونکە بەهای (ف) هەژمارکراو بـۆ دەرامـەتی مرۆیی گەیشـتووەتە (٠,٣٧٣) لـە بەرامبـەردا بـەهای (ف) خشتەیی بریتییە لە (٢,٦٢٥).

**خشتەی (٢٨)**

**دۆزینەوەی شوێنی گەندەڵی پیشەیی بەپێی ساڵانی خزمەت لەلای نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات**

| Multiple Comparisons | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| Dependent Variable: گەندەڵی پیشەیی | | | | | |
| Sig. بەهای ئەگەریی | Std. Error هەڵەی پێوانەیی | Mean Difference (I-J) تێکڕای جیاوازی | ساڵانی (J) خزمەت | ساڵانی (I) خزمەت | |
| ٠,٠٠٠ | ٠,٠٤٠٨١ | -٠,١٩٧٨٠* | ١٠ تا ١٩ ساڵ | کەمتر لە ١٠ ساڵ | LSD |
| ٠,٠٠٠ | ٠,٠٤٧٧٥ | -٠,٣٤٢٠٢* | ٢٠ تا ٢٩ ساڵ | | |
| ٠,٠٠٠ | ٠,٠٧٨٢٠ | -٠,٥١٧٦٨* | ٣٠ ساڵ و زیاتر | | |
| ٠,٠٠٠ | ٠,٠٣٩٠٠ | -٠,١٤٤٢٢* | ٢٠ تا ٢٩ ساڵ | ١١ تا ١٩ ساڵ | |
| ٠,٠٠٠ | ٠,٠٧٣١٩ | -٠,٣١٩٨٨* | ٣٠ ساڵ و زیاتر | | |
| ٠,٠٢٣ | ٠,٠٧٧٢٨ | -٠,١٧٥٦٦* | ٣٠ ساڵ و زیاتر | ٢٢ تا ٢٩ ساڵ | |
| *. The mean difference is significant at the 0.05 level. | | | | | |

بە سەرنجدان لە خشتەی (٢٨) کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی واتادار لە گەندەڵی پیشەیی لە نێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بەپێی ساڵانی خزمەت دەردەکەوێت جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بەپێی ساڵانی خزمەت لە گەندەڵی پیشەییدا چونکە هەموو بەها ئەگەرییەکان (P-Value) بچوکترن لە (٠,٠٥). واتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان هەموو ئاستەکانی ساڵانی خزمەت بۆ گەندەڵی پیشەیی.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەم خشتەیە دەردەکەوێت گەندەڵی پیشەیی لەهەموو ئاستەکانی ساڵانی خزمەتی فەرمانبەراندا هەیە واتە تەنها پەیوەست نییە بە ئاستێکی دیاریکراوەوە بەڵکو هەموو ئاستەکانی گرتووەتەوە کە ئەمە هێمایە بۆ ئەوەی گەندەڵی پیشەیی بووە بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هەموو فەرمانبەرانی گرتووەتەوە لە ئاستە جیاوازەکانی ساڵانی خزمەتدا و تەنها پەیوەست نییە بە تازە دامەزراوێك یان کەسێك کە خزمەتێکی زۆری هەبێت بەڵکو پەیوەندی هەیە بە هەموو ئاستەکانەوە، هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دابین نەکردنی ماف و شایستە ماددی و ناماددییەکان بۆ فەرمانبەران بەتەواوی و نەبوونی لێپرسینەوەو سزای کارگێری و جێبەجێکردنی یاسا بەبێ چاوپۆشی لە هەر فەرمانبەرێك، لەگەڵ دورخستنەوەی دەستی حیزب و کاریگەرییەکانی لەسەر سیستەمی

کـارگێڕی و مامەڵـەکردن لەگـەڵ تـەواوی فەرمانبەرانـدا بـەپێی بنـەما یاسـاییەکان. گرتنەبـەری ئـەم ڕێکارانـە چ لـە ئەرکەکاندا بێت یاخود لـە مافەکاندا کارێکی گرنگـە بۆ حکومـەت بۆ ئـەوەی بتوانێ گەندەڵی پیشـەیی کـەم بکاتـەوە لەبەرئـەوەی مامەڵـەکردن لەگـەڵ دیاردەیـەکی لـەم جۆرە پێویسـتی بـە کۆمەڵێك هەنگاو و میکانیزم هەیە بۆ کەمکردنەوەو بنەبڕکردنی لەنێو فەرمانبەرانی کەرتی گشتیدا.

**خشتەی (٢٩)**

**ناوەندی ژمێرەیی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ساڵانی خزمەت دەردەخات**

| ساڵانی خزمەت | ناوەندی ژمێرەیی | دوبارەبووەکان |
|---|---|---|
| کەمتر لە ١٠ ساڵ | ٣,٧٦٤٩ | ٨٩ |
| ١٠ تا ١٩ ساڵ | ٣,٩٦٢٧ | ٢٣٨ |
| ٢٠ تا ٢٩ ساڵ | ٤,١٠٧٠ | ١٠١ |
| ٣٠ ساڵ و زیاتر | ٤,٢٨٢٦ | ٢٢ |
| کۆی گشتی | | ٤٥٠ |

هەروەك لە خشتەی (٢٩)دا دەرکەوتووە ئەو فەرمانبەرانـەی ساڵانی خزمـەتیان لـە (١٠) ساڵ کەمترە ناوەندی ژمێرەییان بریتییە لـە (٣,٧٦٤٩) بـەراورد بـە ناوەندە ژمێرەییـەکانی دیکـەی ساڵانی خزمەتی فەرمانبەران کەمترین ناوەندە ژمێرەییە واتە گەندەڵی پیشەیی لای ئەو فەرمانبەرانـە کـەمترە کـە ساڵانی خزمـەتیان لـە (١٠) ساڵ کـەمترە بـە دیوێکی تـردا ئـەو فەرمانبەرانـە تەمـەنیان کـەمترەو گەنجترن لەوانەی ساڵانی خزمەتیان زۆرترە، ئەم جیاوازییە لای گەنجان هۆکارەکـەی ئەوەیـە زیـاتر ترسیان لە سزاو لێپرسینەوە هەیەو هەوڵ دەدەن بە دڵسۆزی ئەرکـەکانیان جێبـەجێ بکـەن بۆ ئـەوەی تووشـی لێپرسـینەوە نـەبن و بژێوییـان نەکەوێتـە مەترسـییەوە چونکـە کەسـانێکی تـازە دامـەزراون و داهاتیـان لەسـەر موچەکەیانـەو نایانـەوێت گەندەڵی لـە ئەرکەکانیاندا بکـەن، هۆکـارێکی تـریش ئەوەیـە پشـتیوانی و دەسـەڵاتی حیزبییـان نییـەو دەترسـن لـە یاسـا بـەراورد بـەو فەرمانبەرانـەی خزمـەتێکی زۆریان هەیەو بەڕێوەبەری گشتین یان خاوەن پۆستێکی باڵان کە دەسەڵاتێکی حیزبی پتەویان هـەیەو کەمتر ترسیان لە بەدواداچوون و لێپرسینەوە و سزا هەیە.

کەواتە تەمەنی خزمـەتی پیشـەیی و پاڵپشتی حیزبی لـەناو سیستەمی کارگێڕیدا ڕۆڵـی نـەرێنی دەبینێت لە زیادبوونی گەندەڵی پیشـەییدا چونکـە هـەروەك دەرکـەوتووە ئـەو فەرمانبەرانـەی لـە (٣٠) ساڵ و زیـاتر خزمـەتیان هەیـە ناوەنـدی ژمێرەییـان گەیشـتووەتە (٤,٢٨٢٦) کـە ئەمـەش ئاماژەیـەکی ڕوونە بۆ ئەوەی هەتا تەمەنی خزمەت زیاتر هەڵکشێت گەندەڵی پیشـەییش زیـاتر دەبێت، وەرگرتنـی پۆستیش ئەگەر لەسەر بنەمای شایستەیی و لێهاتوویی نـەبێت ئـەوا لـە ئەنجامدا گەندەڵی لـێ دروست دەبێت.

و- زانینی جیاوازییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەپێی بڕوانامە.

**خشتەی (٣٠)**

**جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی بڕوانامە دەردەخات**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | دوجا | ف | P-Value بەهای ئەگەری |
| گەندەڵی پیشەیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ٠,٣٧٤ | ٤ | ٠,٠٩٣ | ٠,٧٨٥ | ٠,٥٣٥ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ٥٢,٩٣٦ | ٤٤٥ | ٠,١١٩ | | |
| | سەرجەم | ٥٣,٣١٠ | ٤٤٩ | | | |
| دەرامەتی مرۆیی | لەنێوان کۆمەڵەکان | ٢,٥٦٤ | ٤ | ٠,٦٤١ | ١,٤٣٣ | ٠,٢٢٢ |
| | لەناو کۆمەڵەکان | ١٩٨,٩٦٤ | ٤٤٥ | ٠,٤٤٧ | | |
| | سەرجەم | ٢٠١,٥٢٨ | ٤٤٩ | | | |

ف= ٢,٣٩

لەخشتەی (٣٠)دا هەروەك ئەنجامی توێژینەوەکە دەریخستووە جیاوازی نییە لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا بەپێی بڕوانامە، چونکە بەهای ئەگەری گەندەڵی پیشەیی بریتییە لە (٠,٥٣٥) هەروەها بەهای ئەگەری دەرامەتی مرۆیی بریتییە لە (٠,٢٢٢) کە هەردووکیان گەورەترن لە (٠,٠٥) ئەمەش مانای نەبوونی جیاوازی واتادار دەگەیەنێت لەنێوان فەرمانبەراندا سەبارەت بە بڕوانامە، لەلایەکیترەوە بەهای هەژمارکراوی گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتی مرۆیی یەك لەدوای یەك بریتین لە (٠,٧٨٥ و ١,٤٣٣) بەڵام بەهای خشتەیی بریتییە لە (٢,٣٩) ئەمەش نەبوونی جیاوازی واتادار دەگەیەنێت لەبەرئەوەی بەهای خشتەیی گەورەترە لەهەردوو بەها هەژمارکراوەکە.

نەبوونی جیاوازی لەنێوان فەرمانبەران بۆ گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان سەبارەت بە بڕوانامە مانای ئەوە دەگەیەنێت هەڵگرانی بڕوانامە جیاوازەکان بەبێ جیاوازی پیادەی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆیی دەکەن ئیدی هەر لە بڕوانامەی ناوەندییەوە تا دەگاتە بڕوانامەی بەکالۆریۆس بەبێ جیاوازی گەندەڵی ئەنجام دەدەن، ئەم ئەنجامە مانای ئەوەیە بڕوانامە نەیتوانیوە ئاستی رۆشنبیری فەرمانبەران بەجۆرێ بەرزبکاتەوە کە دووربکەونەوە لە گەندەڵی و بە هەستی بەرپرسیارانەوە مامەڵە بکەن.

**ز- زانینی جیاوازییەکان لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان بەپێی لایەنگیری حیزبی.**

**خشتەی (٣١)**

**جیاوازی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلای فەرمانبەران بەپێی لایەنگیری حیزبی دەردەخات**

| **Independent Samples Test /** t-test for Equality of Means | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گەندەڵی | ت | نمرەی ئازادی | جیاوازی ناوەندی ژمێرەیی | بەهای ئەگەریی | ئەنجام |
| گەندەڵی پیشەیی | ٠,١٣٩ | ٤٤٨ | ٠,٠٠٤٧٦ | ٠,٨٨٩ | واتادارنییە |
| دەرامەتی مرۆیی | ١,٣٢٣ | ٤٤٨ | ٠,٠٣٨٥٤ | ٠,١٨٦ | واتادار نییە |

ئاستی دەلالەت= ٠,٠٥ ت= ١,٩٦٥

ئەم خشتەیە کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی لە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆیەکان بەپێی لایەنگیری حیزبی. لەبەر ئەوەی نرخی بەهای ئەگەریی گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان یەکسانن بە (٠,٨٨٩ و ٠,١٨٦) یەك لە دوای یەك،و نرخەکانیان گەورەترن لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥)، بەواتایەکیتر بەهای (ت) هەژمارکراوی گۆڕاوەکان بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی وەك دەرکەوتووە بەهای (ت) هەژمارکراو بۆ گەندەڵی پیشەیی گەیشتووەتە (٠,١٣٩) ، بۆ دەرامەتە مرۆییەکان گەیشتووەتە (١,٣٢٣) لە بەرامبەردا بەهای (ت) خشتەیی بریتییە لە (١,٩٦٥) کەواتە جیاوازی واتادار نییە لە نێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێم بەپێی لایەنگیری حیزبی.

بەپێی ئەنجامی ئەم خشتەیە لایەنگیری حیزبی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا جیاوازی نییە سەبارەت بە گەندەڵی پیشەیی و بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان واتە هیچ کام لە پارێزگاکانی هەرێم جیاوازنییە لە ئاست ئەم دیاردەیەداو وەك یەکن، نەبوونی جیاوازی مانای نەبوونی کاریگەری لایەنگیری حیزبی ناگەیەنێت بەڵکو مانای وایە لایەنگیری حیزبی کاریگەرییەکەی وەك یەکە لەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکان، بوونی لایەنگیری حیزبی لای فەرمانبەران هۆکارێکی نەرێنییە بۆ ئەنجامدانی گەندەڵی چونکە پشتبەستن بە حیزب وادەکات فەرمانبەر دڵسۆزانە ئەرکەکانی خۆی ڕانەپەڕێنێ و خەمساردی تیادا بنوێنێت لەبەرئەوەی هەرکات تووشی لێپرسینەوەو سزا بووەوە ئەوا حیزب هاوکاری دەکات و لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ ناکرێ.

**خشتەی (٣٢)**

**جیاوازی گەندەڵی پیشەیی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات**

| ANOVA | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گەندەڵی پیشەیی | | | | | |
| گەندەڵی پیشەیی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | دوجا | ف | بەهای ئەگەری |
| لەنێوان کۆمەڵەکان | ٣,٤٩٤ | ٣ | ١,١٦٥ | ٩,٩٠٩ | ٠,٠٠٠ |
| لەناو کۆمەڵەکان | ٥٢,٤١٩ | ٤٤٦ | ٠,١١٨ | | |
| سەرجەم | ٥٥,٩١٢ | ٤٤٩ | | | |

(ف)خشتەیی = ٢,٦٢٥

ئەنجامەکانی خشتەی (٣٢) کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی لە گەندەڵی پیشەیی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکان، لەلایەك لەبەرئەوەی نرخی (ف) هەژمارکراو گەیشتووەتە (٩,٩٠٩)و نرخی (ف) خشتەیی گەیشتووەتە (٢,٦٢٥) لەلایەکیترەوە لەبەرئەوەی بەهای ئەگەریی گەندەڵی پیشەیی یەکسانە بە (٠,٠٠٠) و بچوکترە لە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) کەواتە جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، بۆ دۆزینەوەی جیاوازییەکەش تاقیکردنەوەی ( LSD) بەکاردەهێنین هەروەك لە خشتەی (٣٣)دا ڕوون کراوەتەوە.

**خشتەی (٣٣)**

**دۆزینەوەی شوێنی گەندەڵی پیشەیی لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات**

| Multiple Comparisons / LSD | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شار (I) | | Mean Difference<br>تێکڕای جیاوازی(I-J) | Std. Error<br>هەڵەی پێوانەیی | P-Value<br>بەهای ئەگەریی |
| سلێمانی | هەولێر | -٠,١٣٨٧١* | ٠,٠٤١٩٩ | ٠,٠٠١ |
| | دهۆک | ٠,٠٦٠٦٢ | ٠,٠٤٥١٦ | ٠,١٨٠ |
| | هەڵەبجە | -٠,٠٠٨٤٠ | ٠,٠٩٧٨٣ | ٠,٩٣٢ |
| هەولێر | دهۆک | ٠,١٩٩٣٣* | ٠,٠٣٨١٠ | ٠,٠٠٠ |
| | هەڵەبجە | ٠,١٣٠٣١ | ٠,٠٩٤٧٨ | ٠,١٧٠ |
| دهۆک | هەڵەبجە | -٠,٠٦٩٠٢ | ٠,٠٩٦٢٢ | ٠,٤٧٤ |
| *. The mean difference is significant at the 0.05 level. | | | | |

به سەرنجدان لە خشتەی (٣٣) کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی واتادار لە گەندەڵی پیشەیی لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، دەردەکەوێت جیاوازی واتادار هەیە لە نێوان:

١- پارێزگای هەولێر و سلێمانی چونکە بەهای ئەگەریی یەکسانە (٠,٠٠١) و بچوکترە لە (٠,٠٥)

٢- پارێزگای هەولێر و دهۆك چونکە بەهای ئەگەریی یەکسانە (٠,٠٠٠) و بچوکترە لە (٠,٠٥)

هەرچی پارێزگاکانی دیکەشە جیاوازی واتادار نییە لە نێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ گەندەڵی پیشەیی چونکە بەها ئەگەرییەکانیان گەورەترە لە (٠,٠٥) .

**خشتەی (٣٤)**

**ناوەندی ژمێرەیی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات**

| گەندەڵی پیشەیی | | |
|---|---|---|
| ژ | پارێزگا | ناوەندی ژمێرەیی |
| ١ | سلێمانی | ٣,٩٢٨ |
| ٢ | هەولێر | ٤,٠٦٦٧ |
| ٣ | دهۆك | ٣,٨٦٧٤ |
| ٤ | هەڵەبجە | ٣,٩٣٦٤ |

بەپێی ئەنجامە ئامارییەکانی ئەم خشتەیە دەرکەوتووە ناوەندی ژمێرەیی پارێزگاکان بۆ گەندەڵی پیشەیی جیاوازن، وەك دەرکەوتووە پارێزگای هەولێر ناوەندە ژمێرەییەکەی بریتییە لە (٤,٠٦٦٧) کە گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی پارێزگاکانی ترو مانای وایە لەلای فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی پارێزگای هەولێر گەندەڵی پیشەیی بە پلەی یەکەم دێت دواتر پارێزگای هەڵەبجە ناوەندە ژمێرەییەکەی (٣,٩٣٦٤) لە گەندەڵی پیشەییدا بە پلەی دووەم دێت، پارێزگای سلێمانی ناوەندە ژمێرەییەکەی (٣,٩٢٨) لە گەندەڵی پیشەییدا بە پلەی سێیەم دێت، لە کۆتاییدا پارێزگای دهۆك ناوەندە ژمێرەییەکەی (٣,٨٦٧٤) لە هەموویان کەمترەو بە پلەی چوارەم دێت.

جیاوازی گەندەڵی پیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە پارێزگاکانی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەر پارێزگایەك هەلومەرج و ژینگەی جیاوازی خۆی هەیە لەڕووی ئاستی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و شێوازی مامەڵەی فەرمانبەران و چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساو رێنماییەکان و باڵادەستی یاساو لاوازبوونی دەسەڵاتی بەرپرس و پارتە سیاسییەکان لە دەستێوەردانیان لە کاروبارە کارگێڕییەکاندا.

**خشتەی (٣٥)**

**جیاوازی لە گەندەڵی پیشەیی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا دەردەخات**

| دەرامەتی مرۆیی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازادی | دوجا | ف | بەهای ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|
| **ANOVA** | | | | | |
| لەنێوان کۆمەڵەکان | ٠,١٨٣ | ٣ | ٠,٠٦١ | ٩,٩٠٩ | ٠,٠٠٠ |
| لەناو کۆمەڵەکان | ٢,٧٤٥ | ٤٤٦ | ٠,٠٠٦ | | |
| سەرجەم | ٢,٩٢٨ | ٤٤٩ | | | |

(ف)خشتەیی=٢,٦٢٥

ئەنجامەکانی خشتەی (٣٥) کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی لە گەندەڵی پیشەیی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەلایەك دەردەکەوێت لەبەرئەوەی بەهای (ف) هەژمارکراو گەیشتووەتە (٩,٩٠٩)و بەهای (ف) خشتەیی گەیشتووەتە (٢,٦٢٥) لەلایەکیترەوە بەهای ئەگەریی یەکسانە بە (٠,٠٠)و کەمترە ئاستی دەلالەتی (٠,٠٥) کەواتە جیاوازی واتادار هەیە لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا.

**خشتەی (٣٦)**

**دۆزینەوەی شوێنی جیاوازی گەندەڵی پیشەیی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا دەردەخات**

| شار (I) | شار (J) | Mean Difference (I-J) تێکڕای جیاوازی | Std.Error هەڵەی پێوانەیی | Sig. بەهای ئەگەریی |
|---|---|---|---|---|
| **Multiple Comparisons** LSD | | | | |
| سلێمانی | هەولێر | -٠,٠٣٢ | ٠,٠١٠ | ٠,٠٠١ |
| | دهۆک | ٠,٠١٤ | ٠,٠١٠ | ٠,١٨٠ |
| | هەڵەبجە | -٠,٠٠٢ | ٠,٠٢٢ | ٠,٩٣٢ |
| هەولێر | دهۆک | ٠,٠٤٦ | ٠,٠٠٩ | ٠,٠٠٠ |
| | هەڵەبجە | ٠,٠٣٠ | ٠,٠٢٢ | ٠,١٧٠ |
| دهۆک | هەڵەبجە | -٠,٠١٦ | ٠,٠٢٢ | ٠,٤٧٤ |

*. The mean difference is significant at the 0.05 level.

خشتەی (٣٦) کە بریتییە لە تاقیکردنەوەی جیاوازی لە گەندەڵی پیشەیی لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان دەردەکەوێت جیاوازی واتادار هەیە تەنها لەنێوان :

١- سلێمانی و هەولێر چونکە بەهای ئەگەریی یەکسانە بە (٠,٠٠١) و بچوکترە لە (٠,٠٥)

٢- هەولێر و دهۆك چونکە بەهای ئەگەریی یەکسانە بە (٠,٠٠٠) و بچوکترە لە (٠,٠٥)

هەرچی شارەکانی ترە (سلێمانی و دهۆك، سلێمانی و هەڵەبجە، هەولێر و هەڵەبجە، دهۆك و هەڵەبجە) جیاوازی واتادار نییە لەنێوان فەرمانبەرانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا چونکە بەها ئەگەرییەکانیان یەکسانن بە (٠,١٨٠ ، ٠,٩٣٢ ، ٠,١٧٠ ، ٠,٤٧٤ ) یەك لە دوای یەك هەروەها گەورەترن لە (٠,٠٥).

**خشتەی (٣٧)**

**ناوەندی ژمێرەیی بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەردەخات**

| ژ | پارێزگا | دەرامەتە مرۆییەکان<br>ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | ٠,٨٩٩ |
| ٢ | هەولێر | ٠,٩٣١ |
| ٣ | دهۆك | ٠,٨٨٥ |
| ٤ | هەڵەبجە | ٠,٩٠١ |

ئەنجامە ئامارییەکان لە خشتەی (٣٧) جیاوازی شوێنی گەندەڵی پیشەییان لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا دەرخستووە، هەروەك دەبینین بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بەراورد بە بەڕێوەبەرایەتییەکانی تر دەرامەتە مرۆییەکانی زیاتر بەفیڕۆدراوە چونکە ناوەندە ژمێرەییەکەی گەیشتووەتە (٠,٩٣١) بەراورد بە پارێزگاکانی تر بەرزترین ناوەندە ژمێرەیی بەدەستهێناوە، دواتر پارێزگای هەڵەبجە دێت کە ناوەندە ژمێرەییەکەی گەیشتووەتە (٠,٩٠١) و پلەی دووەمی وەرگرتووە لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا بەهۆی گەندەڵی پیشەییەوە، پاشان پارێزگای سلێمانی (٠,٨٩٩)و لە کۆتایدا پارێزگای دهۆك (٠,٨٨٥) .

جیاوازی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان لەنێوان بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تاچەند گەندەڵی پیشەیی بوونی زیاتر بێت ئاستی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانیش زیاتر دەبێت چونکە گەندەڵی پیشەیی دیاردەیەکی نەرێنییەو ڕەفتارە پیشەییەکانی فەرمانبەران خراپ دەکات، ئەگەر گەندەڵی پیشەیی ڕۆڵی لاواز بێت ئەوا دەرامەتە مرۆییەکان بەفیڕۆ ناڕۆن و سوودیان لێ وەردەگیرێت بۆ خزمەتی کۆمەڵگا چونکە سەرمایەی مەعنەوی کۆمەڵگان کە دەتوانرێ بەگەڕبخرێن و کەڵکیان لێ وەربگیرێت.

## باسی سێیەم

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەگەڵ پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

دوای گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە لەبەر ڕۆشنایی ئامانجەکاندا، دەگەینە کۆمەڵێك دەرئەنجام ئەوانیش:

**یەکەم:** بەرزیی ئاستی گەندەڵی پیشەیی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە لە ناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەم دەرئەنجامە مایەی ئەوەیە هەڵوێستەی لەسەر بکرێت و لەبەر ڕۆشنایی پێوەری گەندەڵی پیشەییدا تاوتوێ بکرێت، بە پشتبەستن بەو تیۆرانەی توێژەر بەکاری هێناوە کە ئەوانیش (تیۆری بیرۆکراسی لای ماکس ڤێبەر و تیۆری سزا و پاداشت لەلای ئەمیتای ئیتزیۆنی) دەتوانین بگەینە ئەمانە:

١- لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراندنی بە فەرمی ڕاگرتووەو ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی بێبەش کردووە لە دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا کە ئەمەش مانای بەفیڕۆدانی دەرامەتی مرۆیی دەگەیەنێت لە هەرێمی کوردستاندا، سەرباری ئەمەش سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی لە ئەرکدان و دامەزراون وەك ئەوەی یاسا بۆی دیاری کردوون مافی خۆیان وەرنەگرتووەو موچەو شایستەکانیان دواکەوتووە ئەمەش ڕۆڵێکی خراپی لە دابەزاندنی بەهای کارکردندا بینیوەو تاڕادەیەکی زۆر کاری فەرمی بێبەها کردووە لە دیدو تێڕوانینی فەرمانبەراندا بۆیە دواجار ئاستی گەندەڵی پیشەیی بە شێوەیەکی مەترسیدار بەرزکردووەتەوە.

٢- بەپێی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە ڕاگرتنی بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەران و نەبوونی دەرماڵەی هاندان و خەرج نەکردنی تەواوی موچەو دەرماڵەکان زیانێکی زۆری لە کەرتی گشتی داوە بۆیە لە بەرامبەردا گەندەڵی پیشەیی هەڵکشاوەو لە تەواوی پارێزگاکانی هەرێمدا ڕەنگی داوەتەوە.

٣- نەپاراستنی ڕێکارو بنەما یاساییەکان لە دامەزراندنی فەرمانبەران و جیاوازیکردن لەنێوان دامەزراندنی هاوڵاتیان و دەستوەردانی شەخسی و حیزبی وایکردووە گەندەڵی پیشەیی زیاد بکات چونکە فەرامۆشکردنی دانانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو زیانێکی زۆر لە کەرتی گشتی دەدات.

٤- پیادەکردنی دەسەڵاتی بەڕێوەبەرە گشتییەکان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و بەکارنەهێنانی بۆ بەرژەوەندی گشتی بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی گەندەڵی پیشەیی دادەنرێت کە ئەویش چاوپۆشیکردنە لێیان و سزا نەدانیانە ئیدی لەبەر هۆکاری خزمایەتی بێت یاخود سیاسی یان هەر هۆکارێکی تر، ئەمەش پێچەوانەیە لەگەڵ تیۆری ئیتزیۆنیدا سەبارەت بە سزادانی فەرمانبەران.

٥- بەدوادانەچوون بۆ ئەرکەکانی فەرمانبەران و نەخستنەژێر چاودێری یەکێکە لە هۆکارەکانی گەندەڵی پیشەیی چونکە پشتگوێخستنی بنەمای لێپرسینەوە ڕێگە بۆ گەندەڵی زیاتر دەکاتەوە.

جیاوازی ئەنجامی تەوەرەکانی گەندەڵی پیشەیی و دەرامەتە مرۆییەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگا هێشتا وابەستەیی و پابەندبوونیان بەهێزە بە پیشەکانیانەوە و بەدڵسۆزی کارەکانی خۆیان دەکەن و تاڕادەیەك هەست بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دەرونی دەکەن بۆیە بە ئاستێکی مامناوەند دەرامەتە مرۆییەکان بەفیڕۆدەچن، بەڵام بەپێچەوانەوە تەوەرەکانی گەندەڵی پیشەیی هەموویان ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە گەندەڵی پیشەییدا، بەمانایەکی تر تەوەرەکانی گەندەڵی پیشەیی سەرجەمیان هۆکارن بۆ گەندەڵی پیشەیی و دواتر بۆ بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانیش، ئەگەر گەندەڵی پیشەیی نەبێت فەرمانبەرانیش بە دڵسۆزییەوە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، کەواتە گەندەڵی پیشەیی هۆکارە بۆ تێکدانی ڕەفتاری پیشەیی فەرمانبەر و پاڵی پێوە دەنێت ئەرکەکانی وەك خۆی جێبەجێ نەکات و لە دواجاردا دەرامەتەکانی بەفیڕۆدەڕوات.

**دووەم:** هەریەك لە تەوەرەکانی دامەزراندن و ئەرکەکانی فەرمانبەر لەگەڵ مافەکانی فەرمانبەر زۆرجار ڕۆڵیان هەیە لە گەندەڵی پیشەییدا لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەڵام تەوەرەکانی بەڕێوەبەرە گشتییەکان و لێپرسینەوەو سزا تاڕادەیەك ڕۆڵیان هەیە لە گەندەڵی پیشەییدا.

**سێیەم:** تەوەرەکانی دەرامەتە مرۆییەکان کە بریتین لە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی دەرونی تاڕادەیەك ڕۆڵیان هەیە لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا. هەردوو جۆرەکەی ئاسایش زۆر گرنگن سەبارەت بە فەرمانبەر لەبەرئەوەی بوونی ئاسایش لە شوێنی کاردا دڵنیایی دەداتە فەرمانبەر چێژ لە پیشەکەی وەربگرێت و بێ ترس یاسا جێبەجێ بکات و چاوپۆشی لە کاری نایاسایی نەکات

ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونی یەکێکن لە گرنگترین مەرجەکانی سەرکەوتن لە ئەرکی پیشەییدا چونکە دۆخێکی ئارام دروست دەکات کە فەرمانبەر بە متمانەی تەواوەوە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکات و دڵنیایە لەوەی یاسا پشتگیری دەکات و دەیپارێزێت، بۆیە هەستی دڵنیایی وادەکات

فەرمانبەر بەبێ سڵەمینەوە کاربکات و ترسی لە کاردانەوەکانی بەرامبەر نەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا ڕەخساندنی گونجاو بۆ فەرمانبەر وای لێدەکات دووربکەوێتەوە لە گەندەڵی و بەفیڕۆدانی تواناکانی لە شتی بێ کەڵکداو کاتەکانی بۆ کارکردن تەرخان بکات و ویژدانی خۆی ئاسودە بکات و فەرمانگەکەشی سەربخات.

بەپێچەوانەوە هەستکردن بە نەبوونی ئەو دوو جۆرە ئاسایشە ترس و نیگەرانی لای فەرمانبەر دروست دەکات، بەو هۆیەوە ناتوانێت ئەرکەکانی بە تەواوی جێبەجێ بکات چونکە حەزی بۆ کارەکەی نابێت و بەشێوەیەکی دڵسۆزانە پێشوازی لە ئەرکەکانی ناکات هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نێوان فەرمانبەران لەنێوان خۆیاندا لەلایەك، هەروەها لەگەڵ بەڕێوەبەرەکانیان لەلایەکیترەوە، زۆرجار جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو فەرمانگە هۆکاری سەرەکییە بۆ دابینکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونی بۆ تاك، نەبوونی ئەم پەیوەندییە کێشە بۆ فەرمانبەر دروست دەکات و بەشێکی زۆر لە تواناکانی بەفیڕۆدەدات چونکە دەستکراوەو چاوکراوە نابێت لە کارەکەیداو زۆرکات بە ترس و دودڵییەوە کارەکانی دەکات هەربۆیە تیۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئاڵتون مایۆ جەخت لە گرنگی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان بەڕێوەبەرو فەرمانبەران دەکاتەوە بۆ زیادکردنی بەرهەم و سەرکەوتنی کارو پرۆژەکان، بەدیوێکی تردا جەخت لە گرنگی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و دەرونی دەکاتەوە بۆ فەرمانبەر.

## دووەم: پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

### أ- پێشنیازەکان

دوای دەرخستنی ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکانداو خستنەڕووی کۆمەڵێك دەرئەنجام، لێرەدا پێویستە هەندێك پێشنیاز بخەینەڕوو بە ئامانجی سوودگەیاندن بە ئاراستەی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیە لە کەرتی گشتیدا، ئەوانیش:

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان هەلی کار و دامەزراندن لە کەرتی گشتیدا زیاد بکات بۆ ئەوەی بێکاری کەم بکاتەوەو ئاستی بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکان کەم بکاتەوە.

٢- دامەزراندن بەپێی پێویست ڕابگەیەنرێت و لەسەر بنەمای کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا جێبەجێ بکرێت و پسپۆڕی و شارەزایی و بڕوانامە لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی فەرمانبەرانی بەتواناو بەئەزموون دروست بکرێت.

٣- دوورکەوتنەوە لە دامەزراندنی نهێنی و واستەو خزم خزمێنە و قۆرخ نەکردنی بۆ کۆمەڵە کەسێك و بێبەشکردنی ژمارەیەکی زۆر لەوانەی شایستەن بۆ دامەزراندن.

٤- حکومەت پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران دەست پێ بکاتەوە بۆ ئەوەی گیانی هاندان و خۆشەویستی کارکردن لای فەرمانبەران بەهێز بکات و دووریان بخاتەوە لە بێهیوایی.
٥- لایەنی پەیوەندیدار بەدواداچوون و لێپرسینەوەی یاسایی بکات لە تەواوی فەرمانبەران لە کەرتی گشتی و پەروەردە بە تایبەتی بۆ ئەوەی خزمەتی زیاتر پێشکەش بکرێت و ڕۆڵی پیشەیی بگێڕن وەك ئەوەی یاسا دیاریکردووە تا کەمتەرخەمی تیادا نەنوێنن.
٦- لایەنی پەیوەندیدار سزای یاسایی ئەو فەرمانبەرو بەڕێوەبەرە گشتییانە بدات کە مۆڵکی گشتی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی بەکاردەهێنن.
٧- حکومەت مافی تەواوی فەرمانبەران دابین بکات هەر لە شایستە داراییەکانەوە تا تەواوی مافەکانی تر بۆ ئەوەی فەرمانبەران ناچار نەبن کاری تر بکەن و بەرتیل و دزی و کاری نایاسایی لە پێگەی کارەکەیاندا ئەنجام نەدەن.
٨- بەڕێوەبەرە گشتییەکان وەك هەر فەرمانبەرێکی تری ئاسایی پەروەردە لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت لەکاتێکدا لە بابەتی گەندەڵی تێوە دەگلێن و چاوپۆشییان لێ نەکرێت بۆ ئەوەی شەرعیەتی یاساو دادگا نەکەوێتە ژێر پرسیارەوە.
٩- بەڕێوەبەرە گشتییەکان لەسەر بنەمای شارەزایی و پسپۆڕی لە پۆستەکانیاندا دابمەزرێن و بەدووربن لە واستەو قۆستنەوەی پەیوەندی خزمایەتی بۆ بەدەستهێنانی ئەو پۆستانە.
١٠- دەستی حیزب لە دامەزراندن و ئیشوکاری ئیداری پەروەردەدا نەمێنێت و بەیاسا سەرجەم کارەکان ڕێك بخرێن.

## ب- ڕاسپاردەکان

بە ئامانجی هاوکاریکردنی فەرمانبەران لە کەرتی گشتی و پەروەردە بەتایبەتی هەوڵدرا ڕۆڵی گەندەڵی پیشەیی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا دەربخرێت، لێرەدا توێژەر هەندێ ڕاسپاردەی خستووەتەڕوو بە ئامانجی کەمکردنەوەی ئەم دیاردەیەو خزمەتکردن بە فەرمانبەرانی حکومەت، ئەوانیش:

١- توێژینەوەی بەردەوام لەم بوارەدا ئەنجام بدرێت تا بزانرێت هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گەندەڵی چین و چۆن ڕێگەی چارەسەری بۆ دابنرێت تا کۆمەڵگا پێشبکەوێت.
٢- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پێداویستی و کێشەکانی فەرمانبەران.
٣- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی دەسەڵاتی سیاسی لە دروستبوونی گەندەڵی پیشەییدا لە هەرێمی کوردستان.
٤- توێژینەوە ئەنجام بدرێت سەبارەت بە چۆنیەتی سوودوەرگرتن و کاراکردنی دەرامەتە مرۆییەکان و بەفیڕۆنەدانیان ئەویش بە پشتبەستن بە پلانی زانستی ورد.

# سەرچاوەکان

❖ **قورئانی پیرۆز**

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان


١- ئەیکەرمان، سوزان ڕۆز (٢٠٠٧)، گەندەڵی و حکومەت، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی: گۆران سەباح غەفو، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٢- ئەلناسر، ناسر عوبێد (٢٠٠٥)، دیاردەی گەندەڵی- نزیکبونەوەیەکی سۆسیۆلۆجی ئابوری، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی سەڵاح شاکەلی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

٣- یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان (٢٠٠٧)، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق.

٤- کوردستانپۆست (٢٠٠٩)، مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی ئەمریکاوە.

٥- کاکەشین، فتحی مستەفا کاخدر (٢٠١٥)، شایستەو ئەرکەکانی فەرمانبەر لەیەکەمین ڕۆژی دامەزراندنی تاکو خانەنشینکردنی، چاپی یەکەم ، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.

٦- عەبدول، عەبدولقادر صالح (٢٠١٧)، شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار، سلێمانی.

٧- عەبدول، عەبدولقادر صالح (٢٠١٥)، شرۆڤەی حوکمەکانی یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە(١٤)ی ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو، چاپی یەکەم ، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار ،سلێمانی.

٨- عمر، روخسار محمد (٢٠٠٧)، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لای کارمەندانی دەزگا فەرمییەکان، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری هەولێر، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

٩- سعید، ئاکۆ عبدالمجید و حمە بیلال ئیسماعیل (٢٠١٨)، ڕێبەری کارگێڕی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، سلێمانی.

١٠- سعید، صلاح صدیق (٢٠٠٩)، کێشەی گەندەڵی، هۆکارو دەرەنجامە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان، توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەناو دامەزراوە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١١- رەئوف، محەمەد (٢٠١٥)، بودجەو کارتێکەرەکانی، چاپی یەکەم، شیکاری گەندەڵی و بەهەدەردانی بودجەی هەرێم، چاپخانەی کارۆ ،سلێمانی.

١٢- پەرلەمانی کوردستان (١٩٩٢)، یاسای ژمارە (١) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان


١. أبوالغار، ابراهيم (١٩٧٩)، علم الاجتماع السياسي، الطبعة الاولى، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة.

٢. الاسود، صادق (١٩٩٠)، علم الاجتماع السياسي(اسسه وابعاده)، مطابع وزارة التعليم العراقية، بغداد.

٣. الاصفر، أحمد و عقيل، أديب (٢٠٠٣)، علم إجتماع التنظيم ومشكلات العمل، منشورات جامعة دمشق، كلية الآداب والعلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، دمشق.

٤. آل الشيخ، حمد بن محمد (٢٠٠٧)، اقتصاديات الموارد الطبيعية والبيئية، الطبعة الاولى، العبيكان للنشر، الرياض.

٥. الإمام، مصطى محمود وآخرون (١٩٩٥)، التقويم والقياس، دار الحكمة، بغداد.

٦. باتشيرجي، أنول (٢٠١٥)، بحوث العلوم الاجتماعية المبادىء والمناهج والممارسات، الطبعة الثانية، ترجمة:خالد بن ناصر ال حيان، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، عمان.

٧. البعلي، فؤاد (١٩٩٧)، ابن خلدون وعلم الاجتماع الحديث، الطبعة الاولى، دار المدى للثقافة والنشر، سوريا.

٨. بوتومور (١٩٨٥)، علم الاجتماع منظور اجتماعي نقدي، ترجمة عادل مختار الهواري، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.

٩. بورديو،بير (٢٠٠٧)، الرمز والسلطة، الطبعة الثالثة، ترجمة: عبدالسلام بنعد العالي، دار توبقل للنشر، المغرب.

١٠. تيماشيف، نيقولا (١٩٨٠)، نظرية علم الاجتماع طبيعتها وتطورها،الطبعة السادسة، دار المعارف، القاهرة.

١١. جونز، فيليب (٢٠١٠)، النظريات الاجتماعية والممارسات البحثية، الطبعة الاولى، ترجمة: محمد ياسر الخواجة، مصر العربية للنشر والتوزيع،القاهرة.

١٢. الجوهري، محمد و الخريجي، عبدالله (٢٠٠٨)، طرق البحث الاجتماعي، الطبعة الخامسة، ، بدون دار النشر، القاهرة.

١٣. الجيوس، محمد عبدالله (٢٠٠٣)، الفساد، مفهومه وأسبابه وأنواعه وسبل القضاء عليه- رؤية قرآنية، مركز الدراسات والبحوث، المؤتمر العربي الدولي لمكافحة الفساد، الرياض.

١٤. الحريري، رافدة (٢٠١٧)، اتجاهات حديثة في إدارة الموارد البشرية، دار اليازوري العلمية، عمان.

١٥. حريم، حسين (٢٠١٣)، السلوك التنظيمي..سلوك الافراد والجماعات في منظمات الأعمال، الطبعة الرابعة، دار الحامد للنشر، عمان.
١٦. الحسن، احسان محمد (٢٠١٥)، النظريات الاجتماعية المتقدمة (دراسة تحليلة في النظريات الاجتماعية المتقدمة)، دار وائل للنشر، عمان.
١٧. حسين، سمر عادل (٢٠١٤)، الفساد الاداري: أسبابه، آثاره وطرق مكافحته و دور المنظمات العالمية والعربية في مكافحته، العدد السابع، مجلة النزاهة والشفافية للبحوث والدراسات.
١٨. الحسيني، السيد (١٩٨٥)، النظرية الاجتماعية ودراسة التنظيم، الطبعة الخامسة، دار المعارف، سلسلة علم الاجتماع المعاصر، القاهرة.
١٩. حمداوي، جميل (٢٠١٥)، جهود ماكس فيبر في مجال السوسيولوجيا، شبكة الالوكة.
٢٠. الحوراني، محمد عبدالكريم (٢٠٠٨)، النظرية المعاصرة في علم الاجتماع (التوازن التفاضلي صيغة توليفية بين الوظيفة والصراع)، الطبعة الاولى، دار مجدلاوي، عمان.
٢١. ديلسر ،جاري (٢٠١٣)، إدارة الموارد البشرية، ت:محمد سيد أحمد عبد المتعال، دار المريخ للنشر، السعودية.
٢٢. رايت، ف.ج (١٩٩٦)، مبادىء علم الاجتماع، دار الحداثة، مكتبة مدبولي، القاهرة.
٢٣. زايد، أحمد (٢٠٠٩)، علم الاجتماع (النظريات الكلاسيكية والنقدية)، الطبعة الثانية، نهضة مصر، القاهرة.
٢٤. زريق، برهان (٢٠١٦)، السلطة الإدارية، الطبعة الاولى، وزارة الاعلام السورية، سوريا.
٢٥. زكريا، خضر (١٩٩٨)، نظريات سوسيولوجية، الطبعة الاولى، الاهالي للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.
٢٦. الزيباري، طاهر حسو (٢٠١١)، أساليب البحث العلمي في علم الاجتماع، الطبعة الاولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت.
٢٧. سبيلا، محمد و الهرموزي، نوح (٢٠١٧)، موسوعة المفاهيم الاساسية في العلوم الانسانية والفلسفة، المغرب، الطبعة الاولى، المركز العلمي العربي للأبحاث والدراسات الانسانية.
٢٨. سعيد، جلال الدين (٢٠٠٤)، معجم المصطلحات والشواهد الفلسفية، دار الجنوب للنشر، تونس.
٢٩. السلمي، علي (١٩٨٨)، السلوك التنظيمي، مكتبة غريب، القاهرة.
٣٠. السلمي، علي (١٩٩٥)، السلوك الإنساني في الإدارة، القاهرة، مكتبة غريب.

٣١. شلبي، عبدالله (٢٠٠٨)، علم الاجتماع الاتجاهات النظرية وأساليب البحث، القاهرة، دار الشمس.
٣٢. الشمري، هاشم و الفتلي، ايثار (٢٠١١)، الفساد الإداري والمالي وآثاره الاقتصادية والاجتماعية، الطبعة الاولى، دار اليازوري للنشر والتوزيع، عمان.
٣٣. الصالح، مصلح (١٩٩٩)، قاموس مصطلحات العلوم الاجتماعية، الطبعة الاولى، دار عالم الكتب، الرياض.
٣٤. الصرف، رعد حسن (٢٠٠٤)، نظريات الإدارة والتنظيم..دراسة لـ٤٠١ نظرية في الإدارة وممارستها و وظائفها، الطبعة الاولى، دار الرضا للنشر، دمشق.
٣٥. صيام، شحاتة (٢٠٠٩)، النظرية الاجتماعية من المرحلة الكلاسيكية الى مابعد الحداثة، الطبعة الاولى، مصر العربية للنشر والتوزيع، القاهرة.
٣٦. الطجم، عبدالله بن عبدالغني و السواط، طلق بن عوض الله (٢٠٠٣)، السلوك التنظيمي، الطبعة الرابعة، دار حافظ للنشر والتوزيع، الرياض.
٣٧. الطيب، عبدالنبي عبدالله (٢٠١٦)، إدارة المؤسسات الصحفية، دار أمواج للنشر والتوزيع، عمان.
٣٨. الطيب، مولود زايد (٢٠٠٧)، علم الاجتماع السياسي، الطبعة الاولى، منشورات جامعة السابع من ابريل، طرابلس.
٣٩. العادلي، فاروق محمد (١٩٩١)، علم الاجتماع العام، دار الثقافة العربية، القاهرة.
٤٠. عبدالجواد، مصطفى خلف (٢٠١٣)، الإحصاء الإجتماعي المبادىء والتطبيقات، الطبعة الثانية، دار المسيرة، عمان.
٤١. عبدالرحمن، عبدالله محمد (١٩٩٩)، علم الاجتماع الصناعي، دار النهضة العربية، بيروت.
٤٢. عبدالرحمن، عبدالله محمد (٢٠٠١)، علم الاجتماع السياسي(النشأة التطورية والاتجاهات الحديثة والمعاصرة)، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، بيروت.
٤٣. عبدالرحمن، عبدالله محمد (٢٠٠٦)، النظرية في علم الاجتماع،الجزء الثاني، دار المعرفة الجامعية، القاهرة.
٤٤. عبدالمؤمن، علي معمر (٢٠٠٨)، البحث في العلوم الاجتماعية الاساسيات والتقنيات و الاساليب، الطبعة الاولى، دار الكتب الوطنية، طرابلس.
٤٥. عبدالوهاب، محمد رفعت (٢٠٠٦)، النظم السياسية، دار الجامعة الجديدة ، الاسكندرية.
٤٦. العبيدي محمد جاسم و العبيدي الاء محمد (٢٠١٠)، طرق البحث العلمي، الطبعة الاولى، ديبونو للطباعة والنشر والتوزيع، عمان.

٤٧. عثمان، ابراهيم عيسى (١٩٨٣)، الاصول في علم الاجتماع، الطبعة الاولى، شركة كاظمة للنشر والترجمة والتوزيع، الكويت.
٤٨. العسكري، عبود عبدالله (٢٠٠٢)، منهجية البحث العلمي في العلوم الانسانية، الطبعة الاولى، دار النمير، دمشق.
٤٩. علاءالدين، رسلان (٢٠١٢)، التطوير التنظيمي، دار رسلان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق.
٥٠. علام، اعتماد محمد (١٩٩٤)، دراسات في علم الاجتماع التنظيمي، الطبعة الاولى، مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة.
٥١. علام، صلاح الدين محمود (٢٠٠٠)، القياس والتقويم النفسي والتربوي أساسياته وتطبيقاته وتوجيهاته المعاصرة، الطبعة الاولى، دار الفكر العربي، القاهرة.
٥٢. عليان، ربحي مصطفى (٢٠٠١)، البحث العلمي اسسه مناهجه وأساليبه اجراءاته، بيت الافكار الدولية، عمان.
٥٣. عمر، معن خليل (١٩٨٢)، نقد الفكر الاجتماعي المعاصر، دار الآفاق الجديدة، بيروت.
٥٤. عيشور، نادية سعيد (٢٠١٧)، منهجية البحث العلمي في العلوم الاجتماعية، مؤسسة حسين رأس الجبل، الجزائر.
٥٥. الغالبي، طاهر محسن منصور و العامري، صالح مهدي محسن (٢٠٠٥)، المسؤولية الاجتماعية وأخلاقيات الأعمال، الطبعة الاولى، دار وائل للنشر، عمان.
٥٦. الغزوي، فهمي سليم (١٩٩٢)، المدخل الى علم الاجتماع، الطبعة الاولى، دار الشروق، عمان.
٥٧. غنيم، رشا وآخرون (٢٠١٥)، النظرية المعاصرة في علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، القاهرة.
٥٨. غي روشيه (١٩٨٣)، المدخل الى علم الاجتماع، الطبعة الاولى، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت.
